# پێکهاتەو راڤەی دەق

## کتێبی سێیەم

بابەك ئەحمەدی

و: مەسعودی بابایی

چاپی یەکەم

هەولێر ۲۰۰۵


لەبلاّوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی‌و ئەدەبی نما

زنجیرەی ( ٥٦ )

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی(۲۱) کتێب

ئیسماعیل کوردە_ رێبین رەسوڵ

ناوی کتێب: پێکهاتەو راڤەی دەق

نوسنی: بابەك ئەحمەدی

وە رگێڕانی: مەسعود بابایی

بابەت : لیکۆڵینەوە

پیت چنین: عیماد رەسوڵ ، رابەر محمەدقادر

دیزانین: نما

تیراژ: ۱۰۰۰

چاپی یەکەم: هەولێر ۲۰۰۵



مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە

# هەڵوەشاندنەوەی دەق

به چەشنێك ئەو خۆشنوسە سێ شێوە خەتی نوسی، یەکێکیان تەنیا ئەو خوێندیەوە، یەکێکیشیان هەم ئەو خوێندیەوە و هەم ئەویدیش، یەکێکیان نە ئەو نە کەسێکی تر نەیخوێندەوە، ئەوە منم کە دەدوێم. نەمن دەزانم، نە کەسێکی دی.
وتارەکانی شەمسی تەبریزی، دەفتەری یەکەم، ل ٢٧٢

سەرەتا

ئەوەی لە ژێر ناوی "پاش پێکهاتە گەرایی" ناوبانگی دەرکردوە، تێروانینێکە بۆ جیهان کە هەم پەیوەستە بە دەرەنجامە تیۆریەکانی پێکهاتەگەرایی و هەم تێدەکۆشێ لەوانیش تێپەریت. هەر بەو چەشنەی کە هونەرمەندانی "پۆست مۆدێرنیست" بە چەندین شێوەی تازە کە مۆدێرنیزم لە بەرەورِو بوونەوە لە تەك مەسەلە کۆنەکانی جوانناسی پێشنیاری دەکرد، پشتیان بەستوە: بەڵام دەیانەوێ بە هۆی مۆدێرنیزمەوە هەمان کار کە خودی مۆدێرنیزم لە تەك هەر چەشنە تێگەیشتنی ئیستاتیکی پێش خۆی کردویەتی، ئەنجام بدەن. ئاشکرایە کە هزرڤانانی رۆژگاری "پاش پێکهاتە گەرایی" بە جۆرە تێگەیشتنێکی تازە لە



جیهان گەیشتوون. هەرچەند خۆیان بنەمای هەموو تێگەیشتنێك بە "هەڵوەشاوە" دەزانن. ژان فرانسولیۆتار جیهانی هاوچەرخی بە "پۆست مۆدێرن" ناودێر کردوە و لە کتێبێك دا بە ناوی شوێنگەی پۆست مۆدێرن بانگەشەی کردوە کە ئێمە لە بنەرەت دا بە روانینێکی تازەوە سەیری جیهان دەکەین و پرسیار گەلێك کە لەبەر دەممان دان لە گەوهەری خۆیان دا لەگەڵ هەموو پرسیارەکانی پێشوو جیاوازن، چونکە بە شێوەیەکی قووڵ و بنیاتی " بێ وڵام" ن. لەم روەوە لە کتێبێکی دیکەی خۆی بە ناوی جیاوازی نووسیویەتی نە زانستی ئێمە زانستە و نە فەلسەفەشمان فەلسەفە و ئەگەر ئەم وشانەش بەم ئاسانییە بەکار دێنین لە رووی ناچارییە، چونکە ناتوانین وشەیەکی تازە بخولقێنین، تەنیا دەبێ بزانین کە لەگەڵ ئامانجە کلاسیك و ناسراوەکانی زانست و فەلسەفە سەرو کارمان نیە و تەنانەت ئاسەوارێك لە خەیاڵە خۆشەکانی رۆشنگەری لە ئێمەدا نەماوەتەوە. "پۆست مۆدێرنە" جوڵەیەکە بەرەو " ئاگنوستی سیستم" یا ئەم باوەڕە کە تێگەیشتن لە دواین واتای گوزارە و دەق نەلواوە و " هێرشێکی سەرکەوتووانە بۆ سەر نەناسراو ناتوانین بکەین، چونکە پێگەکەی نەناسین، (١)۔ لیۆتار دەڵێ گەیشتووینەتە شوێنێك کە فۆرمە هەمەجۆرەکانی ئاخێو یا چەشنەکانی پێکهاتن و رۆنانی "رستەکان" (ناسراوی، گێرانەوەیی، ڕاگەیەنی) "بە ئاستی ناسینەوە" [Rocoqni zance] گەیشتون و لەسەرویانەوە پانتاییەکی لە بنەرەتدا لە ناسین نەهاتو هەیە، واتە ئێمە لە دۆخی جیابوونەوە لە دواین پەیوەست بوونە واتا ناسانەکان و "نێوەڕۆکی دەق" داین. (٢): و ئەم دڵخۆشیە هێگلیەشمان بۆ نەماوەتەوە کە بریتییە لەوەی گەر بروامان بە بوونی نەناسراو هەبێ، کەوابووو ئاستێك لەوەمان ناسیوە و هەر ئەم ناسینە، پانتایی زانیاریمان زیاتر دەکا و لە بەستێنی نەناسراوەکان کەم دەکاتەوە. هێگل رەخنەی لە "ئاگنۆستی سیستم"ی کانتیانە دەگرێت کە "گەوهەری شتێك لەخۆیدا"ی بە لە ناسین نەهاتو دەزانی، بەڵام ئێستە ئێمە لەتەك "رەهای نەناسراو" بەرەورووین، بەڵکوو دەبێ دانیپێدابێنین کە بێتوانایی ئێمە ناتوانرێ بدرێتە پاڵ کەم و

کۆڕیەکانی زمان و کەم و کۆڕی ئامرازەکانی دەربڕین و پێوەندی گرتن، بەڵکوو دەبێ دانی پێدابێنین کە بێتوانایی ئێمە لەگەڵ پێشکەش کردنی گوزارشت دا بۆ شوێنگەیەکی فەرهەنگی تازە دەگەڕێتەوە کە لەودا "لە بنەرەتەوە ناتوانی بیناسیت" و لەم ڕووەوە شتێك چەشنی نێوەڕۆکی گوزارشت و بنەمای کردەوەی پێوەندی، واتا پەیام نەماوەتەوە. کاتێ لیوتار شوێنگەی پۆست مۆدێرن بە "قەیران لە پێشکەش کرنی گوزارشت" دەزانێ و دەڵـێ کە "ئەرکی گێڕانەوەیی لەنێوچوە" مەبەستی (نەمانی پەیامە).

(٣)ـ دەتوانین بڵێین کە گرینگترین لەپێشدانان (= پێشەکی ـ گریمان Premise)ی پۆست مۆدێرنیزم قەیرانە، قەیرانی هەقیقەتەکان، بەهاکان و پیرۆزترین باوەڕەکانمانە. ئایا گەیشتووینەتە بن بەستێك کە هونەری مۆدێرن هەر لە سەرەتاوە لەبەر دەسمان دا داینابوو؟ ئایا ساموئێل بێکت وتەنی ئەو شتەی دەمانەوێ بیڵێین، لەبەر ئەوە ناگوترێ کە لە گوتن نەهاتویە؟

زۆر جاران هزر ڤانانێك کە لە "شوێنگەی پۆست مۆدێرن" تێدەفکرن، بە بێ ئەوەی لە جیاوازی هزرەکانیان ورد ببنەوە، لە ژێر ناوێك کە نیشاندەری کارەکانی یەکێك لەوانە ـ ژاك درێدا ـ یان بە "هەڵوەشاوەگەر" ناودێر کردوە. بەڵام گوایە کە ئەمە ڕێسایەکە لە مێژووی هزردا ناتۆرەیە و هەر شتێکیش کە لە تەك نێوەڕۆکدا یەکنەگرێتەوە ، بەکاربێنن و "برەویش پەیدا بکەن" بۆ نمونە جگە لە لێئۆشتراوس، "پێکهاتە گەراکان"ی تر ئەم نازناوەیان پێ خۆش نەبووو: یان هایدگێر هەرگیز نەیویست کە بە "ئیگزیستانسیالیست" ناودێری بکەن. بەڵام ئەمڕۆکە فۆکۆوبارت بە پێکهاتە گەرا و هایدگێر بە ئیگزیستانسیالیست لە قەڵەم دەدەن. جێی سرنجە کە زۆربەی ناتۆرەکان سەرەتا بە تەنز و تەوس لە لایەن ڕەخنەگەران و نەیارانەوە بەکار هاتون، پاشان جێی خۆیان گرتۆتەوە:ـ ناوەکانی فۆرمالیزمی روسی، ڕۆمانی نوێ و مارکسیزم نمونەگەلی بەناوبانگن. تەنانەت لە مەڕ ناوی "پۆست مۆدێرنیزم"یش لە لایەن گریمانکارەکانیدا ڕایەکی هاوبەش نیە. ڕەخنەگرێك دەنوسێ: "بەکار هێنانە هەمەجۆر و هێندی جار دژیەکەکانی زاراوەی پۆست مۆدێرنیزم گرینگیەکی ئەوتۆی نیە، هەڵبەت تا ئەو جێیەی کە لەواندا ئەم خاڵە سەنتراڵە بزانرێت کە پۆست مۆدێرنیزم بە گۆڕانکاریە چۆنیەتیەکان لە کۆمەڵگا و فۆرمەکانی سەرهەڵدانی کولتوریانەوە پەیوەستە" (٤) بەڵام تێگەیشتنی جیاوازیە واتاییەکانی ئەم زاراوەیە چەندین جار زیاتر لەو شتەی کە ئەو گریمانی دەکات گرنگە. لە راستیدا ئەو (ڕەخنەگرە) ئەو واتایەی کە خۆی وەبەر چاوی گرتوە بە حاشا هەڵنەگر زانیویە و بەمەرجی پێناسە پێناسەی کردوە، واتایەکە کە لەگەڵ باسەکانی لیۆتار دەگونجێ. ئاشکرایە کە دید و بۆچوونی جیاواز لەمەڕ مۆدێرنیزم کەمتر لەپۆست مۆدێرنیزم نیە. بە ڕەچاوکردنی ئەم کەتوارە کە بە هەرحاڵ، هەموو ناونیشانێك بۆ هەر بزووتنەوەیەك (کە خۆی بە خاوەنی سیستەم و قەوارەیەکی لۆژیکی لە هزردا نازانێ) دەقاو دەق نیە، لەم کتێبەدا ملکەچی نەریتی باو بووم و باسە گشتییەکانی پاش پێکهاتە گەراییم لە کتێبێکدا بە ناوی "هەڵوەشاندنەوە"ی دەق ناودێر کردوە، هێناوەتەوە. بەڵام بۆ ئەم کارە هۆیەکی گرینگتریشم هەبوو"هەڵوەشاندنەوە نیشاندەری مێتۆدی تاوتوێی دەقەو هێما کردنەکانی ئەم کتێبە بۆ پۆست ستراکتۆرستەکانی وەکوو دێلوز یا لیۆتاریش بە مەبەستی ناسینی مێتۆدی کارەکەیان لە تاوتوێی دەقەکان بووە، ڕەنگە ئەم خاڵە ملکەچ بوون لە راست نەریتی باو و "کۆدەنگی خوازی" پاساو بدات.

پەراوێزەکانی سەرەتا (پێشەکی) کتێبی سێهەم.

1.J.- F Lyotard, La  co ndition Postmoderne, Pris 1985,P.20.

2.J.- F Lyotard, Le differend, Pris 1986,P.74.

3. J.-F Lyotard, La condition Postmoderne, P.7.

4.YSchlute – sasse, “Modernity and Post-Modernity” , cultural critigue, 5, win- ter 1986-87, P.6.

# پاری دوازدەهەم

## متافیزیکی ئارایی: دێریدا

**بەردەوام هەوڵم دا تا فەلسەفە بێنمە مەیدانەوە.**
**مەیدانێك كە لەودا فەرمانڕەوایەك نەبێت.**

**دێریدا**

١

ژاك دێریدا لە ساڵی ١٩٣٠ لە ئەلجەزیرە لە دایك بوو، لە نێو كەمینەیەك لە فەرەنسییە داگیركەرەكان گەورە بووو، بەڵام هەرگیز تۆزقاڵێكیش لەگەڵ ئەو فەرانسیانەدا هۆگری پەیدا نەكرد، بە پێچەوانەوە بە بینینی روبووڕوبوونەوەی دو كولتور وێنایەك لە نەگونجان لە لای دروستبووو، كە چەمكی باڵادەستی و هیرارکی بە هادارانە رەت دەكاتەوە و ئێستاش لەگەڵیدا بێ تایبەتمەندیی هزری ئەوە، بەتایبەتی كە خودی ئەو خۆی پەیوەست بوو بە كولتوری سێیەم و "لەیاد چو" كە بریتی بوو لە: یەهودیەت. لەنۆزدە ساڵیدا چوە پاریس، لەوێ نیشتەجێ بووو بەشی فەلسەفەی خوێند. ئەمە لەكاتێك دا بووو كە ژینگەی فیكری و تەنانەت زانكۆیی سەردەمەكەی بە تەواوی لە ژێر كاریگەری دیاردەناسی و ئیگزیستانسیالیزم بوو. كاریگەری نیچە، هۆسرێل و بە تایبەتی هایدگێر بە



ئاشكرا شوێنەواری لەسەر هزری ئەو جێهێشتوە. لە ساڵی ١٩٦٢، بەشێك لە دواین یادنوسەكانی هۆسرێلی لەژێر ناوێك كە خودی ئەم فەیلەسوفە بۆی دانابوون، واتا سەرچاوەی ئەندازەی وەرگێڕاو بڵاو كردەوە و پێشگوتارێكی گرنگی بۆ تەرخانكرد. وەرگێڕانەكەی هیندەوردو بە هاگران بوو كە پاش چواردە ساڵ كاتێك ژێردار گرانێل كە سەرسەخترین وەرگێڕی بەرهەمەكانی هۆسرێل بوو، دەقی تەواوی قەیرانی زانستە ئەوروپییەكان و دیاردەناسی ترانسێنداڵ واتە كۆی دواین یادنووسو كارەكانی هۆسرێلی بڵاو كردەوە، وەرگێڕانەكەی دێریدای بەبێ دەسكاری لە پرۆژەكەی خۆیدا هێنایەوە (١) و نوسی:"پێم حەیف بوو كە جارێكی دی ئەم بەشە وەرگێڕم لەكاتێكدا وەرگێڕانێكی پڕ بەهایی لەم چەشنە پێشتر ئەنجامدراوە" (٢). لە ساڵی ١٩٦٧ ناوبانگ و كاریگەری دێریدا لە هزری هاوچەرخ دا بە بڵاو كرانەوەی هاوكاتی سێ كتێبی ئەو دەستی پێكرد:ـ دەنگ و دیاردە، كە پێشەكی‌یەكی لەسەر چەمكی نیشانە لە دیاردەناسی هۆسرێل (٣): نڤیسیارو جیاكاری كە كۆمەڵەیەكە لە وتارگەلی كورت لە مەڕ ئەدەبیات، فەلسەفە و زمانناسی (٤): لەبارەی گراماتۆلۆژی كە ناوێكی دیكەی"لەمەڕ رێزمانی زمانناسی"ە كە كتێبێكە ئامانجەكەی هێنانەگۆڕی "تیۆری یا زانستێكی نوێ لە بارەی نڤیسیار"ە (٥): پێنج ساڵ دواتر سێ كتێبی دیكەی لە یەك كاتدا بڵاو كردەوە:ـ هەڵوێستەكان كۆمەڵەیەكە پێكهاتوە لە سێوتووێژی درێژ لە بارەی پێوەندی فەلسەفە و زمانناسی: (٦)ـ پەراوێزەكان: لە فەلسەفەدا كۆمەڵەیەك لە وتارەكانە كە "لە پەراوێزی فەلسەفە دان" واتە بریتییە لەو كەوشەنەی كە فەلسەفە بە زمانناسی و تیۆری ئەدەبی دەبەستێتەوە (یا جیای

دەکاتەوە) (٧): وەبارهێنان کە کۆی سێ وتارە لە مەڕ ئەفلاتون (و ئەو شتەی کە ئەو بە ـ ژار ـ دەرمان ی زانیوە). و مالارمەو فیلیپ سۆلێر (٨)" وەبار هێنان" (بار اوەری) وشەیەکی فارسیی ورد و هاو واتایەکی باش نیە بۆ ئەو وشە فەرەنسی‌یەی کە لە سەردێڕی کتێبی ناوبراو دا هاتوە، واتە Ladissemination ڕەچەڵەکی وشەکە Semenceە بە واتای تۆوی (ڕوەك) و گەرایە، دێریدا پێی وایە هەر زاراوەیەکی زمان وەك گەرایەکی ژیندەرە. (٩) دێریدا ئەم چەمکەی لەپاش خوێندنەوەی چیرۆکی ژمارەکانی فیلیپ سۆلێر دۆزیەوە. بە ڕای هەردوو نوسەرەکە (دێریدا و سۆلێر)، لە نڤیسیاردا شتێك هەیە کە دووجار لە هەموو سیستەمێك و لۆژیکێك یاخی دەبێ. یەکێ لە بەرەنجامەکانی هەڵوەشاندنەوە دۆزینەوەی ڕێو شوێنی ئەم یاخی بوونەیە(ئەگەرڕێی وشوێنی هەبێ)

لە هەموو دەقێکدا فۆرمێك لە پەرتەوازەبووون و بارگاویبووونی واتا تازەکان بە یارمەتی واتا کۆنەکان هەیە، ئەم تایبەتمەندیانە لە وشە فەرەنسی‌یە (ناوبراو)ەکەدا هاتون، بەڵام وەبارهێنان هەمویان بەیانناکات. لە ساڵی **١٩٧٣** بەملاوە ژیانی دێریدا لە نێوان فەرەنسا و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دابەش بووو. لە"ئێکۆل نۆرماڵ"ی پاریس وانەی ئەدەبیات و لە زانکۆی ییل ئەدەبیاتی پراکتیکی وتەوە. چەندین کتێبی وێکڕا بڵاو کردەوەـ دەنگی ماتەم کۆمکارێکە لە نوسینەکانی هگێل و ژان ژنە (١٠). ناونیشانی کتێبێکە ڕەنگە، بە واتای "دەنگی ناقوس بەبۆنەی مەرگی کەسێك" بێت. وشەی Glasبە ڕەچەڵەك لاتینیەو وشەکانی کلاسو کلاسیك بۆ ئەم ڕەچەڵەکە دەگەڕێتەوە. [١١]



لە زمانی فەرەنسی کۆن دا ئەم وشەیە بە واتای "بزاوتی بەردەوام" بەکار دەهات. ڕەنگە دێریدا مەبەستی لە بەکارهێنانی ئەم ناونیشانەیە جوڵەی بەردەوامی پاندۆل بووبێتـ جۆرە هاتوچۆیەکی بەردەوام لە نێوان دەقەکانی هگێل و ژێنە، لە نێوان زمان و گوتار، لە نێوان ئاخێوی فەلسەفی و ئاخێوی ئەدەبی. لە دەقی کتێبی ناوبراودا هێمایەك بۆ جوڵەی زمان لە دەم دا بەدی دەکرێ و بە واتای Glas بەکار هاتوە. (١٢).

کتێبێکی دیکەی دێریدا سیخورمەکانە، کە لە بارەی مێتۆدە هەمەجۆرەکانی نوسین (شێوەکانی دەربڕین) لە بەرهەمەکانی نیچەدا دەدوێ. (١٣). هەروەها دێریدا کتێبێکی دیکەی بەناوی ئۆتۆ ـ بیوگرافیەکان هەیە کە لە نیچە دەکۆڵێتەوە و بەشێکی لە بارەی بەکارهێنانی ناوە تایبەتیەکان لە بەرهەمەکانی نیچەیە و ئەم دەقە دواندەریە کە کە دێریدا لە ساڵی **١٩٧٦** لە زانکۆی ڤێرجینیا پێشکەشی کرد. (١٤). کتێبێکی زۆر گرینگ کە دێریدا لەو سەردەمەدا لە چاپیدا بریتییە لە: کارت پۆستاڵ لە سۆکراتەوە تا فرۆید و لەوەش زیاتر (١٥) کتێبەکە کۆمەڵەیەکە لە نووسینە پەرتەوازەکان و یادنوسگەلی ڕۆژانە و وتارگەلی فرەچەشنی دێریدا (کە زۆربەیان لەمەڕ دەرون شیکاری نوسراون).

پاشان دێریدا درێژەی بە سەرنجدان بە ناوە تایبەتیەکان دا کە پێشتر لە ئۆتۆ ـ بیوگرافیەکاندا دەستی پێکردبوو. لەو کتێبەدا (دێریدا) هێماکانی نیچە بە خۆی بە بەسەرهات، گێڕانەوە نەدا بووە قەڵەمو ئوتۆی بە واتا فەرەنسی‌یەکی واتە "خۆ" بەکار نەهێنابوو. (١٦). دێریدا باسکردن لە پێگەی ناو لە نێو دەقی لە

کتێبی شیبۆڵت کە بۆ پۆل سلان ١٧و هەروەها واژوی پۆنژ تەرخان کراوە، درێژەدا (دەتوانین ناوی مۆری پۆنژ لەم وتارە دابنێین). (١٨).

ناو نیشانی ئەم وتارە دژوارە بە زمانێکی دیکەیە، چونکە هەردووك وشەی واژو و پۆنژ تێکەڵ کراون. رەنگە باشتر بێت کە بە شێوەیەکی ئازادانە وەریبگێڕین ـ نیشانەیەك کە پۆنژ بە هۆیەوە دەبینینەوە. بەرهەمێکی دیکەی دێریدا (بریتییە لە)دەنگی ئاپۆکالیپس شێوەیەك کە فەلسەفە تازە پەسەندی کردوە، توێژینەوەیەکە لە مەڕ واتاکانی سەردێڕی دوایین کتێبی چاخی نوێ .(١٩).

کۆمەڵەیەك لە وتارەکانی دێریدا لە بارەی نیگارکێشی مۆدێرن لە کتێبی هەقیقەتو نیگار کێشیدا بلاّوکراونەتەوە (٢٠). ژماردنی ناونیشانی بەرهەمەکانی دێریدا هێشتا ماوە. دێریدا لەم ساڵانەی پێشوودا کتێب و وتاری زۆری بلاّو کردەوە کە قەبارەیان هەزاران لاپەڕەی چاپکراوە. لەم نێوەدا بەشێك لە گرینگترین ناو نیشانەکان لێرەدا دەهێنمەوە: کۆمەڵەیەك لە وتارەکان، یادنووسە رۆژانەکان و بیرەوەرییەکانی دێریدا لەژێر ناوی خود بلاّو کرایەوە کە سەردێڕی دووەمی (ئەو بیرەوەرییانە) ناوی "داهێنانێکی دیکە"یە.

هەموو نوسینەکانی ئەم کتێبە قەوارە گەورەیە بە هۆی چەمکی خوڵقاندنی بەرانبەر (گوێگر ـ ئاخێوەر) لە زماندا پێکەوە گرێ دەدرێ.(٢١)

( رێباز و شێوازی نوسینی ئەم کتێبە وەبیرهێنەری کارت پۆستاڵمە: باسەکانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان بە درێژکراوەیی لۆژیکیی ئەو کتێبە ئەژمار دەکرێ. کتێبەکە زۆر سرنج راکیشە، چونکە لە زۆربەی وتارەکان و یادنوسەکان دا، دێریدا لە کەسانێك کە "خۆشیدەوێن" دواوە، وتارێك لە ژێر ناوی "مەرگەکانی



ڕۆلان بارت" لە دەسکەوتەکانی ئەم نوسەرە دەدوێ، وتارێکی دیکە لە ژێر سەردێڕی "تاوەری بابل" بۆ تیۆریی والتێر بنیامین لە مەڕ زمان و وەرگێڕان، تەرخان کراوە. وتارێکی دیکەشی هەیە لەژێر ناوی "بژێرویژی [= پەند = Aphorism] کە کێشەی ناو لە ڕۆمیۆو ژۆلێت ی شکسپیر دەهێنێتە گۆڕێ: وتارێکی دیکەشی بەناوی "دەستی هایدگێر"ە جگە لە هایدگێر، لە نیچە و فرۆید و هەروەها لە فلۆبێر، پیتەر ئایزنمانی بیناساز، ئیمانوئێل لویناس و نلسۆن ماندێلا دەدوێ. لەبارەی روحو پرسیار ناوی کتێبێکی تری دێریدایە.(٢٢).

هاوکات لەگەڵ بلاّو بووونەوەی ئەم دەقە فەلسەفییە کە لە نازیزمیش دەدوێ، درێدا "پاکانە"ی بۆ هایدگێر کرد. ئەو لە مشت و مڕێکدا دوابەدوای بلاّو بووونەوەی کتێبی هایدگێر و نازیسم لە نوسینی ڤیکتۆرفاریاس لە مەڕ بیر و ڕا سیاسییەکانی هایدگێر بەتایبەتی پێوەندی ئەوفەیلەسوفە لەتەك پارتی ناسیونال سۆسیالیستی ئاڵمانیا و بێدەنگی ئەو لە ئاست تاوانەکانی نازیەکان، بێدەنگییەك کە تەنانەت لەپاش ساڵی ١٩٤٥یش نەشکا، رویدا، پاکانەی بۆ هایدگێر کرد. (٢٣). هایدگێر لە ساڵی ١٩٣٣دا کە یەکەمین ساڵی بە دەسەڵات گەیشتنی هیتلەرە پشتیوانی لە چالاکییە دژە دێموکراتییەکانی نازیەکان لە سیستەمی زانکۆیی ئاڵمانیادا کرد. هەرچەند ئەو دواتر وتی کە پێشتر وازی لە نازیەکان هێناوە و وازی لە پلە و پایەی (حیزبی) خۆی هێناوە و تەنیا وانەی فەلسەفەی وتۆتەوە (٢٤)، بەڵام فاریاس (قوتابیەکی شیلیایی ئەو) [**] لەو باوەڕەدایە کە گوتەکانی هایدگێر راست نین و بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لە ژیانی

تایبەتی ئەم فەیلەسوفەوە دەستی کەوتوە، دەردەخات کە هایدگێر هەمیشە بڕوای بە نازیەکان هەبووە، دژی ڕەگەزی سامی بوو و...

یورگێن هابرماس لە پێشگوتارێك کە لە دەسپێکی دەقی ئاڵمانی کتێبەکەی فاریاس دا هاتوە دەنووسێ کە هایدگێر "بە شێوەیەکی ئاشکرا" بووو بە ئەندامی پارتی ناسیونال سۆسیالیستی ئاڵمانیاو لە بەرنامەکانی ئەو حیزبە لە سەرکوتکردنی ئازادیەکان، بە ئاشکرا پشتیوانی کرد، بەڵام هەرگیز بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕاشکاوانە دابڕانی خۆی لەو حیزبەو بەرنامەو ئایدیۆلۆژیاکەی ڕانەگەیاند. تەنانەت پاش ساڵی ١٩٤٥یش .(٢٥). دێریدا چەشنی ئیمانوئێل لویناس، ژان فرانسوا لیۆتارو زۆر لە هزرمەندە فەرەنسی‌یەکان پشتگیری ئەم تێزەی کرد کە باوەڕە سیاسی‌یەکانی هایدگێر لە دەیەی ١٩٣٠دا هیچ پەیوەندی‌یەکی بە هزری فەلسەفی ئەوەوە نیەو بێدەنگی ڕەهای ئەم فەیلەسوفە لە بەرامبەر تاوانگەلێك کە بە باشی لێیان ئاگادار بوو، زیان بە پلەی بەرزی ئەو لە هزری فەلسەفی مۆدێرندا ناکەیەنێت.(٢٦). یەکێ لە کتێبەکانی دیکەی دێریدا یۆلیس گرامافۆنە کە دەتوانین بە ڕێزمانی دەنگیی ئۆلیس وەرێ بگێڕین. پاڵەوانی داستانی ئۆدیسەی هۆمیرۆس بە زمانی فەرانسی ناوی ئۆلیسە، کە سیمبوول و خۆرپەی (ڕۆمانی)"یۆلیسس"ی جیمز جۆیس ئەو داستانە بووە (٢٧). ناوی دووەمی کتێبەکە "دو وشە بۆ جویس"ە. ئەم کتێبە دەیەوێ ئەم خاڵە بسەلمێنێ کە"بەڵێ"و"پێکەنین" بە لای جویسەوە یەك واتایان هەبوو. دێریدا وتەنی لە پەراوێزی دەقەکەدا خاڵگەلی گرینگتر هاتونە باڵادەستی زمان، ئەگەری وەرگێڕان، نزیکایەتی دەق و دانایی. کتێبێکی دیکەی



دێریدا لە مەڕ پۆل دێمان هزرمەندی هەڵکەوتووی ڕێبازی هەڵوەشاندنەوەی دەقەکە لە ساڵی ١٩٨٣ دا کۆچی دوایی کرد. کتێبی بیرەوەرییەکانی دێریدا دوبەشە (٢٨) بەشی یەکەم بیرەوەری گەلێ لەهەمبەردێمان کەلە بنەڕەت دا بیرەوەرینوسی‌یە و بەشی دوەم بۆ بەرهەمەکانی دێمان تەرخانکراوە.

یەکێ لە کتێبەکانی دیکەی دێریدا ناوی پێشینیانە کە دەتوانین بە "لێوارەکان" و هەروەها "حەوانگەکان"یش وەری گێڕین.(٢٩) وتاری بە ناوبانگی دێریدا بە ناوی "یاسای چەشنەکان" کە لە مەڕ ژانرە ئەدەبی‌یەکان دەدوێ لە کتێبی ناوبراودا هاتوە. جگە لەو کتێبانەی کە ناوم هێنان، دێریدا خەرمانێك تێزو وتاری نوسیوە. ئەم کۆمەڵە مەزنە کە لە بیست ساڵی ڕابردودا بڵاو بوویەوە، نیشانەی وزەی داهێنەرانەی زەینێکی بە توانایە کە دوابەدوای نەریتی نیچەو هایدگێر خوازیاری هێنانە ئارای ڕەخنەیەکی بنیاتی‌یە لەسەر "نەریتی متافیزیك لە هزری ڕۆژئاوادا، و ئامانجی هێرشەکانی نەك تەنیا ئاخێوی فەلسەفی، بەڵکو هەمو فۆرمێکی بەکارهێنانی زمانە لە ئەدەبیاتو هەروەها لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا. دێریدا چەشنی نێچەو هایدگێر هەوڵ نادا هەر بە تەنیا ڕای ئێمە بگۆڕێت، بەڵکو دەیەوێ شێوەیەکی تازەی تێفکرین بخاتە بەر دەمان. هەریەکە لەم سێ فەیلەسوفە لە کۆتایی نەریتێك کە پتر لە دوهەزار ساڵ درێژەی کێشاوە، هەوڵ دەدا تاکو چاوگەی هەڵە پەیدا بکات. ئەم چاوگە بەلای نیچەوە مەسیحیەتە،بەلای هایدگێرەوە متافیزیکەو لە لای دیریداش "ئاخاوتە تەوەری". لە ئەڤریلی ١٩٨٥دا، لە یەکەم وتوێژی درێدا کە بە زمانی ئینگلیزی ئەنجام درا، سالۆینشکی کە وتوێژەرێکی مەجەرییە داوای لـێکرد:"ئێوە لە ئاپۆکالیپسدا

نوسیوتانه که هەتا نەزانین کێ دەقی گوتوه با نوسیوه، دەق بۆنی دیدێکی پشت بەستو بە ئاپۆکالیپسی لێوەدێ (کۆتازەمەنییە) (***): کەوابووو خۆتان بناسێنن و لە ژینی هزرڤانانەی خۆتان بدوێن": دێریدا وتی خاوەنی ژینی هزرڤانانە نیم و تەنیا ژیانێکی ئاساییم هەیە و لەبەر ئەوە خۆم بە روناکبیر نازانم و کتێبەکانم بناغەیان لە سادەترین رووداوە"نافیکری"یەکان پێکهاتوە. (٣٠) ئەو کە زۆر جاران لە پێویستی تێپەڕین لە "هزری متافیزیکی سەدەکان" دواوە، لێرەدا وەبیری هێنایەوە کە رۆسۆ، هایدگێر، جۆیس، مالارامە و ئارێتۆ ( دواتر نیچە و فرۆیدیش پێوە زیاد کردن) ئەویان فێری تامەزرۆیی خوێندنەوە و نوسین کرد: بەلاّم فەلسەفە بۆ ئەو هەنجەتێکە بۆ ئەوەی رۆژێك بتوانێ بچێتە دنیای ئەدەبیاتەوە و ئارەزویەتی ڕۆمانێك بنوسێ. ئەو رونیکردەوە کە سەرەتا ویستویەتی وەلاّمی پرسیاری"ئەدەبیات چیە؟" بداتەوە هەر لەبەر ئەوەش بووو کە دەستی بە خوێندنەوە و کاری فەلسەفی کردوە، پاشان پرسی"ڤیسیار چیە؟" و هەر ئەم پرسیارە بوو بە هۆی نوسینی کتێبی لەمەڕ گراماتلۆژی: پاشان بۆ خولیای ڕۆمان گەڕایەوە و *دەنگی ماتەم* و کارت پۆستالێ ی چەشنی "ڕۆمانگەلێك" نوسی.(٣١).

لە نێو فەرەنسییەکان دا فەیلەوفی چیرۆکنوس کەم نین۔ دیدرۆ، ڕۆسۆ، ڤۆڵتێر، ساد، باتای ، بلانشۆو سارتەر، هەمویان ئارەزوی دێریدا و رۆلان بارتیان بەدی هێناوە. تامەزرۆیی نوسینی ڕۆمان رێباز و شێوەی دەربڕین و ڕێکخستنی نوسینەکانی بارت و دێریدای بەرهەم هێناوە بە پێچەوانەی بارت کە لە مێتۆدی نوسینی کلاسیك خوازەکان (کورت وێژی، کورتبڕی، ڕستەگەلی کورت، بەلاوەنان پشت بەستن بە بژێروێژی) نزیك دەبوویەوە و "مۆدێرنترین" مامۆستاکانی لە شێوازی نوسین و دەربڕین دا ڤالێری و ژید بوون، دێریدا مۆدێڕننوس"ە. هەڵبەت هەندێ جار بە ئەنقەست لە شێوەی دەربڕینی کلاسیك خوازەکان نزیك بووەتەوە، بەلاّم ئەم خالاّنە زۆر کەمن و بە ئاشکرا ئەنقەستن: چەشنی ئەو بڕگە کورت و جوانانەی کە لە ساڵی ١٩٨١ لە مەڕ بارت نوسینی و بە ناوی "مەرگەکانی ڕۆلان بارت" بلاّوی کردنەوە. ئەم دەقە چەشنی یادنوسێك بۆ نوسەرێکە کە لە ژیان دا نەماوە (٣٢) هەر لەم ساڵەدا دێریدا لە پەراوێزێك بۆ کتێبێك بە ناوی ئەنجامەکانی مرۆڤ، کە بۆ رونکردنەوەی بیروڕاکانی تەرخانکرابوو، واتە کۆی دواندەری و باسگەلێك کە ناو نیشانی ڕۆشەنگەریشیان هەیە، نوسی۔ "ڕەنگە یادنوس هەرگیز بە شوێنی مەبەست نەگات، بەلاّم دەقاودەق هەر لەم ماتەمنامەیەدایە کە دەتوانین سەرچاوەکانی ئەگەری ئەدەبیات بدۆزینەوە"(٣٣). بە بۆچونی درێدا " نامەی نەگەیشتو" نوسین دەکات بە کردەوەیەکی سەرشێتانە، بە شێوەیەك کە حەسرەت و ئەدەبیات دەکات بە ئەرکی ئەسرین و پەژارە. مونتنی لە ماتەمی ئیتین دۆلا بۆتی هاورێی (نوسەری وتاری لەمەڕ ژێر دەستەبوونی خۆیستانە) لە یەکەمین بەرگی تێزەکاندا، لە وتارێك لە ژێر ناوی "لە بارەی هاورێیەتیەوە" نوسیوێتی کە پەژارەو حەسرەت نوسینێکی "شێلگیرانە" دەکات بە "دەقی ئەدەبی".(٣٤).

ئێستا، کورتەیەك لە بنیاتی باوەڕەکانی درێدا دەخەمە بەردەست، پاشان بە ڕونکردنەوەیەکی زیاتری سەرچاوەکانی کارەکەیو وردبینکردنی ئاراستە جۆراوجۆرەکانی هزری ئەو خەریك دەبم (٣٥). ئەم بەشە بە "دیمەنێك لە دورەوە" (بە واتا سینەمایی یەکەی) یا جۆرێك "وێنەی نیگەتیڤ" بزانن. لەبەر ئەوە کە لەتەك بابەتی تاوتوێکردن دا مەوادی هەیە[١٦]، روانینی‌یەکەمە. [!!] لەپێش دانان [Premise]ی سەرەتایی رەخنەی دێریدا لە سەر متافیزیکی رۆژئاوایی ئەوەیە کە هزری فەلسەفی ـ زانستی رۆژئاوایی بەردەوام دیلی توخمگەلی دوو جەمسەری بووە کە خۆی خولقاندونی و پاشان پێی وابووە راستەقینەن. هزری متافیزیکی هەرگیز نەیتوانیوە خۆی لە کۆتی ئەم زیندانە رزگار بکا.

خەراپ لە بەرامبەر چاك، هەبوون لە بەرامبەر نەبوون، پیوار لە بەرامبەر ئارایی، نادروست لە بەرامبەر دروست، درۆ لە بەرامبەر راستی، جیاوازی لە بەرامبەر هاوشێوەیی، زەین لە بەرامبەر مادە، جەستە لە بەرامبەر رۆح، مەرگ لە بەرامبەر ژیان، ژن لە بەرامبەر پیاو، سروشت لە بەرامبەر کولتور، نوسین لە بەرامبەر خوێندنەوە، نڤیسیار لە بەرامبەر گوتار و ... ئەم دو جەمسەرە هەرگیز، بۆخۆیان، بە چەشنێکی سەربەخۆ، و "لە خودی خۆیدا" نەبوو ون. تەنانەت لە بەرامبەرێتی گەوهەر/ی فۆرمی سەرهەڵدانی ئێمەدا گەوهەر بە هۆی گەڕاندنەوە بۆ فۆڕمی سەرهەڵدانی دەناسین.

لە هێندێ خاڵدا هاتنی یەکێکیان ڕەتکردنەوەی ئەوی تریانە (هەڵە یا نادروست، فۆڕمی نیگەتیڤی دروستە: خەراپە فۆڕمی نیگەتیڤی چاکەیەوە...) و لە زۆر شوێنی تر جۆرە باوەڕێکی نەگوتراو ئەم نێگەتیڤە دروست دەکات (کولتور بە ئانتی تێزی سروشت دەزانرێ و ژنیش بە ئانتی تێزی پیاو). خاڵی سەرەکی لێرەدایە کە نەك تەنیا ئەم دو فاقێتی‌یە لە سەر بنەمای دژایەتی دو جەمسەرە، بەڵکو بەردەوام، ئاشکرا یا بە شاراوەیی، یەکێ لەم دو جەمسەرە بە شێوەی شێواوی ئەوی دی دەزانرێ: ناشیرن بە واتای شێواویی شتی جوانە: خراپە بە واتای هەڵوەشانەوەی چاکەیە: نادروست شێوەی شێواوی دروستەو ... بە دەربڕینی تر ئەم دو جەمسەرە بەردەوام لە هیرارکی (زنجیرە پلە)یەکدان کە لەودا بەهای یەکێکیان بەرزترە لەویدی: چاکە لە خراپە و جوانی لە ناشیرنی بەرزترن، واتە پڕبەهاترن. هێندێ جار ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا سروشت بەرزترە یا کولتور، نڤیسار بەرزترە لە گوتار، هێندێ جاریش باوەڕێکی شاراوەش هەیە کە ئارایی بەرزتر لە پیوار پیاو بەرزتر لە ژن دەزانی و ئەم باوەڕە بە شێوەی جیاواز بەیان دەکرێت. (٣٦).

باوەڕهێنان بەم دوو فاقێتیەو ئەم بەها دانانە، بەردەوام دانانی هیرارکی‌یەکی لـێ کەوتوەتەوەو دواجار، یەکێتی، هاوئاهەنگی‌و هاو ئارایی (لە کات و شوێن)ی لە مەوداو جیاوازی‌و پیوار بە بەرزتر زانیوە. فەلسەفە متافیزیکی‌یەکان لە کاتی گەڕان بەدوی دۆزینەوەی وڵامێك بۆ کێشەی بوون، بەردەوام بوونیان چەشنی ئارایی یەك گریمان کردوە. بەڕای دێریدا دەتوانین لە هەر یەکە لەم دوو فاقێتییە دەست پێبکەین و پەی بە هەبوونی ئەم هیرارکییە ببەین. ئەو خۆی، هەڵبەت نەك بە رێکەوت، کاری خۆی لەم دوو فاقێتیەی نێوان نڤیسیارو گوتار دەست پێکرد. دێریدا دەری خست کە لە نەریتی فیکری، فەلسەفی‌و زانستی ڕۆژئاوادا

بەردەوام گوتار لە نڤیسیار "پڕبایەختر" لە قەڵەم دراوەو لە هەمو دەقێك دا گوتاریان بە باشتر زانیوە.

واتە پێگەی گوتاریان لەو هیوارکییەدا بە بەرزتر لە نڤیسیار زانیوە. هۆی بە گرینگتر و پڕ بایەخ زانینی گوتار ئەوە بووو کە لە هەمو پێوەندیەکی گوتاریدا، ئاخێوەر و بیسەر هەردوکیان لە ئارادان و گوتن و بیستن لەسەر بناغەی ئەم ئاراییەوە بەردەوام دەبێ، تەنانەت ئەگەر ئەم دوانەش مەودایەکی شوێنیان لە نێوان دا بێ، هەمدیس هەردوکیان لە هەبوونی ئامادەی ئەوی دی ئاگادارن. بۆ نمونە لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیدا هەردولا دەزانن کە ئەویتر "لە کاتی ئێستادا لە شوێنێکی دیکەدایە" کە ئەمەش لە درێژەی گفتوگۆکەدا بەدی دێتو ئەم ئەگەرە لەو ئاراییەوە وەدەست دێت. بیستنی دەنگی کەسێك، مەودای کاتیو شوێنی پۆچەڵ دەکاتەوە. ئاخێوەر خۆی دەبیستێ کە چ دەڵێ و بە وەرگرتنی وڵام تێدەگات کە گوێگرەکەشی (ئەو وڵامەی) بیستوە. فۆرمی تەواوی گوتار لەو شوێنەدایە کەئاخێوەرو گوێگر بەرەوڕوی یەکتر دانیشتن ("ئاراییەکی تەواو"یان هەبێ). لێرەدا لە رواڵەتدا دو ئاڕاستەی کردەوەی گوتاری پێکەوە گرێ دەدرێن و تەنانەت یەکدەگرن. لەم "فۆرمی تەواو"ەدا گۆتارێك کە کاردانەوەی کتو پڕی بیسەری بەدواوە بێت پڕبایەختر دەزانرێت. بۆ نمونە ئانتۆنی لە جولیوس سزاری شکسپیردا ئەو پەرچەکردارە کە خۆی خوازیاریەتی لە بیسەرانی خۆی واتە" خەڵکی بە شەرەفی ڕوما" بەدەست دێنێ. لە دۆخێکدا کە ئاخێوەر بەرەوڕوی گوێگر دانەنیشتوە (بۆ نمونە لە ڕاگەیەنە گشتیە تازەکاندا) ئارایی ناتەواوە. دۆخێك لە نێوان نڤیسیارو گۆتار سەقامگیر دەبێ. هەر چەند ئاخێوەر لەوکۆ



ئەندامە فیزیکیانەی لەش کەڵك وەردەگرێ کە زیاتر لە ڕەوتی گوتاردا کاران، بەڵام لەبەر ئەوە کە کاردانەوەی خێرای گوێگر یا گوێگرەکانی پێ ناگا، کاری ئەو لە کردەوەی نڤیسیاری نزیك دەبێتەوە. لە گوتاردا ئامادەیی مەرجی بەردەوامبوونی لۆژیکی گفتوگۆ دەزانرێت بە هۆی ئاراییەوە ئاخێوەر دەتوانێ ببێتە گوێگر و گوێ لە گوتەکانی کەسێك بگرێ کە چرکەساتێك لەوەو پێش بیسەری ئەو بووو.(٣٧).

وەك بلێی ئارایی و "هەبوونی بێ بژیوانی کەسێکی دی" وەکو گرتنی یەکە بۆ ئێمە، تاکو بڕوا بکەین کە ئەو شتەی کەدەیلێین واتادارە و واتاکەشی لە تێگەیشتن دێت و شتێك دەڵێین کە خۆمان لە واتاکەی تێدەگەین. بەدەر لەوەی ئایا بەڕاستی بەم چەشنە دەبێ یان نا، هەر چۆنێك بێ ئێمە پێمان وایە واتا لە ئاراییدا بە شێوەیەکی تەواو و هەمەلایەنانە وەدەست دێت و "لۆژیکی و توویژ" ئاراییەکی دیکە. دێریدا پێیداگرتوە کە ئەمە گریمانی حاشاهەڵنەگری متافیزیکی رۆژئاواییە. ئەو ئەم بڕواهێنان بە ئارایی خۆدی واتای، بە Logocentrism ناودێر کردوە کە لە ڕونانی وشەی یونانی "لۆگۆس" بە واتا ئاخاوتە، لۆژیك، ئاوەز ( پێکهاتوە) و لەگەڵ وشەی یونانی سەنترۆم واتای ناوەند و تەوەر دەگەیەنێ. (کە بەشێوەیەکی تەنزاوی وشەی لاتینی سەنترۆم بۆ بنەچەی یونانی"کۆنترۆن" بە واتای شیش دەگەڕێتەوە.) ئەو زاراوەیەی کە دێریدا بەکاری هێناوە بە "ئاخاوتە تەوەری" وەرمگێڕاوە، بەڵام دەبێ لەبیرمان نەچێ کە لێرەدا پێویستە ئاخاوتە لەتەك ئاوەزدا بە یەك واتا بەکار بێت. لە تێڕوانینی "ئاخاوتە تەوەر"دا نڤیسیار تەنیاو تەنیا ڕونکەرەوە، نوێنەرو هێندێ جار

جێگری گوتارە. (ئەمە) خاڵێکی پلەدو، پەراوێزیو کەم بایەخە، کە تەنیا کاتێك وتووێژی ڕاستەوخۆ بوواری بۆ نارەخسێ، بەکار دێ. کاتێ ئەفلاتون دەیوت نڤیسار تەنیا یارمەتیدەری کۆیادە، هەمان ڕوانگەی ئاخاوتە تەوەری دوپات دەکردەوە. نڤیسیار دەبێ بتوانێ بە بەکارهێنانی مەوادو جیاکاری بەسەریاندا زاڵ ببێ. ئاخێوەر زمان بەکار دێنێ، نوسەر زمان بە کاغەز دەسپێرێو لێی دور دەکەوێتەوە، دەیکات بە فۆرمێك کە بە لای بەرامبەرەوە ـ هەرچەند لە مەودایەکی دورـ بکرێ کەڵکی لــێ وەربگرێ: تەنانەت (بە جۆرێك بێ) کە بتوانی لە پاش مردنیشی بیخوێنیتەوە. ئەم هاوکات بوونەی پیوارو مەرگە لە تەك جیاکاری و مەودا، ئاراستەی ئارایی خودی واتا یا بڕوا پێکراوی ئاخاوتە تەوەری لەنێو دەبا. نامە بۆ کەسێك کە لە پیوار دایە دەنوسم:وەسیەتنامە بۆ کۆمەلێك کەس دەنوسم کە کاتێك کەوتمە پیوارەوە بیخوییننەوە“ کتێب بۆ خوێنەرانێك“ کتێب بۆ خوێنەرانێك کە "هەونکە" لە پیواردان دەنوسم و ئەوان کتێبەکە لە پیواری مندا دەخوێننەوە. نڤیسیار "نیشانەی نیشانە"یە:ـ نیشانەی نڤیسیاری نیشانەیەکە ﴿پێکهاتوە﴾ لە نیشانەی دەنگو لەپیوارەیشیدا جێی ﴿نیشانەی نڤیسیاری﴾ دەگرێتەوە. بەم جۆرە نڤیسیار "سروشتی پەیوەستی" دەگرێتەخۆ“ ﴿واتە﴾ دەلکێ بە گوتارەوە. باشتر بلێم، دەبێتە جێگری جێگرەوە. ئاخاوتەی گۆتارییە. بە پێی ئەم بەڵگە هێنانەوەیە لە هیرارکییەکی بایەخدارانەدا گوتار چەندین بەرابەر لە نڤیسیار پایە بەرزترە. خاڵێك کە لە فەلسەفەی گریکەوە تا ئێستاکەش دانی پێدانراوە“ و دێریدا بە یەکێ لە دەرهاویشتەکانی متافیزیکی ڕۆژئاوای دەزانێ، دواتر دەبینین کە تایبەت بە ڕۆژئاواش نیە. بنەچەی ئاخاوتەتەوەری شەیداییە لە ئاست دەنگدا. ئاخاوتەیەك کە دەوترێ (بە یارمەتی دەنگەکان بەیاندەکرێت) خۆی (کامڵ) دەنوێنێ.

لێرەدا دێریدا لە "دەنگ تەوەری" دەدوێ.

دێریدا بڕوای بەم پلە بەرزی ئاخاوتەی گوتار لە ئاخاوتەی نیڤیسیاری نیە. ئەو رەخنەی لەم بنەما فیکریە کە واتا لە گوتاردا ئامادەیەو لە نڤیسیاردا شاراوەیە، هەیە خالّی بەرامبەر بەمەشی پەسەند نەکردوە، واتا ئەم روانگەیە کە نڤیسیار لە گوتار بەرزترە و واتە لەودا ئامادەیە. ئەو ئەم باوەڕەی لە "نوسینە تەوەری" ناودێر کردوەو پێشی داگرتوە کە واتا لە دەقی نڤیسیاریش دا بە پیواردایە. بە گورتی، دێریدا پلەبەرزی ئارایی لە پیوار قبوولّ ناکاو ئاراستەی راستەوخۆی واتایی لە ئاراستەی نوێنەرایەتیو بەیانکەری بەرزتر نازانێ. بە بۆچونی ئەو گوتاریش لەسەر بنەمای جیاکاریو مەودا دروستکراوەو لەم روانگەیەوە جیاوازیەکی لەگەڵ نڤیسیاردا نیە. هەر ئەم خالّە کە وشەیەك بە ئاماژەپێکەر یا کەتوارێکی  زەینی دابەش بووە و ئەم یاسا دروستەی سۆسۆر کە زمان سیستمێکە کە لەجیاکاریەکان دروستکراوەو کۆمەڵەیەك لە یەکەواتاییە سەربەخۆکان نیە، دەردەخات کە زمان لە گەوهەری خۆیداو بەگشتی لە جیاکاریو مەوداگەلێك پێکهاتوە کە هەرچەند هەولّدەدا تا بە سەریاندا زاڵ ببێ، بەلاّم بەردەوام هەرەس دێنێ. دەزانین کە وشە، هاوشێوەیەکی گەوهەری لە تەك واتادا نیەو هەمو نیشانەیەك نەك لەسەر بنەمای گەوهەری هاوبەشی ئاماژە پێکەرو ئاماژە پێکراو، بەڵکو لەسەر بناغەی رێکەوتن دامەزراوەو رێککەوتن نیشانەی جیاکاری ئاماژە پێکەرو ئاماژەپێکراوو، وشەو واتایە [٣٨]

بەدەربڕینێکی دی کردەوەی ئاماژەو نیشانەدانان لە بنەڕەتەوە پشتی بە جیاکاری بەستوە. تا ئەو شوێنە کە واتاو مەبەستێك لەبەر کارهێنانی زماندا هەیە، جیاکاریش هەیە. لێکدانەوەی واتای شتێك، بە شێوەیەکی ئۆتوماتیك دەردەخا کە واتا خودی ئەو شتە نیە. دێریدا بۆ ئەم درزومەودایەی کە لە هەمو چەشنە ئاماژەیەکی نێوان واتا و بابەت دا بەدی دەکرێ، وشەی Difference پێشنیارکردووە،کەخۆی لەوشەی فەرەنسی ٢٢ Diffrence وەرگیراوە کە بەواتای جیاکاری جیاوەبووە.

کاتێ وشەی پێشنیار کراوی دێریدا دەوترێ گۆکردنەوەی ئەو تۆی لەگەڵ وشەی فەرەنسی Diffrence دانییە، بەڵام کاتێك کەدەنوسرێ لەگەڵیدا جیاوازی هەیە. رەنگە باشتربێ لەفاریدا بە" تمایوز" بنوسین.باشتر وایە ئەم وشەیەی دێریدا بە "جیاوازی لە فۆڕم" ناودێری بکەین. دێریدا دەریخستوە کە ئەم "جیاکاری"یە لە چەقی هەر شتێك کە پێمانوایە ئامادە، سەربەخۆ و پشت ئەستورە بە خۆی دێتە بەرچاو، هەیە. نەك تەنیا لە زمان (واتا لە رەهەندی ئاماژەی واتایی) بەڵکو لە وشیاریش دا "ئامادە"یە..دێریدا گوتویەتی: .Diffrence

پیوار/ئارایدا هەیە. لە راستیدا فۆڕمی سیستماتیکی ئەرکی [Function] جیاکارییە[٣٩]. گومانی ئارایی واتا، بەهەر شێوەیەك پەسەندبکرێو پاساوی بۆ بهێنرێتەوە، هەڵەیە. کاتێك کە دەڵێین: "نەگوتراو، خۆی ئاشکرایە کە..." دەبێ بزانین کە گوتراو یا نەگوتراوی هیچ شتێك خۆی ئاشکرا نیە. بەر لە دێریدا هایدگەر نیشانیدابووو کە جیاکاری نهێنی/ئاشکرایی خۆی ئاشکرا نیە. فرۆیدیش سەلماندبووی کە وشیاری ئێمە ئاراییەکی تەواو، واتادارو راستەوخۆی نیە، بەڵکوو بەستراوەتەوە بە مەوداو جیاکاری (مەوداو جیاکاریەك کە نیوان کوتلەی وشیارو کوتلەی ناوشیاردا هەیە). دێریدا جەختی لەسەر ئاراستەری بێ واتایی نیشانە کردو لەم روەوە پێشنیاری کرد کە لە جێگای نیشانە لە "هێما" کەڵك وەربگرین کە بە ئاشکرا هێمایەکە بۆ شتێك کە لەو جیایەو لەگەڵیدا مەودای هەیە. چەمکی جیاکاری، چەمکێکە پەیوەستە بە فەلسەفەی هایدگەرەوە. باسکردن (لەو چەمکە) (چەشنی شاراوەبوون، جیاکاری بوون/ هەبوون) لە زۆربەی بەرهەمەکانی هایدگەر بە شێوەی جۆراوجۆر هاتوە. باسکردنی خۆشاردنەوە لە بوون لە لایەن هایدگەرەوە، لە هزری دێریدادا چەشنی جیاکاری ئەو شتەی لە کاتی ئێستادا ئاشکرایەو ئەو شتەی کە هەنوکە ئامادە نیە، دەردەکەوێ. بڕوا نەهێنان بە ئاماژەی واتاییو لۆژیکی بینا کراو لەسەر "ئاخاوتەتەوەری" شێوەیەکی تازە لە خوێندنەوەی دەقەکان دەخوازێ. ئاشکرایە کە دێریدا بەدوی تێگەیشتن لە "دواین واتا"ی دەق نەکەوتوە. مێتۆدی نەریتیی خوێندنەوە کە دەق بەسەر ژمارەیەك لە گوزارەکان، یاساکانو یا هەوێنەکان دابەش دەکا، پشتی بە ئاخاوتەتەوەری بەستوە . دێریدا وەکو بارت و پێکهاتەگەراکان لەو باوەڕەدایە کە دانەر دەبێ بە " داهێنەرێك کەچیدی سودێکی نیە لەفەڵەم بدەینو دەق بەسەرەتای خوێندنەوە بزانین. ئەووەکو رۆسۆ،دەڵێ:" شتێك نییە کە لەدەرەوەی دەقدا بێ"[٤٠]. هەردەقێك کە دەیخوێنینەوە، لە رەوتی خوێندنەوەدا هەڵدەشێنرێتەوە، واتە بنەمای ڕەهەندی "ئاخاوتەتەوەری"و متافیزیکی ﴿ئەو دەقە﴾ تێك دەشکێنرێ. پڕۆسەی

بەدواداچونی واتا بە هیچ شێوەیەك ئارایی واتا نیە و لە رەوتی خوێندنەوەدا، واتاگەلی لە ئەژمار نەهاتو دەخولقێنرێن كە خۆی لە خۆیدا بەرتەكدانەوەی دواین واتایە. هەڵوەشاندنەوە نەك چەمكێك، بەڵكو كردەوەیەكە. توێژەری ژاپۆنی (توشی هیكۆتیزۆتسۆ) لە نامەیەك دا بۆ دێریدا داوای لـێكرد كە بە شیتەڵكردنەوەی واتای وردی هەڵوەشاندنەوە، لە دۆزینەوەی هاوواتایەكی ژاپۆنیدا یارمەتی بدات. دێریدا لە وڵامدا جەختی كرد كە وەرگێڕانی وشەی Deconstruction بۆ ژاپۆنی یا هەر زمانێكی دی تەنیا و تەنیا وشەیەك (یا هاووتایەكی وشەیی وشەی فەرەنسی‌یەكە) نیە. وشە یا وشە هاو واتاكان دەبێ "هەمان شت رون بكەنەوە كە وشەیەك هەڵگریەتی" ﴿٤١﴾. بە پێچەوانەی ئەو شتەی كە لە ڕوانینی یەكەمدا دەبینرێ، هەڵوەشاندنەوەی دەقێك بە واتای وێران كردنی نیە. ئامانج لە نێو بردنی بنەما نیە تا نیشان بدەین كە بێ واتایە. هەڵوەشاندنەوە لە كاولكردن دورە و لە شی كردنەوەی دەق نزیكترە. لە ڕوەكانی ڕەچەڵەكناسی وشەكان ڕەگ و ریشەی یۆنانی "ئانالیسیس" بە واتای بێكاریگەر و پاسیڤ كردنە. ئامانج و واتای راستەقینەی دێریداش شتی لەمە زیاتر نیە" ئەو دەیەوێ دەق بێكاریگەر و پاسیڤ بكات و ئەم كارە هەر بە تەنیا لە نێو دەق و بە یارمەتی خودی ﴿دەق﴾ ئەنجام دەدا. واتای ئەم كردەوەیە نەك وێرانكردنی دەق، بەڵكو وێران كردنی ئاماژەی واتایی و ئاراستەی ئاخاوتەتەوەری دەقە. دێریدا دەڵـێ:"هەڵوەشاندنەوە دەتوانین تا ئاستی مێتۆدێك دابەزێنین‌و نەك تا ئاستی شیكرنەوە... ﴿بەڵكو" لە رەخنەو بیرۆكەی ڕەخنە﴿ش﴾ تێدەپەڕێ. هەرچەند زۆر كەس بەواتای نیگەتیڤ ﴿ئەم كارە﴾ راڤە دەكەن، بەڵام دەبێ بزانن كە خاڵێكی نیگەتیڤ نیە"﴿٤٢﴾. لە دەقێك كە بنەماكەی تێك شكێنراوە، سالاریی رویەكی ئاماژە لەسەر ئاراستەكانی دیكەی ئاماژە لەنێو دەچێ. بەم پێیە دەق دەبێتە "فرەڕەهەند" دێریدا نوسیویەتی:"خوێندنەوەی دەق، بەردەوام دەبێ بە پێوەندیگەلێكی تایبەتی بگات كە نوسەر باسی لێوە نەكردون، پەیوەندیگەلێكی نێوان ئەو شتەی كە ئەو لە زمانێك كە بەكاری هێناوە، خواستویەتی‌و ئەو شتەی كە نەیخواستوە. ئەم پێوەندیانە جۆرە بەشكردنێكی چەندیەتی لە نێوان سێبەرو روناكایی، وزەو سستی نیە، بەڵكو پێكهاتەیەكی ئاماژەكەرە كە كردەوەی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە دەبێ بیخولقێنێ" ﴿٤٣﴾. بە دەربڕینێكی دیكە هەڵوەشاندنەوە دەرخەری هێز، لاوازی، هۆش یا گەمژەیی نوسەری دەق نیە، بەڵكو ڕونكەرەوەی ئەو پێویستیەیە كە بە هۆیەوە، ئەو شتەی كە نوسەر دیویەتی، لەتەك ئەو شتەی كە نەیدیوە، گرێ دەدرێ. بەمجۆرەو هەڵوەشاندنەوە هاو وتای رەخنەكارییە لەتەواوەتی خۆیدا واتاییە. رەخنەكردنی سیستمێكی تیۆریك، بە واتای هەڵسەنگاندنی تواناكان و لاوازیەكانی نیە، بەڵكو شیكردنەوەیەكە كە جەخت لەسەر ئاتاجەكانی ئەو سیستمە دەكاتەوە، هەمو ئەو شتانەی كە بە "سروشتی"و ئاشكرا لە قەڵەم دەدرێن بەلاوە دەنێن، تاكو نیشان بدا كە ئەم شتانە مێژوو كامڵبوونی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەبەر "هۆیەكی تایبەتی" بەم جۆرە خۆ دەنوێنن. بەم چەشنە شوێن دەستپێكی رەخنە نەك بەربژارە هەنوكەییەكان، بەڵكو بنەمای فەرهەنگییە، بنەمایەك كە زیاتر بە نەناسراوی ماوەتەوە. ئەو هەڵوەشاندنەوەیەی كە دێریدا دەیهێنێتە گۆڕێ‌و داكوكی لـێ دەكا خاوەنی واتای پۆزەتیڤ ﴿شیكردنەوەو ناسین﴾ەو هەڵگری

واتای نێگەتیڤ ﴿وێرانی﴾ نیە. هەر بەو چەشنەی کە لە شیکردنەوەی ڕێزماندا بۆ تێگەیشتن لە بنەمای هەر گوزارەیەك دەبێ هەڵبوەشێنیەوە. ﴿٤٤﴾ گرنگ لێرەدایە کە هەرجۆرە شیکردنەوەو ناسینێك بە شێوەیەك لە شێوەکان تا ڕادەیەك ڕەخنەکارانەیە. لە ڕوانگەی بایەخدارانەوە ڕەنگە شکاندنی بنەمای دەقێك بە مانای ڕەتکردنەوەی بێ" بەڵام ئەم خاڵە کاتێك گرینگی پەیدا دەکا کە پێشتر دەقمان ناسیبێ. هەڵوەشاندنەوە لە هەنگاوی یەکەم دا بوو ناسین کارایی هەیە" و لە هەنگاوی دوەم دا (بە یارمەتی بژیوانەکانی دی) بە کەڵکی بایەخدانانیش دێ.

کوپرنیك ڕەخنەیەکی لە تیۆری بەتلەمیوس لە مەڕ ئەستێرەکان گرت. بەڵام ئەم تیۆرییە کە زەوی بە دەوری خۆر دەسوڕێتەوە هیچکات بە مانای "چاکسازی" تیۆرێکی دیکە نیە کە جەخت دەکات خۆر بە دەوری زەوی دەسوڕێتەوە. ئەمە جۆرە گۆڕانکاریەکە لە دید، فۆڕمێکە لە سەر و ژێربوونی لەپێش دانانەکانی [Premise] تیۆریە کۆنەکە، شکاندنی بنەماکەیەتی. واتە کارێك کە برەوی تێگەیستن ( یاواتای کۆن) کە هەموان بە ئاشکراو حاشا هەڵنەگر دەیانزانی، پوچەڵ دەکاتەوە. هەوڵی مارکس لە ڕەخنە گرتن لە ئابووریی ڕامیاری (ئەو خۆی چەندین جار بە پێداگریەوە وشەی ڕەخنەی بەکار دەهێنا و هەڵبەت لە واتا هگێلیەکەی یا لانی‌کەم لە پاش ﴿نوسینی﴾ گرۆندریسە، دەردەکەوتەوە) بەواتا هەڵوەشاندنەوەی تیۆریەکانی ئابووری کلاسیك بوو. ڕەخنەکە هەرگیز ناپرسێ: "واتای ئەم تیۆریە چیە؟" بەڵکو هەوڵ دەدا تاکو تێبگا کە "تیۆری بەکەڵکی چ دێ، واتە چۆن دروست کراوە و ئاتاجەکانی کامانەن". ﴿٤٥﴾ لە خوێندنەوەی دەق دا، دەبێ ئەو واتایەی کە لە "ئاخاوتەتەوەری"یەوە هەڵقوڵاوە بەلاوە بنێین و دان بەوە دابنێین کە نەماندەزانی‌و لەخۆڕا پێمان وابووە پشتی بە هەقیقەت بەستوە. تەنیا لەم ڕێگەیەوە، پەی بردن بە واتاکانی دیکەی دەق دەلوێ، واتە ئەو واتایانەی کە بە هۆی بۆچونی ئێمەوە (کە مەودایەکی لە نێوان دەق و نوسەر دانەدەنا) شاردرابوویەوە. پاشان دەبێ پشێوی ئەو واتا وەدەست هاتوانەی لۆژیکی ئاخاوتەتەوەری لەگەڵ واتاکانی دی هەڵبسەنگێنین. هەڵوەشاندنەوە خولقاندنی واتاگەلی تازە نیە. تەنانەت دەبێ قبوولی بکەین کە جیاکارییش چەمکێکی تیۆریك نیە تا بەرزتر یا دروستتر لە ئارایی بێت. ﴿بەڵکو﴾ تەنیا بە کەڵکی زانستی نڤیسیار دێت و بە هۆی ئەم زانستەوە واتا "گراماتۆلۆژی" دەتوانین پێکناکۆکی واتایی لەو دەقانەدا بدۆزینەوە کە لەسەر بنەمای ئاخاوتەتەوەری نوسراون و خوێنراونەتەوە. مێتۆدی نوسینی دێریدا، خۆی جۆرە شەڕێکە لەتەك ئاخاوتەتەوەری و چاوەڕوانی (یا باوەڕهێنان) بە ئامادەبوونی واتا. ئەو بە هیچ جۆرە واتاو ڕێسایەکی پێشتر ئامادەکراو دەست بە نوسین ناکا. مێتۆدی دەربڕین‌و بەکارهێنانی ڕێساگەلی ڕێزمانی لە بەرهەمەکانی دێریدا "زمان حاڵ" نین" ئەو یاساکانی نوسین ڕەچاو ناکاو گوێ بە "جوانکاری ئاخێو" نادا. لەو پاڕاگرافانەی کە دێریدا نوسیونی ڕستەگەلی کلیکی بەدی ناکرێن (لە بنەرەتدا ڕستەگەلی کلیلی بە "چاوبەستی دەق" دەزانێ)و ئالۆزی بەسەر نوسینەکانیدا زاڵە. پاراگرافەکانی درێژن و ڕستەکانیش هەندێ‌جار پێنج یا شەش لاپەڕەیەك ﴿بەبێ پسانەوە﴾ دەگرنە خۆیان. هەندێ جار کەوانە و پەراوێزی زۆردرێژ بەکار دێنێ کە چەند پاراگراف، یا تەنانەت چەند لاپەڕەیەك دەگرنەوە.

دەستپێك و کۆتایی وتارەکان رەمزاوی ترین و سەرسام هێنەرترین بەشی بەرهەمەکانێتی. نە لە پێشەکی باسەکە دەچن و نە هاوشێوەی ئەنجامگیرن. هەندێجار باسەکە لە شێوەی نوسینی ئەفلاتون نزیك دەبێتەوە ﴿بریتیە لە﴾ "وەبارهێنان"ی زمان بە هۆی درکە و هەندێجار سروشتی گێرانەوەیی و راپۆرت ئاسا بە خۆیەوە دەبینێ. هەندێجار لە میانەی رستەیەکدا وتارەکە کۆتایی پێدێ و جاری واش هەیە کە هەوێنێکی نەگوتراو لە تێزیکی درێژەی پێدەدرێ. هەمدیس وێژیەکان زیاتر بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دێن و لە نێوان رستەگەلی پەرتەوازەدا بزر دەبن. هەندێجار دو تەوەری جیاواز لە سەر و ژێری لاپەڕەکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەکەونە بەر باس، بەڵام بەرە بەرە دەردەکەوێ کە جیاوازی هەردوك ﴿تەوەر﴾ سەرەکی نیە و هیندەش لێك جیا نین. بە کورتی، زمان لە بنەڕەت دا بە لۆژیکی دو جەمسەری یا ئەمە/یا ئەوە و نەك ئەمە/ئەك ئەوە پەیوەست نیە، بەڵکو ﴿زمان﴾ لۆژیکێکی تەواو جیاواز دەگرێتە بەر“ هەڵبەت ئەگەر بتوانین بە لۆژیك ناودێری بکەین. دێریدا تەنانەت فۆڕمی کتێبش پەسەند ناکا. ئەوە فۆڕمێکی ئێستاییە کە لە رواڵەتدا هەمو دەق وێکڕا دەنوێنێت بەڵام ﴿دەق﴾ هەڵگری "لۆژیکی جیاکاریەکان"ە. هەر بۆیە دێریدا لە وەبارهێناندا نوسیویەتی کە سێ نوسینەی ئەم "شت"ە تێزنین. ﴿!!﴾ و خودی ئەم شتەش کتێب نیە، کەوابوو ئەو شتەی کە پێتان وایە نوسەرە، نایەوێ چەمکەکان و واتاکان بخاتە ڕو "بە دڵنیاییەوە نیاز یا خەیاڵی خستنەڕو یا ئامادە کردنی شتێکی نیە“ ﴿٤٦﴾. کتێبی دەنگی ماتەم دەستپێکی هەیە، بەڵام کۆتایی نیە. دەقێکی "کراوە"یە کە لە هەر شوێنێکەوە بمانەوێ ئاوەڵای دەکەین‌و ئەمە

کارێکە کە لەگەڵ ئازیزترین پەرتۆکەکان ئەنجامی دەدەین، کاتێك کە لە غەزەلەکانی حافز " فاڵگیری دەکەین"، یا کتێبێکی ئاسمانی دەکەینەوەو لە هەر شوێنێکەوە کە بمانەوێ خەریکی خوێندنەوە دەبین، هەست بە نرخی هەمو وشەکانی دەکەین‌و واز لە بەردەوامی‌و یەکێتی (بەردەوامی دەق) دێنین.

ئەم مێتۆدەی دێریدا، ئایا بەڕاستی ئاراستەی هەنوکەیی ئەم کتێبانەی لەنێو بردوە؟ دێریدا خۆی دەتوانێ بە "ناکتێب" یا تەنانەت "دژە کتێب" ناودێریان بکات، بەڵام بمانەوێ یا نەمانەوێ ئەم "شتانە" لکاون بە جەستەی کتێبەکانی ئەمرۆوە، ﴿هەر یەکە لەم شتانە﴾ دنیا گەلێکی دەرگا داخراون کە وەك بڵێی واتا گەلێکی شاراوەیان لە خۆیاندا شاردۆتەوە، یا دروستکەری واتاگەلێکن بۆ خوێنەران“و هیچیش گرینگ نیە کە چ فۆڕمێکیان هەیە و بەگشتی بۆچی هەن. ئەم "دنیایانە یا شتانە یا ...“ کۆمەڵە پرسیارێك دەهێننە گۆڕێ‌و هەر چەندیش واتا بە "چاوبەستی دەق، بزانین، ناتوانین بەهەبوونی چاوبەست کارێك رەت بکەینەوە. بۆ نمونە دێریدا لە دەنگی ماتەم دا دەپرسێ: "چ شتێك ئەمرۆ لێرەدا، بۆ ئێمە لە لایەن کەسێکی وەکو گئۆرك ویلهلۆم فردریش هێگل بەجێ ماوەتەوە؟“و دوایین وشەکانی کتێبەکە (ئەگەر دوایین ﴿وشە] نەبن هیچ نەبێ وشەن) دەپرسن، یا دەڵێن:"ئەمڕۆ، لێرەدا، پاشەڕۆکەکان" پێشەکی باسەکە هەمان ئەنجام گێرییەو پرسیاریش هەمان وڵام، بەڵام هەر چۆنێك بێ باسێك لەگۆڕێ دایە، پرسیارێك و چاوەڕوانی واتایەك. دێریدا، نکۆڵی لەم خاڵە ناکات، بەڵام لەو باوەڕەدایە کە ڕیسای خوێندنەوە، واتە دێڕ بەدێڕ پێشڤە چون، لەگەڵ ئامادەیی ئامانجی خوێندنەوە (و هەڵبەت ئامانجی نوسین) تێکەڵ دەبن. دواجار

بۆ پرسیارێك كە ئامادەیە، وڵامێك "تەرخان و ئامادە" دەكەین. ڕێگەی دەربازبوونمان نیە، دێریدا دەنوسێ و نوسینەكانی قەڵافەتی كتێب بە خۆوە دەگرن‌و ئەم كتێبانە لە بازنەی ئارایی واتەو ئاخاوتە تەوەری گیرۆدەن، واتا لە بەرهەمەكانی دێریدا "بەرناس" ویستویەتی تاكو بە شێوەیەكی كراوە بێتە گۆڕێ‌و دانەری ئەم "ناكتێبان"ەش بە هەمان شێوازی دانەرانی كتێبە نەریتی‌یەكان كارەكەی ئەنجام داوە. واتە لێرەش دا دانەر هۆكاری بەڕێوەبردنی پڕۆژەكە، كە نایەتە دی. "هونەری نوسین"ی دێریدا نكۆڵی كردن لەسەر نوسین نیە. هەڵبژاردنی بابەتی ئامادە كراوی دانەری ئەم "ناكتێبان"ە هەر بەقەد ﴿بابەتی﴾ ئامادە كراوی دانەری هەر كتێبێكی دی ئامادەیە. ﴿٤٧﴾. ئەمە بە مانای ئاگادار نەبوونی دێریدا لەم خاڵانە نیە، بەڵام "درێژە بەم شكستە دەدا" بۆ ئەوەی ئێمە بزانین كە چ مەودایەكی ناكۆتا لە نێوان گوزارە، ئاخیو و دەق لەگەڵ واتا هەیە و لەو شتەی كە پێمان وایە هەقیقەتە چەندە دورین. بەم چەشنە نڤیسیار دەبێتە هاوشێوەی "فارماكن"ی ئەفلاتون كە لە درێژەی ئەم پارەدا بە پێی راڤەی دێریدا، پەیوەستە بە واتاوە.

دێریدا لەو باوەڕەدایە كە زمان ناتوانێ لە توێژینەوەی زمان دا بەكەڵك بێت. لە بنەڕەتەوە هەمو توێژینەوەیەك كە خاڵێك بە یارمەتی هەمان خاڵ تاو توێ دەكات، هەر یەكە و بە شێوەی جیاواز (بەڵام بەهەر حاڵ) دەكەوێتە نێو ڕەوتی بەلارێداچونی شیكاری‌یەوە:ـ بۆ نمونە لەو شوێنەدا كە زەین بیەوێ چوارچێوە ئەركی‌یەكانی زەین بناسێت (فەلسەفەی كانت)"یا زمان بیەوێ كە لە توێژینەوەی زمان دا بەكار بێت (زمانناسی)" یا مرۆڤ بە دوی ناسینی مرۆڤ بگەڕێ (متافیزیكی ڕۆژئاوایی).

٣

ئەم "دورە دیمەن"ە لە هزرەكانی دێریدا، وێنەیەكە لە فەیلەسوفێكی " نا ئاشنا و نائارام"، سارا كۆفمەن دەڵێ كە خاڵی ئاشنا و ئارام (شتێ كە فرۆید بە Heimlich ناودێری دەكرد) ئوقرە دەرەو دڵنیاكەرە:"چەشنی گۆشە

٣١

ئاشناكانی ماڵ شتێكی ئاشنایە كە خەیاڵ ئەحەسێنێتەوە، ماڵییە و پڕمیهرە، كە هێلانەمان وەبیر دەخاتەوە" بەڵام هەرچی "نائاشناو نائارام"ە، ترس خولقێنە، بە شێوەیەكی دڵەڕاوكێ هێنەر، نامۆیە. هەمدیس بەوتەی فرۆید "هەمو ئەو شتانەی كە نهێنی و شاراوەن بەم جۆرە دەخوێنرێنەوە". هزری دێریدا هێمنی هێلانەی ناوبراوی نیە، ﴿واتە﴾ چەشنی فەلسەفەی دیكارت كە ﴿هێمنی﴾ بە مرۆڤ دەبەخشێ‌و جۆرە ئارخەیانی‌و تەنانەت دەتوانین بڵێین جۆرە چەمكێك دەخولقێنێ، نیە. دێریدا هەمو چەشنە دڵنیایەكمان لـێ زەوت دەكا. مشوری ژیان لە جیهان دەخولقێنێ. وێنەی دوەمی دێریدا، وێنەیەكە كە لە مەودایەكی نزیكەوە گرتومانە" چەشنی دیمەنی نزیكی لە فیلمێكدا، ڕازو نهێنی زیاتر دەئافرێنێ" هەرچەند بە رونكردنەوەی زیاتری هزری دێریدا ـ لانیكەم لە سەرەتاوە دەمانەوێ "وردتر" بزانین ـ بەڵام دێریدا لەو فەیلەسوفانەیە كە گاڵتە بەم وشەی وردترە دەكات. هەروەها ئەم چێژەش لە مرۆڤ دەستێنێ گەر بێتو پێی وابێ چرایەكی بەدەستەوەیە و ئاراستە تاریكەكانی (هزری خۆی) رون دەكاتەوە. بەڕای دێریدا پێكهاتەگەرایی هەوڵدانێكە بۆ ئەبستراكت كردنی پێكهاتەگەلی

گشتی کردەی مرۆڤە خودی پێکهاتە، گشتێکی فەراهەم بووو لە کۆبوونەوەی توخم گەلێك کە لە پێوەندی لەگەڵ یەکدی، بووار بۆ کردەوەی مرۆڤ دەرەخسێنن لێرەدا پێوەندیەکان گرینگن نەك توخمەکان، کەوابوو سودێکی نیە گەر بێتو پێکهاتەیەك دابەش بکەینە سەر توخمە پێکهێنەرەکانی. سەردەمانێك ئەرەستۆ بەم جۆرە تراژیدی پێناسە دەکرد: "لاسایی کردنەوە کردەوەیەکی شێلگیرانەیەو لە ڕوانگەی کاتی (زەمەنی)یەوە خاوەنی درێژەیەکی دیاریکراوە ...و ڕۆژینەری بەزەییو ترسەو لەم ڕێگەیەوە پاکبوونەوە ﴿کاتارسیس﴾ ئەنجام دەدرێ" ﴿٤٨﴾ ﴿مەبەستی﴾ ئەرەستۆ لە راستیدا لێرەدا پێناسە کردنی پێکهاتەی تراژیدی یا چاکتر بلێین پێکهاتەیەك بووو کە لەسەر بنەمای کردەی تراژیدی دامەزراوە. دێریدا بە یارمەتی چەمکی Aufhebuny ئیشی خۆی "بالآیی و رەت کردنەوەی" کاری سۆسۆر دەزانێ، چونکە لە لایەکەوە لەسەر بنەمای دەرەنجامەکانی سیمیۆلۆژی و لە لایەکی دیکەوە ئاراستەی پڕکەم و کوڕی ئیشکردنی سۆسۆر زەق دەکاتەوە. دێریدا، لە وتوێژێك لەگەڵ ژولیا کریستوا پێی داگرت کە نیشانەناسی سۆسۆر بە هێنانە ئارای سروشتی جیاوە نەبووی ئاماژە پێکەر و ئاماژەپێکراو لەیەکدی و ئەوەکە هەریەکە لەوانە "دو ئاراستەی دیار دەکەن"، لە راستیدا نەریتی متافیزیکی رۆژئاوایی لەق کردەوە. ﴿٤٩﴾ لە تێزی "زمانناسیو گراماتۆلۆژی" دێریدا نیشانیدا ئەو بەرامبەرێتییانەی کە سۆسۆر لەمەڕ ئەرکەکان وچیەتی زمانناسی گەلآڵەی کردبوون (هاونشینی/ جێنشینی/هاوکاتی/نێوکاتی) جارێکی دی ئەویان بەرەو قەڵەمڕەوی متافیزیکی رۆژئاوایی راپێچکرد.﴿٥٠﴾ جێی سرنجە کە"کاتێك چەمکی جیاکاری دێتە

گۆڕێ... تەواوی چەمکگەلی بەرامبەرێتی لە متافیزیك دا پۆچەڵ دەبنەوە، واتە چەمکگەلێکی وەك ئاماژەپێکەر/ئاماژەپێکراو،هەستی/هزرڤانانە، نڤیسیار،گوتار، نێوکاتی/ هاوکاتی، کات/ شوێن، پەسەندکەر/بکەرو هتد" ﴿٥١﴾. بابەتی سەرەکی رەخنەی دێریدا، ئەو شتەیە کە بارت بە "مرۆڤی پێکهاتەگەرا" ناودێری کردوە. ﴿٥٢﴾ دێریدا دەنوسی کە، پێکهاتە بۆ شتێکی ئامادەو بۆ جۆرە سەنتەرێك دەگەڕێتەوە. ڕۆڵی تایبەتی ئەم سەنتەرە ڕێرەوبەخشینو ئۆرگانیزە کردنی پێکهاتە و هاوسەنگ کردنیەتی" بەڵام لە هەمو شتێ گرینگتر دڵنیا کردنەوەی ئێمەیە لەوەی کە ڕێسای ڕێکخستن، نەبوونی هاورێکی لە پێکهاتە سنوردارو هاوسان دەکا. پێکهاتەیەکی بێ سەنتەر، بەبێ ئەم ئۆرگانەبوونە ناوەکیە بێمانایە. ﴿٥٣﴾. دێریدا لە تێزی "پێکهاتەی نیشانە، کایە لە زانستە مرۆڤایەتیەکان"دا چەمکی پێکهاتەی دایە بەر پلاری رەخنەو رەخنەکاری ئوستورە بە یارمەتی ئوستورەکانی دیکەوە کە لیۆشتراوس گرتویەتەبەرو هەروەها لە "پرۆژەی" فۆکۆ لە بارەی شێتی گلەیی کردوەو نوسیویێتی کە:"فۆکۆ بە جۆرێك دەنوسێ کە گۆیا دەزانێ شێتی چیە". ﴿٥٤﴾ بە بۆچونی دێریدا فۆکو دەیەوێ لەمەڕ خودی شێتییەوە بنوسێ. "بەڵام هێنانە گۆڕی بەرامبەرێتی دو لایەنی شێتی/ئاوەز هیچ ڕێگەیەك جگە لەمە کە "شێتی بە فۆرمی کاول بووی ئاوەز" بناسێ، ناهێلێتەوە. هەرچەند فۆکۆ دژواری ناسیوە، بەڵام "ناسینی دژواری و باسکردنی بە واتای تێپەڕین لەو ﴿دژواریە﴾ نیە" ﴿٥٥﴾.

دێریدا دەنوسێ:"ئێمە ناتوانین دەق بەرەو شتێ جگە لەخۆی ڕێنوێنی بکەن، بۆ نمونە بەرەو ئاماژەپێکراوێك، (یا کەتوارێکی متافیزیکی، مێژویی، سایکۆ ـ ژیانناسانە و هتد)، هیچ شتێك لە دەوری دەقدا نیە" ﴿٥٦﴾. بنەمای ئەم باسەی دێریدا لە بەرهەمەکانی پێکهاتەگەراکان و فۆرمەلیستەکاندا هاتوە. بەلام بنیاتە فەلسەفیەکەی دەبێ لە هزری هایدگەردا بۆی بگەرێی، هایدگەر دەڵێ کەزمان دەوروبەری ئێمەی تەنیوەو زمان ناتوانێ ئاماژەیەك بێت بۆ کەتواری دەرەوەی خۆی. ئەگەر کەتوار بە پێدراوی دەرەوەی زمان بزانین، ڕێگەیەکی ئەوتۆمان بۆ ناسینی دەست ناکەوێ، کەتوار جگە لە وشەیەك کە لە نێو زماندایە نیە و چەشنی هەر وشەیەکی دی توانای دەرچون لە چوارچێوەی زمانی نیە:ـ"مرۆڤ لەنێو زماندایە و پەیوەستە ﴿بە زمانەوە﴾. هەرگیز ناتوانێ لێی دەربێ‌و لە پێگەیەکی دیکەوە سەیری بکات. ئێمە بەردەوام گەوهەری زمان لە شوێنێکەوە دەبینین کە خودی زمان ئاتاجەکانی بۆمان تەرخان دەکا" ﴿٥٧﴾ نیچە، پێشتر رایگەیاندبووو کە هەوڵدان بۆ تێپەڕین لە زمان بە واتای وەستانی تێفکرینە“ ﴿٥٨﴾ واتە بەردەوام ڕێسای زانین زمان ئاسایە. لەم خاڵەوە کە دیاردە زمان ئاسایە ناتوانین بەم ئەنجامە بگەین کە واتا هەیە و "بە زمان دەورەدراو"ە. بەڕای دێریدا، بڕواهێنان بە "چاوبەستی دەق" بوواری وەرگێڕانی دەق دەڕەخسێنێ، بەلام بەڕاستی وەرگێڕان ـ بە هەمو شێوەیەك ـ گواستنەوەی واتای دەقێك لە سیستەمێکی نیشانە بۆ سیستەمێکی دیکە نیە. واتایەك کە هەیە، دەست پێراگەیشتوش نیە و تەنانەت ئەگەر بە یارمەتی توخمگەلی زمانناسانەش وا خۆ بنوێنێ کە هەیە، ﴿دیسان﴾ بە زمانێکی دی "وەرناگێردرێت". لە



وەرگێڕان دا، کایەیەکی تازەی زمانی دەست پێدەکا. وەرگێڕان شتێ نیە جگە لە جۆرێك "کردەوەی نێوان دەقی"“ لەبەر ئەوەی کە دەقی "سەرەکی" خاوەنی ڕەسەنایەتی نیە (چونکە بالادەستی واتایی لەگۆڕێدا نیە) وەرگێڕان لە روانگەی "واریاسۆن گەلی واتایی "کارێکی نەلواوە. بەلام لەم دیدەوە کە دەقێکی "نارەسەن" وەکو "دەقی سەرەکی" دروست دەکا، شیاوو شایانی پەسەند کردنە. بەڕای دێریدا دەبێ چەمکی "تێپەراندن"[٥٩] لەجێی وەرگێڕان بەکاربێنین: جۆرێك گواستنەوەی ڕێکوپێك لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی دی. جۆرە کردەوەیەکی نێوان دەقی کە دەکرێ لە نێو زمانێکیشدا ئەنجام بدرێ. ﴿٦٠﴾.

دێریدا لە نیشانە ناسی و زمانناسی دەرباز بووە، بەلام ئایا دەتوانین بلێین کە خۆی لە کۆتی هەر چەشنە ئاماژەیەکی زاتایی رزگار کردوە؟ بەرای هایدگەر لەتێزی" دەوازەیەك بۆ پرسی بووون"بڕیاریداکە ئەگەر شتێك هەبێ، واتای ئەوەیە کە هەموشتێ دەتوانێ هەبێ[٦١] "ناتوانین هیچ زانیاریەك لە نەبوون، بوون و نیهیلیزم بەدەستەوە بدەین... و هیچ چەشنە زانیاریەك لەبارەی گەوهەرەکەیان و گەوهەری ئاخاوتەییانەوە ناتوانین پێشکەش بکەین...“

مرۆڤ چەشنی dasein (هەبوون ـ لەوێ " دیتن مانای ئەوەیە کە مرۆڤ لە گەوهەری خۆیدا کۆیادی بوونە. زمانی کۆن توانای بەیانکردنی گەوهەری "بوونی" نیە“ لەم ڕووەوە هایدگەر بەکارهێنانی ئاخاوتەیەیی بوون (وشەکانی بووون، هەبوون، کرداری بووون و فۆرمە فرەچەشنەکان) بەلاوە دەنێ. دێریدا پەیڕەویی لە مێتۆدی هایدگەر کردوە و لەسەر ئەم مێتۆدە ڕۆیشتوە. ئەو نەتەنیا لەمەڕ کەم و کۆڕی وشەیەکی بنیاتی، بەڵکو لەبارەی هەمو وشەکانی "زمانی

کۆن" مێتۆدی ناوبراوی بەکار هێناوە. هایدگەر بە هێنانە گۆڕی "نەلواوبوونی ڕونکردنەوەی وشەی بوون" ( کە بوونی بەرایی هەمو چەمکەکان بە هۆیەوە دێتە ئاراوە) هەوڵیدا تاکو زمان لە میراتی ئەم کەموکۆڕیە یا باشتر بڵێین ئەم بەدحاڵیبوونە رزگار بکا. کاتێك واتای وشەیەك دەخەینە ڕو "هەبوونی هەنوکەیی" ئەو ﴿وشەیە﴾ دەهێنینە بەر باس. واتا هەمو فۆڕمێکی ئاماژە، بیەوێ یا نەیەوێ، یا بوون دێنێتە ئاراوە، یاخود ﴿کێشەی بوونی﴾ لــێ دەکەوێتەوە. بەرای هایدگەر بوون دەبێتە هۆی هەڵکێشانی ئاماژە، دۆخێکە کە ئاماژە لەودا هەیە (بە خەتدا کێشانی کرداری، هایدگەر لە کۆتی زمانی کۆن رزگار دەبێ)، دۆخێك کە بەدەرە لە هەمو چەشنە ئاماژەیەك بە مجۆرە ئامانجی فەلسەفە، بەلاوە نانی ئاماژە پێکراوو ڕونکردنەوەی بیرەوەری ئەو بوونەیە، پەی بردنی بە وشەی سەرەکی لە ڕێگەی بەلاوەنان، لۆژێکی دیکەی نوستالژی" ناودێری کردەوە ﴿بریتیە لە﴾: "هەمان هیوا بە دەربڕینی هایدگەر... هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی وشەیەکی سەرەکی و ناوێکی تاقانە" ﴿٦٢﴾. دێریدا لە ﴿بەرهەمی﴾ لەمەڕ گراماتۆلۆژی نیشانە بە "نیشانەی شتێك کە تەواو لە شتێکی دی دەچێت" دەزانێ، شتێك کە خاوەنی "سادەیی، هاوشێوەیی و بەردەوامی نیە، شتێکە هەرچی بێت نیشانە نیە". ﴿٦٣﴾. هەمان کێشەی ناسراو و کۆن هەمدیس قوت دەبێتەوە، ﴿کێشەیەك﴾ کە لەنێو هەمو شتەکان دایە و خۆشی لەگەڵ ناوەکەی خۆی جیاوازە.

دنیای شتەکان و وشەکان دونیای لێکجیان و ناشتوانن تێکەڵ بە یەکدی بن. جۆلێیتی شکسپیر دەپرسێ: "چ شتێك لە ناوێکدا خۆی حەشارداوە؟" و لەوەش تێدەفکرێ کە ناوی گوڵی سور پێوەندی بە گوڵی راستەقینەوە نیە ڕۆمیۆ هەر ناوێکی تری لێبنێی هەمان دڵداری ئازیزە“ بۆیە هاوار دەکاك "ڕۆمیۆ، واز لە ناوەکەت بێنە". ﴿٦٤﴾

هەمو گوزارەیەکیش کۆمەڵەیەك لە نیشانەکانە و گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان نیە. پێکهاتەی ڕستەگەلی "ئاماژە ئاسا یا گەڕانەوەیی ﴿بۆ سەرچاوە﴾“ پشتی بە مەوداو جیاکاری بەستوە. نیشانە، مەودا پیشان دەدا. سۆسۆر بەو مەودایەوە دەستی پێکردبوو. ﴿٦٥﴾

واتە نیشانە (چ فۆنەتیکی، چ گرافیك) پێکهاتەی جیاکاریە. بەڕای دێریدا "ئارایی نەناسراو" کە هایدگەر هێناویەتە گۆڕێ، نەك نەبوون، یا Dasein بەڵکو "جیاکاری هەرگیز لەنێو نەچونی نیشانە لەگەڵ ئەو شتەی دی واتە ئاماژە پێکراو"ە. لە کەتواری نیشانەدا، بوون ـ لەوێ نیە و لە هەمان کات دا بوون شتێك نیە کە لەخۆڕا هەبێ. ﴿!!﴾ ئەمەیە ئاراستەیی سەمەرەی نیشانە کە شوێنی ﴿دیاریکراوی﴾ نیە. ﴿کاتێ﴾ کە وڵامی پرسیاری منداڵێك دەدەینەوە، نیشانە لە "شتێکی دی" ئاگادارمان دەکاتەوە، شتێك کە لەنێو مەودادا بەدی دەکرێ. منداڵەکەو ئێمە ئاگاداری ئەم مەودایەین. "ئەمە گۆزەیە"، کاتێك کە دەڵێین گۆزە مەبەستمان گۆزەی زەینی (ئاماژە پێکراو)ە. لەنێوان گۆزەی مەتریالیو گۆزەیەك کەباسی لێوە دەکەین جیاوازی هەیە. کاتێك لە فەرهەنگنامەی وشەکان دا ﴿بۆ وشەیەك﴾ دەگەڕێین، ئەو شتەی کە وەدەستی دێنین نیشانەیەکە کە بۆ شتێکی دیکە دەگەڕێتەوە. گوزارە، بریتیە لە رستەو پێناسەیەك کە لە کۆمەڵە مەودایەك دروستکراوە و ئاماژە بە مەوداکان ـ نەك شتەکان ـ دەکا.

بەم چەشنە هەمو ئاماژەپێکراوێك، چەشنی ئاماژەپێکەرە کە ﴿ئاماژە﴾ بە ئاماژەپێکراوێك دەکا و ئەم زەنجیرە کۆتایی پێ نایەت. لە نیشانەیەکەوە دەگەینە نیشانەیەکی دیکە و دواجار دەگەینە ئەم ڕێسایەی هۆسرێل کە پێی وابوو "ڕێسای ڕێسا"ی دۆزیوەتەوە، ﴿دواتر﴾ هیندە دور دەکەوینەوە کە دەبینین "ڕێسای نارێسا"مان ناسیوە، یا دێریدا گوتەنی: "خودی شتەکان هەمیشە خود نیە، تەنیا ئەگەر بێتو فۆرمێکی دی بدۆزینەوە".[٦٦] هیچ ڕێسا و چاوگەیەك نیە، ﴿بەڵکو﴾ بەردەوام شتێك وەکو پاشکۆ، پێیەوە دەلکێ و گەر بێتو سەیری ڕێسا بکەین، جگە لە پاشکۆ شتێکی دیکە پەیدا ناکەین. دواین واتا لە پشت ڕاڤەگەلی بێ ئەژماردا بزر دەبێ. لۆژیکی پێوەلکان (یا جینشین بوون) کە لۆژیکی نیشانە ناسیـیە، بەردەوام لە خودی شتەکان دور دەکەوێتەو" بەجۆرێك کە واگریمان دەکەین گەیشتوینەتە قوڵایی واتا، بەڵام "بەردەوام لە واتا تێدەپەڕین، دەچینە سەرتر لە سەرەوە، [٦٧]. کەوابوو پیرێس ڕاستی دەگوت.

جیهان دەبێتە خاڵێکی راڤەیی و "فەلسەفە دەبێ تیۆریی شتەکان بکات بە تیۆری نیشانەکان... بیرۆکەی بەیانکەری و دەرخستنی ﴿واتا﴾ ﴿٥﴾ بیرۆکەی نیشانەیە". [٦٨] دێریدا نوسیویەتی نیشانە ئەو تاقانە کە لە پرسیاری بنیاتی فەلسەفە ـ واتە "بۆ هەیە؟" هەڵدێ“ [٦٩].

دێریدا بە ڕۆڵی "ئەو شتەی لە شتێکی دی دەچێ" کە لە پێکهاتەی جیاکاری نێو نیشانەدا هەیە، "هێما" دەڵـێ (چەشنی شوێن پێ، ئاسەوار و نیشانەی شتێك ...). ئەو جەختی کردەوە کە لە زماننناسیی سۆسۆریش دا (جیا لە خواستی سۆسۆر) پێکهاتەی نیشانە ("پێکهاتەیەکی هێمائاسا") بووە، بەڵام بە ڕای دێریدا هێما بەواتای "شتێك کە هێشتا پەیدا نەبووە" نیە، بەڵکو بەواتای شتێکە کە " هەرگیز پەیدا نابێت". هێما بریتییە لە نیشانەی هەنوکەیی شتێکی پیوار، نیشانەیەك کە لە بنەڕەتەوە لەم پیوارەوە وەدەست هاتوە. دواجار هێمای هەنوکەیی بۆڕابردویەك کە نەبووە و بۆ ڕابردویەکی ڕەهاو بۆ پیوار دەگەرێتەوە. [٧٠].

فرۆیدیش بە نابەدڵی پێکهاتەی ئەزمونی چەشنی "هێما" درێژە پێداوە، نەك چەشنی پێکهاتەیەکی هەنوکەیی و ئامادە، بەڵکو پێکهاتەیەك کە لەتەك مەودادا بەدی دەکرێ“لە شتێکی نەبووو پیوار دەدوێ و بە هۆی ئەم پیوارەوە هەیە. [٧١]. دەتوانین بڵێین کە مارکسیش بایەتی ئاشکراکانی ئابووری کە لەسەر بنەمای رەنێوهانینی شمەکی گشتگرکراو دامەزراون، بە "هێماگەلێك" لە قەڵەم دا بوو شتێکی دیکە دەکەین، واتە هێما بۆ کۆمەڵە یاسایەك کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە گەوهەرێکی شاراوەیان هەیە کە لەوێدا کاری مردو بەسەر کاری زیندودا زاڵ دەبێ. [٧٢].

لە هەنگاوێکی تردا دێریدا نیشانیدا کە چەمکی ئەزمون بە پێچەوانەی فێرکاریـیەکانی مێژوی متافیزیك بەرەوڕوبوونەوە لەگەڵ شتێکی ئامادە و هەنوکەیی نیە و دەبێ لەم ئاراستە ئاخاوتەتەوەریەش جیای بکەینەوە. [٧٣].

ئەمە کارێکە کە هێشتا دێریدا بە ئەنجامی نەگەیاندوە. هایدگەر لەم پێناوەدا یەکەم هەنگاوی سەرەکی هەڵێنایەوە کاتێ لەمەڕ دیاردەناسی روحی هێگل چەمکی ئەزمونی تاوتوێ دەکرد. بە بۆچونی هێگل دیاردەناسی " زانستی ئەزمونی وشیاری"یەو وشیاریش شتێکی ئامادە و هەنوکەیـیـیە. هایدگەر

نوسیویەتی کە ئەزمون دەبێ رون بکاتەوە کە دیاردەناسی چیە، وشیاری کامەیە، نەك ﴿بووترێ﴾ دیاردەناسی دەبێ "زانست بە ئەزمون" بێت. ﴿٧٤﴾.

بە خوێندنەوەی یەکەم لاپەڕەکانی دیاردەناسی رۆح تێدەگەین کە بەلای هێگلەوە ئەزمون "هەبوونی بوون"ە، بەڵام ئەم باوەڕە گرفت دروست دەکا، ئەگەر ڕێگەی زانین، خودی زانین بێ و ڕێگەی تێگەیشتن لە بوون، ئەو کات ئەزمونی وشیاری دەبێتە خودی وشیاری" ﴿٧٥﴾، هەڵبەت ئەمە راست نیە. هێندە بەسە کە لەسەر بنچینەی باسەکەی هایدگەر بلێین "ئەگەر وشیاری بیەوێ لەسەر متافیزیکی ئارایی بنەجێبێ ئەو کات ..."و بە هۆی ئەم ڕستەوە بچینە دنیای دێریداوە. دێریدا نایەوێ "فەلسەفەیەك لەمەڕ هێما" دابڕێژی" چونکە ئەو لە بنەڕەت دا "دروستکەری فەلسەفە" نیە، تەنانەت دەتوانین بلێین ئەو دواجار شتێکی دۆزیوەتەوە کە لەسەر بنەمای جیاکاری (بە هەمان چەمك کە مەبەستی‌یەتی، هەمان شێوەی نڤیسیاریی "تایبەت بەخۆی") ئێمە لە فەلسەفە دوردەخاتەوە. هێما، نیشانەی مەودایە. "سەرزناك" نیشانەی مەودایە لە ڕەچەڵەك و سەرچاوەی پەیدایی نیشانەیە. ﴿٧٦﴾.

دێریدا داوامان لێ دەکا کە هەر چ شتێکمان کە تاکو ئێستا بە ئاشکراو ئامادە زانیوە، بەهۆی مەوداوە بیناسین" و لە خوێندنەوەی هەر چەشنە دەقێك دا، وشیارانە بنەماکەی هەڵوەشێنین و لەبیرمان نەچێ شتێ بەناوی متمانەی واتایی دەق لەگۆڕێ دا نیە و ئەو شتەی کە لە سەرەتاوە وەبەرچاو دەکەوێ کاتی‌یە" سەرچاوەکەی "سەرزناك"ە و کاری ئێمەش شتێ نیە جگە لە ناسینی جیاکاریەکان.

## ٤

لە پاری حەوتەم دا، لەکاتی باسکردنی لئۆشتراوس دا، هێمایەکم بە چەمکی "بڕگەبەندی" کرد" کە جۆرە پێکهاتەیەکی بێڕێسایە کە توخمەکانی "لەو شتانەی لەبەر دەستدان" پێك دێ. لئۆشتراوس "هزری ئۆستورەیی" بە جۆرێك بڕگەبەندی دەزانێ" ﴿٧٧﴾ ﴿کە بریتییە﴾ لە ڕێکخراوەیەك کە لە هەمو شتێ بە ئامانجی فۆرم بەخشین بە شتێك کە نادیارە، ﴿کەڵك وەردەگرێ﴾، بەجۆرێك کە ناتوانرێ بە وێناکردنی نیاز (نیەت)ێك؟؟ لە قەڵەم بدرێ. بەڕای لئۆشتراوس تایبەتمەندی سەرەکی و سیفەت نوێنی هزری ئوستورەیی شتێ نیە جگە لەنـ گرد بوونەوەی شتگەلی وێکنەچو لە گەلاڵەیەك دا کە پێشتر پلانی بۆ نەکێشراوە" چەشنی کایەی منالێك کە پاتۆرە ورد و درشتەکانی یاریچەکانی خۆی لەپاڵ یەك ریز دەکا، بەبێ ئەوەی بیەوێ شتێ دروست بکا، بەڵام دواین پێکهاتە دەرخەری شتێکە، واتە بەدەر لە نیاز و وشیاریەکەی ئەم پێکهاتەیە نیشانەی مەیلی ناوەکی یا زەینی ئەوە بەرەو "فۆرم". دێریدا بە شێوەیەکی سنوردار چەمکی "بڕگەبەندی" پەسەند کردوە و نوسیویەتی:

لئۆشتراوس بەردەوام ئەو توخمانە بەکار دێنێ کە ڕەخنە لە بەهای ڕاستەقینەیان دەگرێ. ئەو لە هەمان کاتدا کە کەڵك لەم توخم وچەمکە کۆنانە وەردەگرێ، چوارچێوەدار بوونیشیان نیشان دەدات. ئەو وەکو ئاتاجگەلێك کە هێشتا بەکار دێن کەڵکیان لێ وەردەگرێ... و هیچ چەشنە بەهایەکی راستەقینە ناداتە پاڵیان.

به سانایی دەتوانێ، لە هەر شوێنێ کە بە پێویستی بزانێ و بۆی دەرکەوێ کە ئامرازی دیکە لەوان کاراترن، وازیان لـێ دێنێ. لە هەمان کاتدا لە کارایی رێژەییشیان سود دەبینێ، بەجۆرێك بەکاریان دێنێ کە ئەو سیستەمە کۆنەی ﴿کە ئامرازەکانی﴾ پەیوەستن پێیەوە بە چەند بەشێکی ﴿ئەو سیستەمە ئەژمار دەکرێن﴾ هەڵوەشێنەوە. زمانی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەم جۆرە ڕەخنە لە خۆی دەگرێ. ﴿٧٨﴾

لێڤی شتراوس  بڕگەبەندی لەبەرامبەر "ئەندازیاری" داناوە. ئاخێوی مرۆڤناسانەو زانستە مرۆڤایەتیەکان لەسەر بنەمای "بڕگەبەندی" دانراون و ئاخێوی لۆژیکی وێنەیی و زانستە "پەتی"یەکان جۆرە ئەندازیاریەکن. یەکەمیان بەدەرە لە ویست و ئامانجێکی پێشتر ئامادەکراو، بەڵام دوەمیان پشتی بەوان بەستوە. ﴿٧٩﴾

سەرەتا دێریدا بە شێوەیەکی مەرجدار دانی بەوە دانا کە "بڕگەبەندی" بڕبڕەی پشتی زانستە مرۆڤایەتیەکانە، چونکە پانتایی ئیشەکە لە ڕوانگەی تیۆریکەوە (نەك ڕوانگەی ئەزمونی) بۆ ئێمە نەناسراوە. ﴿٨٠﴾.

بەڵام ئەو ئەم مێتۆدە لەمەڕ زانستە "پەتی"یەکان و لۆژیکیش بەڕاست دەزانێ" دەڵـێ کە ئەگەر گومانێك کە زادەی ئاخێوەکەیانە (واتە خەیاڵی بێهودەی گەیشتن بە ئەرخەیانی) بەلاوە بنێن، بنەمای کارەکەشیان جیاکاری و مەودایە. بە دەربڕینی تر "بڕگەبەندی" و ئەندازیاری هەردوك پشت ئەستورن بە مەودا" لێرەدا دەردەکەوێ کە بۆچی دێریدا بە شێوەیەکی مەرجدار "برگەبەندی" پەسەند کردبوو.



هزری پشت بەستو بە بڕگەبەندی، لە هزری پشت ئەستور بە ئەندازیاری لەئاست نادروستی متافیزیکی ئاراییو بڕواهێنان بە واتا، ئاگادارترە، ئەمەی دووەم بە تەواوی لە گومانە "زانستی"یەکاندا نغرۆ بووەوە.

بەڵام باشترین کار ئەوەیە کە وازلە هەردوکیان بێنین. کاری سەرەکی یەکلاکردنەوەی ڕابردویە دۆزینەوەی مێتۆدێکە بۆخوێندنەوە کەمەودا لەگەڵ واتا نیشان بدا، واتە هەڵوەشاندنەوە.

دێریدا لەو باوەڕەدایە کە بەرامبەرێتی دوانی واتە بنەمای نیشانە ناسی، بناغەی ئاخێوی "ئاخاوتەتەوەر"ە و بە ساناترین و گرینگترین ئامرازی پێوەندی دیاردەکان لە متافیزیکی رۆژئاوایدا دەژمێردرێ: لە راستیدا پێوەندیگەلێك کە لە تاوتوێی پێکهاتەییدا، بە گرینگترین پێوەندیەکان لە قەڵەم دەدەین، ساکارترینیش نـ، ﴿کە بریتین لە﴾ بەرامبەرێتیە دوانییەکان. سیمبۆلی زمانی... پێکهاتەگەراکانی بە تێفکرین لە چەقی زاراوەگەلی دو لایەنە ناچار کرد، تاکو لە هەر چەشنە بابەتێك کەلێی دەکۆڵنەوە بەدوی بەرامبەرێتیە ئەرکییەکان بکەون. ﴿٨١﴾

یاکۆبسێن گوتبووی: "بەرامبەرێتییە دوانییەکان لە ﴿خودی﴾ ﴿OO﴾ زمان دا شاردراونەتەوە، پەی بردن بەم بەرامبەرێتییانە سەرەتاییترین کردەی زمانییە کە منداڵ فێری دەبێ، سروشتیترینو کورت وێژترینی رەمزەکانە(٨٢).

یاکۆبسێنیش لە باسکردنی "بەرامبەرێتیە دوانییەکان" گەیشتە چەمکی مەودا لە نیشانەداو تەنانەت چەمکی "هێما"ی (تاڕادەیەك هاوشێوەی باسەکەی دێریدا) خستە بەرباس، لەم بارەوە ئەو زاراوەی "مارك"ی بەکارهێناو﴿٨٣﴾

پێیداگرت کە "هێما" دەرخەری مەودای ئاماژەپێکراو یا ڕاڤەی زەینی ئێمە لەتەك کەتواری بەرهەستە. یاکوبسێنیش وەکو دێریدا لەو باوەڕەدا بووو کە ئەگەر بڕوامان بە بەرامبەرێتی دوانی هەبێ، چ بمانەوێ یا نەمانەوێ "هیرارکی" دێتەگۆڕێ و دواجار دو فاقێتی لە چەقی هەمو نیشانەیەك دزە دەکات و ئەمەش بە واتای مەوادی هێما لە واتا لەقەڵەم دەدرێت.[٨٤]

وێکچونی ئەم ڕایە لەگەڵ باسەکەی دێریدا نکۆڵی لــێناکرێت. هەروەها یاکوبسێن ئەم هێما کردنە مێژویی و گرنگەشی وەبیر خستۆتەوە کە بۆیە یەکەمجار ترۆبتسکۆی لە دەیەی ١٩٢٠دا بەرامبەرێتی دوانی بە بنەمای هیرارکی بەهادانەرانە لە قەڵەم دابوو. یاکوبیسن لە نامەیەك دەدوێ کە ترۆبتسکوی بۆی نوسیوە و لەودا ئەگەرێکی هێنابوویە گۆڕێ:ـ دەشێ کە بەرامبەرێتی‌یە دوانی‌یە زمانی ـ فۆنۆلۆژیکییەکان بە بەرامبەرێتی گەلێك لە "مێژوی فەرهەنگ"دا بناسرێن[٨٥] و تەنانەت باسی لە بابەتگەلی بەرامبەریەکی وەك: ژیان/مەرگ، ئازادی/سەرەرۆیی، پاکداوێنی/گوناه کردبووو. یاکوبسێن پاشان هاتەوە سەر باسەکەی خۆیو نوسی: "ئارایی هەندێ لە هێماکان ﴿بەردەوام﴾ لەتەك ﴿دۆخی﴾

پیواریان لە ململانێ دایە" و ئەم ڕێسا فۆنۆلۆژیکی‌یەی شایانی گشتگرکردن زانی. ئێستا واتای ڕستەیەك کە چەندین ساڵ لەوەوپێش، یاکوبسێن لە بارەی خۆکوشتنی مایا کۆفسکی بۆ ترۆبتسکۆی نوسیبوو، روون دەبێتەوە:: "ژیان بەلای مایا کۆفسکیەوە بابەتێکی هێمادار بووو کە تەنیا کاتێك دێتە دی کە پاڵنەرێکی لە پشتەوە بێ. ئەو لەو باوەڕەدا بووو کە ژیان پێویستی بە پاڵنەر هەبوو نەك مەرگ.[٨٦]

بنچینەی باسەکەی دێریدا لەمەڕ بەرامبەرێتیە دوانییەکانو مەودا،دەرنجامێکی لۆژیکی باسگەلی سیمۆلۆژیکیە.بەڵام بەرامبەرێتییەکی تایبەت کە ئەو دەیهێنێتە گۆڕێ، واتە بەرامبەرێتی گوتار/نڤیسیار و ڕەخنەگرتن لەم گومانە کە لە گوتاردا، واتا ئامادەیە (و لە بنەڕەت دا ڕەخنە گرتن لەم گومانەدا کە ئارایی واتا دەلوێ) باسێکی تازەیە. بەڕای دێریدا، متافیزیکی رۆژئاوایی، بەردەوام دیلی ئەم گومانانە بووە. رێسای دێکارتی"من بیر دەکەمەوە، کەوابوو هەم"پشتی بەم ڕێسایە بەستوە کە "من" یا"خود" بەردەوام ئامادەیە و وەکو بەڵگەی ڕێسای بوونەو چەمکگەلی هەقیقەت و ئەزمون و شتەکانی تر، هەر هەمویان لەم جیهانە"ئاخاوتە تەوەرە"دا پشتیان بەو بەستوە. لەم جیهانەدا ئەگەر هەموو شتەکان بە خێرایی واتا پەیدا دەکەن، هۆیەکە دەبێ هەر لەم "ئارایی" و "واتای ئارایی"ە دا بدۆزینەوە.

بەم پێیە ڕاڤە بە واتای ئامادە کردنی خاڵی پیوارو هێنانە قسەی خاڵی بێدەنگە. هۆی ئەوە کە نڤیسیار لە هیرارکی بەها دانەرانەی بەرامبەرێتیە دوانییەکان دا لە پلەیەکی نزمتری گوتار دایەو دەقی نوسراو تەنیاو تەنیا بە"تۆمار کردنی ئاخاوتەی گوتاری" دەزانرێو لە "قۆناغی دواتر"دا دەردەکەوێ، هەر ئەم بڕواهێنانە بە ئامادەیی واتا لە کردەوەی گوتاریدایە. بە بۆچونی دێریدا ئەم تێگەیشتنە ڕابردویەکی درێژی هەیە و سەرەداوەکەشی دەبێ لە سەرەتای هزری فەلسەفی‌یەوە بدۆزینەوە. ئەفلاتون کە پێی وابوو گوتار لە "سەرچاوەی واتا"وە نزیکترە و نوسین "لە پلەی دوەم"دایە، بە ناوبانگترین نمونەی "ئاخاوتە تەوەری" هێناوەتە گۆڕێ.

لە گفت و گۆی ڤایدروسدا دەخوێنێتەوە:

سوکرات: نوسراو تەنیا ئامرازێکە بۆ یارمەتیدانی کۆیادی کەسێك کە بابەتە نوسراوەکە دەزانێ... نوسین وەکو نیگار کێشی کەموکوڕی خۆی هەیە. شێوەکاری شێوەی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەقینە وەك بڵێی زیندو ـ کە قسەمان لەگەڵدا دەکا، پیشان دەدا، بەڵام ئەگەر پرسیارێکی لـێ بپرسین بێدەنگ دەبێ. نوسراویش ئەگەر بە وردی لێی ورد بینەوە، هەر بەو جۆرەیە. چونکە یەکەمجار کە سەیری دەکەین، پێمان وایە کە لەگەڵمان دەدوێ و تێدەگات، بەڵام ئەگەر لەمەڕ ئەو شتەی کە دەیڵێ پرسیارێك بکەین هەمان قسەی پێشوو دوپات دەکاتەوە... کە وابوو دەبێ بەدوای قسەیەکی دیکەدا بگەڕێین کە ئەگەرچی خوشکی قسەی پێشویە بەڵام هەم لەو جوانترو هەم کاریگەرترو بەهێزترە ... مەبەستم قسەیە کە لە ڕۆحی بیسەردا٤٦ەنوسرێتەوەو دەشتوانێ بەرگری لەخۆی بکا و دەشتوانێ لە بەرامبەر چ کەسێکدا بێتە قسەو لە کوێدا بە بێدەنگی بمێنێتەوە.

فایدروس:ـ کەوابوو مەبەستت قسەی ڕوبەڕوو ڕۆحی پیاوێکە کە زانیاری ڕاستەقینەی لە لایە و قسەش سێبەرێکە لەو؟

سوکرات:ـ بەڵێ، مەبەستم هەمان شتە ... ﴿٨٧﴾.

سوکرات لەم تۆمارەی ئەفلاتون دا گوتاری خۆی لەمبارەوە، بە هۆی حیکایەتەوە دەست پێکردوە. ئەم چیرۆکە لە یەکێ لە شارەکانی میسردا رویداوە"و سوکرات دەڵێ کە ﴿ئەم چیرۆکەی﴾ لە پێشینیانی خۆی بیستوە. لەم چیرۆکەدا خوایەك بەناوی توت، ژمارەکان، زانستەکانی ئەژماردن، ئەندازە، ئەستێرەناسی، یاری



تەختەمۆر و پیتی ئەلف وبێ داهێناو چوە لای پاشای میسر کە ناوی تاموس بوو و ئەو هونەرانەی کە دایهێنابوون بەوی پێشان دان و پاشاش هەندێکی وەرگرت و هەندێکیشی ڕەت کردەوە:

کاتێك توت باسی لە هونەری نوسین کرد، وتی:ـ ئەی پاشا، میسریەکان لەسایەی ئەم هونەرەوە داناتر دەبن و وزەی وەبیرهێنانەوەیان چاکتر دەبێ، چونکە من ئەم هونەرەم لە پێناو یارمەتیدانی ونەی وەبیرهێنانەوە داهێناوە. تاموس لە وڵامدا وتی: ئەی توتی هونەرمەند، هەرکەسەو لە بوارێك دا شارەزایە، یەکێك لە داهێنان دا و یەکێکی تریش لە ناسینی سود و زیانیان دا شارەزایە.

تۆ لەبەر ئەوەی کە باوکی هونەری نوسینی، سۆزی باوکایەتی ناهێڵێ ڕاستییەکە ببینی و لەو ڕووەوە بە پێچەوانەوە باست لەو کاریگەرییە کرد کە ئەم هونەرە لەسەر خەڵك دایدەنێ. ئەم هونەرە ڕۆحی مرۆڤان لاواز دەکات و توشی فەراموشییان دەکا، چونکە خەڵکی پشت بە نوسراوەکان دەبەستن و وزەی وەبیرهێنانەوەیان بەلاوە دەنێن و پەنا بۆ پیتەکان و هێماگەلی نامۆ دەبەن و لە گەڕانەوە بۆ دەرونی خۆیان خافڵ دەبن و زانیاری بەهۆی هۆکاری بێگانە وەدەست دێنن و وزەی وەبیرهێنانەوەی خۆیان پشت گوێ دەخەن. کەوابوو هونەرێك کە داتهێناوە لەپێناو کۆیادە نەك وزەی وەبیرهێنانەوە! لەم ڕووەوە تەنیا دەتوانی دەرکەوتێك لە زانیاری فێری قوتابییەکانت بکەی نە خودی زانیاری ... ﴿٨٨﴾

سوکرات دەگاتە ئەو ئەنجامە کە:"کەوابوو کەسێکیش کە پێی وایە دەتوانرێ هونەر لە قالبی پیتەکانی ئەلف و بێ بگونجێنرێ، بە هەڵەدا چوە و هەروەها ئەو

كەسەی كە پێی‌وایە دەتوانین لە پیتەكانی ئەلف و بێ شتێكی رون و شایانی متمانە پێكردن وەدەست بێنین،﴿ئەویش﴾ بە هەڵەدا چوە" [٨٩] و دەڵێ:

كەسێك كە دادپەروەری و جوانی و چاكە دەناسێ ... هەرگیز ئامادە نیە كە قسەی خۆی بە درۆ بخاتەوە و بە دەربڕینی باشتر، نایەوێ هزرەكانی خۆی بە پیتەكان و وشەگەلێك بسپێرێ كە نە دەتوانن بەرگری لە خۆیان بكەن و نە دەشتوانن كەسیك فێری هەقیقەت بكەن... لە باخی نوسەریدا تەنیا بۆ یاری و كات بەسەر بردن تۆو دەچێنێ و ئەگەر شتێك بنوسێ تەنیا لەبەر ئەوەیە كە گەنجینەیەك لە خاڵگەلی هەست بزوێن٨كۆ بكاتەوە تا لە رۆژگاری پیریدا كە فەرامۆشی داوێنی دەگری، یارمەتیدەرێك بۆ كۆیادی دوارۆژگاربن ﴿گەر بیانەوێ﴾ جێی بگرنەوە، بەسود بن. [٩٠]

بڕوا هێنان بە جیایی "ئاخاوتەی نوسراو" لە واتا، بەهۆی نەبوونی ئارایی دانەر لە چركە ساتێك كە بەرهەم لەگەڵ ﴿بەرهەمێكی﴾ دی پێوەندی دەگرێ "سەرچاوەی سەرەكی ئەدەبیات"ە.[٩١] ئەم باوەڕە كاملترین دەربڕینی متافیزیكی ئاراییە.

دێریدا جەختی كردووە كە بەپێچەوانەی بۆچونی ئەفلاتون، گوتاریش لەسەر بناغەی ئارایی واتا دانەنراوە. چونكە هەمو وشەیەك و هەمو نیشانەیەك، پشت ئەستورە بە جیاكاریەكی واتادار و لە نێوان ئاخاوتەیەك كە زمان دەیدركێنێ‌و ئاماژە پێكراو، ئەم مەودایە كە ناكرێ بەلاوەی بنێین، هەیە. لە لایەكی دیكەوە دەتوانین لە چوارچێوەی "ئاخاوتەتەوەری"دا بەڵگەی ئەوە بێنینەوە كە گوتەی نوسراویش ئامادەیی هەیە و "بەرجەستە"یە. تەنیا لە چركەساتی وتووێژدا هەست دەكرێ كە گفت و گۆ دێتە ئەنجام و "لە واتا نزیك دەبێتەوە". بە كۆتایی هاتنی وتووێژ كە ئیدی لە ئارادا نیە، بەڵام دەقی نوسراوەی هەمان گفت و گۆ (ئەگەر نوسرابێ) ئامادەیە. بەڵام دیسانەوە دەبێ بە جەختەوە بڵێین كە ئەم بەڵگە هێنانەوەیەش لە چوارچێوەی "ئاخاوتە تەوەری‌و متافیزیكی ئارایی" دایە. ئاخاوتە (نڤیسیار یا گوتاری) لەسەر بنەمای مەودا لەگەڵ واتا دێتەدی.

ئەگەر گوتەی فیلیپ سولێر پەسەند بكەین ﴿كە بریتییە لەوەی﴾: "ئەمڕۆ، خاڵی سەرەكی ئیدی پێوەندی نێوان نوسەر و بەرهەم نیە، بەڵكو پێوەندی نێوان نوسین‌و خوێندنەوەیە"، [٩٢] ئەو كات گرینگی ئارایی دانەر بەلاوە دەنرێ و دەق دێتە گۆڕی. بەپێی ئەم بەڵگە هێنانەوەیە نوسین وەكو سیستمێك دێتە بەرچاوو چەشنی خوێندنەوەی "كردەی دیالۆگ ئاسا" خۆ دەنوێنی. دەرەنجامی لۆژیكی ئەم حوكمە چەند ساڵێك بەر لە سۆلیر، لە ساڵی ١٩٣٠ لە لایەن تیبۆدەوە هاتبوویە گۆڕێ:" رەخنەگران و توێژەرانی مێژووی ئەدەبی، پتر توشی هەڵەیەكی گرنگ دەبن: دەقێك كە دەخوێنرێتەوە، شتێك كە دەگوترێ و كۆپلەیەكی مۆسیقا كە بەرگوێ دەكەوێ، هەمو ئەمانە لە ریزێك دا پۆلێن دەكەن. بەڵام دەبێ بزانین كە ئەدەبیات بریتییە لە ئەركی كتێب و نوسین" [٩٣]. بە بۆچونی تیبوودە ئامادەیی بەرجەستە و هەستپێكراوی كتێب، جۆرە سەقامگیریەكی پێ دەبەخشێ و لە ئامرازێكی ئاسایی پێوەندی واتە ئاخاوتە و گوتار دوری دەخاتەوە.

ئەم جیایییە بە قازانجی نڤیسیارە و نڤیسیار بنیاتی كولتورمانە. [٩٤]

والتێر بنیامین نوسیوێتی:

وزەی دەق لەو شوێنەی کە تەنیا و تەنیا دەخوێنرێتەوە و لەو جێیەی کە لە کاتی خوێندنەوەش دا، دەنوسرێتەوە، واتە لە کۆپی هەڵگرتن دا، جیاوازە... کۆپی هەڵگرتنەوە فەرمان بە زەینی بنوس دەدا، خوێنەر هەرگیز ئاڕاستە نوێکانی دەرونی خۆی کە بە هۆی دەقەوە ئاشکرا دەبێ نادۆزێتەوە. چونکە تەنیا شوێن پێی زەینی خۆی هەڵدەگرێ، ئەویش لەکە وشەنی فڕینی ئازادانەی خەیاڵدا. بەڵام کۆپی هەڵگر ملکەچی دەقە. خۆراهێنانی چینیەکان لە کۆپی هەڵگرتنەوە لە کتێبەکان، گرنتیەکی پێشبڕکێ نەخواز لە فەرهەنگی ئەدەبی بوو.



نوسین لەراستیدا کلیلێك بووو بۆ دۆزینەوەی مەتەڵی چینی.

کۆپی هەڵگر واتای دەدۆزیەوە یا باشتر بڵێین دەیخولّقاند. ﴿٩٥﴾

خوێندنەوەی چاوتەوەرە وەدەستەکان تەنیا لە کۆتایی هەمو لاپەڕەیەکدا تەنیا کردەوەی میکانیکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکان دەگرنە ئەستۆ.

کۆپی هەڵگرتن هاو ئاهەنگی چاو و دەستە، ملکەچ بوون لە ئاست ئەم هاو ئاهەنگی‌یە، زۆر پتر لە خوێندنەوەی، کاری خولّقێنەری زەین ئاسان دەکا. دیریدا لە وتاری "فرۆید و سەکۆی نڤیسیار" وەبیری هێناوەتەوە کە: "لە ئەرەستۆ بەم لاوە نڤیسیار زۆرجار بەکار هات تاپێوەندی نێوان ئاوەز و ئەزمون و نزیکایەتی تێگەیشتی هەستی و بیرەوەری ڕون بکاتەوە" ﴿٩٦﴾.

بەڕای دێریدا زماننامسی، نەك لە بنیاتی خۆیدا، بەڵکو بەو چەشنەی کە هەیە، لە کۆتی ئاخاوتە تەوەریو متافیزیکی ئارایی دایە. سۆسۆر کاتێك کە دەینوسی:"بابەتی زانستی زماننامسی وشەگەلی گوتاریو نڤیسیاری نیە" فۆرمی گوتاری تاکە بابەتی زماننامسیە" ﴿٩٧﴾، گیرۆدەی ئاخاوتە تەوەری بوو. بە ڕای سۆسۆر، نڤیسیار فۆرمی لاوەکی گوتارە.

ئەگەر بێتو چەشنی ئەفلاتون و سۆسۆر بڕوامان بە ئاست بەرزی گوتار هەبێ یا نڤیسیار بە فۆرمی نەمرو مادی بزانین، چ لە مەسەلەکان ناگۆڕێ، هەرچۆنێك بێ لەپانتایی ئاخاوتە تەوەریدا بەڵگەمان هێناوەتەوە. یاکوبسێن پێی وابووو هەندێجار لە نڤیسیاردا واتا ساناتر وەدەست دێ:

یەکێ لە گرنگترین جیاکاریەکانی نێوان زمانی گوتاریو زمانی نڤیسیاری ئەمەیە کە یەکەمیان خاوەنی سروشتی هەڕەتمەندەو دوەمیان کاتو شوێن پێکەوە گرێ دەدات. لە کاتی بیستنی کۆمەڵە دەنگێکدا دەنگەکان لەنێو دەچن، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەدا کۆمەڵە وشەیەك دەبینین کە ناگۆردرێن و دەتوانین چەندین جار بیانخوێنینەوە ...

کردەوەی پێشبینی لەکاتی بیستن دا کردەوەیەکی زەینی‌یە، لە ﴿کاتی﴾ خوێندنەوەدا دەبێتە بەرجەستە، دەتوانین کۆتایی نامە یا ڕۆمانێك بەر لە خوێندنەوەی بەشەکانی پێشوی بخوێنینەوە. ﴿٩٨﴾

هەندیجار لەبارەی بایەخی بەرزی گوتار بەڵگەی ئەوە دێتەوە کە لە تاوتوێی مێژویی، یا ئینترۆپۆلۆژیك دا، بەتایبەتی لەنێوان "نەتەوە سەرەتایی‌یەکان"دا کۆمەڵگەلێك بەدی دەکرێن کە خەڵکەکانیان پێکەوە دەدوێن، واتا کولتوری گوتاری‌یان هەیە، بەڵام توانای نوسینیان نیە و لەتەك نڤیسیاردا نامۆن. لێۆشتراوس گرینگترین تیۆروانە کە بە جەختەوە زۆرجاران گوتویەتی کە هەندێ لە "کۆمەڵگە سەرەتایی‌یەکان" خاوەنی نڤیسیار نین. دێریدا لە باسکردنی

کتێبی لێڤشتراوس ﴿بەناوی﴾ گەرمیانییە خەمبارەکان نیشانیدا کە ئەم بانگەشەیە هەڵەیە. [٩٩] ئەو سەلماندی کە هیچ کۆمەڵگایەك "بێ نوسینو نڤیسیار نیە" لەوانەیە کۆمەڵگاگەلێك بە واتای باوی لای ئێمە، ڕێنوسو ئەلفوبێ یان نەبێ، بەلاّم هێماکانیان، شوێن پێو شوێنەوارەکانیان، بە شێوەیەکی تەواوو هەمە لایەنە ڕۆڵ و ئەرکی نڤیسیاریان هەیە. ناتوانی سیمبۆلی تایبەتی نڤیسیار (واتا لۆژیکی ڕێنوس و ئەلف و بێ ) بە تاکەفۆرم یا سیمبوولی یا نمونەی نڤیسیاری بزانیتو نەبوونی ئەو ﴿سیمبۆلەش﴾ بەواتای "نەبوونی نڤیسیار" لەقەڵەم بدرێت. لە زۆر لە "کۆمەڵگە سەرەتاییی‌یەکان"دا کە لەگەڵ ئەلف و بێ دا نامۆن، دەمامکەکانیان، خاڵکوتانەکانی دەمو چاوو لەش، تەوتمەکان، ڕازاندنەوەی کەوێڵ و ... بە شێوەیەکی تەواو سروشت و ئەرکی "خوێندنەوەیی"یان هەیە. گریمانکردنی کۆمەڵگایەك کە خاوەنی هێماگەلی نڤیسیاری نەبێ، بە واتای فراوانی وشە، چەشنی گریمانکردنی هەبوونی کۆمەڵگایەك کە خاوەنی زمان نەبێ، بێ‌مانایە. ویکۆ لە کتێبی زانستی نوێدا نوسیبووی:"فەیلەسوفان هەمویان دانیان بەوە نابوو کە سەرەتا زمانی ﴿گوتاری﴾ ﴿000﴾ لەدایکبووو، پاشان نڤیسیار دروست بوو. زمان و نڤیسیار پێکەوە چاویان بە دونیا هەڵێناوە و ڕێگەگەلی یەکسانیان گرتۆتە پێش“ [١٠٠].

دێریدا هەر چەشنە باسێك لەمەڕ بەرزی گوتاری "چەك" کردووە. لە پاری "پەیوەستی ترسناك"دا کە بەشێکە لە کتێبی لەبارەی گراماتۆلۆژی دێریدا لاپەڕەیەك لە کتێبی دانپیانانەکانی ژان ژاك ڕۆسۆی هێنایە بەرباس. شوێن دەسپێکی باسەکەی دێریدا، چەمکی "نوسین" لە کتێبەکەی ڕۆسۆیە. ڕۆسۆ بە تەواوی لە چوارچێوەی ئاخاوتەتەوەریدا، نڤیسیاری لە ئاستی "پەیوەستی گوتار" زانیوە لەگەڵ کردەی دەسپەڕ کە پەیوەستی "کردەوەی سروشتی سێکس"یە، بەراوردی کردووە. لە هەردوکیان دا بنەماکە لەسەر پیوار دانراوە، لە یەکەمیان دا خوێنەر لە پیواردایەو لە دوهەمیشیان دا دڵدار یا دڵبەر لە پیواردان. ڕۆسۆ بەچاوێکی سوك سەیری نوسینی کردوە، چونکە تەنیا بەیانکەرو جێگرەوەی ئاخاوتنی ڕاستەوخۆو ڕوبەڕویە. نوسین بە شێوەیەکی کتوپڕو ڕاستەوخۆ بەکار نایەت، کەوابوو بایەخی لە گوتن کەمترە [چونکە گوتن] بەبێ بژیوانی و بە شێوەیەکی خێرا بەکار دێت. ڕۆسۆ ئاخاوتنی بە "دەربڕینی ڕاستەوخۆی بیروڕاکانی خۆ" زانیوە“ بەلاّم لە لایەکی دیکەوە دانی بەوە داناوە کە ئاخاوتن زۆرجار کەمتر لە نوسین، دەتوانێ کار لە بەرامبەر [گوێگر ـ ئاخێوەر] بکات و نوسینەکانی خۆیشی لە دەربڕینی ئەو هزرانەی کە لە لیدوانیشدا داکۆکی لـێ کردون، پتر سەرکەوتنیان وەدەست هێناوەو بەرامبەریشیان باشتر بە قەناعەت هێناوە. ڕۆسۆ بانگەشەی ئەوە دەکا کە لە نوسین دا، ئاسانتر دەتوانی بەشێك لە باوەڕەکان و کەسایەتی خۆت بشاریتەوە و ئەو بەشە [لە باوەڕەکانی خۆت] کە پێت وایە "دروست و دڵخوازانە"ن بخەیتە بەردەم خەڵکی تر. بەڕای دێریدا لەم باسەی ڕۆسۆدا "پیوار هەم مایەی پڕبەهابوون و هەم مایەی بێ بایەخ بوونی نڤیسیارە... ڕۆسۆ نوسین بەهۆی وێران کردنی ئارایی ڕاستەوخۆ و لادان لە گوتار هەم ئیدانە دەکاو هەم بێ‌بەری دەکا“ [١٠١] پێکناکۆك (پارادۆکس) لەکاری ڕۆسۆدا لەم ڕاستیەوە سەرچاوەی گرتوە کە تەنانەت ئارایی ئایدیالیش ئاراییەکی پەتیو ڕەها نییە. لەوێشدا مەوداو

جیاکاری هەن. گوتاریش سەرچاوەی نامۆییو جیاکاریەکە کە پێکهاتەی نڤیسیاردا بەدی دەکرێ. ڕۆسۆ، لە پێویستی پیوار تێدەگات، دەزانێ کە دەبێ "بەشی نادروست"ی بوونی خۆی بشارێتەوە، کەوابوو دەبێ شتێك لەخۆی لاببا و خۆبەخت کردن (بەو چەشنەی کە ژۆرژباتای زانیویەتیو نوسیویەتی) لە متافیزیکی ڕۆژئاوایی دا بەردەوام بە سەرچاوەی بەختەوەریو ڕزگاری زانراوە. سەرچاوەی کارەکەش نەك لە ئارایی بەڵکو لە تامەزرۆیی ئارایی بووە" واتا بەمانای تەواوی وشە لە نەبوونی ئارایی، [یان] لە پیوار [بووە]:"بەبێ ئەگەری جیاکاری، تامەزرۆیی ئارایی، پێگەیەکی نەدەبوو. کەوابوو تامەزرۆیی خۆی لەخۆیدا، چارەنوسەکەی هەمان بەئاکام نەگەیشتنە. جیاکاری شتێك دەخولقێنێ کە مەحاڵە بێتە دی" [١٠٢]

دڵدار یا دڵبەری ڕاستەقینەش ئەگەر وەچەنگ کەوێ، شتێکی دیکەیە، «کە» لەگەڵ مەودا دایە، جیایە لە من. بەڵام دڵدار یا دڵبەری خەیاڵیش لەبەر ئەوەی کە بوونێکی ڕاستەقینەی نیە، لەتەك مندا مەودای هەیە" یەکێتیەیێك کە بەڕاستی تامەزرۆیی و چێژخوازی مەیسەر بکا، ئەگەری هاتنەدی خۆی لەنێو دەبا. واتا ئەگەری گەیشتن بە ئەوی دی کە دوا ئامانجی ئەوینە، لە گۆڕێ دا نیە. ڕۆسۆ هەر لەم مەودا و جیاکاریەوە بە مەرگیش دەگا: "تەنانەت ئەگەر یەکجار لە ژیانی خۆم دا چێژی ئەوینم بە تەوای چەشتبا، پێم وانەدەبوو کە بوونی لەرزۆکم خۆی ڕاگرتبا. لەو کردەوەیەدا دەمردم." ئارایی، تا ئەم ئاستە وێرانکەرو ترسناکە.

ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ نکۆڵی کردنە لە خۆو چێژی تەواوو هەمە لایەن، مەرگە. نوسین و چێژ وەرگرتن لەخۆ بەپێی پێویست نین.

بەم چەشنە نڤیسیار و گوتار لە (لەگەڵ) «!!» خۆ دا جیان. ئەمە بە مانای ئەوە نیە بەرامبەرێتییان لەتەك یەکدیدا هەیە، «بەڵکو» هەر یەکە لەسەر بنەمای بەرامبەرێتییەك لە (لەگەڵ) خۆ دامەزراون.

دەقی "پەیوەستی ترسناك" بە باشی ڕای دریدا ڕون دەکاتەوە. کێشەکە نەك لەسەر جیاکاری و بەرامبەری دوانی گوتار/ نڤیسیار، بەڵکو لەسەر نەبوونی ئەگەری گەیشتن بە واتایە. ئەو جیاکاری و بەرامبەرێتییە، تەنیا شوێن دەستپێکی باسەکەن. زۆرجاران هێمام بۆ ئەوە کردەوە کە دێریدا مێژووی ئاخاوتەتەوەری بە هەمان مێژووی "متافیزیکی ڕۆژئاوایی" زانیوە. هێماکردن بە ئەفلاتون بەسە تاکو نیشان بدا کە دێریدا چاوگەکەی لە یونان دا دۆزیوەتەوە. ئەرەستوش لە تێزی لەبارەی ڕاڤەوە نوسیویەتی:

دەنگگەلێك کە بەهۆی فۆنەوە دروست دەبن «وشەگەلی گوتاری» « [redacted] » سیمبۆل گەلی دۆخی فیکرین و وشەگەلی نڤیسیاری سیمبۆل گەلی وشەین کە بە هۆی فۆنەوەدروست دەبن. هەر بەو جۆرەی کە هەمو خەڵکی یەکسان نانوسن، وشە گوتاریەکانیش یەکسان نین. بەڵام دۆخە فیکریەکان کە ئەم فۆرمانە دەربڕینی نیشانە ڕاستەوخۆکانیانن، بەلای هەموانەوە یەکسانن، هەر بەو چەشنەی کە ئەو شتانەی کە ئەم دۆخانە وێنەی وانە، بەلای هەموانەوە یەکسانن. «١٠٣»

مەبەستی دێریدا لە متافیزیکی رۆژئاوایی هەر بەتەنیا کولتوری ئوروپایی نیە. بە پێچەوانەی نیچە کە متافیزیكو کولتوری ئەوروپایی بەیەك مانا بەکار دەهێنا، خودی دێریدا باسی لە ئاخاوتەتەوەری لە بنەماکانی دینی یەهودی کردوە"و بە ئاشکراش خاڵگەلێك﴿ی لەم چەشنە﴾ وەك بەڵگە هێنانەوەی ئەفلاتون لە فایدروس، لە کولتورەکانی دیکەش دا وەبەرچاو دەکەوێ. دێریدا باسی لە دیاردەیەکی کەلتوری کردوە کە ڕەچەڵەکەکەی بە ئاسانی ناتوانرێ بدۆزرێتەوە. ڕەنگە بتوانین ﴿ئەم دیاردەیە﴾ لە کاریگەری فەلسەفەی یونان لە جیهانی فیکری سەدەکانی نێوەڕاست دا بدۆزینەوە (کە پانتایەکی فراوان لە هزری یەهودی، مەسیحی و ئیسلامی دەگرێتەخۆ).



ئەم خاڵە دەتوانێ (ودەبێ) بابەتی توێژینەوەیەکی سەربەخۆ و ورد بێ، لێرەدا ناچارم بە هێمایەك و بە یارمەتی نمونەیەك لێی تێپەڕم.

لە نوسینێکی ناسر خوسرۆی قوبادیانی لە کتێبی زادالمسافرین وردبینەوە:

گێڕانەوە لە نوسین بەرزترە ... چونکە گێرانەوە پتر لە نوسین لە خودەوە نزیکترە ... بژیوانان و دەستو پێوەندەکانی گێڕانەوە نزیکن و زیندون ﴿بەڵام﴾ بژیوانان و دەست و پێوەندەکانی نوسین دورن و زیندو نین، گێڕانەوە لە گیانەوەرێکی ڕۆحلەبەر دەچێ و نوسین چەشنی مردویەکی جەستەیی‌یە و گەڕیدەکانی زانست لە ڕێگای ئەم بژیوانە جەستەییانەوە بە زانست دەگەن. ﴿١٠٤﴾.

هەر لەم دەقەدا ناسر خوسرەو دەڵێ:"گوتە شوێنەوارێکە لە ئاخاوتنو ئاخاوتنیش گەوهەرێکە بۆ خود (زاتی) ئاخێوەرو نوسینیش پیشاندانو گواستنەوەی ﴿ئەو خودە ئاخێوەرەیە﴾" ﴿١٠٥﴾و ئەم بروا هێنان بە زیندو بوون یا ئامادەبوونی ئاخاوتەی گوتاری یا قسەو مردو بوونی ئاخاوتەی نڤیسیاری یانوسینو بەرزەئاستی گوتار لەهەمبەر نڤیسیار هەمان دوپاتکردنەوەی قسەکەی ئەرەستۆیە کە موسوڵمانان "مامۆستای یەکەم"یان پێ دەوت.

نمونەیەك کە دێریدا لەمەڕ ئاخاوتەتەوەری لە ئایینی یەهود دا هێناویەتی دوبارە نیشاندەری بەرزتربوونی پلەی گوتارە لە نڤیسیار. ئەو لە یەکەم وتاری کتێبی نوسین و جیاکاریدا لەژێر ناوی "وزە و ئاماژە" نمونەگەلی لە چاخی عەتیق ﴿مەبەست تەوراتە﴾ پەیدا کردوە. هەر بۆ نمونە لە پشکی سی‌وشەشی کتێبەکەدا "ئەرمیائی پێغەمبەر" بە سەرچاوەی سەرەکی ئاخاوتە زانراوە، خوا بە ئەرمیا دەڵێ: تۆمارێك بگرە بەدەستەوەو هەمو ئەو قسانەی کە من لەبارەی ئیسرائیل و یەهودا و هەمو نەتەوەکان، پێم گوتی، هەر لە سەرەتاوە، واتە لەسەردەمی یوشیاوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، بنوسە" (ئایەتی ٢) و:"... ئاروك لە زاری ئەرمیاوە تەواوی ئاخاوتنی خوای کە پێی وتبوو لەو تۆمارەدا نوسیوە" (ئایەتی ٤) ﴿١٠٦﴾

بەڵام بۆ دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەکانی ئاخاوتە تەوەری لە چاخی عەتیقدا دەتوانین بە شێوەیەکی قوڵتر لە بابەتی زمان لەم کتێبەدا ورد بینەوە" کتێبێك کە لەودا زمان بەمانای دەسەڵاتە. خوڵقاندن، کردەوەی ناولێنانە و ناولێنان کارێکی خواییە."موسا تەواوی قسەکانی خوای نوسیوە" سفر خروج، پشکی ٢٤، ئایەتی ٤)و "تاتەبەردی لـێنوسراو بە پەنجەی خوا درا بە موسا." (پشکی ٣١ ئایەتی ١٨)و هەقیقەت لە ڕێگەی زمانەوە (سەرەتا ئاخاوتەی گوتاری و پاشان نوسین) بەرجەستە بووە. میتافۆری کتێبێکە کە دێریدا زۆرجاران بەکاری هێناوە لە کەلتوری یەهودیدا ناسراوو لەمێژینەیە. "کتێبی بوون" کە خوا خۆی دانەرو

نوسەریەتی، لە سەردەمی نوێدا (هابرماس گوتەنی، کە هێمایەك بۆ دێریدا دەکا) وەك بڵێی لە دنیای کافکا دایە" واتە هەیە بەڵام بزر بووە.﴿١٠٧﴾ دێریدا خۆی دەڵێ:"ئەرخەیانیو دڵنیابوونی ئایینی لەوە کە هەر لاپەڕەیەکی کتێبەکە پەیوەستە بە دەقی تاقانەی هەقیقەت، ئەمڕۆ کە برەوی نەماوە، و بە هۆی ئەم ئارخەیانیە بزر بووە،ئەم پیوارەی نقیسیاری پیرۆزو خوای یەهودیەکان کە جاروبار خۆیشی شتێکی دەنوسیو نبووە."مۆدێرنیزم بەمانای پیواری ئەم نیشانە پیرۆزەمەندەیەو جوانناسیو رەخنەکاریی مۆدێرن لەم پیوارە دەدوێن" ﴿١٠٨﴾.

دێریدا دوابەدوای لۆویناس نوسیویەتی کە دەستپێڕاگەیشتن بە زانستی نوسینەیی کە لە ئایینی یەهود دا میتافۆڕی کتێبی ﴿ تەورات﴾ گرنگە. ئەم تۆمارکردنی دەنگانە لە چەقی پاژە نقیسیاریەکان گرنگی مانەوەی زیاترە، کە جۆرە ئەرخەیانیەك بە ڕاڤەکار دەبەخشێ. هابرماس نوسیویەتی کە دەستپێڕاگەیشتن بە زانستی نوسینەیی کە خۆبەخۆ ڕەخنەی میتافیزیك بێ، ڕەگ و ریشەیەکی ئایینی هەیە. هەرچەند خودی دێریدا لە دەستپێکی تێزی "جیاکاریەکان" (لە کتێبی پەراوێزەکاندا) جەختی کردوە کە " نامەوێ لە باسگەلی زانستی دینیەوە دەست پێ بکەم". ﴿١٠٩﴾

هەبوونی مەودا لەگەڵ هەقیقەت لە ئایینی یەهود دا بنەمایەکە کە کاریگەری لەسەر دێریدا داناوە. هارۆلد بلۆم سەرچاوەی ﴿ئەو کاریگەریەی﴾ لە دیدی سۆفیانەی یەهودی لە کۆتایی سەدەکانی نێوەراست و بە تایبەتی لە ئایینی کابالا زانیوە و بە تەنزەوە گوتویەتی کە دێریدا پەیڕەوی کابالایە، بێ ئەوەی خۆی بزانێ. ﴿١١٠﴾.

بەڵام ڕەگ و ریشەی ئەم باسە لە ئایینی یەهود دا، قوڵترە لە دەقگەلی کابالایی.
یەکێ لە باشترین باسەکان لە بارەی دزەکردنی هزرو بیرۆکەکانی یەهود لەبەرهەمەکانی درێدادا، وتارێکی سوزان هاندێلمانە کە تروپکی وێکچوونی لەنێوان باسەکانی کابالاو باسەکانی درێدا زانیووە.(١١١) بەرای هاندێلمان ئەم بڕیارەی لۆویناس کە" تەوراتمان زیاتر لە یەهود خۆش بووێ گرنتیەکە کە لە وادەکات عەقڵ لە بەرامبەر شتی پیرۆز خۆی نەدۆڕێنێ" بنەمای بڕواهێنانی دێریدایە بە یاسای نوسراو، لە بەرامبەر ڕاستی ئەم یاسایە واتە ئاخاوتەی یەهوە.﴿١١٢﴾ لە سەرتاسەری مێژوی یەهود دا ئەم دەقە نوسراوە یا دێریدا گوتەنی" ئەم ڕاڤە بەردەوام ئامادە"یە زیاتر لە ئاخاوتە گرنگی هەبووە.
واتە ئەو نوسراوەی کە خۆی لێکدانەوە و ڕاڤەیەکە (و تەنانەت پەراوێزێکە بۆ دەق کە کردەی یەهودیە) خۆی دەبێت بە "موکاشفەیەکی خوایی". بەڵام یەکەم مەسیحیەکان ئەم مێژوە زیندوەی تەورات و کۆی چاخی عەتیق یان لە بەرامبەر "رۆحی زیندو"دا جگە لە "ئاخاوتەیەکی مردو، نەزانی:"ئێوە تۆماری ئێمەن، نوسراون لە دڵەکانی ئێمەدا ... نەك بە دەوات بەڵکو بە ڕۆحی خوای زیندو نەك لەسەر تاتەبەردەکان بەڵکو لەسەر لێنوسە گۆشتیەکانی دڵ ... ببین بە خزمەتکاری چاخی نوێ، نەك پیت بەڵکو رۆح، چونکە پیت دەکوژێ، بەڵام ڕۆح زیندو دەکاتەوە" ﴿١١٣﴾

بەڵام ئەمڕۆکە "مێژوی مەسیحیەت" پشت ئەستورە بە چوار ئینجیل و لکاتی خوێندنەوەی چاخی نوێ ﴿ئینجیل﴾دا هیچ مەسیحیەکی باوەڕدار بیر لەوە ناکاتەوە کە پیت دەکێشێتەوە، بەڵکو ڕۆح و ئاخاوتە بە یەك شت دەزانێ. لە بەرامبەر ئەم نەریتە لە مێژینەیەی متافیزیکی ڕۆژئاواو ئایینی مەسیحیدا دێریدا هێما بۆ نەریتی یەهودی دەکا، نەریتێك کە بە شێوەیەکی دیکە ئاخاوتە تەوەری (واتە بە گرینگیدان بە نڤیسیار) دەپارێزێ. خاڵێکی دیکەش لێرەدا دێتە گۆڕێ:ـ یەهوە لە پیوار دایە، بەڵام کتێبی تەورات لە ئارادایە، کەوابوو هەڵاتن لە گوتارەوە بۆ نڤیسیار، هەڵاتن لە متافیزیکی ئارایی نیە. پاش هۆلدرلین، هایدگەر باسی لە خوایەك کردوە کە کردەکەی لە پیوار دێتە دی و دێریدا لەپاش لۆویناس کردەی ئەم خوایەی بەر لە هەمو شت بە نوسین زانیوە.



## ٥

کلود لێئۆشتراوس لە واندەری خۆی لە "کلژودۆفرانس" (٥ ی ژانویەی ١٩٦٠)دا مرۆڤناسیی بە بەشێك لە نیشانەناسی ناودێر کرد، چونکە ئەو دیاردانەی کە مرۆڤناسی باسیان لێوە دەکا و لێیان دەکۆڵێتەوە نیشانەن: "تەورێکی بەردین بۆ بینەرێك کە دەزانێ بۆچی بەکار دێت، یەکسانە بەهەر ئامرازێکی جیاوازی دیکە کە لە کۆمەڵگایەکی دی دا بۆ هەمان مەبەست بەکار دێ" [١١٤] بەرای لیئۆشتراوس بۆ ئەوەی ئامرازێك پیشان بدەین دەبێ واتاکەی (بەکار هێنانەکەی) بۆ ئەندامانی گروپێکی تایبەتی ناسرابێ. دێریدا دواتر ئەم چاوەڕوانیەی کە دەبێ لەپشت هەر نیشانەیەکەوە واتایەك هەبێ بە "متافیزیکی ئارایی" ناودێر کرد: بەد حاڵیبوونێك کە فۆرم و واتا هاوکات لە زەین دا بە ئامادە دەزانێ. بەپێی ئەم بەدحاڵیبوونە، هەر دەقێکی نڤیسیاری، چەشنی سیستمێك لە نیشانەکان، دەبێ واتای هەبێ. بەڵام ئەو واتا ڕەسەنەی کە گریمان دەق دەبێ "هەیبێ" یا "بەیانکەری بێ" لە ڕاستیدا نیە.

لەنێو پێشڕەوانی نیشانە ناسیدا تەنیا پیرێس توانی جۆرە ڕویەکی ناتەواو لە نیشانەدا ببینێ، چونکە نیشانە بەردەوام "پێویستی بە لێکدانەوە و ڕونکردنەو بەڵگە هێنانەوەیە تاکو بتوانێ بەکار بێت". بابەتی ڕاستەقینە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناناسرێت" پێویستی بە ڕاڤە هەیە، واتە پێویستی بە نیشانەیەکی دیکە هەیە:ـ "نیشانە و ڕونکردنەوە پێکەوە: " نیشانەیەکی تازە دروست دەکەنو لەبەر ئەوەی کە ڕونکردنەوە خۆی دەبێتە نیشانەیەك، هەمدیس پێویستییان بە پاشکۆیەك دەبێ". [١١٥] کەوابوو واتای هەمەلایەنە لەگۆڕێدا نیە. تەنیا جیاکارییەکان هەن. بابەتی ڕاستەقینە لەو شوێنەدا دەردەکەوێ کە هەڵکشانی ڕاڤە هەبێ و هەر ئەم خاڵە مەودای ناوەکی نیشانەیە.

"متافیزیکی ئارایی" ئاشکرابوونی سروشتی ئاخاوتەتەوەریی متافیزیکی ڕۆژئاوایە" کە بە یارمەتی سێ نمونە دەیناسینەوە:ـ

١ـ ڕێسای دیکارت، " من تێدەفکرم کەوابوو هەم" من بێگومان هەیە، چونکە پێشاویش لە کردەی هزردا "ئامادە"یە.

٢-چەمکی "کاتی ئێستا" کە پێمان دەڵێ رابردو هەبوو، دوارۆژ دەبێکاتی ئێستا کە دەشێ پێشبینی بکرێو ڕابردوش واتە کاتی ئێستای ئەزمونکراو. تەنیا "ئێستا" واتە ئەم چرکەساتە ئامادەی فۆرمی ڕەسەنی هەبوونی کاتە.

٣-چەمکی واتا کە چەشنی بابەتێکی ئامادە لە وشیاریدا دێتە ئاراوە. "واتە لە ڕواڵەت دا ئەو شتەیە کە گوێگر لە مێشکیدایە" و پاشان بە دەزگای نیشانەکان دەیسپێرێ. بەپێی ئەم نمونانە ئاشکرا دەبێ کە متافیزیکی ئارایی بابەتێکی حاشا هەڵنەگرە بۆ وشیاری. لە دیدی دێریداوە خاڵی سەرەکی ئەمەیە کە چیەتی و ڕاستیی شتەکان لە جیهان دا "ئامادە" دەبن. دیکارت دەیوت لە هەر چرکەساتێکی وشیاری دا، بە شێوەیەکی پێویست شتێك [لە وشیاری] دا هەیە (منێك) کە وشیارە. ڕاستی درەختێك، بە مانای ئەوەیە کە لەکاتی Aی دا لەوێیە، لەکاتی B دا لەوێیە و لەکاتی J دا لەوێیە.

هەبوونی درەخت زنجیرەیەکە لەم خاڵانەی لەئارادابوونی درەخت.



کاتێك کە دەڵێین واتا وشەیەك "درەخت"ە، مانای ئەوەیە کە ئەم وشەیە لە کاتەکانی A و B و J و ... بەلای کەسێکەوە واتای درەخت دەدا بەدەستەوە. کەوابوو، واتای وشەکەش زنجیرەیەك لە شوێنەوارەکانی ئامادەیی ئەو [درەختە]یە. [١١٦] بەپێی ئەم ڕوانگە متافیزیکیەیە، کەتوار زنجیرەیەکە لە ئارایی شوێنگەکان. ئەم شوێنگانە بنەما سەرەکی و توخمە پێکهێنەرەکانی ئارایی کەتوارن. پێکناکۆك (پارادۆکس) لێرەوە سەر هەڵدەدا. فرینی باڵندەیەك دەتوانین بەسەر شوێنگەکان یا چرکە ساتە فرە چەشنەکان دابەش بکەین.

لە هەر چرکە ساتێك دا، ئەو دەکەوێتە شوێنگەیەکی تایبەتەوە. کەوابوو لە هیچ چرکەساتێك دا نافڕێ. ئەو فڕینەی ئێمە ئەیبینین کەتوارێکە لە دەرەوەی ئێمە" و تەنیا بە تێپەڕین لە متافیزیکی ئارایی لێی تێدەکەین. دەتوانین لەگەڵ دێریدا یەکدەنگ بڵێین: هیچ شتی ئامادە نیە. هەمو شتی بە جیاکردنەوەی لە شوێنگەی ئارایی دەناسرێت. بەڵام ئەم حوکمە کە هیچ شتێك ئامادە نیە، بەو مانایە نیە کە ئەو شتە لە پیوار دایە. ئارایی/پیوار لەو بەرامبەرێتیە دوانیەیە کە متافیزیکی ڕۆژئاوایی باسی لێوە دەکا. ئەو وشەیەی کە ئێمە بە واتای دەزانین، بەسراوەتەوە بەم شوێنگەیە کە لەلایەن وەرگرێك لە شوێنگەیەکی تایبەت دا، بەخەیاڵی دروستکردنی پێوەندی یا ڕونکردنەوەی چەمکێك خراوەتەڕوو لەم ڕووەوە ئەو شتەی بە پێکهاتەی زمان ـ سیستمی گشتیی ڕێساکانو یاساکان ـ ئاودێری دەکەین، بەرهەمهاتوی کردەی پێوەندیکاریەو بەهۆییەوە دەستنیشان کراوە. بەڵام ئەگەر ئەم خاڵە بە شێوەیەکی شێلگیرانە پەسەند بکەین، پاشان لەو کردانەی کە لە ڕواڵەتدا دەستنیشانکەری پێکهاتەکانن ورد بینەوە، تێدەگەین کە هەمو کردەوەیەك لەلایەن پێکهاتەیەکی پێشوەوە، دروستکراوەو دەستنیشان کراوە. بۆ تێگەیشتن لە واتای هەرشتێ دەبێ بتوانین لەبابەتگەلەکان دا جێی بۆ دەستەبەر بکەین. ئەگەر بمانەوێ بزانین کە ئایا شتێکی تایبەت، دەخورێ یان نا، دەبێ جیاکاری نێوان خۆراکە هەمەچەشنەکانو شتە ناخۆراکیەکانمان پێشتر زانیبێ. ئاماژە بەردەوام پشت بەجیاکاری دەبەستێ. لەگفتوگۆکانی دێریدا لەگەڵ هانری ڕۆنسو کەسانی دیکەدا کە لەهەڵوێستەکاندا بڵاو کراونەتەوە، ڕۆنس لە دێریدا دەپرسێ کە بۆچی لە بەرهەمەکانی ئەودا نڤیسیار دو واتای هەیە؟

یەکێکیان چەمکی ناسراو و باوە کە نڤیسیار لە بەرامبەر گوتار و ئاخاوتە بەکار دێنێ و دوەمیان چەمکێکە کە نڤیسیار لە تەواوەتی خۆیدا دیاری دەکا، [واتە] هەمان ئەو چەمکەیە کە بە "گەوهەری دەربڕین" ناودێری دەکا و ڕەگ و ڕیشەی

هاوبەشی نڤیسیار و گوتارە [١١٧]. دێریدا دانی بەوە دانا کە ئەم جیاکاری‌یە هەیە و هێما بۆ خودیەتی جیاکاری کرد. بەڕای ئەو جیاکاری چەند شێوەیە:ـ

یا دۆخێکی ئامادەیە کە لە خودی شتەکان دا خۆی حەشار نەداوە، واتە "پاژی ئۆرگانیکی [ئەو شتانە] نیە"، یا ڕەگ و ڕیشەی هەمو بەرامبەرێتی‌یەکانە، بۆ نمونە بەرامبەرێتی هەست/هزر سروشت/ کولتور و هتد... لەم حالّەتەدا جیاکاری یەکێ لە توخمەکانی شتەکانە. بەڵام دۆخێکی سێیەمیش هەیە، جیاکاری بەرهەمی ئەو ڕەگ و ڕیشە هاوبەشەیە کە لەپاش زماننناسی سۆسۆر، بە مەرجی واتایی هەمو پێکهاتەیەك لە قەڵەم درا. نکۆڵی کردن لە جیاکاری بنچینەی ئاخاوتە تەوەرییە. چەمکی "جیاکاری" دێریدا بەکاری هێناوە، بەڵام چەند هاوشێوەیەکیشی لە ئاخێوی فەلسەفیدا هەیە. لە چەمکی "فارماکۆن"ی ئەفلاتون کە نە ژەهرە و نە دەرمان. نە چاکە و نە خراپ، نە دەرەوەیە و نە نێوەوەیە، نە گوتارە و نە نڤیسیار، ورد بینەوە [١١٩]. دێریدا ئەم خاڵەی لە تێزی "ژەهر ـ دەرمانخانەی ئەفلاتون" بە وردی بەیانکردوە. [١٢٠] مەبەستی دێریدا دیالۆگی فایدرۆسە. لە پەرەگرافی ٢٣٠دا ڕستەیەکی سوکرات هاتوە: "بەڵام وەك بڵێی تۆ دەرمان ـ ژەهر (Phramakon) ێکی باشت پەیدا کردوە کە منت هێناوەتە دەرەوەی شار" [١٢١]. ڕەنگە بتوانین "فارماکۆن" بە مادەی بێهۆشکەریش وەرگێڕین، چونکە هەم ژەهرە و هەم دەرمان. لە فایدرۆس (پەرەگرافی ٢٦٨) دا سوکرات نمونە دێنێنەوە کە زانینی تایبەتمەندیەکانی دەرمانەکان بەس نیە، دەبێ بزانین بە چ شێوەیەك بەکاریان بێنین، [١٢٢] و زانینی یاساکانی دواندەری بەس نیە، بەڵکو دەبێ "ڕێگەی بەکارهێنانی پێشەکییەکان و تێهەڵکێش کردنی شیاویان" بدۆزینەوە (پەرەگرافی ٢٦٩). [١٢٣]. بەپێی راڤەی دێریدا، ئەفلاتون نزیکبوونەوە لە واتا بە ژەهر ـ دەرمان دەزانێ. "فارماکۆن" لەدیالۆگەکانی دیکەی ئەفلاتوندا زۆرهاتووە. خارمیدیس لەوتوێژێکدا هەر بەم ناوە دەرمان لەسوکرات وەردەگرێ [١٢٤]و دیوتما لە میوانی‌دا ئێرۆس بە فارماکۆئۆس یا کیمیاگەر ناودێر دەکا: "بە درێژایی ژیان سەوداسەری زانینە، جادوگەرو کیمیاگەرێکی شارەزایە، سۆفیستێکی تەواوە". [١٢٥] دێریدا ئەم واتا دوانی‌یەی وشەی فارماکۆنی دایە پاڵ نوسینەکانی ئەفلاتون. ئەو باسی لە دەقێك کرد کە ئەفلاتون لەبارەی مەرگی سوکراتەوە نوسی، کرد“ مەرگێك کە هاوکات بوو لەگەڵ نۆشینی ژەهر. ئەفلاتون کە نڤیسیاری بەبێ بایەخ دەزانی، سەبارەت بە مەرگی سوکرات (باوك) نەك وتووێژێك بەڵکو ڕاپۆرتێکی نوسی: واتە مەرگی دوپات کردەوە. [١٢٦] ڕاڤەی دێریدا خاوەنی پێشگوتار و ئەنجامگیری نیە“ ئەو ئامۆژگاری ئەفلاتونی بەجێ نەهێناو و هەوڵی نەدا تا نوسینەکەی وەکو بوونەوەرێکی زیندو "سەر و لاقی هەبێ". لەم ڕوەوە، ڕاڤەکەشی ڕاڤە نیە، تەنیا ئاخاوتەیەکە و پاشکۆیەکە بۆ دەق، یا خۆی گوتەنی پەراوێز نوسی‌یە.

میتافۆرمێك کە دێریدا لەجێی هەڵوەشاندنەوە بەکاری هێناوە "چنین"ە، میتافۆرێکە کە لە وتووێژەکانی ئەفلاتونیش دا هاتوە [١٢٧]. والتێر بنیامین لە وتاری "وێنەی پروست" دا کردەی وەبیرهێنانەوەی بیرەوەریەکانی بە چنینی پنەلۆپە دەچواند و دواجار نوسی: "وشەی لاتینی Texttum (دەق) بەواتای تەونە تەنراوەکانە" [١٢٨]. دەتوانی دەق کورتتر یا درێژتر بچنی، دەتوانی بیقرتێنی، بینوشتێنەوەو بیدوریت. لە دەقی چنراودا هیچ هیرارکیەك نیە. هەمو

شتەکان، بەبێ جیاوازی یەکسان چنراون تێکچرژاون. دێریدا لە هەڵوێستەکاندا پێی داگرتوە کە جیاکاری لەگەڵ دژیەك، جەختێك لەسەر گرنگی "خاڵی چارەسەر بوونی دژیەکەکان" بوووە:"دیالیکتیك کە لە وتارەکانی ڕیکۆر لە مەڕ فرۆیدیشەوە بەدی دەکرێ" [١٢٩]. بەڵام جیاکاری بنیاتی دەقە. لە وتاری "وزە و ئاماژە"دا دێریدا لە زاری ئانتۆنن ئارتیۆ گێراوەیەتەوە کە "کتێب دەنوسم تا بڵێم دەتوانم شتێ بنوسم" [١٣٠]

بەڕای دێریدا، ئەم گوتە "قولاّیی پیواری باوەڕەکان "پیشان دەدا" لەو شوێنەدا کە "هەمو وشیار بوون لە شتێك فۆرم و واتاکەی لەدەست دەدا"، چونکە تەنیا دەمانەوێ شتێ بڵێین. هەر لەم وتارە بۆ یەکەمجار دێریدا چەمکی هەڵوەشاندنەوەی بەکار هێنا ـ مێتۆدێکی خوێندنەوە کە دەبێ ئەو شتەی کە نوسەر "نازانێ کە لە دۆخی گوتن دایە" بدۆزێتەوە. ئەگەر سروشتی هونەری مۆدێرن ئافراندنی جیهانێکی تازە بێ، ئەم تازەبوونە، تەنانەت بۆ نوسەر، لە ڕەوتی نوسین دا، نەناسراوە. لە وتارێکی دیکەی کتێبی نڤیسیار و جیاکاری دا دێریدا ئاوڕی لەم باسەی ئارتێتۆ دایەوە. ئەو گوتەی ئارتێتۆی لەمەڕ "نوسن بە مەبەستی دەربڕینی بێ توانایی لە نوسین" بەستەوە بە ئاخاوتەیەکی دیکەی ئارتێتۆی: "گەر بە بەشێك لە واتاکان بگەی، ئیدی ئەوکات ناتوانی بیر بکەیەوە" [١٣١] ئەمە نەك بەواتای بێتوانایی مرۆڤ، بەڵکو بە مانای نەبوونی ئامرازی واتاییە بۆ تێفکرین، کە خاڵێکە بەتایبەتی لە بەرهەمی هونەری ئاسانتر دەشێ لێی تێبگەیت. لە هەڵوێستەکان دا لە دێریدایان پرسی بۆچی توێژینەوەی دەقەکان لە بەرهەمەکانیدا تەنیا بە دوو دەستە دەق دابەش کراون:



[کە ئەوانیش] دەقە فەلسەفیەکان و دەقە ئەدەبییەکانن.

لە دەقە فەلسەفییەکان دا قالب شکێنی بوواری باسی فەلسەفی بووە، بەڵام گوایە لە دەقە ئەدەبییەکان دا، ئەو بەدوی هەڵوەشاندنەوە نیە. بۆچی؟ ئەو کە وتارگەلی گرنگی لەبارەی سۆلێر، باتای، ئارێتۆو مالارمە نوسیوە، ئەم "بێتوانایی"یە لە شکاندنی قاوغی توخمی جوانناسەی چۆن لێکدانەوە؟ پرسیارکەر بە تایبەتی هێما بۆ وتاری دێریدا لەمەڕ فیلیپ سۆلێر دەکا لە کتێبی وەبار هێنان، دێریدا لەودا نوسیویەتی کە هەمو دەقێکی سۆلێر لە هەمان کاتدا هەم بەرهەمهێنانی ئەدەبییەو هەم نیە. ئەمە مانای چیە؟ چۆنە؟ دێرێداولاّمی دایەوە کە ئامانجی سەرەکی خۆی نیشاندانی ئەم خاڵە بووو کە لە هەمو دەقێکدا، نوسین لە پەیڕەو نکۆڵی کردنو لەنێو بردنی خۆیدایە. دەتوانین ئەم تایبەتمەندیە هەم لە دەقە فەلسەفی و هەم لە دەقە ئەدەبییەکاندا بەدی بکەین. [١٣٢] بەڵام هەندێك لە دەقە ئەدەبییەکان ئەم تایبەتمەندیە بە شێوەیەکی پێشکەوتوو هەمەلایەنە دەردەخەن. بەرهەمەکانی مالارمە، باتای، ئارێتۆو سۆلێر لەم دەستەیەدان: "لە بزاوتی خۆیاندا، ئەم دەقانەش هەم فۆرمی سەرهەڵدان و هەم هەڵوەشاندنەوەشیان لە بەیانکەری دا هەڵگرتوە" [١٣٣]. بەم چەشنە مامەڵە کردن لەگەڵ دەقە ئەدەبییەکان لە دەقە فەلسەفییەکان ئاسانترە، چونکە خۆیان هەنگاوێك بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەهاوێژن. دێریدا لە درێژەدا گوتی کە بەرهەمەکانی خۆی نە "مۆرکی ئەدەبی" یان هەیەو نە "مۆرکی فەلسەفی"، بەڵکو زۆر بە ئاسانی، "جۆرە دابڕانێکن لە فەلسەفەو ئەدەبیات".

بەهەرحاڵ ئەو شتە کاری هەڵوەشاندنەوەی دەقە ئەدەبییە مۆدێرنەکان ئاسان دەکا، جیابوونەوە یانە لە سیستمی لاسایی گەری.

ئاراستەی باڵادەستی گەرایانەی لاسایکردنەوە ئێمە دەکاتە دیلی جیهانێك کە بەهۆی سروشتە ناسراوەکەیەوە، دەرگای رەخنە و شیکردنەوەدادەخات. لاسایی کردنەوە لەسەر بنەمای "ئاشناییو ئاشناسازی"یەو ڕەخنەش لەسەر بناغەی "ناسیاوی سرینەوە" دامەزراوە. ئەو شتەی ئاشنا دێتە بەرچاو، لەراستیدا ڕەنگدانەوەی سیمبوولگەلێکە کە بەلای ئێمەوە بوونەتە ئامرازی ناسینی بەرناس. هونەرێك کە بەرەورووی "هەمدیس بەرهەمهێنانەوەی خاڵی ئاشنا"یە، تەنیا دەرکەوتگەلی سیمبۆلێك دەخولقێنێ کە ئەم دەرکەوتانە بەلامانەوە ئاشنان. مەیلی هونەری مۆدێڕن ناسینی بابەتگەلی سەرەکی دەقە ئەدەبیەکانە،



لە رێگەی جیاییو دژەبەری لەگەڵ "سیستمی لاسایگەرییە نکۆڵیو پەسەندنەکردنی "سیستمی لاسایگەری" بەمانای هەڵگەڕانەوەیە لەیەکێ لەفۆرمە نادروستەکانی دەربڕین کە بەردەوام خۆی تاکانە فۆرمی ڕاستەقینە و دروست دەنوێنێ. [١٣٤] بەمانای تەواو وشە، ئەم سەپاندنی باڵادەست گەرایانەی



سیستمی لاساییگەری، پشت ئەستورە بە نەزانی ئێمەوە“ واتە ئێمە لەگەڵ سیستمی نیشانەیی راستەقینەو ئەو ڕەمزانەی کە دروستکەری پێوەندیە ناوەکییەکانی توخمەکانی پێکهاتەن، نامۆین.

ئەفلاتون لە کۆماردا "هونەری دامەزراو لەسەر لاساییگەری" ڕەت دەکاتەوە، لە کتێبی دوەم دا، ئەو لاسایی کردنەوە بە پێشکەشکردنی درۆ دەزانێ و پەروەردەی هونەری بۆ منداڵان بە ترسناك دەزانێ.

گەر دەمانەوێ "زێرەڤانانی دوارۆژ" خوی پێك هەڵپژان لە هەر کارێکی دی بە ناشیرین بزانن، کەوابوو نابێ لە سەردەمی منداڵی دا چیرۆکی پڕوپوچ کە باس لە شەڕی خواوەندەکان دەکەن ببین. ئەم چیرۆکانە پاڵێوەری گیان نین و لە ڕاستییەوە دورن. ئەفلاتون "درۆی راستەقینە" و "درۆی زمانی"ی لێك جیا کردۆتەوە“ یەکەمیان، "فریوی خودی مرۆڤە و یەکسانە بە نەزانی"“ دوەمیان تەنیا جۆرە لاسایی کردنەوەیەکی هەر ئەو شتانەیە کە پێشتر لە زەینی مرۆڤ دا چاندویانە، کەوابوو درۆی پەتی نیە."، بەکارهێنانیشی تەنانەت هەندێ جار بە سودە (وەکو درۆ کردن لەتەك دوژمنان دا) واتە بنەمای داوەری کردنی ئێمە لەسەر ئەرکەکەی بنیات نراوە. بەڵام، بەهەرحاڵ شاعیر یا نیگارکێش لاسایی وێنەی ڕواڵەتی شتەکان دەکەنەوە ئەم وێنە ڕواڵەتیە، بە بۆچونی ئەفلاتون، خۆی بریتیە لە لاسایی کردنەوەی دواین بیرۆکەی شتەکان.

لەراستیدا هونەرمەند سێ پلە لە هەقیقەتی کۆتایی و سەرەکی دورە. لە کتێبی دەیەمی کۆماردا هاتوە کە هونەرمەند لاسایی لاسایی کردنەوە دەکاو لە هەقیقەت دورەو شیعر "دیوی ساختەی مرۆڤە"و لەم ڕووەوە کە سۆز هەست دەبزوێنێ زیانبەخشیشە. بەم چەشنە ئەفلاتون لاسایی کردنەوە ڕەت دەکاتەوەو شاعێر لە یوتۆپیا وەدەر دەنێ. بەڵام خاڵی سەرنج راکێش ئەوەیە کە ئەفلاتون خۆی دەکەوێتە نێو "کایەی لاساییگەری"یەوە. لە زۆربەی دیالۆگەکان دا، باسە سەرەکیەکان بە یارمەتی "نمونە گەلێك لە سروشت" دەسەلمێنرێن. هەندێکیان، چەشنی نمونەی بەناوبانگی ئەشکەوت لە کۆمار لە بنەڕەت دا فۆرمێکی چیرۆك ئامێزیان هەیە و بە تەواوی لەسەر ستونی لاسایی کردنەوە بینا کراون. [١٣٥] ژان

فرانسواليوتار بە ئاگادار کردنەوە لەم خاڵە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەفلاتون وەکورەخنەگری لاسایی کردنەوە، خۆی لاسایی کردۆتەوە. ئەو نمونەیەکی لە کتێبی حەوتەمی کۆمار هێناوەتەوە: چاکە بۆ بیرۆکەکان چەشنی خۆرە بۆ شتەکان و لەمبارەوە نمونەی زۆر دەتوانی بێنیتەوە .[١٣٦]ڕێگەی تێپەڕین لەو پارادۆکسەی کە ئەفلاتون لە گەڵیدا بەرەوڕو بووو،"مێتۆد"ی هەڵوەشاندنەوەیە. [١٣٧] چارەسەر ئەوەیە کە "سوکرات / ئەفلاتون" بە "سۆفیستێکی" تەواو پڕشانو شکۆ لەقەڵەم بدەین. بێگانەیەك کە لەنێو هەر کۆمەڵێکی نەناسراو هەڵوێستگەلێ وەردەگرێ کە لە یوتۆپیای کۆماردا شیاو نیە. گوایە لەپێش دانان ﴿Premise﴾ ی سەرەکی پەسەند دەکا کە هەر چەشنە بەیانکەری و خولقاندنەوەیەکی ئاخاوتەیی جیهان "چیرۆك ئاسا"یە.

بەپێی مێتۆدی دێریدا هەقیقەت نەك هەڵکشانی "موکاشفە" بەڵکو هەڵکشانی "داپۆشین"ە. ئەو شتەی ئەفلاتون بە "ئاراستەی چیرۆك ئاسا "ی هەقیقەت ناودێری دەکا، بەلای دێریداوە بنەمای کارە، واتە کردەی هەرە پێویستە لە هەڵوەشاندنەوەی دەقدا، ئەفلاتون پەنای بردە لاسایی کردنەوە، تا بتوانێ درۆی شاراوە لە هەقیقەت یا هەقیقەتی شاراوە لە درۆدا بناسێتەوە.

هەڵوەشاندنەوە لە ڕێگەیەکی دیکەوە بەدوی ئەم ئامانجە دەکەوێ. دێریدا دەریخستوە کە هەمو دەقێك "دو لایەن"ە، بەردەوام دو دەق لە یەك دەقدا هەن: "دوو دەق، دودەست، دو نیگا، دو چەشنە بیستن، پێکەوە و لە هەمان کاتدا تەنیان" ﴿١٣٨﴾ دەقی یەکەم، لەگەڵ ڕاڤەی کلاسیك دا دەگونجێ. بەپێی باڵادەستی کاتی ئێستا نوسراو" واتادارە" لوژیك و هەقیقەتەکەی دەتوانی بدۆزینەوە" هەمو شتێ لەوەدا بۆ بەرامبەرێتی دوانی دروست/نادروست دادەبەزێنرێ.

دەقی دوەم ـ دەقێکی دی کە لە هەمان کاتدا هەمان دەقە

"خوێنەری کلاسیك" گێژ دەکا" خاوەن واتا نیە. دەقی یەکەم هێمایە بۆ دەقی دوەم. لەنێوان دو دەق دا "هاونیهادەیەك" نیە، چونکە دەقی دوەم دژی دەقی یەکەم نیە. ناتوانین جیاکاریەك لە نێوانیان دابنێین. خوێنەری دەق پێویستی بە "دو زانست، دو چەشنە خوێندنەوە" هەیە. ئاخێوی متافیزیکی "دولایەن"ە و هەر دەقێکی فەلسەفی یا ئەدەبی هاوزادێکی هەیە. هەر دەقێك "فۆرمی ڕواڵەتی"ی خۆیەتی. لەنێوان دەقێکی ئەفلاتون و خۆی، لەنێوان دەقێکی هگیل و خۆی، جۆرە "توێخێکی بە زەحمەت درك پێکراو" هەیە، [١٤٠] کە ئەفلاتون گەرایی لەخۆی (وهگیل گەرایی لە خۆی) جیا دەکاتەوە. هێندە بەسە کە چەشنی جۆرە "کایە"یەك دەقی دوەم بە گرینگتر بزانین تا زانیاری سەرەتایی دەق لە "کۆمێدیای دەقی دوەم"دا بتوێتەوە و لە یادی بچێ. ئاخێوی متافیزیکی لە بنیاتی خۆیدا جیهان بە دو لایەن دەبینێ:

هەست لە بەرامبەر تێگەیشتن، جەستە لە بەرامبەر روح و ... بگەرێینەوە بۆ سەرەتای باسەکە. دیتمان کە بەرامبەرێتییە دوانییەکان سەرچاوەی متافیزیکی ئارایی بووون. هەر ئەم دو فاقیتێیە ئەگەری "تێپەڕین" دەڕخسێنی"و لە دەقیشدا هەر بەم جۆرەیە:دوو فاقێتی لەدەقدا دروستکەری تێپەرینە" جۆرە بەرچاوڕونیەك لە هەمو دەقێکدا هەیە کە بووارمان دەداتێ دەقی سەرەکی، یا خودی دەق بناسین. تەنیا وەکو نمونەیەکی ئاشنا کە پرۆسەی تێگەیشتن لە بەر

چاوەڕوانی دەق ئاسان دەکا، لە تیۆریی فرۆید لەمەڕ خولیاکان ورد بینەوە. بە چ جۆری، هەمو خولیایەك، چەشنی کەتوارێکی ڕون بۆ واتا یا واتاکانی دیکە دەگەڕێتەوە بە چ جۆرێ قەڵەمڕەوی ئەم واتایانەی دی، خۆی خولیا [یەك]ە. هەمو خولیایەك لە واتای ڕواڵەتی و واتای ناوەکی و لە "چرکە ساتە تێکچڕژاوەکان" پێکهاتوە. هۆگریی دێریدا لەئاست وشە دو ماناییەکان ڕەگ و ڕێشەی بۆ تێگەیشتنی ئەو دەگەڕێتەوە. بە ناوبانگترینی ئەم وشانە هەمان "فارماکۆن"ی ئەفلاتونە. وشەیەکی دی Supplementە بە واتای پەیوەست و لە ڕەگی لاتینی Supplementum وەرگیراوە. ئەم وشەیە دو واتای جیاوازی هەیە:

١)ـ شتێك کە بەسەر شتێکی (کامڵ)ەوە زیاد کرابێ و تەواوی بکات. هەر بەم پێیە بووو کە دێریدا نقیسیاری بە پەیوەستی گوتار دەزانی، واتە لە لێڵی واتا دوو لایەنەکان کەڵك وەردەگرێ.

نمونەیەکی دیکە:ـ وشەی Hymen کە مالارمە بەکاری هێناوە. ئەم وشەیە دو واتای"دژیەك"ی هاوسەرێتیو پەردەی کچێنی دەگەیەنێ. [ئەمانە] دو واتان کە ئارایی یەکێکیان ـ بەزۆری ـ پیواری ئەوی دیکەیانە. ئەم وشەیە، ناوێزەیە [١٤١]

نمونەیەك لە میتۆدی دێریدا لە هەڵوەشاندنەوەی دەقدا تاوتوێی دواین شیعری شیلییە بەناوی "سەرکەوتنی ژیان" ئەم وتارە دوو بەشە. بەشی سەرەکی لەژێر ناوی "ژیان بردنەسەر"ی دەقەو بەشی "لاوەکی" یا "پەیوەست" لەژێر ناوی "هێڵی سنوری" چەشنی پەراوێزێکی حەوت دێری لە سەرتاسەری لاپەرەکاندا هاتوە [١٤٢]. ئەم بەشە لە گوتارێکی زەینی دەچێ کە لەروانینی یەکەمدا لەتەك " دەقی سەرەکی وتارەکە" پەیوەندی نیە. ڕێکەوتی ڕۆژەکانی نوسینی ئەم "دەقی دووەم"ە لە دووتوێی ڕستەکان دا هاتوە، بە نیشانەی مەودای کاتی نوسین دەقی سێیەم (پەراوێز) لە دەقی دوەم ("تاوتوێ")و دەقی یەکەم (شێعری شیلی)" و مەودای کاتی نوسین لەگەڵ کاتی خوێندنەوە. تەواوی بەشی لاوەکی، یا پەیوەست، وەکو پەرەگرافێکە.

لە مژاری وەرگێڕانەوە بگرە تا ڕەگ و ڕیشەکانی چەمکی ژیان لە بەرهەمەکانی بلانشۆ، لە ئاپۆکالیپس تا چەمکی "ئارایی چشتی" لە هزر هایدگەر و گوڵی سور لە شێعرەکانی پونژ، لەودا دێن. [بەشی لاوەکی] لە هزرێکی بێ دابڕان دەچێ کە هەمو شتێ کە لە ژیان دا گرنگە دەگرێتەوە. دەقی "سەرەکی" لەسەر ئەم پرسیارە بینا کراوە:ـ "کێ لە مەڕ ژیانەوە دەدوێ؟" شیلی؟ بەڵام لە شێعری ئەودا، ناتوانی ئاخێوەر بناسیت. هەمو پرسیارێك دەتوانێ "بە دو چەمك" هەبێ:

١)ـ مانای واتا، یا مانای بەها" بۆ نمونە "ئایا ژین واتای هەیە؟"

٢)ـ مانای بووون" بۆ نمونە "گەوهەری ژیان چیە؟". شێعری شیلی لە ژین دەدوێ، بە کام لەم دوو واتایە؟ دێریدا شێعری شیلی لەتەك چیرۆکی "وەستانی مەرگ"ی بلانشۆ بەراورد دەکا، بەو مەبەستەی کە لە ڕێگەی سانای تێکشکاندنی قالبی چیرۆکەکە بلانشۆ بتوانێ راڤەیەك لە خاڵە هاوشێوەکانی لە شێعری شیلی دا بدۆزێتەوە. ئەو لە بەراورد کردنی ئەم دو دەقە پەی بەوە دەبا کە شیلی لە شێعری خۆیدا هەر لە بنەڕەتەوە بیری لە ژیان نەکردۆتەوە. ئەو لە وشەیەك دواوە کە گوێی بە واتادار ﴿Referent﴾ ەکەی نەداوە. پرسیاری

سەرەکی ئەو لە هیچکام لەم فۆرمە دا کە چەشنی دوچەشنە واتای پرسیارێك باسی لێوە کرا، جێی نابێتەوە. چونکە مەرگ هیچ پەیوەندیەکی بە "واتای بووون" و "مانای واتا"وە نیە. بە تەواوی بێ‌مانایە. [١٤٣].

مەبەستی دێریدا، لە یەکەمین نوسراوەکانی دا دەستپێڕاگەیشتن بە "نهێنی زانستی نوسین" بووو" زانستێك کە بە "گراماتۆلۆژی" ناودێری کردوە. ئەو ئەم زاراوەیەی دانەهێناوە" لە فەرهەنگی لیترەوە دەگێرێتەوە کە :"توێژینەوەی پیتەکان، ئەلف و بێ‌و بڕگەکان لە خوێندنەوە و نوسین"و هێماش بۆ کتێبی لەبیرکراوی گێلب دەکا. [١٤٤] بەلاّم گراماتۆلۆژی بەلای دێریداوە واتایەکی فراوانتری هەیە" ڕێنوێنیکەری ڕەخنەیەکە لەسەر متافیزیك ڕەگ و ریشەکانی نوسینی دەنگەکان و هەولّدەدا بە ڕەتکردنەوەی گرنگی ڕێسا فۆنۆلۆژیکی‌یەکان لە هونەری تۆمارکردن و نوسین دا، سیمبوولی کردەی زمانی بباتە سەرەوەی گوتارەوە.



دێریدا گوتویەتی :"نوسینی دەنگەکان، چەقی ئەو هەمو ڕوداوە مەزنە متافیزیکی، زانستی، تکنیکی‌و ئابووریەی ڕۆژئاوا لە چوارچێوەی کاتدا گەوهەری زمان لەم سیمبۆلە نڤیسیاریە واتە لە نوسینی دەنگەکان تێدەپەڕێ‌و دروست لە بەرئەم هۆیە دەتوانین بنەمای ئاخاوتەی نڤیسیاری‌و گوتاری تێکبشکێنین.

گراماتۆلۆژی زانستێکە کە جیاکاری بە بنچینەی کاری خۆی دەزانێ" ئارایی بەلاوە دەنێ‌و لەمتافیزیکی ڕۆژئاوادا پەیجۆری کاریگەری ئەم دو خالّە دەبێ. ئەمە زانستێکە کە دواجار، دەبێ نیشان بدا کە بە چ جۆری بڕوا هێنان بە هەقیقەت خۆی بەرەنجامی مێتۆدگەلێکە کە لەسەر بناغەی جیاکاری دانراوە. بەلاّم دێریدا زۆرجار دوپاتی کردوەتەوە کە هەر لە بنەڕەتەوە بڕوا هێنان بە زانست یا "ـــــ ناسی" خۆی پەیوەستە بە ئاخێوێکی ئاخاوتەتەوەری و ئامانجی هەلّوەشاندنەوە جگە لە ڕەت کردنەوەی ئەم باوەڕانە شتێکی دی نیە. دژواری کاری دێریدا لە تێپەرین لەم پارادۆکسەوە ئاشکرا دەبێ: بۆ سەلماندنی ئەمە کە بڕوا هێنان بە هەقیقەتی لەخۆوە ئاشکرا (ئامادە) هەلّەیە، ناتوانی زانستێك پەسەند بکەیت (و مێتۆدەکانی بەکار بهێنی) کە چەمکی ناوبراو لاپەسەندە. بۆ لەناوبردنی مەودا لە ئاخاوتەدا ناچارین لە گوتار یا نڤیسیار کە لە گەوهەری خۆیاندا هەلّگری مەودان کەلّك وەرگرین. بۆ دەرخستنی ڕوانگەی بەهادانەر (و پشت بەستو بە هیرارکی بەها دانەرانە) لەبەرامبەرێتیە بوونیادیەکانی متافیزیکی ڕۆژ ئاوایی ناچارین کە ڕایەك لە بەرامبەر ئەو ڕوانگەیە دا قوت بکەینەوە و "لۆژیکی ناوەکی" ناوبراو پەسەند بکەین.

ئامانجی لەنێو بردن یا تەنانەت ڕونکردنەوەی "ئاخاوتەتەوەری" جگە لە ڕێگەی بەکارهێنانی مێتۆدەکان‌و بەرەنجامەکانی مەیسەر نابێ. [١٤٦]. ئێستا بەکارهێنانی ئامرازو دیدی پشت بەستو بە جیاکاری لە هەمو چەشنە بەرەورو بوونەوەیەك لەتەك "ئاخاوتەتەوەری" دواین چارەسەر دێتە بەرچاو، دێریدا کاری خۆی نە لە ئاستی نوسینی "هزرێکی تازە" (کە دروستکەری ئەم گومانەیە کە واتایەکی نوێ یا تێگەیشتنێکی تازە لە واتا لەگۆڕێ دایە) بەلّکو لە ئاستی کاری مێتۆد ناسێکی هزرە کۆنەکان قەتیس دەمێنیتەوە.

ئەو خۆی گوتویەتی کە هەمو بەرهەمەکانی شتێ نین جگە لە "بەراوێز گەلێك لەسەر دەقە پێشینەکان". جارێکیش گوتویەتی: "بەڵێ، لەو وشەی کە گوتومە، گوتەی پێشینان زۆرە. باشتر وایە بڵێم ڕەنگە لە هەر شتێکدا کە وتبێتم " [١٤٧] دێریدا پێشترو زیاتر لەهەر شتێ خوێنەرێکە. خوێنەرێك کە بە شێوەیەکی بەردەوام لەمەڕ چیەتی خوێندنەوە تێدەفکرێ. لە هەڵوێستەکاندا هانری ڕۆنس لێی دەپرسێ کە ئایا بەبۆچونی ئەو دەتوانین لە متافیزیك، ئاخاوتەتەوەری یا لە نوسینە تەوەری واز بێنین؟ دێریدا وەڵامی دایەوە کە بەڕاستی ناتوانین" بەڵام لانیکەم بە جێگر کردنی خۆمان لە ئاست کەوشەن [ێکی دیاریکراو]دا دەتوانین شوێنگەی ڕاستەقینەی خۆمان دیاری بکەین. دێریدا پێی داگرت کە ئەگەر شتێك دەتوانین بڵێین، [هۆیەکەی ئەوەیە کە] جۆرە لوژیکێکی ئاراییمان پەسەند کردوە و ئەگەر بمانەوێ لەو لۆژیکە دور کەوینەوە "ئەوکات شتێکمان نیە بۆ وتن" [١٤٨]. سارا کۆفمەن ئەم خاڵەی بە٧٦بالاّدەستی دەنگ" ناودێر کردوە. هەمو دەنگێك بەمانای ئارایی زایەنەریەتی (لانیکەم لە چرکە ساتی سەرهەڵدانی دا). دێریدا لە"هاوسێیەتی دەنگو بوون، دەنگو واتای بوون و ئایدیالی واتا" دواوە. [١٤٩]. لە راستیدا دەبێ ئاخاوتەتەوەری بە "ئاخاوتەی دەنگ تەوەری" بزانین [١٥٠]. گراماتۆلۆژی بە مانای پێویستی زانستێکە کە گومانە هەڵقولاّوەکان لە "ئاخاوتەی دەنگ تەوەری" ئاشکرا دەکاو هەڵبەت لەمەڕ سنوردار بوونی "خودی ئەم زانستە"ش [ئەم گومانە] هەیە. ئەم سنورداریە زادەی چەمکی کلاسیکیی زانستە کە پرۆژە، چەمکەکان و ڕێساکانی بە شێوەیەکی بنیاتیو شێوەدار لەسەر بنەمای متافیزیك دانراوە. [١٥١] کەوابوو دەتوانین بڵێین گراماتولۆژی هەم زانستی نوسینەو هەم ڕەخنەکردنی ئەم زانستەیە. بەپێی شێوەی دەربڕینی دێریدا دەتوانین بڵێین [گراماتولۆژی] لە هێڵی سنوردایە.

تێبینی وەرگێڕ:

[*] متافیزیکی ئارایی : متافیزیکی رۆژئاوا بە ڕای دێریدا، واتە متافیزیکێك کە پڕیشکەکانی لە زمان و سیمۆلۆژی دا هەن، کەوابوو لە کۆیاد و عەقڵی ڕۆژئاواییش دا هەن.

[**] خەڵکی شیلی، بە عەرەبی (چیلی).

[***]: تێبینی لە نوسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕ نیە.

[o]: تێبینی لە نوسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕ نیە.

[o o ]: تێبینی لە نوسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕ نیە.

[ o o o ]: تێبینی لە نوسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕ نیە.

[■]: تێبینی لە نوسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕ نیە.

پەراوێزەکانی پاری دوازدەهەم


1. E. Husserl, Lacrise des sciences europeennes et
2. La PhenomenoLogie transcendan – tale, trans. G . Granel, Paris, 1976. PP.403 – 427.Ibid.,P.I.N.
3. J. Derrida, La voix et Le Phenomene, Paris, 1967.
4. J. Derrida, L’ecriture et La difference, Paris, 1967.
5. J. Derrida, De La grammatologie, Paris, 1967.
6. J. Derrida, Position, Paris, 1972.

7. J. Derrida, La dissemination, Paris, 1972.
8. Ibid., PP.337 – 338
9. J. Derrida, Glas, Paris, 1974

11- وشەی Glas لە ساڵی ١٥٦٠ بەولاوە لە زمانی فەرەنسی دا بە واتا دەنگی ناقوسی مەرگ و لە ساڵی ١٨٨٠ بەملاوە بەواتای زەنگێك کە کۆتایی شتێ ڕادەگەیەنێ بەکار هاتوە:

Lexis, Paris, 1979, P.839
12-J. Derrida, Glas, P. 232.
13-J. Derrida, Eperons, Les styles de nietz sche, Paris, 1978
14- J. Derrida, otobiographies, Lenseignment de nietzche et La Politiquedu now proper, Paris, 1984. ٧٨
15-J. Derrida, La carte Postale, de socrate a freud et eu – dela. Paris, 1980.
16-J. Derrida, otobiographie٧٨, P.56.
17-J. Derrida, schibboleth, Paris, 1986.
18-J. Derrida, signeponge, Paris, 1983.

ئەم کتێبە سەرەتا بە زمانی ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٨٣ لە دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی زانکۆی کۆلۆمبیا وەرگێڕدرا بوو و بڵاو کرابۆوە.

19-J. Derrida, D'un ton apocalyptique adopte nau, uere en philosophie, Paris, 1983.

20-J.DERRIDA,la verite et en peinture,paris, 1978
21-J. Derrida, psyche, inventions, de l autre, Paris, 1986.
22-J. Derrida, de l esprit, heid eqqer et la question, paris, 1987.
23-V. Farias, Heideqqer et la Nazism, tron M. Benarroch and J.B Grasset, Paris, 1987.
24-M. Heideqqer, reponses et question sur I histoir et la Politique, tron .J. Laumay. Paris, 1977
25.J. Habermas, martin heideqqer, Loeuvre et la I engagement, tran. R.Rochlitaz, Paris, 1988.

26- هزری فەلسەفی هایدگەر، لەپاش شەڕی دوەمی جیهانی، کارێگەری زۆری لەسەر هزرڤانە فەرەنسی‌یەکان داناوە. لەم ڕوەوە مشت و مەڕ هایدگەر لە هێچ شوێنێ بەقەد فەرەنسا، دەنگی نەداوەتەوە.

27.J. Derrida, ulysse gramophone, deux mots pour, Paris, 1987.

28.J. derrida. Memoires, for Paul de man columbiau.P., 1986.

29.J. Derrida, Parages, Paris, 1988.

ناو نیشانی ئینگلیزیی ئەم کتێبە (کە دێریدا سەرەتا دەقەکەی بە ئینگلیزی نوسیوە و بڵاوی کردۆتەوە) کە وشەکان و تا ڕادەیەك "لێوارەکان"ە.

30.I. salvinszky ed. Criticism in society, London, 1987, p.22.
31.Ibid, P.24.

دێریدا لەم وتووێژەدا بە کورتی باسی لە کاری دواتری خۆی کرد:"بابەتەکەی بریتی دەبێ لە بەرهەمەکانی ڕۆمانتیك خوازە ئینگلیزیەکان".

32.J. Derrida, Psyche, PP. 273 – 304.
33.Lesfins de I home, apartir du travail de Jaques Derrida, colleque de cerisy, Paris. 1981, P. 213>
34.M. montaigne, Essais, Paris, 1973, vol.I. PP.265 – 279.

مەولاناش سەبارەت بە هاورێی لەدەستچووی خۆی سەلاحەدین زەڕکوب دەڵێ:ـ
"لەم ماتەدا مەخابن نەما تاقەتی گوتنم
تا وێنەیەکت پێشاندەم لە تاوا چەشنی گریاوە".
کلیات شمس، نصحیح ب. فروزانفر، تهران، ١٣٥٥، ج ٥، ص ١٤٨.

٣٥-لەنێو ئەو کتێبە زۆر و زەوەندانەی کە بارەی ڕونکردنەوە بیرۆکەکانی دێریدا بڵاو بوونەتەوە، یەکێکیان ورد و ڕونکەرەوەیە:ـ
C. Norris, Derrida, Harrardu. P., 1988

٣٦-"بنیاتی فەلسەفی بزوتن، بەرزە ئاستیـیە":ـ

M.C.Taylor, Deconstruction in context, Chicago u .p.,1387
لە مەڕ بڕوا هێنان بەرزە ئاستیی پیاو بڕوانە:ـ
J.Derrida. feuto cender, Paris, 1981.

٣٧. بڕوانە:ـ
H. Feleprin, Beyond Deconstruction, oxfourd u.p.,1985.
گرنگی ئەم کتێبە لە بەراورد کردنی هەڵوەشاندنەوەیە لەتەك "ڕێبازە ئەدەبیەکان"ی پێشو و هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی کۆمەڵێك لە چەمکەکانە.
هگێل دەیوت کە جیاکاری خۆی لەخۆیدا دروستکەری دژیەکە.
٣٨. بەڵام دێریدا هەوڵدەدا پێمان بسەلمێنێ کە جیاکاری گەلێکی تەباو نادیالکتیکی هەن:ـ
V.Descombes, le meme et I autre, Paris, 1986, P.160
39. J.Derrida, marges de la philosophie, P.48.
40. J. Derrida, psyche, P.393.
توشی هیگۆ ئیزۆتسۆ بە شێوەیەکی تایبەتی لە بwاری فەلسەفەی ئیسلامی توێژینەوە ئەنجام دەدا و چەند کتێبێکی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی.

42. enteretiens avec “lemonde’:philosophies. Paris, 1984, PP.84 – 85.
43. J. Derrida, Psyche, P.234.
44. V. Descombes, op.cit.,P.98.
کە Poetics ٤٥. "ئامانجی هەڵوەشاندنەوە هێنانە گۆڕی تیوریی ئاخێوی فەلسەفی‌یە، چەشنی ئەویش تیۆری ئاخێوی ئەدەبی‌یە":ـ
V.Descombes, op.cit.,P98.
46. J.Derrida, Ladissemination,P.9.

47. L.Ferry and a.Renaut, Lapesee68, Paris, 1988, PP.231-232
48. Aristotle, The works, volxi, Rhetoricol, ed .w.d. Ross, oxfourd, 1971. 1449. b.
49. .J.Derrida.positions,p.28
50. J.Derrida, De La grammatologie, PP. 67 – 68.

51. J. Derrida, Postitions, P.41.
52. R. Barthes, Essais critigues, Paris, 1964, P.218.
53. J.Derrida, Lecriture et difference, PP. 409-470.
54. Ibid., D. 66.
55. J. Derrida, De La grammatologie, p. 227.
56. M. Heidegger, on the way to Languge, tran. P.D Hetz, newyork, 1971, P . 134
57. F. Nietzcke. The will to power, trans. W. koufmann, newyork, 1968, P.283.
59 ( دەق نیچەش تێپەڕاندنی .Trans Portation.ی بە مانای وەرگێڕان بەکار هێناوە
60. J. Derrida, Positions, P. 31.
61. M. Heidegger, Questions, Trans .H. Corbin et al. Poris, 1976, Vol.1.PP. 195- 252.
62. J. Derrida, Marges de la philosophie, P. 29.
63. J. Derrida, De La gramatologie, P. 69.
64. w.shakes peare, the complete works, eds. S . wells, and G . taylor, oxford, 1986, P. 388.
65. w. Shakes Peare, the complete works, eds. S. wells, and G. Taylor, Oxford, 1986, P. 388.
66.J. Derrida, De La grammatologie, P.74.
67. J. Derrida, De La gramatologie, P. 308.
68. Ibid, P. 72.
69. Ibid, P. 31.
٧٠. چەمکی "رابردووی ڕەها" لە کتێبی لەبارەی گراماتۆلۆژی دا هاتووە:
.Ibid, P. 97.
71. J. Derrida, L' ecriture et La difference PP. 293 – 340.

چەمکی "ڕابردووی ڕەها" لەم کتێبەدا، لە وتاری گرنگی "فرۆید و گۆڕەپانی نقیسیار" ڕونکراوەتەوە.
٧٢. لەمەڕ نزیکایەتی هەڵوەشاندنەوە و هزری مارکس بڕوانە:-
M. Ryan, Marxism and Deconstuction, A critical Articulation, the John. Hopkins U. P., 1982.
لە بوواری پەرەگرتنی باسەکانی پاش پێکهاتەگەرایی لە قەڵەمڕەوی کۆمەڵایەتیدا بڕوانە کتێبی گرنگی گیلین ڕۆز:-
G.Rose, Dialectic of nihilism, post – structuralism and law, London, 1987.
73. J. derrida, De La gramatologie, P. 89.
74. M Heidgger, Hegel's concept of Experience Newyork, 1970, P.7.
وەرگێڕە ئینگلیزیەکە ناوی خۆی ئاشکرا نەکردوە. وتارەکەی هایدگەر لە کتێبی تولە ڕێگاکان (Holzwege)دا هاتووە:-
M. Heidgger, chemins quine menent nulle Prt, tran.
W. Brokmier, Paris, 1968, PP. 101 – 172.
پوختەیەك لە ڕەخنەی هایدگەر لەسەر هێگل لە وانەگەلێك دا کە هایدگەر لە زستانی ٣١ – ١٩٣٠ لەمەڕ چەمکی "ئاگایی" لە دیاردەناسی رۆحدا پێشکەشی کردو چەشنی بەرگی سیو دوەمی کۆی بەرهەمەکانی بڵاو کراونەتەوە، بەدی دەکرد:-
M. Heidgger, La "PhenomenoLogie de delespart" de hegel, tran. E. martineau, Paris, 1984.
75. M. Heidgger, Hegel's concept of Experience, PP. 124– 125.
76. J . Derrida, De La gramatologie, P. go.
77. C. Levi – strauss, La Pensee sauvage, Paris, 1972, P. 15.
78. J. Derrida, L' ecriture et La difference, P. 417.
٧٩. حوکمەکەی لێۆشتراوس دژی باسەکەی دیلتایە کە زانستە مرۆڤایەتیەکانی بەو هۆیە لە زانستە سروشتییەکان بە جیا دەزانی کە لە یەکەمیان دا ئێمە خۆمان دەزانین چ دەزانین و چمان دروستکردوە و

"نیاز" و "ئامانج"مان ئاشکرایە، بەڵام لە دوەمیان دا ڕێسای دروستکردن، لە دەورەی زانیاری پێشوماندایە. بڕواننە پاری حەڤدەهەمی ئەم کتێبە.

80. J. derrida, L’ecriture et la difference, P.419.

81. J. Culler, structuralism and poetice, London, P. 14.

82. R. Jakobsonand E.Halle, Fundamentals of Language, the hague, 1965, P. 4. PP. 47 – 49

لیۆشتراوسیش بە بەرامبەرێتی‌یە دوانی‌یەکان بە گرینگترین ئەرکی زەینی مرۆڤ، لە فۆرمالیزە کردنی واتاکان دەزانێ: "ئەم لۆژیکە سەرەتاییی‌یەکە بچووکترین یەکەی دەیتنیشان کەری هزرە":-

C. Levi – strauss, totemisim aujourdhui, Paris, P. 130.

ئەم کتێبە لئۆشتراوس کراوەتە فارسی:-

گ. لوی استروس، توتمیسم، ترجمه م. راد، تهران، ١٣٦١.

٨٣. یاکۆبسێن زاراوەی ئاڵمانی Markی بەکار هێنا کە لە وەرگێڕدراوە فەرەنسی‌یەکەی دا لە وشەی Borne کەڵك وەردەگرن و لە ئینگلیزیەکەیدا Traceی پێ دەڵێن.

84. R. Jakibson and K. Pomorska, Dialogues Cambridge, 1983. PP. 93 – 98.

85. Ibid., P. 95.

86. Ibid., p. 91.

٨٧. افلاتون، دور اتار، ترجمه م ز ح ز لتفی، تهران، ١٣٦٧، ج ٣، ص ص ١٣٥٤ – ١٣٥٣.

لەم هەمدیس وێژیەدا، ئاخێو (سخن. ف) بە واتای ناسراو وئاشنای وشە، وەکو هاوواتای لێدوان و قسەکردن هاتوەو بەواتای Discours کە لە سەرتاسەری کتێبەکەدا بەو واتایە بەکار هاتوە، نیە.

٨٨. هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ١٣٥٢

٨٩. هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ١٣٥٣

٩٠. هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ١٣٥٤

بەڵگە هێنانەوەی تامۆس ئێستاشی لەگەڵدابێ لایەنگری خۆی هەیە.

ئۆمبێر ئێکۆ لە دواندەری خۆی لە ڤینێز (ژانویەی ١٩٨٨) بە وەبیرهێنانەوەی وتاری فایدرۆس گوتوویەتی کە لەتەك بەڵگە هێنانەوەی تامۆس تەبایە:-

Magazine litteraire, fevier 1989, P. 35.

91. J. Derrida, marges de la philosophie, P. 376.

92. P. soller, logigues, Paris, 1968, PP. 237 – 238.

93. A. Thibaudet, Physiolgie de la critique, Paris, 1930, P. 41.

94. Ibid.,P. 48.

لە فارسی و عەرەبی دا، (کتابت.ع) بە هاوواتای (نگارش. ف = نوسین ك) دەزانین و (کاتب) بەمانای نووسەر بەواتای رەها کە:-

نوسەری کتێب، نامە، وتار و تەنانەت وشەیی و پیتی. بەڵام Biblosnی یۆنانی و Bibliaی لاتینی تەنیا مانhای [نوسەری] کتێب دەگەیەنن نەك نڤیسیاری و تۆمارگەری.

95. W. Benja,in, Reflections: Essays, Aphorisism and Autobiographical writings, ed . P. Demetz, newyork, 1979, P. 66.

96. J. Derrida, L’ecriture et la difference, P. 293.

97. F. de saussure, cours de linguistigue generale ed, t. de maro, Paris, 1979, P. 45

98. R. jakobson and k. Pomorska, op. cit., P. z1.

٩٩. بڕواننە وتاری "سروشت، کولتور، نڤیسیار" لە:-

j. derrida, de la grammatologie, PP. 149 – 202.

لێرەدا دێریدا رەخنە لە پاری بەناوبانگی "وانەیەك لە نڤیسیار" لەکتێبی لیئۆشتراوس دەگرێ [بەناوی] گەرمێنی‌یە خەمبارەکان:

C. levi – strauss, Tristes tropiues, Paris, 1962, P 266.

لئۆشتراوس لەم پارەیەدا گوتوویەتی کە ژیارگەلێ هەبووون کە خاوەنی نڤیسیار نەبووون و گەیشتۆتە ئەو ئامانجە کە ئەم تیۆریە کە پێی وایە نڤیسیار و زمان لەیەك کاتدا سەریان هەڵداوە، هەڵەیە.

١٠٠. هەمدیس وێژیەکی ویکۆ لەم کتێبەی خوارەوە وەرگیراوە:-

c. hagege, l’homme de Paroles, Paris, 1987, P. 92.

101. j. Derrida, de la grammatologie, Pp. 203 – 204.

102. Ibid., Pp. 215 – 216.

103. aristole, organon, tran.J. Tricot, Paris, 1969. PP. 77 – 78>

ئەم ڕستەیە، لە دەسپێکی تێزەکەی ئەرەستۆ هاتوە و بە "پاتۆری ١٦ A" ناسراوە. سیمبۆل و نیشانە لەم دەقەدا بە یەك واتا هاتوون.

بەڵام نیشانە لە بەرهەمەکانی دیکەی ئەرەستۆدا واتایەکی دیکەی هەیە.

١٠٤. ناصر خسرو، زادالمسافرین، تصحیح م. بزل الرحمن، چاب دوم، تهران، بی‌تا، ص ١١

١٠٥. هەمان سەرچاوەی پێشوو ١٥.

ئەم گوتەیەی ناسر خوسرەو تەنیا نمونەیەکە کە متافیزیکی ئارایی ئاشکراتر پێشان دەدا، ئەم جۆرە نمونانە کە نین: "بزانە کە ئاخاوتە بەبێ دیاربوونی ئاخێوەر ناتەواوە. ئاخاوتە ڕازێنەرەوەیە دیاربوون بە مانای بەرجەستە و دیاربوونە ... ئارخەیانی کاتێ دێتەدی کە ئاخێوەری ئاخاوتە ببینرێ ... ئەرخەیانی هەمەلایەنانە بریتیە لەوەی لە کاتی بیستنی قسەکانی بشیبینی."

سعدالدین حمودیه، المصابح فی اتصوف، تدوین ن، مایل هروی، تهران، ١٣٦٢، ص ١٢٨.

عەتتار [نیشابووری] لە زاری ئەبولحەسەن خرقانیەوە ئەم قسەیەی بە کورتی دەربریوە: "... و گوتی: ئاخاوتە بەبێ بینین [بەدڵ] مەیسەر نابێ":-

عتار نیشابووری، تزکرەالاولیاو، تصعیع م، استعلامی، تهران، ١٣٦٣، ص ٧٠٤.

106. J. Derrida, l’ecriture ed difference, P.18.

107. J. Habermas, le discourse Philsophique de la modernite, tran . c. Bouchind – home, and R. Rochlitz, Paris, 1988, P. 195.

108. J. Derrida, l’ecriture et la difference, P. 21.

109. J. habrmas, op. cit., P. 196.

110. H. Bloom, kabbalan and criticism, newyork, 1975, P . 52.

111. S. Handel,am. “Jaques Derrida and the Heretic Hemeneutics”. M. Krapnicked, Displacement, Derrida and after, Indiaa u. P., 1983, PP. 98 – 129.

112. Ibid., p. 115.

و بڕواننە وتاری گرنگی دێریدا لەمەڕ لویناس:-

J. Derrida, l’ecriture et la difference, PP. 117 – 288.

١١٣. چاخی نوێ [ئینجیل] "نامەی‌دووەمی پۆلیسی پەیامبەر بۆ قەرەنتیان." بابی ٣، ئایەتەکانی ٢ تا ٦.



114. C.S. Peirce, collected papers, Harvard U.P., 1958, Vol. 2, PP. 136 – 137.

١١٦. بۆ تێگەیشتن لە پێوەندی فیکری دێریدا لەگەڵ نەریتی دیکارتی بڕواننە:-

D Judovitz. “Derrida and Descartes”, H. J. silverman ed, Derrida and Decon struction, London, 1989, Pp. 40 – 58.

117. J. derrida, postitions, P. 16.

118. . Ibid., P.18

119. Ibid., PP. 58 – 59.

120. J. Derrida, la disseminations, PP. 70 – 71.

١٢١. لە هەندێ لە وەرگێڕدراوەکانی فایدروس، بۆ نمونە لە وەرگێڕاوی فارسی‌دا وشەی فارماکۆن وەرنەگێڕدراوە. لە وەرگێڕانە فارسی‌یەکە دەخوێنینەوە کە: "بەڵام ئەمڕۆ تۆ ئامرازێکی باشت پەیدا کرد کە منت هێنا دەرەوەی شار":-

افتاگون، دور اتار، ج ٣، ص ١٢٩٥.

١٢٢. هەمان سەرچاوەی پێشو، ل ١٣٤٣.

١٢٤. هەمان سەرچاوەی پێشوو بەرگی ١، لاپەڕەکانی ٢٠٣ – ٢٠٤.

125. Plato, symposium,  tra .w. Hamilton, London, 1978, P. 82.

وەرگێڕانی فارسی ئەم ڕەستەیە وەردنیە:

افلاتون، پیشین، ج ل، ص ٤٥٤

126. derrida. Ladissemiation, P 153

١٢٧. بۆ نموونە چنین لە برگەی ٢٧٧ی "پیاوی سیاسی" دا هاتووە، کە لە وەرگێڕانە فارسسیەکەدا بە "کاری دەست" وەرگێڕدراوە:- افلاتون، پشین، ج ٣ ص ١٥٨٩. هەروەها بڕواننە:-

R. Gasche, the Tain of the mirror: Derrida and the Philosophy of Reflection, Harvard u .P., 1986, P. 95.

١٢٨. و. بنیامین، نشانەای بە رهایی. ترجمە ب. احمدی، تهران، ١٣٦٦، ص ص ٩٩ – ٩٨.

129. J. Derrida , postionse, P. 62.

130. J. Derrida, L’ecriture et la difference, P. 18.

131. Ibid., P. 255.

132. J. Derrida, Postitions, P. 92.

133. Ibid., P. 93.

134. J . Derrida, “economimesis”, mimesis des articulations, Paris, 1975.

135. J. F. Lyotard, Le differend, Paris, 1983, P. 42.

١٣٦. بڕواننە پەیوەستی سێیەم لە کۆتایی ئەم کتێبە.

١٣٧. دێریدا هەڵوەشاندنەوە بە مێتۆد نازانێ: تەنانەت بە تاووتوێ یا ڕەخنە گرتنیشی نازانێ: "هەڵوەشاندنەوە مێتۆد نیە و ناشبێتە مێتۆد. بە تایبەتی ئەو تێگەیشتنەش نیە کە تکنیك کاران بە مێتۆد دەیناسن ... بۆ ئاستی ئامرازێکی مێتۆد دۆلۆژیك دا نابەزێ ... نە کردەیە و نە کردەوە":-

J. derrida, Psyche, PP. 390 – 391.

138. Jderrida, marges de la philosophie, P. 75.

139. Ibid., PP. 76 -77

140. J. Derrida, la dissemination, P. 235.

141. Ibid., P. 257.

142. J. Derrida, “Loving on: Borderlines”, H. Bloon et el, deconstruction and criticism, trans.

J. Hulbert, Newyork, 1979. ٨٨

١٤٣. ئەم ڕاڤەیەی دوو دەقی دێریدا و شێعری شیلیە "حاشا هەڵنەگر و کۆتایی" نەزانن: هیوادارم تەنیا زەوقی خوێندنەوەی "دەقەکانی" دێریدا و شیلی بوورژێنێ.

144. J. Derrida, de la grammatologie, P. 13n.

هێمای دێریدا بۆ ئەم کتێبەی خوارەوەیە:-

J. Gleb, astudy of writing, the foundation of Grammatology, 1952.

145. J. Derrida, op. cit., P. 21.

١٤٦. گراماتۆلۆژی زانستی Grammeیە کە بەمانای هێما یا مۆری نوسراوە و Logieیش لە Logosوەرگێڕاوەکەیەکێ لە واتاکانی لە ڕیشە یونانیەکەی دا یاسایە. بەپێی باسەکەی دێریدا دەبێ مۆری نوسراو باڵادەستی "یاسا" یا "ئاخاوتە" لە ناوببا [!!]

147. D. wood and R. Bernasconi eds, Derrida and difference, Northwestern U.P., 1988, Pp. 83 – 95.

گوتەی دێریدا لەم کتێبەدا لە کۆنفرانس لەمەڕ چەمکی جیاکاری لە سۆربۆن (١٩٦٨) وەرگێڕاوە.

148. J. derrida, Positionse, PP. 21 – 22.

149. J. Derrida, de la grammatologie, P. 23.

Logophonocentrism

١٥٠. "ئاخاوتەی دەنگ تەوەری" لە بەرامبەر هاتووە.

151. J. derrida, postions, P. 22.

# پاری سێزدەهەم

# ئاخاوتە و واتا: نیچە، هایدگێر، فرۆید.

**کۆتایی پێدێ و ئیدی کاتی ئەوە نەماوە تا لە هەقیقەتی "ئاخر زەمان" بدوێین.**

**دێریدا.**

له تابلۆی شێوەکاری بەناوبانگی ماکس ئێرنێست بەناوی "بەلێنگەی هەڤالان" کۆڕی یارانی سورڕیالیست لەگەڵ دۆستۆفسکیو ڕافائل له دەشتێکدا بەلێنی دیداریان هەیە. ماکس ئێرنێستو ژان پولێن لەسەر ئەژنۆی دەستۆفسکی دانیشتون، وەك بلێی ئەم دوانه منداڵی نازپەروەردەی ئەو پیاوه مەعنەویەن. گەر وێنەیەکیش بۆ دێریدا و هاوڕێیانی بکێشینەوه بێگومان دێریدا سەری سوڕ دەمێنێ گەر بێتوو سەر بخاته سەر ئەژنۆی نیچه یا بچێته ئامێزی هایدگێرەوه. بەڵام خاڵی سەرنج ڕاکێش ئەمەیه که بزانین چ "دۆستان"ێك له بەلێنگەی هەڵوەشاندنەوەدا ئامادە دەبن. پەی بردن بەم خاڵە نەك تەنیا زانینی "ڕەچەڵەکی هزرەکانی دێریدا"یه بەڵکوو ڕێ خۆشکەری چارەسەر بوونی زۆر له ئاڵۆزیەکانی هەڵوەشاندنەوەش دەبێت. زۆرکەس لەو باوەڕەدان ڕۆسۆ گەورەترین کاریگەری لەسەر هزری دێریدا داناوە. پۆل دێمان نووسیویەتی: "ڕۆسۆ بۆ دێریدا وەکوو واگنێره بۆ نیچه. لەبارەی گراماتۆلۆژیەوە له هەموو شتێ له تێزێك بۆ چاوگەی زمانەکان دەچێ. لەم بەراوردەدا، ئەم خاڵە گرنگ نیه که واگنێر ڕۆڵێکی پۆزەتیڤی له کامڵبوونی هزری نیچەدا هەبووە، بەڵکوو ئەوەی که گرنگه ئەوەیه که ڕۆسۆ دەمامك یا ڕەنگه بتوانین بڵێین وێنەی نیگەتیڤی دێریدایه". (١).

بەڵام دێریدا خۆی پێی لەسەر ئەوه دادەگرێ که جۆیس زیاتر له هەر کەسێکی دی ئەوی فێرکردوە. ئەو وتاری "ژەهر- دەرمانخانەی ئەفلاتوون"ی خۆی به دەربڕینی هەمان ئەو شته دەزانێ که له نێوان شم و شانی جمك (دوو کەسێتی چیرۆکی جۆیس)ی دوا کتێبی جۆیس Finnegans wake ئاڵوێر دەکرا:- "سەر تا سەری وتارەکه شتێك نیه جگه له خوێندنەوەی کتێبەکەی جۆیس [٢].

دێریدا ئەوەشی گوتووه که تەنانەت سەردێڕی پێشگوتارێك که لەسەر وەرگێڕ دراوی بەشێك له کتێبی واربۆرتین بەناوی وتارێك لەمەڕ هێرۆگلیف نوسراوه، له کتێبەکەی جۆیس دا دۆزیویەتەوه، که وشەی Scribble [٢]ه و دەنگی ماتەم یش به "دەربڕینێکی تری" ڕۆمانی جۆیس دەزانێ. [٣].

فلۆبێر ئارەزووی خولقانی کتێبێکی دەکرد که "شتێ نەڵێت و لەبارەی هیچەوه بێ". دواین ڕۆمانی جۆیس کتێبێکی لەم چەشنەیه، یا لانیکەم لەم ئایدیالەوه زۆر نزیکه: ڕۆمانێکی هەڵوەشێنەرە، چۆنکه دروستکەری واتا نیه. بیشاپ گوتەنی "تەواوی پیته چاپکراو و وشەکانی دواین ڕۆمانی جۆیس، تەنیا گەێنەر گەلێکن که واتا دەشارنەوه. ئەم وشانه هەرگیز لەلایەن وشیاری ئەدەبی و وشەیی خوێنەرەوه ئاشکرا نابن" [٥].

ڕۆمانەکەی جۆیس بەرهەمی زمان نیه، بەرهەمی ئەو وشتەیه که ژاك لاکان به Lolongue ناودێری دەکرد، [٦] واتا زمانی زەینی ئێمه که بەهەڵه پێیان وایه "لادان له زمانی پێوەر"ە، لەکاتێکدا زمانی سروشتی‌یه به واتای تەواوی ئەم زاراوەیه. ئەم زمانه ئێمه لەگەڵ ئەو شتەی که جۆیس به "مۆتەکەی نڤیسیار" ناودێری کردوه، هاویار دەکا و ناوێکی دیکەی ئەم هاویاریه "هەڵوەشاندنەوه"یه. مێتۆدێك که دێریدا به هێماکردن بۆ ناوی ڕۆمانەکەی جۆیس چەشنی "جۆره بێداریەك" باسی لێوەکردوه [٧].

پەیبردن به رابردووی هەڵوەشاندنەوه له بەرهەمه ئەدەبی‌یەکان، هەرچەند بابەتێکی ڕوبەرفراوانه، بەڵام چەندان دژوار نیه. به پێچەوانەوه. توێژینەوه لێی له "هزری فەلسەفی" دژوار — و تەنانەت نائومێدکەر — ە. ناچارین که له "بیاڤی متافیزیکی رۆژئاوایی"دا توێژینەوه بکەین و له یەکێ له گرینگترین ڕەخنەگرانی ئەم متافیزیکه، واته ئیسپینوزا و تێزی خواناسانه — سیاسی ئەو دەست پێبکەین. لەپاری حەوتەمی ئەم "تێز"ە دا لەژێر ناوی "راڤه و دەقه پیرۆزەکان" دەخوێنینەوه که :- "مێژوو و راڤەی ئینجیل بەر له هەموو شتێ پەیوەسته به چیەتی و سیفەته زمانیەکان که پارچه هەمەچەشنەکانی ئینجیل بەو زمانه نووسراون. به یارمەتی ئەم زمانه دەتوانین هەر چەشنه دەربڕینێك لەرێگەی بەراوردیەوه لەگەڵ زمانی گوتاری لێی تێبگەین" [٨].

به بۆچوونی ئیسپینۆزا کۆڵەکەی ناسینی دەق، زمانی گوتاریی سەردەمێکه که دەق لەو [سەردەمه]دا نوسراوه. ئەگەر ئەم زمانه بناسین، ئەوکات ئەو واتایانەی

که له زماندا نین، نادەینە پاڵ وشەکان: "ئەگەر بەکارهێنانی زمان بووارمان نەداتێ کە وشەیەك واتایەکی دیکەی هەبێ، ئەوکات ڕێگەیەکی دیکەمان بۆ ڕاڤەی ڕستەکان بەشێوەیەکی تر لە بەردەم دا نیه" . [٩] حوکمی ئیسپینۆزا ئەمەیە کە وشەکان تەنیا یەك واتایان هەیەو بەکارهێنانی مێتافۆرێکی زمان بێبایەخە و لە بنەرەت دا کردەیەکی نابەجێیە. [١٠] ئیسپنۆزا بنیاتی ئاخێوی ئاخاوتەتەوەری دووپات دەکاتەوە، بەڵام چوارچێوەی هەمەلایەنەکەشی دەردەخا. ئەگەر واتای دەقی نڤیسیاری بەسترابێتەوە بە بەکارهێنانی ئاخاوتەی گوتاری" کەوابووو ئەم واتایە بەدەست نایەت. تاکە ڕێگای تێگەیشتنی ئاخاوتەی گوتاری قۆناغەکانی پێشوو، گەڕانەوە بۆ دەقە نووسراوەکانە. ئەگەر ئەم دەقانە بۆ ناسینی واتا بەس نەبن، ئیدی ڕێگەیەك بۆ تێگەیشتن لە واتا نامێنێتەوە. بە دەربڕینی تر بنیاتی ئاخاوتەتەوەری خۆی بەمانای نکۆڵی کردنە لە واتا. مێتۆدی ئیسپینۆزا بێئەوەی خۆی بیەوێ، نکۆڵی لە ئارایی واتا دەکا. لانی کەم دان بەوەدادەنێ کە زۆرجار ناتوانین لە واتا تێبگەین. ئەم خاڵە لەباسە نوێیەکانی هێرمێنۆتیکی فەلسەفی و ئەدەبی بۆتە لایەنێکی سەنتراڵ.

دێریدا لە وتووێژێکدا لەگەڵ لۆمۆند پێیداگرتوە کە بەردەوام لەتەك ئەم ڕایەی مالارمە تەبا بووە کە دەقی ئەدەبی دەتوانێ هەندێ خاڵ بێنێتە ئاراوە کە دەق و ئاخێوی فەلسەفی وزەی هێنانەگۆڕی ئەو خاڵانەی نیە. یەکێ لەم خاڵانە پێگەی ڕاستەقینەی نووسین و نڤیسیارە. [١١].

بۆ تێگەیشتن لە نزیکایەتی نڤیسیار لەتەك گەوهەری فەلسەفە، لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئاخێوی فەلسەفی کارا نین و لەمبارەوە ئاخێوی ئەدەبی بەکار دێ: "لە سەرووی پشکی هاوبەش ئەدەبیات و فەلسەفە هێمایەك دەتوانین بدۆزینەوە کە هێشتا زمان، گوتار، نڤیسیار، نیشانە و تەنانەت "شتێکی مرۆیی" نیە. نە ئامادەیە و نە پیوار، لە لۆژیکی دوالیستی و لۆژیکی بەرامبەرێتی و دیالکتیك تێدەپەڕێ ... هەوڵی من لێرەدا لە باسکردن لە بەرامبەرێتی نڤیسیار و گوتار بووبەرێ خۆشکەری دۆزینەوەی مێژووی هیرارکی" [١٢].

سوکرات — ئەفلاتوون پیشنیاریان دەکرد کە بە تێفکرین لە چەمکەکان (لە ڕاستیدا وشەکان) بنیاتەکەیان بدۆزینەوە. یۆتۆپیای کۆمار لە وردبووونەوە لە "دادپەروەری" پێك هاتووە. دلێری، جوانی، ئەڤین و ... "کلیلی وشەکان"ی دیالۆگەکانی دیکەن. دێریدا وشەکانی گۆڕیوە، ئێستا ئەو لەجیاکاری، ئاخێو، نڤیسیار، پەراوێز و ... وەکو ڕێخۆشکەری تێگەیشتن لە بنیات دەدوێ. ئایا دەتوانین بڵێین نازناوێك کە درواتە پاڵ دێریدا واتە "دواین ئەفلاتون خواز" دروستە؟ دێریدا خۆی گوتویەتی (لە وتووێژ لەتەك لۆمۆند، واتە دێریدا قسەیەکی وتوە کە خۆی دێت و، نەینووسیوە) کە وتووێژەکانی ئەفلاتون جیا لەوە بە درێژایی سەدەکان خوێنرانەتەوە، بەڵام هەوێنەکانیان دەست لێنەدراو تازەن. دێریدا تەنیا هگێلی شایانی بەراورد لەتەك ئەفلاتون زانیوە و گوتویەتی کە هەرچەند بیروڕاکانی هێگلی ڕەخنە کردوە، بەڵام بەباشی دەزانێ کە هەڵاتن لە "ئامێری [نابێژێ سیستم] [*]ی دیالکتیکی هگێل" ئیدی مەیسەر نیە" [١٣].
دێریدا هێندە پێشڤە چووە کە گوتویەتی دەتوانی وەکوو باسەکەی هێگل، لە دەقدا خاڵگەلیك بەدی بکەیت کە ملکەچی سیستم یا ئاخێو نەبن: کەوابووو دەگەینە شوێنێ کەدەبێ بنەمای دەق و ئاخێو تێك بشکێنین و پێدا دەگرێ کە هێگل ئەم کارەی بە "تاوتوێی فەلسەفی" ناودێر دەکرد، نەك "وێرانکردنی دەق" [١٤] وتاری دێریدا بەناوی "چاڵ و هەرەم، دەروازەیەك بۆ نیشانە ناسی [لە هزری] [**] هێگل دا" بە مەبەستی سەلماندنی ئەم خاڵە نوسراوە. جیا لە نیازی هێگل، لە هێماکردنە پەرش و بڵاوەکانی بۆ زمان، نڤیسیارو نیشانە، شیکردنەوەی ئەو لە هەڵوەشاندنەوەوە نزیکە. [١٥]. هەڵبەت دێریدا بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە تیۆری هێگل لەمەڕ گوتار و نڤیسیاری تاوتوێ کردووەو بەتایبەتی پێی لەسەر دوو پەرەگراف لە ئەنسکلۆپیدیای زانستە فەلسەفییەکانی هێگل

داگرتووە. هەردوو پەرەگرافەکە لە پشکی "خەیاڵ" لەپاری "سایکۆلۆژی" و لە رۆحی زەینی دا هاتوون[١٦].

دێریدا دەریخستوە کە هێگل لە تیۆریەك دا کە لەبارەی گوتار و نڤیسیار هێناویەتە ئاراوە شوێن دەستپێکی لێکۆڵینەوەی بە "سایکۆلۆژی" زانیوەو لەپاش ئەویش بایەخی زیاتری بە گوتارو دەربڕینی زارەکی داوە. هەرچۆنێك بێ نووسینەکانی هێگل، لەو شوێنەی کە لە"نیازگەلی" وشیارانەی فەیلەسوف جیاواز دەبن، لە هەڵوەشاندنەوە نزیکن: هەر لەبەر ئەوەشە کە هیچ کام لە دەقە درێژەکانی هێگل لەبارەی ڕەوشتەوە کە لە دەنگی ماتەمدا هاتوون، بە تەنیایی ڕێخۆشکەری دەربازبووون لە ئاخاوتەتەوەری نین: تەنیا لە شێوەی خوێندنەوەی دێریدا، واتە لە ریزبەند کردنی دەقەکانی هێگل لە تەنیشت نووسراوەگەلێکی ژان ژنە (کە ئەمانەش بەواتای تەوەری وشە کۆمەڵە نووسینێکن لەمەڕ ڕەوشت) ئەو واتایەی کە هێگل بەدوی کەوتبووو پێی وابوو پەیدای کردوەو خەریکە بۆ خوێنەرەکەی خۆی وەسفی دەکا، پوچەڵ دەبێتەوەو هەرکە دەگەینە کۆتایی کتێبەکە واتا بەگشتی بەلاوە دەنرێ. هەر لەبەر ئەمە بووو کە دواین ڕستەی دەنگی ماتەم بەنیوە ناچڵی دەمایەوە: "ئەمڕۆ، لێرە، پاشماوەکان" بەبێ کەڵك وەرگرتن لە "سێخاڵ" بەکۆتایی لاپەڕەی ٣٦٥ گەیشتوین وەڵی نە رستەو نە دەق کۆتاییان پێ نەهاتووە. لە لاپەڕەی بەر دەمان کە ژمارەبەندی نەکراوە، دەقێکی هێگل هاتووە، کە ئەویش بە ناتەواوی ماوەتەوە، بە نکۆڵی کردن لە واتا، ئەم کۆتایی‌یە دەلوێ [١٧].

دەگەڕێینەوە بۆ هێماکردنەی پۆل دێمان، کە بریتیی‌یە لە نزیکایەتی هزری رۆسۆ لەمەڕ چاوگەی زمانەکان لەتەك هەڵوەشاندنەوە کە لە دەستپێکی ئەم پارەدا باسی لێوە کرا. بێگومان زۆر لە بەندەکانی تێزیك لەبارەی سەرچاوەی زمانەکان (بەتایبەت پاری پێنجەم کە بۆ "نڤیسیار تەرخان کراوە) دەکەوێتە چوارچێوەی دەنگ تەوەری [Phonocenterism] یەوە و لەم ڕێڕەوەدا نە لە ڕوانگەی مێتۆدۆلۆژیك و نە بەهۆی دەق لەنێوان یاساکانی ڕۆسۆو هەڵوەشاندنەوە دەتوانین پێوەندیەك دا بنێین.

بەڵام کاتێك کە ڕۆسۆ زمانی "تیرە سەرەتایی‌یەکان بە زمانی هێماو نیشانە دەزانێ کەوابوو(زمانی جوڵەو لاسایی‌یەکان) لە زمانە نوێ‌یەکان (سیستم گەلی پێکهاتوو لە نیشانە ڕێککە وتینەکان) بەرزتر دەزانێ، هەنگاوێك بەرەو دەربازبووون لە متافیزیکی ئارایی هەڵدەگرێ. ڕەخنەگرتنی ڕۆسۆ لە ئاراستەی پێوەندیکاریی زمان، ئەم دابڕانە لە تێگەیشتنە نەریتی‌یەکان بەهێزتر نیشان دەدا [١٨].

٢

نیچە "باوکی زمان"ی دێریدایە، ئەوی فێرکردوە کە بدوێ: "نیچە ئەمڕۆ بۆ ئێمەی ڕۆژئاوایی کەسێکە کە فەلسەفەو ژیان، زانستو فەلسەفەی ژیانی لەگەڵ خۆدا هێناوە (ڕەنگە بتوانین بڵێین کە کیرکە گورد لە ڕێگایەکی ترەوە کارێکی لەم چەشنەی کردوەو هەروەها ڕەنگە فرۆیدیش)" [١٩]. دێریدا لە وتارەکەیدا بەناوی سیخوڕمەکان لەمەڕ مێتۆدەکانی دەربڕینی نیچە "[٢٠] لە بەرامبەر خوێندنەوەی هایدگەر" داکۆکی لەنیچەکردو نوسی کە هایدگێرلە خوێندنەوەیپاری"بە چ جۆرێ جیهانی ڕاستەقینە دواجار بووو بە حیکایەتێك:- چیرۆکی هەڵەیەك" [کە] لە کتێبی ئاوابووونی بتەکان [وەرگیڕاوە] خاڵێکی گرنگی لە کارەکەی نیچە بەدی نەکردوە. لەو شوێنەی کە نیچە باس لەوە دەکا کاتێك متافیزیك لە ئەفلاتوون گەرایی‌یەوە گۆڕا بۆ مەسیحیەت "هەقیقەت بوو بە ژنێك" [٢١]. بەڕای دێریدا ئەو شتەی نیچە بە "ژن"ی شوبهاندوە بۆتە جێنشینی چەمکگەلی دیکە [٢٢]. بەڵام هەرچۆنێك بێ، بۆ تاووتوێی ئەم قسەیەی نیچە دەبێ بزانین کە لە بەرهەمەکانی ئەودا "سێجۆرە ژن" دەتوانی بەدی بکەی:- ژن چەشنی سیمای دەسەڵاتی درۆ، ژن چەشنی سیمای دەسەڵاتی هەقیقەت و ژن لە سەروی ئەم بەرامبەرێتی‌یە دوانی‌یە. چەشنەکانی یەکەم و

دووەم لە دیدی نیچەوە پوچە، یەکەمیان نەزۆکە و دووەمیان ئەگەری وەبەرهێنان لەنێو دەبا: [کەوابوو]نەزۆککەرە.

بەڵام سێیەمیان (کامڵ، جوان و پڕتینە و ئەم سێ تایبەتمەندیە بە سەرهەڵدانی مەسیحیەت لەنێو چون. بەو چەشنەی کە هەقیقەت لایەنی نەزۆك و نەزۆککەری بەخۆیەوە گرت. بە بۆچوونی دێریدا دەبێ هەر ژنێك کە لە نووسینەکانی نیچەدا باسی لێوە دەکرێ، لەم پۆلێن بەندیەدا لە "ئاراستە سیمانتیکیەکان"دا جێی بکەینەوە. بۆ نمونە کاتێ لە دانایی شاد دا دەخوێنینەوە: "ڕەنگە هەقیقەت ژنێك بێت کە هەندێ هۆی هەیە بۆ ئەوەی بوواری ئەوەمان نەداتێ تا هۆیەکانی بناسین" [٢٣]. ئێمە سەر وکارمان [لێرەدا] لەگەڵ ئاراستەی دووەمی ژنێتی هەیە و بۆ دەست بەسەراگرتنی (ناسینی هۆیەکان)ی هەقیقەت، پیاو دەبێ ژن بێ. دیونیزۆسی نیچە هەم ژنە و هەم پیاوە: بووونەوەرێکی دوڕەگەزەیە کە بەر لە پەیدابوونی بەرامبەرێتی دوانی ژن/پیاو، هەبووە.

گوتفریدبێن نوسیویەتی: "سروشتی ڕونکەرەوەی دەقە ئەدەبیەکانی سەدەکانی دوازدەهەم و سێزدەهەم ئەڤین،دەقەکانیسەدەی حەڤدەهەم شکۆی مەعنەویی خۆدەرخەر، دەقەکانی سەدەی هەژدەهەم زانیاری ناسوتی بووو. ئەمڕۆکەش ئەم سروشتە تێکەڵکردنی دوو شتی پێك نەگونجاو، ڕۆنانی هەموو شتێکە لەتەك چەمکە دژەکەی" [٢٤]. ئابراکساس لە [ڕۆمانی] دەمیانی هێرمان هێسەدا هەم ژنە و هەم پیاوە، هەم خوایە و هەم ئەهریمەن، هەنتەشیشی بەخشین و ترسانە، بلاکوهێن لە سۆزانیخانەی یولیسسی جۆیسدا نێرەمۆکێکە کە لە بلوم دەپرسێ کە ئایا ئەوەی دێتەوە بیر؟ و دەبیسێ: "بەڵێ، نەخێر". هەر ئەم بلاکۆهێنە دەبێت بە بلوکوهن کە مانای نێرەموك دەدا بە دەستەوە. ڕیلکە لەمەڕ "چامەکانی دینۆ" باسی لە "وەکیەکی ترس و بەخشین" کردوە و لە "هاوشێوەیی مەرگ و ژین" دواوە. [٢٥]. دێریدا دەپرسێ کە ئایا ئەم حوکمەی نیچە کە بۆ ناسینی هەقیقەت دەبێ ژن بێت، ئەو مانایە نیە کە "زانینی ئەو شتەی بەواتای دەق دەزانرێ، وەدەستهاتوو نیە؟".

چونکە جۆری سێیەمی ژن لەگەڵ [سەرهەڵدانی] متافیزیك (کە بەڕای نیچە یەکسانە بە مەسیحیەت) مردوە. ئێستا بگەڕێینەوە بۆ خاڵێك کە دێریدا بە پێداگریەوە هێنابوویە ئارا:- دەتوانی لە دەقی نیچەدا "هەقیقەت بووو بە ژنێك"، لەجێی وشەی ژن، وشەگەلێك وەك نڤیسیار، جیاکاری هێما یا... بەکار بێنی و بە ئامانجێك بگەی کە لەتەك بنیاتی بەکارهێنانی وشەی "ژن" جیاوازی نەبێ. دێریدا دەنووسێ کە نیچە لە "کایەی زمان"ی دەقی خۆیدا سەری لێشێواوە: "نیچە ڕێگەکەی بە ڕوونی نابینێ... ئەو لە تان و پۆی دەقی خۆیدا بزر بووە، چەشنی جاڵجاڵۆکە کە کتوپڕیەی بەوە دەبا کە خۆی بەقەد ئەو تەونە نیە کە تەنیویەتی" [٢٦]. نمونەیەکی دیکەی دێریدا، ڕستەیەکە کە لە دەفتەری سەرەقەڵەمەکانی نیچەدا کە بلاو نەبووونەتەوە، دایە، [ کە] تاك ڕستەیەکە کە چ لە پێش و چ لە پاشی دا دەقێك نەهاتووە: "من چەترەکەم لەبیر چووە" [٢٧]. روون نیە کە چ مەبەستێك و (نیازێکی) لە نووسینی ئەم ڕستەیە هەبووە. ئایا وەبیرهێنانی یادەوەرییە؟ یا یادنوسێك کە بڕیار وابووە کە لە دەستپێکی دەقێکدا بنوسرێت؟ ئێمە هیچ ڕێگەیەکمان بۆ تێگەیشتن لەوە کە ئەم فەیلەسوفە بۆچی ئەم ڕستەیەی نووسیوەلەبەردەم دا نیە. دێریدا دەڵێ کە ناچارین "خۆمان لەگەڵ ڕێسای هێرمێنۆتیك لەمەڕ ئاسۆی [واتایی] [***] ئەم ڕستەیە بخەین" [٢٨] کێ دەڵێ لە بنەڕەت دا واتایەك هەیە: لەوانەشە نیچە تەنیا کایەی [زمانی] کردبێ "وا دەنوێنێ کە ڕستە واتای هەیە". لێڵی و ناڕونی واتای ڕستە پەیوەندی بە زانیاریی ئێمە لەمەڕ "کەتوار"ی هەر وشەیەکیناوبراو نیە. پێکهاتەی ڕستە سادەیە: لە شوێنێك کە نوسراوە واتە "لە دەفتەری فەیلەسوف"دا بزر بووە.

چەند گومانێك لەمبارەوە هەیە، پێدەچێ مەبەست لە چەتر بەرگری بێ و واتای ڕستەکە دەستەوەستان بوون بێ لەبەرامبەر باران. دەتوانین واتاگەلی سایکۆلۆژیکی لە فۆرمی "فالیك"ی چەتر وێنا بکەین، هەروەها پێدەچێ ڕستەکە بەشێك لە کۆی واتا نیە و بە خوازەی ڕەها ئەژمار ناکرێ. هەرچۆنێك بێ سەرچاوەی دەقەکە چەشنی چەترەکەی نیچە ون بووە. دێریدا دەنووسێ:

"لەوانەیە دەقێکی لەبیرچوو، چەترێك بێ" [٢٩]. بەهەر حاڵ کۆتاییەك بۆ ئەم کایە زمانییە ناتوانین گریمان بکەینو ڕەنگە واتایەك کە نیچە لەبەر چاوی گرتووە ئەم ئاراستە ناکۆتایەی واتا بووە، کە بریتییە لە هەمان بێ واتایی:- [واتە] واز هێنان لە رستە بێپشتیوان بوونی ئاماژە پێکەرەکانی دیکەیە. تەنانەت ئەگەر بمانەوێ چەترەکە فەرامۆش بکەین، لەبەر ئەوە کە باران ناباریێ، یا خود لەبەر ئەوە خۆشمان ناوێ، هەمدیس چەتری فەرامۆش کراو دەمێنێتەوە. هەرچەند کە شتێ ناڵێ، کت و مت وەکوو دەقێك.

نیچە لە تێزی کورتی "لەبارەی هەقیقەت و درۆ بەواتای لەسەروی ڕەوشت" (١٨٧٣) میتافۆری بە "سروشتی سەرەکی" زمان و شێعر زانی. [٣٠]. ئەو میتافۆری بە واتایەکی تازە (لە هەمبەر واتایەك کە ڕۆمانتیك خوازە ئەڵمانیەکان مەبەستیان بوو) هێنایە گۆڕێ ولە وشەی لاتینی Tranlatio بە واتای "گواستنەوە" کەڵکی وەرگرت، ئەمە چەمکێکە بەهۆیەوە دەتوانین وشەیەك، یا ژمارەیەك لە وشەکان لەجێی وشەیەکی دی یا ژمارەیەك لە وشەکان بەکار بێنن. واتە: لەڕاستیدا واتا "بگوازنەوە". لە هەڵکشانی ناسینیش دا ئەم گواستنەوەیە (یا ئەم میتافۆرە) وەکو دەستپێکە. ئێمە تێگەیشتنی بەرهەستی بۆ وێنەیەکی زەینی دەگوازینەوە و پاشان بە یارمەتی میتافۆرێکی زەینی دەگوازینەوە و پاشان بە یارمەتی میتافۆرێکی دیکەوە (ڕەنگدانەوەیەکی دی) ئەم وێنەیە دەگوازینەوە بۆ زمان.

واتە لە"پانتای سەرەکی بە پانتاییەکی تەواو تازە"دەگەین. کەوابوو میتافۆر واتایەکی ئەپستمۆلۆژیکی هەیەو بە "وزەی پێشڤە بەری دانایی" دەژمێردرێ.[٣١]. زمان لەمیتافۆرەکان پێك دێ نەك شتێکی دیکە. تەنانەت زاراوە زانستییەکان بەڕای نیچە "شتێ نین جگە لە میتافۆر" [٣٢]. لەم ڕووەوە زمان هەرچۆنێك بێ بەهۆی بژیوانگەلێك لە واتا نزیك دەبێتەوە، کە دەستکردو گومانئاسایە. میتافۆر لەو شتەیدا کە زەین بە "هەقیقەت" لە قەڵەمی دەدا "هەڵکشانی سەرەکی" یە:. "هەڵچوونێکی دەمار گرژانە دەبێت بە گریمان یا



خەیاڵ. ئەمە یەکەمین میتافۆر! خەیاڵ لە دەنگدا دوپات دەبێتەوە! دوەمین مێتافۆر! و هەر جارە و داهێنەری زمان لە پانتاییەکەوە بەرەو جەرگەی پانتاییەکی تەواو جیاواز هەڵدەخلیسکێ" [٣٣]. بەم پێیە کردەی زمانی (بە گەڕاندنەوەی بۆ هەقیقەتێك کە لە سەرەوەی خۆیەتی) بەمانای یەکسان زانینی خاڵە نایەکسانەکانە، جۆرە تێپەڕینێکە لە پانتاییەکەوە کە بەتەواوی لە گەڵیدا جیاوازە: "هەموو بیرۆکەیەك، ڕەگ و ڕیشەی بۆ یەکسان زانینی خاڵە نا یەکسانەکان دەگەڕێتەوە" و: "دواجار هەقیقەت کامەیە؟ لەشکرێك لە مێتافۆرەکان، خوازەکان، گۆڕانکاریەکانی [مەیمونی] مرۆڤڕومەتە؟ ... هەقیقەت بریتییە لەو گومانانەی کە لەبیری هەموان چۆتەوە [چونکە] بریتییە لە کۆمەڵە گومانێك" [٣٤] لە دواین بەرهەمەکانی نیچەدا، ئەم حوکمە دیسانەوە سەر وەدەردێنێ: "هزر لە هەل و مەرجە سەرەتاییەکانی خۆیدا، واتە بەر لە تۆکمە بوونی ئورگانیك، پێکەوەلکانی فۆرمەکانە... لە هزری ئێمەدا سروشتی سەرەکی گونجاندنی کەرەسە گەلی تازەیە لەنێو گەلاڵە کۆنەکان دا... یەکسان کردنی هەرشتێك کە تازەیە لەتەك شتێك کە لەگەڵیدا یەکسان نیە"[٣٥]و لەم ڕووەوە ویستی ناسین ویستی هێزە، کە هێز هەر لەم یەکسان و بەرابەر کردنەی خاڵگەلی یەکسان و نابەرابەر، یاسەپاندنی واتایەك (یا واتاگەلێك)ی میتافۆریك لەجێی هەقیقەت، پێناسە دەکا. هەموو ڕاڤەیەك بەم پێیە وەکوو بەستنی دەمامکێکە بە دەم و چاوی هەقیقەتەوە. هەقیقەتێك کە جگە لە "ئەگەری دەرکەوتنی دەمامکەکان، نیە. هەر بۆیە نیچە گۆڕانی مرۆڤ ئاسا گریمانکاری [anthropomorphism] پێ بەپێی ڕاڤە هێناوە: [٣٦]و هەر لەبەر ئەوەش بوو کە دێریدا نوسی: "نیچە تارماییەکی تەواوی هەوێنەکانی ڕاڤەی دەستەبەر کرد، کە جۆرە دۆزینەوەیەکی ڕەمزی نادوماهی، بەجێی ئاشکرایی هەقیقەت، چەشنی دەربڕین "لەخۆوە"دەردەخەن" [٣٧] نیچە پێی داگرت کە ڕەچەڵەکی وشەی Interpretation [مانای] "دەروازەیەك بۆ واتا" یە (یا"پەیوەستێك بۆ واتا")و نەگەیشتن بە واتایە. بە پێچەوانەوە ڕاڤە لە فارسی و عەرەبیدا واتای

"گەڕانەوە و گەیشتن بە ڕەچەڵەکی یەکەم" دەگەیەنێ:- "هەرجارە و لەهەر چرکە ساتێك دا کارێك [لەسەر بناغەی] ئامانجێك کە لە هزرماندایە، ئەنجام دەدرێ، شتێکی لـێ دەکەوێتەوە کە تەواو جیاوازە لەو شتەی کە مەبەستمان بووە" [٣٨] ڕوانگەی کۆنی نیچە لەدواین کارەکانیدا، چەشنی نکۆڵی کەری بکەری هزر خۆ دەردەخا. لە سەرەتادا بەزمانێك کە وەبیرهێنەری کارەکانی پێشوتری خۆیەتی، نوسی:"سەرەتا گریمانەکان [خەیاڵەکان] [٥]... پاشان وشەکانو دواجار چەمکەکان لە زەین دا پەیدا دەبن... ئەمە بە شێوەیەکی هەڵە لەجێی یەکتر بەکارهێنانی دوو هەستەکە لە یەکدیەوە نزیکن، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە کێ ئەم دوانە لێك جیا ناکاتەوە؟" [٣٩] و "کاتێك کە هزر هەیە، دەبێ شتێکیش گریمان بکرێ کە "بیر دەکاتەوە". ئەمە زۆر بە ئاسانی ڕێسابەندی فرمانێکی تایبەتیە کە بۆ کردە، بکەر دروست دەکا" [٤٠]و هەروەها "هاتنە نێوەوەی ناسکار [بکەر، ناسێنەر] [٥٥] کارێکی چیرۆك ئاسایە. [٤١]. ڕێسای"ویستی هێز" یان "بەرەوزانین" هیندە بە شێوەیەکی ئەبستراکت بەکار دێ کە نیچە دەپرسێ: "کەوا بووکێ ڕاڤەدەکا"چونکە راڤە خۆی فۆرمێکە لە ویستی هێز (نەك چەشنی بوون، بەڵکوو وەکوو هەڵکشانێك، وەکوو جۆرە "کران"ێك). ڕاڤە وەکو کاریگەری، هەیە" [٤٢]. لێرەوە، بە بەلاوەنانی ناسکار، چەمکی "نەست" لە بەرهەمەکانی نیچە دا گرنگی پەیدا دەکا. ئەم ویستی هێزە نەك لە پانتای دانایی ناسکار، بەڵکوو لە قووڵایی و لە نەست دایە. ئەو شتەی بە زۆری لە فەلسەفەدا بە ناسکار، بابەت، بکەری ناسێنەر دەزانرێ، ئاگای لە نائاگایی نیە. دێریدا نووسیویەتی: "فرۆید و نیچە ... زیاتر لە ڕێگەیەکی تەواو لێکچووەوە، ئەرخەیانی و دڵنیابوون لەئاست خۆئاگایی یان خستۆتە ژێر پرسیارەوە... بەلای نیچەوە کردەی گرینگ و سەرەکی ناخودئاگایە". [٤٣] نیچە لە تێزی "لەمەڕ هەقیقەتو درۆ بەمانایەك کە لەسەروی ڕەوشتەوەیە" لەبارەی ئەم "کردە سەرەکی و گرنگ"ە نووسیویەتی:-

بەڕاستی مرۆڤ لەبارەی خۆیەوە چی دەزانێ؟... ئایا سروشت گرنگترین خاڵەکانی تەنانەت لەبارەی لەشی مرۆڤ نەشاردۆتەوە؟ ئایا ئاڵۆزیی ئەندامەکانی، ڕەوتی خێرای سوڕی خوێن و لەرینەوەی ناهاوئاهەنگی ماسولکە و توێژاڵەکانی [لەشی] نەشاردۆتەوە تا ئەو بکاتە دیلی زانیاریەك کەمایەی خۆبەزلزانی و خەیاڵاوی بووونە؟

سروشت کلیلەکانی فڕێداوە. وەی لە کۆنجکۆڵیە مەرگ هێنەرەی گەر بێتو تەنانەت چرکە ساتێك لەژووری وشیاری خۆیەوە سەیری دەرەوە بکا و تێبگا ئەم مرۆڤە کە لە هەمبەر نەزانی خۆیەوە کەمتەرخەمە، لە چ شوێنگەیەکی بێڕەحمانە، چاوبرسی‌یانە و مەرگبار دایە.

ئەمە چەشنی خولیای حەسانەوەیە لە سەر پشتی بەور. لەم جیهانە کێویلەدا لەگەڵ ئەو دۆخەی کە تێی کەوتوەو بەچاوی خۆمان دەیبینین، پاڵنەری هەقیقەت کامەیە؟ [٤٤].

ئەم دەقە بنچینەی باسەکانی دواتری نیچەیە. بۆ نموونە لە دانایی شاد دەڵێ: "زۆر جاران لە خۆمم پرسیوە: ئایا لە ڕوانگەیەکی بەرین دا، فەلسەفە جگە لە ڕاڤەیەکی جەستە و خراپ تێگەیشتن، لەو [جەستەیە] نیە؟، [٤٥]و لەدواین بەرهەمی خۆیدا نووسیویەتی: "پیرۆزترین ئەرخەیانی ئێمە، واتە ئەو توخمە لە گۆڕان نەهاتویانە کە لەبەرزترین بەهاکانی ئێمەن، [بەرەنجامی] تواناو هەڵسەنگاندنی ماسولکەکانمانن" [٤٦].

بەم چەشنە، ڕێسای سەرەکی کاری دێریدا، لە بەرهەمەکانی نیچەدا هاتووە: "بەرامبەرێتی‌یەك لە گۆڕێ دا نیە: [دەتوانین بەرامبەرێتی بهێنینە گۆڕێ و بە شێوەیەکی هەڵە بۆ [دنیای] [٥٥] شتەکان بیگوازینەوە، [٤٧]. ئیدی زانیومانە کە ئەم "سواربووون لەسەر پشتی بەور"ە، بەرامبەرێتی لەنێوان میتافۆرو چەمك و جەستەو رۆحی پەسەند نەکردوە. بە سانایی دەتوانین نموونە گەلێك لە بەرهەمەکانی ناسکار/بەرناس، هەقیقەت/ درۆ، چاك / خراپ، ئامانج/ڕێکەوت، ژین/ مەرگ، بەرتەك بدەینەوە. نمونە گەلێك کە گایاتری چاکراورتی ئیسپواك

وەرگێڕی ئینگلیزیی کتێبی دێریدا [واتە] لەبارەی گراماتولۆژی لە پێشگوتارێکی باشدا کە بۆ کتێبەکەی نووسیوە، هێناویەتی، زۆربەیان لەنێو دواین نووسینەکانی نیچەدا دەستبژێر کراون، بەڵام لە بەرهەمەکانی تری ئەودا دەتوانین نمونەگەلێکی دیکەش پەیدا بکەین. لەو نموونانە ورد ببینەوە: "بەلای مرۆڤانەوە راستیەکان کامەن؟ هەڵە ناچاریەکان"، "گەر هاتوو زانیت کە ئامانجێك لەئارادا نیە، ئەوکات تێدەگەی چ ڕێکەوتێکیش لە گۆڕێدا نیە"، "زیندو تەنیا جۆرێکە لە مردوو، جۆرێکی تەواوو زۆر دەگمەن" [٤٨] دێریدا نووسیویەتی "بەرامبەرێتیگەلی دوانی کە فەلسەفە لە سەریان بینا کراوەو زمانی ئێمە لەوان دروستبووەوە، نالێین دەبێ لەناو بچن، بەڵام دەبێ پێویستی ئەم خاڵە پێشان بدەن کە کاری ئێمە ناسینیانە چەشنی خاڵگەلی لێك جیا: خاڵگەلی دیکە لە سیستمێکی هاوشێوەدا (بۆ نمونەزانینی زەینی چەشنی فۆرمی جیاوازی خاڵی هەستیانە دەبێ بناسین...!!) "و وتوویەتی کە نیچە چەمکگەلی بەرامبەرێتی دوانیوەك باسمان کرد، هێناوەتەگۆڕێ.[٤٩] لەتێزی "ئەنجامەکانی مرۆڤ"دا دێریدا نوسیویەتی: "کاتێ کە نیچە دەیوت گۆڕانکاری لە مێتۆددا، تەواوی ئەو شتەیە کە پێویستمانە، ڕاستی دەگوت. نیچە وەبیرمان دەخاتەوە کە ئەگەر قەرارە مێتۆدی هەبێ، باشتر وایە کە کولکتڤیست بێ" [٥٠] [درێدا] لە تێزی سیخورمەکان دا ئەم خاڵەی ڕاژەکردوە. دەبێ بە پێداگریەوە بڵێین کە نیچە بە ئامانجێکیش گەیشت (هەر چەند خۆی لەو باوەڕەدابووو کە ئامانجێك لەگۆڕێ دا نیە، بەڵام دژوار دەتوانین بڕوا بکەین کە ئەو ئامانجەی کە وەدەستی هێناوە، هەر لە سەرەتاوە ئامانجی کاری ئەو نەبووەوە): "ئیدی شادی لە ئەرخەیانیدا نیە، بەڵکوو لە نەبوونی ئەرخەیانیدا خۆی شاردۆتەوە. خواستی پاراستن و دەستپێوە گرتن نیە، بەڵکوو ویستی هێزە"[٥١]. دانایی شاد، ویستی نکۆڵی کردن، دوو تایبەتمەندیی دوا هزرەکانی نیچەن. ئەو نووسیویەتی:- "ڕێگەیەکی دیکە بۆ دەسپێڕاگەیشتن بە ئامانجە مەزنەکان شك نابەم، جگە لە کایە" [٥٢].

لە [کتێبی] لەسەروی چاکە و خراپەوە "فەیلەسوف" خۆی دەخاتە مەترسیەوە و "کایە گەلی نەشیاو" ئەنجام دەدا. [٥٣] دێریدا ئەم کایەیەی بە "ئەوینی چاونەترسانە لەپێناو کایە کردنی پڕ مەترسی لەگەڵ پێویستیەکان" زانیوە. [٥٤] دواجار هاودەنگی و هاوتەبایی تەواوی دێریدا و نیچە دەبیسین: "ئەو کەسەی کە وتوویەتی نەخێر، نەخێری تا ئاستێك کە پێشتر نەبیستراو و نەناسراو بوو، ئەنجام داوە و لە بەرامبەر هەر شتێك کە بەردەوام بەڵێنیان بۆ گوتووە، نەخێری گوتووە، [کەوابووو] ئەو لەگەڵ ئەو ورەی نەخێر گوتنەیەش ناکۆکە" [٥٥]. ئەم خاڵە بەئاشکرا تێپەڕینە لە بەرامبەرێتی پەسەندکردن /نکۆڵی کردن. دێریدا لە پاری "کۆتایی کتێب و دەسپێکی نڤیسیار" لە کتێبی لەبارەی گراماتۆلوژی نووسیویەتی: "نیچە، چەشنی هگێل و هایدگێر، لەنێو متافیزیك دا قەتیس نەمایەوە، ئەو یارمەتی داین تا دەربازبووون لە ئاماژەپێکەر لە بەسترانەوە بە زمان و نزیکایەتی پەیوەست بەو، واتە نزیکایەتی چەمکی هەقیقەت لەتەك ئاماژەپێکراوی یەکەمین، بناسینەوە" [٥٦] دێریدا ئەم ڕستەیەی نیچەی چەندین جار دووپات کردۆتەوە: "سوکرات، ئەو کەسەی کە شتێکی نەنوسی".

نیچە شێعری لە زمانی زانستی و زمانی سروشتی بەرزتر دەزانی: چونکە زمانی شێعری، بە شێوەیەکی وشیارانە لە سروشتی میتافۆریانەی زمان کەڵك وەردەگرێ. شاعیر دەزانێ کە میتافۆر "سروشتی سەرەکی و گەوهەر"ی زمانەو دواجار هەموو واتایەك میتافۆریە، کەوابووو بە شێوەیەکی زیرەکانەو جوانکارانە زمان بەکار دێنێ. میتافۆر لە شێعردا کامڵ ١٠٣ دەبێو جوانیە شاراوەکەی ئاشکرا دەبێ. لەگەڵ سروشتی "گومانئاساو نهێنی ئامێزی زمان، پێوەندی دادەمەزرێنێ. پێوەندی شیعر لەتەك کەتوار ئاڵۆزە: کەوابووو کاتێ کە نیچە لە وەهای گوت زەردەشت دا نووسیویەتی: "شاعیران زۆر درۆ دەکەن"و دواتر لە چەند دێڕێکی دی دا دەڵێ: "زەردەشت ڕۆژێك لەڕۆژان چی پێ وتی؟ وتی شاعیران زۆر درۆ دەکەن؟ بەڵام زەردەشتیش خۆی شاعیرە. ئێستا لەو باوەڕە دای کە ئەو هەقیقەتی پێت وتووە؟ بۆچی لەو باوەڕەدای، [٥٧] نیچە درۆی

شاعیرانی بە ناپەسەند نەزانیوە. ئەوان درۆ دەکەن، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی کە خوازیاری هەقیقەت نین، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە هەقیقەت لە درۆدا خۆی حەشار داوە. سروشتی میتافۆریانەی زمان شاعیران ناچار دەکەن کە درۆ بکەن. ئەوان بەهۆی درۆوە، واتا بە بەرهەمەکانی میتافۆر، هەمدیس لە هەموو ئەو کەسانەی کە بە نائاگاییەوە درۆ دەکەن، لە هەقیقەت نزیکترن:- "ئاخ، داوی خۆم خستە دەریای ئەوانەوە تا ماسی چاك بگرم. بەڵام هەمیشە سەری خوایەکی کۆنم دەهێنایە دەرێ. بەم چەشنە دەریا بەردێکی بە پیاوە برسییەکە بەخشی. کێ دەڵێ بنەچەی ئەوان ناگاتەوە سەر دەریا". [٥٨] و دواجار: "دەبینم گیانە تۆبەکارەکان دەگەنە جێ. ئەمانە لەنێو شاعیران دا سەر هەڵدەدەن". [٥٩] لە دەسپێکی سەدەی بیست دا بزووتنەوەی مودێرنیستەکان میتافۆری شێعریی بە شتێکی پۆچ دایە قەڵەم. گوتفریدبێن، ویستی تا شێعری ئێکسپرسیۆنیستی، چەشنی نکۆڵیکەری میتافۆر بەکار بێنێ. چەندساڵێك دواتر لەتێزی "لەمەڕ شێعری دڵداری" (١٩٥١ نوسی: "لەشیعردا، زیاتر لە هەر وشەیەکی دیکە، متمانە بەوشەی "چەشنی" مەکە، لێرەدا مەبەست وشەی سەرەکییە لە ڕێزمانی میتافۆردا. کارێل ئێشترنهایم کە شانۆنووسێکی ئێکسپرسیۆنیستە لە ساڵی ١٩١٤ وتارێکی نووسی لەژێر ناوی لە بەرتەکدانەوەی میتافۆرداو پاشان لە ڕۆمانی "ئۆروپا"دا (١٩١٩ — ١٩٢٠) پەیڕەوی لەڕێسا سەرەکیەکانی وتارەکەی کرد. تیۆدۆر تاگێر (کە بە ناوی خوازراوی فردینان برۆکنێر ناوی دەرکردوە) وتارێکی لەژێر ناوی "بەرنامەیەك دژی میتافۆر" (١٩١٧) نوسی و نهێنی شاعیر بووونی بە هەڵاتن لە میتافۆر ناودێر کرد.

گوتفریدبێن ئەم هەڵاتنەی بە "مەیلی سەرەکی نەوەی ئێمە" ناودێر کرد. [٦٠] فۆرمالیستە روسییەکانیش "لە دژی میتافۆر" زۆریان نووسی و بەکارهێنانی وێنەی شێعرییان چەشنی پەیکەری میتافۆر بە پڕوپوچ زانی. [٦١] مارینتی روانگەی فۆتۆریستە ئیتالییەکانی وێکڕا، بەم چەشنە بەیانکردوە: "ناتوانین متمانە بە میتافۆر بکەین" ئەم مەیلە گشتییە دەڵێ کە میتافۆر چیەتی ڕاستەقینەی هەموو شتێ لەڕوانگەی ئێمە دەشارێتەوە: ئەمە کارێکە کە پێچەوانەی دەروەستیی شاعیرە. [٦٢] بەڵام ئەگەر میتافۆر بەو چەشنەی کە نیچە دەیگوت سروشتی سەرەکی زمان بێ، کەوابوو بە پێچەوانەی هەموو ڕاگەیاندراوو ڕێساکان نەماندەتوانی لێی دەرباز ببین: تەنیا دەکرا لە دەسەڵاتەکەی ئاگادار ببینەوە. کافکا لە "دەفتەری بیرەوەریەکان"ی خۆی نووسیبووی: "میتافۆر یەکێ لەو خاڵانەیە کە بەردەوام من لە نووسین نائومێد دەکا." ڕێگەیەك کە ئەو بۆ دەربازبووون لە میتافۆر پەیدای کرد سادە بوو:- هەرجارەو کە میتافۆرێکی بەکار دەهێنا، وەبیری دەهێنایەوە کە کارێکی وەهای کردوە. بۆ نمونە دەینوسی: "بەڵام ئەمە تەنیا وێنەیەکە..." ئەم مێتۆدە سروشتێکی تایبەتی بە پەخشانی ئەو دەبەخشی. دەتوانین بە شێوەیەکی گومانکارانە بپرسین کە ئایا بەڕاستی چارەسەر هەر ئەمەیە؟ ڕێگەیەکی دیکە کە کافکا دۆزییەوە دەربڕینی کورتکراوە بووو، واتە بەبێ ڕوونکردنەوەی وردەکاریەکان لە هەموو شتێ، تێپەڕین [!!] ئەم ڕێگادەربازکەرانە بە شێوەیەکی تەنز ئامێز، تەنیا زاڵبووونی ڕەها و بێ ئەملا و ئەولای میتافۆر وەبیر دەخەنەوە.

٣

لە تەواوی نووسینەکانی دێریدا لەمەڕ نیچە، هایدگێر ئامادەیە. لە کتێبی لەبارەی گراماتۆلۆژیدا دێریدا باسی لە "پێویستی داکۆکی لە نیچە، لەبەرامبەر خوێندنەوەی هایدگێر، کرد [٦٣] بەڵام شاراوە نیە کە ئەو شێوە خوێندنەوەیە کاریگەری خۆی داناوە. بنیاتی هزروکاری دێریدا، فەلسەفەی هایدگێرە: زاراوەکان، میتافۆرەکان، تەنانەت شێوەی دەربڕینی هایدگێر بەکار دێنێ و گومان لە راست و دروستی بنیاتی ئەنتۆلۆژیکی فەلسەفی ناوبراو ناکات. جیاوازی نێوانیان تەنیا لە باسکردنی زمان دایە. هایدگێر زمان بە ڕێزمانی گریمانگەل و وێنە زەینیەکانی جیهان و دروستکەری تێگەیشتن لە بووون دەزانێ، بەڵام هەرگیزنایکات بە بابەتی توێژینەوەی شێوەداری [فۆرمیك]. دێریدا ئەم باسە لە "بەستێنی زانستی"یەوە واتە لە باسەکانی نیشانە ناسەکانەوە دەست

پێدەکا و دەرەنجامگەلی تازە وەدەست دێنێ. لە ڕوانگەی مێتۆدۆلۆژیکیشەوە گراماتۆلۆژی تەنیا زانستی نوسین نیە، بەڵکو بەستینێکە بۆ توێژینەوەی فەلسەفی: ئامرازێکە بۆ لەجێ دانانی فەلسەفەی ناسین لەتەك فەلسەفەی زمان و لەم ڕێگەیەوە تێدەکۆشێ تا "قەڵەمڕەوی مێژووی بووون" بەرین بکاتەوە.[٦٤]
دەزانین کە هایدگێر، نیچە بە "دوایین بەیانکەری میتافیزیك" دەزانێ.
بەڕای هایدگێر بەیانکەری میتافیزیك ئەو کەسەیە کە دەپرسێ: " بووون لە بنەڕەتی خۆیدا چیە؟" نیچە بە هێنانە ئارای ویستی هێز ئەم پرسیارەی پرسیبووو. بەڕای هایدگێر هێنانە گۆڕی ئەم پرسیارە لەو شوێنەدا دەلوێ کە Dasein یا بووونی ئەو شوێنە، یا بووونی مرۆڤ بێتە ئاراوە و نیچەش لەو چوارچێوەیەدا ماوەتەوە. [٦٥] بەڵام دەسەر [امتیاز]ی ئەم "دوایین بەیانکەر"ە لەوەدایە کە پەی بە سنووردار بووونی کارەکەی بردبووو و دەیزانی کە لە شوێنێکدا دوو خاڵمان پێکەوە تێکەڵ کردوە و هەڵەمان کردوە و بەلایەوە ڕوون بووو کە ناتوانی واتا بناسیت.
نمونەی ڕوونکەرەوەی نیچە باسکردنە لە "سروشتی متافۆریکی زمان". هایدگێر لە هەردووك کتێبی بنەمای ئاوەز و لە ڕێگای زمان دا باسی لەم خاڵە کرد، لە بنەمای ئاوەز دا دەری خست کە بەکارهێنانی میتافۆریکی وشەکان واتای ڕستە دەگۆڕێت. بۆ نمونە ئەم ڕستەیەی لایبنیتس:
Nichtist ohne grund (هیچ شتێکی بێ ئاوەز نیە) وەبەرچاو بگرین.
فۆرمی دەربڕینی ئەڵمانی بەو چەشنەیە کە Nichist کە "هیچ شتێ، هەیە" بە بنەما دەزانێ.[٦٦]
هایدگێر پێی داگرت کە ئەم "پەسندکردنی نەبووون"ە، گەڕانەوەیە بۆ لەپێش دانان [Premise]ی سەرەکی میتافیزیك و "میتافۆر تەنیا لەنێو میتافیزیك دایە". ئەو لە وتاری "چیەتی ئاخاوتە"دا دەنووسێ کە ئەگەر میتافۆرەکانی شێعرێکی ئێشتفن گئۆرکە لێك دەینەوە، خۆمان دەخەینە نێو پانتای میتافیزیك، چونکە تەنیا مەودای نێوان کەتوار و و وێنەمان زیاتر کردوە.[٦٧]

لە هەڵوێستەکان دا لە دێریدایان پرسی کە دەتوانرێ مێتۆدی ئەو لە فەلسەفەدا جێگیر بکرێ یا پێگەکەی لە دەرەوەی فەلسەفە دایە؟ دێریدا لە وڵام دا وتی: "من دەمهەویست خۆم لەئاست، یا بنەتای ئاخێوی فەلسەفیدا جێ بکەمەوە، لە بنەتا نەك لە مەرگ دا" [٦٨]، و هێما بۆ ئەوە دەکا کە ئەو شتەی کە تاکوو ئەمڕۆ بە "مەرگ یاکۆتایی فەلسەفە" ناودێریان کردوە، خاڵێکە کە ئەو لەگەڵیدا تەبا نیە. لە وتووێژێك لەتەك دێریدا لە لۆمۆند دا لێیان پرسی:
لە دەیەی ١٩٦٠دا ئێوە باستان لە نەلواوبووونی هزر لە بوواری ئاوەز دەکردو زۆر کەس لە "کۆتایی فەلسەفە" دەدوان، ئایا لەنێوان ئەم دوانە پێوەندیەك هەیە؟
"دێریدا: من باسم لە نەلواوبووونی هزر لە دیواری میتافیزیك کردوە، دەزانن کە دیوار بەمانای کۆتایی نیە و تەنانەت هێگل گوتەنی، نیشانەیەکە بۆ هێزێکی نوێ" [٦٩]
دێریدا کاری خۆی لە دوایین ئاستی فەلسەفەدا داناوە: "ئاست بە واتای شوێنێکە کە فەلسەفە نەلواو دەکا. شتێکە کە بەردەوام بە ناسین ناوزەد "دەکرێ"و فۆرمی کارەکەی بە "شکاندنی بنەمای ئاخێوی فەلسەفی" زانیوە.
بە بۆچوونی ئەو خوێندنەوە جۆرە نووسینێکە و نووسین لە خوێندنەوەی دەقگەلی فەلسەفی — یا هەر دەقێکی دی — دەلوێ، لێرەدایە کە ئەم دەقانە وەکوو هێماگەلی شتێکی دی دێنە بەرچاو کە لەمێژووی فەلسەفەدا بەدی ناکرێن (تۆ دەبێ بڵێم کە لە هیچ شوێنێکدا نیە") چونکە هیچ شتی ئێستەکی نیە.
ئەمە هەمان ئەو خاڵەیە کە هایدگێر بەچارەنووسی فەلسەفەی خۆی ناودێری کردوە. [٧٠] دێریدا زۆر جاران گوتوویەتی کە هزری هایدگێر گرنگترین بنەمای کاری خۆیەتی [دێریدا]:- "بەیانکردنی ئەو شتەی کە من هێناومەتە گۆڕێ بەبێ پرسیارگەلێك کە هایدگێر هێناویەتە ئارا نەدەکرا" [٧١] و پێی داگرتوە کە ئەو جیاکاریەی کە هایدگێر لەنێوان هەبووون و بووون دایناوە (و جیاکاری نێوان دەربڕینی ئۆنتیك و ئەنتۆلۆژیك) لە فەلسەفەی پێش ئەودا زانرا بووو.

گرنگترین زاراوە لە فەلسەفەی هایدگێردا بوون (sein) ە و لە هەبووون (seined) جیایە. [٧٢] بەڕای هایدگێر پرسیاری "بووون چیە؟" پرسیارێکی ئەنتۆلۆژیکە، بەڵام پرسیاری "بوونی A چیە؟" پرسیارێکی ئۆنتیك یا هەبووونی‌یە. [٧٣] مێتۆدی زانست لە بنەڕەتەوە ئۆنتیکە، بەڵام فەلسەفە لەخودیخۆیدا لەتەك پرسیاری بوونیادیی ئەنتۆلۆژیك سەروکاری هەیە. تێفکرین لە بووون لە ڕوانگەی ئۆنتیکەوە بێ سوودە.

متافیزیکی ڕۆژئاوایی، لەپێش ئەفلاتون، خاڵی سەرەکی بە ئەنتۆلۆژیك نەزانی. لەکاتێکدا پێشتر هێراکلیت و پارمیندێس بیریان لە پرسیارگەلی ئەنتۆلۆژیك دەکردەوە. فەیلەسوفێك وەکوو نیچە، بەبێ گوێدانە جیاکاری دوو ڕوانگەی ئەنتۆلۆژیك و ئۆنتیك هەندێ جار لەئاستی ئەنتۆلۆژیکەوە سەیری کێشەکانیان کردوە و ئەم نائاگاییی‌یە لە ئاستی هێنانە گۆڕی پرسیارەکان خۆی نواندوە. [٧٤] بەڕای دێریدا هەرچەند هایدگێر هەندێجار لە جەرگەی میتافیزیکی ڕۆژئاوایی‌یەوە دەدوێ (و دێریدا لەمبارەوە چەند خاڵێکی وەبیر هێناوەتەوە)[٧٥] بەڵام هزری ناوبراو ڕێخۆشکەری هەڵوەشاندنەوە بووو. هایدگێر شێعری بە "گەوهەری هونەر" دەزانی. گرینگی پانتایی‌یەکانی زمانو وشەی وەبیرهێنانەوەو گوتی: "بیناکاری و پەیکەر تاشیش سەرچاوەیان لە ئاخاوتەو ژماردن دایە". دێریدا باسی لە "پێشکەوتنی بێ هاوتا کە هایدگێر بۆتە هۆی دروستبووونی" کردوە و دەڵێ کە هێشتا ماویەتی تا تەواوی کەرەستەگەلی ڕەخنەکارانە بتوانین وەچنگ بێنین، واتە ئەو کەرەستانەی٨کە١هایدگێر دەستەبەندی کردوون. [٧٦] هایدگێر لە وتارێك دا لەژێر ناوی "موئیرا" دەری خست کە بەڕای پارمیندێس، چارەنووس، پێوەندی نێوان ئارایی بەواتای ڕەها و ئارایی هەمەوو شتێکە. هایدگێر ڕوونی کردەوە کە لەم بنەما فیکریەدا تەنیا ئەو شتەی کە ئامادەیە فۆرمی سەرهەڵدان بەخۆیەوە دەگرێ. شتێك دەبینرێ کە لەبەرچاوان بێ. بەڵام هایدگێر ڕەخنە لەم "بنەمای ئارایی"یە دەگرێ. [٧٧] بەڕای دێریدا موئیرا بۆ زمان وەکوو کارەبایە بۆ تیشك. هزر لە ڕوانگەی گراماتۆلۆژیکەوە، نەك هەبووونی بیرۆکەیەك بەڵکوو هەبووونی موئیرە. دێریدا موئیر بە چارەنووسی زمان دەزانێ. باسکردنی موئیرا لە لایەن هایدگێرەوە نزیکترین باسە لە تێگەیشتنی دێریدا لەمەڕ میتافیزیکی ئارایی‌یەوە. [٧٨] هایدگێر خۆی ڕەخنەگری چەمکی "ئارایی واتا" بووو. ئەو نیشانیدا کە میتافیزیك بەردەوام پەیوەستە بە ئارایی‌و کاتی ئێستاوە. هەر چەشنە باسکردنێك لە هەبووون باسێکی "بووون — دەرەنجام ناسانە"یە، چونکە وا گریمان دەکرێ کە بووونی هەمەوو شتێ تەنیا لەبەر ئەوە دەلوێ کە پشتی بە بوونێکی ترانسێنداڵیی ئێستایی بەستوە کە هەبووو یەو لە هەمەوو چرکە ساتێك دا بەدی دەکرێ. دێریدا ئەم باوەڕ هێنان بە بوونی ترانسینداڵی ئێستایی‌یە بە ئەرخەیانی ئاگایی زانی و خستیە بەر پلاری ڕەخنەوە. ئەو تا ئەو شوێنە چووە پێشێ کە میتافۆرەکانی هایدگێر (چەشنی "ئاوازی بووون"، "خانووی بووون"، "هاتنە گۆی بوون")ی بە هەوڵدانی ئەو لەپێناو دۆزینەوەی کلیلی میتافیزیکی زانی کە دەبێ بۆ کردنەوەی نهێنی بووون بەکار بێ، بەڵام خۆی بە ئاشکرا لەژێر تەوژمی "بووونی ئەنجام ناسی" دایە. بەڕای دێریدا ئەم لەپێش دانانە میتافیزیکی‌یە (کە لە کارەکانی هایدگێریشدا دەبینرێن) لە زماندا هەن و ئاخاوتەتەوەری ئاسەوارێکە لەم پێش گریمانانە. کەوابووو برواهێنان بە گفتوگۆ (دێریدا نموونە لە گادامێر دێنێتەوە کە بڕوای بە دیالۆگی نێوان نەریت و زمانی هەنوکەیی هەیە) ڕەگوریشەی بۆ ئەم باوەڕەیئەفلاتون دەگەڕێتەوەکە "ئارایی واتا"ی لەزماندا،بەتایبەتی لەگوتار دا بە حاشاهەڵنەگر زانیبووو.ئەم خاڵەش شاراوە نیە کە چەمکی گفتوگۆ بەو چەشنە کە هێرمێنۆتیکی مۆدێڕن پەی پێ بردوە، ڕەگ و ڕیشەکەی لە فەلسەفەی هایدگێر دایە.

بەڵام خاڵی گرینگ نەك دابڕانەکانی هایدگێر لە هەڵوەشاندنەوەدا بەڵکوو لەو وێکچوونانەی هزری ئەو لەگەڵ بیرۆکەی هەڵاتن لە واتا دایە. بۆ نموونە هایدگێر لە کانت و کێشەی میتافیزیك دا نووسیویەتی کە باڵادەستی ڕەهای دەق پەسەند ناکا و لە "خوێندنەوەی" بەرهەمەکانی هێگل، کانت یا نیچە دا، نەك ئەو

شتەی کە دانەر گوتوویەتی، بەڵکوو ڕێز لەو شتانەی کە وەدەست دێن دەگرێ و بەم پێیە مێتۆدی کارەکەی بە "وێرانکەریی مێژووی بوونناسی" ناودێر کرد کە "سروشتی ناوەکی کامڵبوونی دەق" ئاشکرا دەکا [٧٩] دەبێ بزانین کە دێریداش لە یەکەمین بەرهەمەکانی دا هەر لەم بیرۆکەی وێرانکەریەوە دەستی پێکردبووو و پاشان لە راژە کردنی ئەم چەمکەوە هەڵوەشاندنەوەی وەدەست هێنا.[٨٠]
ئێستاکە ئیدی هەڵوەشاندنەوە خاوەنی "باری نێگەتیڤ" نیە، بەڵکوو بە جۆرە کردەوەیەکی شیکاری دەژمێردرێ. لە کاتێکدا کە وشەی وێرانکەری، کە لە بەرهەمەکانی نیچەو هایدگێردا بەکار هاتوە لە بنەمای خۆیدا خاوەنی "بارێکی نیگەتیڤ"ە. بۆ نموونە نیچە باسی لە"وێرانکەریی پێکهاتەگەلی چەمکی" کردوە و گوتوویەتی کە ئەم خاڵگەلە ترسناکانە "وێران بکەین".
پۆل دێمان بە هێما کردن بەم خاڵە وەبیری هێناوەتەوە کە بەکارهێنانی ئەم چەمکە نەریتی‌یە کۆنە لە میتافیزیکی ڕۆژئاوایی‌دایەو بۆ نموونە لە چەمکی "وێرانی" لە هزری پاسکال دا دواوە. [٨١]
نزیکایەتی هەڵوەشاندنەوە لەگەڵ چەمکی وێرانی لە بەرهەمەکانی هایدگێردا هێندە زۆرە کە دێریدا لە یەکێك لە دواین بەرهەمەکانیدا واتە کتێبی لەبارەی ڕۆح: هایدگێر و پرسیار لە بەرانبەر وشەی Destruktion کە هایدگێر بەکاری هێناوە، کەڵکی لە زاراوەی هەڵوەشاندنەوە وەرگرتووە. [٨٢]
هەروەها لە نامەیەك دا کە بۆ ئیزۆتسۆی نووسی کە یەکەمجار لە کتێبی لەبارەی گراماتۆلۆژی وێرانی بە واتای هەڵوەشاندنەوە[٨٣] بەکار هێنابووو، بەڵام پاشان بۆ روشنگەریی واتای وێرانی چەمکی هەڵوەشاندنەوەی وەدەست هێنا.
وێرانکەری بە فۆرمی هەمە چەشن لە بەرهەمەکانی هایدگێردا هاتووە. [٨٤] لە پاتۆری شەشەمی بووون وهەرِەتدا ئەو کەڵکی لە چەمکی پێکهاتە شکێنی‌وەرگرتوەو بە شێوەی دروستی بەرەوڕوو بووونەوە لەگەڵ مێژووو فەلسەفە ناودێری کردوە. مەبەستی ئەو لە بەکارهێنانی ئەم وشەیە ڕونکردنەوەی واتایەکی نوێ لەبۆ ڕەخنەکاری بووو، نەك هەڵوەشاندنەوە. پێکهاتە شکێنی یا

وێرانکەری مێتۆدێکە کە بۆ بەرەو ڕووبووونەوە لەگەڵ هزری فەلسەفی پێشوو کارایی هەیە. بڕیار بووو لە بەرگی دووهەمی بووون‌و هەرِەتدا ئەم مێتۆدە شیتەڵ بکرێتەوە، [ئەمە] بەرگێك بووو کە هەرگیز نەنووسرا، بەڵام لەباسەکانی دیکەی هایدگێر دا (بە تایبەتی وانەکانی ئەو) لەمەڕ نەریتی هزری فەلسەفی، مێتۆدی پێکهاتە شکێنی تا رادەیەك ئاشکرا کراو زانرا کە ڕوونکردنەوەی باوەڕەکان یا دۆزینەوەی ئەو شتانەی فەیلەسووفەکان "بەڕاستی گوتوویانە" نیە، بەڵکوو ئامانجەکەی ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵەیە کە بە چ جۆرێ فەیلەسوفەکان ویستیان تا لەهەبووون تێفکرن، بەڵام نەیانتوانی‌و لە بووون ڕامان: - [واتە] جۆرە نواندنێکی بێتوانایی هزر. ئەم چەمکە بە ئاشکرا لە باسەکانی دێریداوە نزیکە، بە تایبەتی هایدگێریش [چەمکی ناوبراوی] لەمەڕ "نەریت‌و مێژووی هزری فەلسەفی‌و متافیزیکی" بەکار هێنابووو. بەڵام لەبەرامبەر ڕەخنەگەلێك کەبەرهەمەکانی دێریدا "مێتۆدێکی تایبەتی دەربڕینی بیر کردنەوەی فەلسەفیی هایدگێر" دەدەنە قەڵەم، تەنیا دەتوانین هێما بۆ ئەم حوکمەی دێریدا بکەین کە لە دواندەریی ژانویەی ١٩٦٨دا وتی: مەبەستم لە جیاکاری، جیاوازیەکی ئەنتۆلۆژیك (لەو چەشنەی کە هایدگێر لەنێو بووون/هەبووون یا لەنێوان روانگەی ئەنتۆلۆژیك/ روانگەی ئۆنتیك داینابووو) نیە". [٨٥]
ئێستا دەبێ لە خاڵێکی گرینگی دی لە پێوەندیی فیکری دێریدا لەگەڵ هایدگێر ورد ببینەوە، کە بە شێوەیەکی تایبەتی لە باسکردنی دەقگەلی جوانناسانە گرنگە. هایدگێر لە تێزی سەرچاوەی بەرهەمی هونەریدا پێکهاتەی پشت بەستوو بە بابەت - بارکراوی زمان لەتەك پێکهاتەی گەوهەر — ی بە هاوشانی سەرهەڵدانی شتەکان زانی و لە ئەنجامدا سەلماندی کە ئەم دوانە "فۆرمگەلی جیاوازی" یەك شتن:- هەموو فۆرمێك بمانەوێ یان نەمانەوێ بەردەوام لەگەڵ ئاراییدا شتێکی هاوشانە. دەقاودەق بەو چەشنەی کە ئاخێو (جیا لەو شتەی کە ئێمە هەوڵ دەدەین دەری بڕین) خۆی بە بابەتێك کە پەیوەندی لەتەك بارکراوەیەك هەبێ، دەبەستێتەوە. ئێمە بەردەوام ئارایی شتەکان لە ڕێگەی پێکهاتەی زمانیی

بابەت/بارکراوەوە دەناسین. لەم ڕووەوە گەر نەتوانین شتگەلێك لەتەك ئەم پێکهاتەیەدا پراکتیك بکەین، نایناسین. بۆ نموونە ئەو تابلۆیەی کە ونسان ڤان کوخ لەودا جوتە کەوشێکی کۆنەی کێشاوەتەوە، ناناسین. [٨٦] ئەم کەوشانە بەدەر لە هەر چەشنە دیاریکاریەك و بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندیەکیان بە پێکهاتەی زمانیی‌یەوە هەبێ، نیشانەی هیچ شتێك نین. ئەم تابلۆیە زمانمان لاڵ دەکاتو دەستە وەستانی دەکا. بۆ ئەوەی ئاخێو بتوانێ هاوڕێکی‌و ڕێسا ببەخشێتە بەرهەمی هونەری، دەبێ ئەو بەرهەمە ئەرکێکی هەبێ‌و بەلای کەسێك یا لانیکەم سەرچاوەیەك، بەیانکەری شتێکی دیکە بێ. [٧٨] دێریدا ئەم لێڵی‌یەی واتا بە "تێگەیشتنی پێشوەخت لە هەمبەر زمان" لە ئاخێودا پەیوەست دەکا. بەپێی ئەم ڕایە هەموو بوونەوەرێك تەنیا لە بوونی هەنووکەیی خۆی دەتوانین بناسین، یا مەبەستی تێگەیشتن لێی هاوڕێکی‌و ڕێسای پێ ببەخشین و واتا تەنیا لە ئاماژە کردن بە شتێکی هەنووکەیی‌و هەبووو، هەر لە ئێستا دا دێتە زانین. هەرەت دەبێ یەك لە دوا یەك‌و بەردەوام دووپات بوونەوەی چرکەساتی ئێستا بێ، تاکو ئەم تێگەیشتنە ببێتە هەمیشەیی. بەڵام هەرەتی ئێستا دووپاتە نابێتەوەو چرکەساتی پاش وی لەگەڵیدا جیاوازە. ئارایی بریتییە لەنکۆڵی دووبارە بوونەوە.

چەمکی هەرەت - شوێنی لە متافیزیکی ڕۆژئاوایی لەسەر بنەمای گومان‌و خەیاڵ واتە وێنای بەردەوامی‌و ئارایی دروستکراوەو خۆی لەخۆی دا نکۆڵی‌کەری جیاکاری‌یە. لەنێو بردنی چەمکی هەرەت — شوێنی یا بابەتگەلی کات و شوێن بەردەوام ئێمە دەخاتە بەردەم ئەم پرسیارانەوە:- ئایا شوێنگەیەك کە لەو داین لواوە؟ ئایا دەتوانین بە شێوەیەکی دی تێفکرین؟

ئایا بەرهەمی هونەری دەبێ بە چەشنێکی پێوەست بەیانکەری شتێکی دیکە، پشت بەستوو بە پێکهاتەی زمانیی بابەت/بارکراو بێ؟ ئایا زەین دەتوانێ بەرهەمێك بناسێ کە بەکار هێنانێکی نەبێ‌و شتێك بەیان نەکاو لەگەڵ پێکهاتەی زمانیی زەینی ئێمە تەبا نەبێ؟ ئایا بەرهەمی هونەری دەتوانێ جیا لە ئێستا، پیوار، گەوهەر، ڕێکەوتن فۆرمی سەرهەڵدان، پێکهاتەی بابەت/بارکراو لە تێگەیشتن بێت؟

دروتی ئولکۆفسکی — لاتس لەو باوەڕەدایە کە تابلۆ شێوەکاریەکانی مارسێل دۆشان وێرانکەری هاوڕێکی جوڵەو هەرەت و چەشنی جۆرە نکۆڵی یا ڕەت کەرەوەی بەیانکەرین. لە بەر ئەوەی کە نە شتێك، بەڵکوو بە پێوەندیەك ئەژمار دەکرێن، فرەچەشنی راڤە دێننە گۆڕێ" بەردەوام ناتەواو ناکاملن، بە شێوەیەك لە شێوەکان لە دەرەوەی دیاریکاریەکانی بارکراو (محمول) کار دەکەن. [٨٨].

دەستپێڕا گەیشتنی مارسێل دۆشان بەو شتەی کە لیوتار بە"دەزگایەکی نامیکانیکی" ناودێری کردوە، دەردەخا کە حوکمەکەی هایدگێر راستە:- هەتاکوو شوێن پێی ئارایی مرۆڤ لە بەرهەمێکی هونەری دا کەمتر بێ، [ئەوە دەردەخا کە] بەرهەمی ناوبراو زیاتر لە سەرچاوەکەی جیا بۆتەوەو کەمتر بەیانکەری شتێکی دیکەیەو شێوەی بەکار هێنانی ئەو شتەی کە دەری دەبڕێ کەمترە. بەرهەمێك کە بەم چەشنە "نامرۆیی" بێ، ئێمە لە پانتایی ناسراوی بەیانکەری، هەرەت،شوێن، ئارایی، پەیوەست بوون بەخاك‌و جیهان دەرباز دەکا. ئەمجۆرە بەرهەمە جۆرێکە لە بێ‌فۆرمبوونی کەتوار کە ئێمە "بەرەو ڕووی جیهانی کراوەیی " دەکاتەوە. جیهانێك کە خاوەنی واتای پێشتر دیاریکراو، یا گریمانکراو نیە. ئێستاکە ئەو شتەی کە دەمهەوێ لەم بەرهەمەوە لێی تێدەگەم.

بەرهەمی هونەری لەم شوێنەدا (بەدەر لە کاتی ئێستاو متافیزیکی ئارایی) لە کۆتی زمان رزگار دەبێ. لە زمان دا هەموو ناوێك بەهۆی فەرمانێکەوە دیاری دەکرێ و بەم چەشنە هێما بۆ بوونەوەرێکی هەنووکەیی دەکا. ئەو شتەی کە لە تابلۆی ڤان کۆخ دا دەیبینن، ئەگەر پێی بڵێین کەوش، ئیدی لەتەك بەرهەمی هونەری دا سەروکارمان نیە. بەڵام ئەگەر بەدەر لە پێکهاتەی زمانی "هەستی پێ بکەین" ئەوکات دێریدا گوتەنی "زمانی جیاکاری"مان دۆزیوەتەوە. نێوەڕۆکی تابلۆی ناوبراو بەم زمانەوە پەیوەست دەبێ، واتە کەوش لە تابلۆی شێوەکاری ڤان کۆخ خۆی لە خۆیدا هەبووو شوێنگەیەکی "بت ئاسا" وەچنگ

دێنێ، [واته] ئەو شتەی هایدگەربە Aletheiaی ناولێدەناو ڕۆمانتیێکخوازە ئەڵمانیی‌یەکان بە "دەرکەوتی بەرهەمی هونەری" یان لە قەڵەم دەدا:- شت، خۆی دەردەخا، بەڵام بێ بەرهەمە (بەدەر لە ئاراستەی ئەرکی)، لە هەرەتدا نیە، پەیوەندی بە زمانەوە نیەو ئامادە نیە.[٨٩]. ژولیا کریستوا ئەم خاڵەی لە زنجیرەیەك لە بەرهەمەکانی شێوەکاری [سەردەمی] ڕێنێسانس جووانی بلینیدا دۆزیوەتەوە.[٩٠]. "نێوەرۆکی" تابلۆکانی بلینی مەریەمی پیرۆزو منداڵەکەیەتی. لە بەرهەمەکانی بلینی دا (چەشنی تابلۆی ڤان کۆخ لە نموونەی هایدگێر) ئێمە ڕێگەیەکمان بۆ تێگەیشتنی کتو پڕی فۆرمەکان لە بەردەمدا نیە. ناتوانین بە شتێکەوە پەیوەستیان بکەین، واتە لەگەڵ ئەبستراکتێکی زیندوو (هەنووکەیی)، سایکۆلۆژیك،و ڕێساگەلی ئاماژەکار بەرەوڕو نین. مەریەم هەرگیز سەیری مناڵەکەی ناکا، پاژەکانی پاش بەستێن لەتەك ڕەمزە ناسراوەکانی شێوەکاریی ڕێینێسانس دا ناگونجێ و بە کەڵك نایەن. دەرەنجام، هەبوونی گریمان گەلێکی "بت ئاسا"یە کە ئاماژە کار نین. دروستکەری هەستێکە کە کریستوا بە "سەرخۆشی" ناودێری کردوە، هەستکردنە بە دەربازبووون لە ئاماژە، لەو کاتە دا کە هێشتا واتا سەری هەڵنەداوە.

بەڵام دێریدا لە نائاشکرایی بەرهەمی هونەری (کە هایدگەرو کریستوا هەر یەکەو بە شێوەیەك باسیان لێوە کردوە) تێپەڕبووە.

ئەو جەخت دەکا کە بەرهەمی هونەری هەم ئاشکراکەرە و هەم شاراوەکار. هەم دەتوانێ و هەم ناتوانێ "لەخۆی بدوێ" لە لایەکەوە لە چوارچێوەی "بابەت" دایە و لە لایەکی دیکەوە بابەت لە دیاریکاریەکانی بارکراو دەرباز دەکا. بۆ نموونە هەموو تابلۆیەکی شێوەکاری جیا لە بابەت، بە شێوەیەك ڕازێنراوەتەوە. چەمکێك کە کانت ناوی Parergonی لـێ ناوە.[٩١] دەربازبووونی "بابەتی سەرەکی" لە دیاریکاریە زمانیی‌یەکان، هێشتا بە واتای ڕزگار بووونی توخمە ڕازێنەرەکانی تابلۆ نیە. تا کاتێك کە دەربڕینی تابلۆ، پێکهاتەی ڕازێنراوی وێنەکانە، ئەم توخمە ڕازێنەرانە گرنگن‌و سەرقاڵی دیاریکاریە زمانیی‌یە هەنووکەییەکانن. لەم ڕووەوە تابلۆی ڤان کۆخ و بەرهەمەکانی بلینی ڕاڤەگەلی فرەچەشن دەخوازن و هەندێ کەس (نەك هەموان) پێیان وایە رازونهێنی پەتین. کەسێك وەکوو هایدگێر دەنووسێ: "جوتێ پێڵاوی لادێی و نەك شتێکی دیکە ... بەڵام لەنێوان ئەم پێڵاوانەدا بانگەوازی بێدەنگی خاك تێدەپەڕێ" [٩٢]

وندیئێستاینێر لە کتێبی ڕەنگەکانی تێۆریی دەربڕیندا لەمەڕ جیاوازیگەلێك نوسیویەتی کە هەموو تابلۆیەکی نیگار کێشی (بەهۆی هەبووونی توخمگەلی ڕازێنەر) لە ڕاڤەگەلی فرەچەشن دا وەدەستی دێنێ.[٩٣]. بەڕای ئەو دەقی نڤیسیاری (ئەو بە شێوەیەکی تایبەتی جەخت لەسەر پەخشان دەکا) دروستکەری سیستمی نیشانەکانە، بەڵام تابلۆ شێوەکاریەکان بابەت چەشنی شتێکی تایبەتی دەردەخەن.

پێکهاتەی شێوەکاری لەسەر بنیاتی سیستمی بەرامبەرێتی فۆنەتیکی، یا ڕێساگەلی سینتاکسی‌و بەکورتی ڕێساگەلی زماننناسی دانەمەزراوە. یەکەکان لە هەموو تابلۆیەکی شێوەکاری دا لەسەر بنەمای یاساگەلێك کار دەکەن کە دەشێ بناسرێن و لەوانەشە بەو چەشنە نەبن.

واتە، فۆرمەکان لە شێوەکاری‌دا لەسەر بناغەی ڕێککەوتنگەلێکی واتا ناسانە ریزدەبن نەك لەسەر بنەمای یاساکانی سیستمێکی سیمیۆلۆژیك. ئیستاینێر هێما بۆ بەرهەمەکانی رنە مگریت دەکا کە هەر لە سەرەتاوە بە سەرنجدان بەو [بەرهەمانە] تێ دەگەین کە ناوەکەیان پەیوەندیان بەنێوەرۆکیانەوە نیە. واتە مگریت، بە شێوەیەکی قوڵتر، پێکهاتەی بابەت/بارکراوی زمان ڕەت دەکاتەوە و شتەکان لەو مەودایەدا کە لەتەك ئارایی واتادا هەیانە دەنوێنێ. پێشتر میشل فۆکۆ وڵامی ئیستاینێری دابوویەوە. ئەو لە تێزێك دا لەمەڕ تابلۆکانی مگریت لەژێر ناوی "ئەمە پیپێك [دەم جگەرە]نیە" دەری خست کە شێوەکار [مگریت] دەیهەویست نزیکایەتیگەلێکی تازە "لە نێوان توخمەگرافیکی‌یەکان و توخمگەلی پلاستیك" بدۆزێتەوە، کە ئەم نزیکایەتیانە خۆیان سیمیۆلۆژیکن‌و [لێرەدا] تەنیا ڕێککەوتنەکان گۆڕاون. [٩٤].

دێریدا دیاردەناسی هۆسرێلی "نوێترین و وردترین نکۆڵی و کاملترین ڕەخنەی متافیزیکی ڕۆژئاوا" زانیوە [٩٥]، بەڵام لە هەمان کاتدا وەبیری هێناوەتەوە کە لە فەلسەفەی هۆسرێلیش دا "فۆن، دەربڕینی فۆنیم ئاسا یا فۆنەتیکی سروشتێکی زاڵیان هەیە". دوو بەرهەم لە کارە سەرەتاییەکانی دێریدا، بۆ هۆسرێل تەرخان کرابووو. لە پێشگوتارێك دا کە دێریدا بۆ سەرچاوەی ئەندازە[هندسە]ی هۆسرێل نووسی وەبیری خستەوە کە کێشەی سەرەکی هۆسرێل جیاکاریو مەودای نێوان دەنگی ئاخاوتەییو ئاگایی بووو، ئەو لە زانستەکان، مێژووو لە مێژووی زانستەکان دا ئەم مەودایەی بە خاڵی سەرەکی دەزانی. دەنگو دیاردە بە درێژەدەری ئەم باسە دەژمێردرێ. دێریدا رایگەیاندوە: "ئەو شتەی لە دواین نووسینەکانی هۆسرێل دا سەرنجی منی بۆلای خۆی ڕاکێشا، ڕوانگەی ئەو لەمەڕ نڤیسیار بووو. [کە ئەویش بریتی بوو لە] ڕایەکی نوێ، سەرنج ڕاکێشو کەمێك مەتەڵ ئاسا. هێماکانی نڤیسیاریو گرافیك ناتوانین بە پاژگەلی یاریدەدەر لە پێکهاتنی زانستی دا لە قەڵەم بدەین"[٩٦] دێریدا بە سەرنجدان لەم خاڵە خەریکی تاوتووێی چەمکی زمانی نڤیسیاری لە بەرهەمەکانی هۆسرێل بووو. ئەو بۆی دەرکەوت کە تیۆری هۆسرێل لەبارەی نیشانەوە لە بنەڕەتدا لە توێژینەوە لۆژیکی یەکان، پێك هاتو بەیانکراوو ئەم فەیلەسووفە تاکۆتایی ژیانی لەم تیۆرە تێنەپەڕێ. لە لایەکی دیکەوە تیۆریی هۆسرێل لەمەڕ نیشانە چەشنی دیالۆگێك لەتەك تیۆریی گۆتلیێب فرگە لەبارەی واتادارەوە پێك هات.

لە سەرچاوەی ئەندازەدا هەوڵی هۆسرێل لەسەر تێگەیشتنی ئەم خاڵە چڕبۆتەوە کە بە چ جۆرێ فۆرمەکانی خاڵێکی ڕەها، واتە گەوهەری ئەندازە (و نەك سیستمی هەنووکەیی ئەندازە) لە زەیندا دەزانرێت. دێریدا لە کۆتایی پێشگوتاری درێژی خۆی کە لەسەر دەقی هۆسرێل نووسیویەتی گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هۆسرێل دۆزەری ئەم خاڵە بوو کە ئەگەری هەبووونی خاڵی بەرجەستە لە سروشتی ترانسینداڵی زەیندا شاردراوەتەوە. واتە زەین ترانسینداڵە و دەتوانێ لەخۆی تێفکرێ. لە زاڵبووونی کاتی ئێستا تێپەڕ بێت و "مێژوو" بۆخۆی دروست بکا، واتە بڕوانێتە ڕابردوو و داهاتوو بە هێنانەگۆڕی ڕەهای بەرجەستە، ئەم "مێژوە"ە بهێنێتە دی. بەم جۆرە چەمکی ترانسینداڵ جۆرە جیاکارییەکە.[٩٧]

هەرچەند هۆسرێل لە هەمان ڕێسای بەرامبەرێتی دوانیی میتافیزیکی (بەرناس/ناسکار) دەستی پێکردوە، بەڵام لە ترانسینداڵی ناسکار یا ناسێنەردا، جیاکاری ناسیوە.[٩٨]

لە دەنگ و دیاردەدا دێریدا لە تیۆری هۆسرێل لەمەڕ نیشانەی کۆڵیەوەو ڕۆڵی دیاردەناسیی چەمکگەلی دەنگو ئارایی تاوتوێ کرد. هۆسرێل پێی وابووو نیشانە ئاماژەیەکی لاوەکی واتایە کە بە نۆرەی خۆی، لەو شتەی کە لە وشیاری، لە چرکە ساتێکدا، دەشێ ئاشکرا بکرێت، پێکهاتووە. دێریدا دەری خست کە لە تێگەیشتنی هۆسرێل بۆ هەرەت، واتا هەرگیز ناتوانێ، بەو چەشنەی هۆسرێل دەیویست، بابەتێکی هەنوکەیی بێ (شتێکی پێدراو و خێرا کە بە شێوەیەك لە شێوەکان "بۆخۆی" هەیە [!!]) بەڵکوو بەردەوام بەشێکە لە سیستمێکی "هێماکان" و بەرەوڕووی هەر شتێکی هەنووکەیی دەبێتەوە. بەڕای دێریدا دەقی هۆسرێل دەگاتە پارادۆکسێکی نێوەکی.

دێریدا لە دەنگ و دیاردەدا بە هێما کردن بۆ پاری "دەربڕینو ئاماژە" لە توێژینەوە لۆژیکیەکانی هۆسرێلدا وەبیری هێناوەتەوە کە وشەی نیشانە بەلای هۆسریلەوە دوو واتای هەبووو:- دەربڕین و هێما.[٩٩]

ئەم جیاکاریە لەڕاستیدا لە ئەرکە جیاوازەکانی نیشانەوە دەست پێدەکا.[١٠٠]

دەربڕین پەیوەستە بە نیازی ئاخێوەر یا نووسەر، شتێکە کە دەتوانین بە واتای نیشانە ناودێری بکەین. هێما ئەرکی نیشانەیە، سەربەخۆ و بەدەرە لە نیازی ئاخێوەر، لەڕاڤەی بەرامبەر [گوێگر — خوێنەر]دا دروست دەبێ. بەڕای هۆسرێل دەربڕینی پەتی (بەدەر لە هەر چەشنە نێوەڕکێکی ئەزموونی) بنچینەی سەرەکی ڕێزمانی لۆژیکییە. دێریدا ئەم بڕیارە پەسەند ناکاو دەنووسێ کە دەربڕینی پەتی

بەردەوام توخمێکی هێمادەری هەیەو ناتوانین ڕێگەیەك بۆ دەربازبوون لێی پەیدا بکەین. بەپێی دەقی هۆسرێلیش، جیا لە نیازی فەیلەسوف خۆی [هۆسرێل]، ئەم سروشتە هێمادەرە ئاشکرا دەبێ. هۆسرێل بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە "دەربڕینی پەتی" ڕێگەیەکی جگە لە مانەوە لە پەرژینی پانتایی زەینی [بەشێوەیەکی] تەنیا و بەدەر لە هەموو فۆرمێکی پێوەندی لەبەردەم دا نیە. هەر لەبەر ئەم هۆیە گرنگی بە "دەنگی نێوەکی وشیاری" دەدا. واتە "دەنگێك کە تەنیا لە ژیانی دەروونی دایە و شوێنگەی دوورە پەرێزو تایبەتیی زەینەو بنەماکەی، هەڵبەت زمانناسانەیە" [١٠١] بەڵام ڕەگ و ڕیشەی ئەم هەڵسەنگاندنەی هۆسرێل دەبێ لە بڕوای ئەو بە ئاست بەرزی ئاخاوتە تەوەری گوتاری لە هەمبەر نڤیسیاردا بزانین. هۆسرێل بەڵگەی دەهێنایەوە کە لە پێوەندیی نێوان دەنگێکی نێوەکی کە ئێمە بە هۆیەوە تێفکرین، ئێمە بەرەوڕووی واتای هەنووکەیی دەبینەوە، واتە بەڕای ئەو فۆن ئەو بوونەیە کە پێشاوپێش خۆی ئامادە دەبێ و وەکوو ئاگایی فۆرمێکی تەواو بە خۆیەوە دەگرێ. دێریدا ئەم باسە بەم جۆرە کورت دەکاتەوە کە بەڕای هۆسرێل "فون، ئاگایی‌یە" و لە درێژەدا دەڵێ کە تەنانەت ئەم دەنگە نێوەکی‌یە توخمێکی ئاگادار کەرەوەی لەگەڵدایە، واتا لەودا ئامادە نیە و بەردەوام ناچارین کە لە ڕێگەی مەودایەکەوە (کە زادەی جیاکاری ئاماژە پێکەر و ئاماژە پێکراو، ئاماژە پێکراو و دونیای دەرەوەی زەین) واتا بئافرێنین.

بەڕای هۆسرێل، من کە دەنگی زەینی خۆم و تەنانەت دەنگی فیزیکی خۆم دەبیسم، بە چرکەساتێکی ئێستای واتا لە قەڵەمی دەدەم، چرکە ساتێك کە لەمن جیا نیە، چونکە خودی من ئامادە و زیندوویە، بەڵام من چاوەدێری دەکەم. بەڵام وشەگەلی نڤیسیاری جیایە لە نیازی من و لەبەر ئەم هۆیەش ئامادە نیە. هۆسرێل کە لە کۆتی میتافیزیکی ئارایی دایە، ناتوانێ لەم خاڵە تێبگا کە ئاخاوتەی من بوویەکی مەتریالی‌یە کە لەگەڵ من دا مەودای هەیە،



هەڵکشانێکە لە جیاکاریە دروستکەرەکانی وشەگەلی گوتاری، دەقاو دەق چەشنی وشەگەلی نڤیسیار [ین].

لە کتێبی لەبارەی گراماتۆلۆژیدا دێریدا گەڕایەوە سەر باسەکەی هۆسرێلو نیشانی دا کە هۆسرێل بۆ ئارایی — و لەم ڕێڕەوە دا بۆ گوتار — بایەخێکی زیاتری بۆ نڤیسیار داناوە. [١٠٢]

بە بۆچوونی هۆسرێل گوتار کە لە ئارایی بەرامبەر [گوێگر — ئاخێوەر]دا درێژە پەیدا دەکا، گرنتی‌یەکە بۆ ئاراستەی نافەرمیی واتا (کە لە جەرگەی وشەکاندا پێك هاتووە). بەڵام ئایا گوتار بەڕاستی دروستکەری ئەم ئەرخەیانی‌یەیە کە:لێڵی و ئاڵۆزیەك لە گواستنەوەی واتا نەماوەتەوە؟ دەتوانین ڕستەیەکی سادە چەشنی نموونە بێنینەگۆڕێ:- "من، ئێستا لە پەنجەرەوە درەختێکم بینی." ڕستەیەکی لەم چەشنە بەبۆچوونی دێریدا، گوزارەیەکی حاشا هەڵنەگرنیە، واتاکەی ئەوەیە بەرامبەرەکەم یا کەسێکی دی، لەم پەنجەرە تایبەتیەوە، ئەو درەختەی کە من باسی دەکەم، نەدیوە. درەختێك کە من دیومە، لەو چرکەساتەدا بۆ ئەو لە پیواردا بووە. واتای ڕستەکە هەر بەقەد ئارایی درەختە بۆمن. بەستراوەتەوە بە پیواری [درەختی ناوبراو] بۆ کەسێکی دیکە و وشەی درەخت کە من بە هۆیەوە واتا بەیان دەکەم، هەمان مەودای لەگەڵ خودی درەخت دا هەیە و [وەکو] ئەو درەختە نەبینراوەیە کە ئاماژە پێکراو یا وێنا زەینی‌یەکەی لە هزری بەرامبەر دایە. واتە فۆینم لەبەر ئەوە کە بابەت نیە، ئارایی درەخت بۆ منیش دەخاتە پیوارەوە. هەموو گوزارەیەك، هەموو گوتارێك و هەموو دەربڕینێکی زمانناسانە پشت ئەستوورە بە پیواری بابەت و لەم ڕێڕەوەدا پیوار [خۆی] واتایە و ئەو شتەی لەژێر ناوی واتا دێتە گۆڕێ — چ لە گوتار و چ نڤیسیار — لەسەر بنەمای پیوار دامەزراوە.کەروێشك لە بەسەرهاتەکانی ئالیس لە وڵاتی سەمەرەکان بە ئالیس دەڵێ کە لە نێوان گوتن و "مەبەست لـێبوون" جیاوازی زۆر هەیە. ئەو شتانەی کە بەکاریان دێنین خاوەنی ئەو واتا تایبەتەی کە لـێیان چاوەڕێ دەکەین

نین، یا واتاگەلی جگە لەو واتایانەیان هەیە. زمان هەر لە بنەڕەتەوە لەسەر بنەمای پیواری واتا دامەزراوە [١٠٣].

لە دەنگ و دیاردەدا دێریدا جەختی کرد کە کاتێك دەڵێن "من هەم" ئەم منە کە گریمان ئاراییەیەکی ئەرخەیانی هەیە، لەڕاستیدا لەسەر بنچینەی جۆرە پیوارێکە. هۆسرێلیش دانی بەوە داناوە کە گوتەی "من هەم" چەشنی گوتەیەك، نیشانەی مەودای ئاخاوتەیە لەتەك من چەشنی بوونێکی دیاریکراو. [١٠٤]

لەم ڕووەوە وشەی "من" تەنانەت کاتێك کە ئاخێوەرەکەی کەسێتییەکی چیرۆکی و خەیاڵی بێ، هەمدیس لە تێگەیشتن دێت. تەنانەت "من" لە هەمدیس وێژەیەکی ئاخاوتەیی مردویەك، هەمدیس لە تێگەیشتن دێت، چونکە لە بنەڕەت دا پشت بەستوو بە ئارایی نیە. مۆریس بلانشۆ نیشانی دا کە نووسەرانی مۆدێرن بە هەڵبژاردنی کەسییەکەمی تاك بۆ ئاخاوتەی چیرۆك گێڕەوە، لەڕاستیدا نەك لە خۆی، بەڵکوو لە کەسێکی نائامادە دەدوێن. [١٠٥] ئەو وتی کە ئۆرفە دەبووو بەرەو دونیای مەرگ هەنگاوی هەڵگرتبا تاکوو بتوانێ هونەر لواو بکا. نوسین و هونەر پشت ئەستورن بە مەرگی "من"

## ٥

دێریدا لە وتووێژێکدا لەگەڵ ژولیا کریستوا۲انزیکایەتی نێوان نیشانە ناسی و گراماتۆلۆژی هێنایە ئارا و بەتایبەتی باسی لە سۆسۆر کرد: ئەو وتی: "زمانی پێوەر بێ سوچ و بێلایەن نیە. زمانی میتافیزیکی ڕۆژئاواییە".[١٠٦] جیاکاریەك کە سۆسۆر لەنێوان ئاماژەپێکراو داینابوە، هەمان جیاکاری کلاسیکیی فەلسەفەیە لەنێو خاڵی هەستپێکراو و خاڵی فیکری. جیاکاریەك کە بە دەربڕینێکی دیکە لە بەرهەمەکانی یاکۆ بسێنیشدا باسی لێوە کراوە، کاتێك کە لەمەڕ هەر یەکەیەکی زمانی لە "هێمایەك کە هەستی پێ دەکرێ"و هێمایەك کە دێتە هزرەوە" لێکۆڵینەوەی کردوە. [١٠٧] بەڵام ئەم جیاکاریە لە جەرگەی هزری میتافیزیکی دا لەنێو دەچێ و خۆی چەشنی مەودایەك لەنێوان هزر و هزری بەیانکراو پیشان دەدا، بەڵام لە گەوهەری هزردا ئەم مەودایە بەدی ناکرێ. واتە سۆسۆر مەودای لەنێوان هزرو فۆرمی دەربڕینی نڤیسیاری یا گوتاری خۆیدا دەبینی و نەك لە خود [زات]ی هزردا، لەو شوێنەدا کە پەیوەستە بە واتاوە، یا بە دەربڕینێکی دی لەو شوێنەدا کە واتا ئامادەیە.

دێریدا نیشانی داوە کە سۆسۆر مەودای بە تایبەتی لە نێوان هزر و نڤیسیاردا دەدی و بەپێی نەریتی کۆنی ئاخاوتە تەوەری لە گوتاردا دەرکەوتێك لە ئارایی واتای وەدەست دەهێنا. فۆن بە بۆچوونی سۆسۆریش، بەمانای خودئاگاییە. کاتێ کە دەدوێم لە ئارایی ئەو شتەی کە بیری لـێ دەکەمەوە ئاگادار دەبم و چەمکی زەینی ئاماژەپێکەرێکم لە هزری خۆم دا هەڵگرتوە کە لە جیهانی هەنووکەییدا نیە، تەنیا لە ڕەوتی خولقاندنیدا، دەنگی دەبیسم کە خاوەنی هەڵقوڵانێکی پەتیو ئازادانەیە، نە ئامرازێکی پێویستی هەیە، نە ئاسانکەرەوەو نە وزەیەك،[١٠٨] و ئەمە بنەمای ئاخاوتە تەوەرییە. هەر لە بەر ئەمە بووو کە سۆسۆر بابەتی زانستی زماننناسی بە زمانی گوتاری دەزانی و هەندێ جار — بەڵام نەك هەمیشە — ڕای دەگەیاند کە ئەم زانستە دواجار جیاکاریەکانو مەوداکان پەسەند ناکا. بەڕای دریدا، ئاشکرایە کە بناغەی گراماتۆلۆژی جیاکاری و مەودایە.

بنەمای ڕەخنەی دێریدا لە سۆسۆر، لەمەڕ فۆرمەکانی دیکەی نیشانە ناسیش دەگونجێ، بۆ نموونە لەبارەی دەرونشیکاری فرۆید دەگونجێ. بە بۆچوونی دێریدا، فرۆید دەرروونی چەشنی سیستمی نیشانەکان دەزانی کە توخمەکانی چەشنی ئاماژە پێکراوەکان، بە تەنیایی نیشانەکان پێك ناهێنن و بەردەوام شتێکیان کەمە.[١٠٩] نەست (ناونیشانێکی میتافیزیکی کە فرۆید داویەتە پاڵ نەناسراوەکان) قەڵەمڕەوی مەودا و جیاکاری بە گشتی ناگرێتەوە، بەڵکوو ناوونیشانێکە کە گریمانی هەبوونی بەشێکی دیکە، واتە بەشێکی وشیاری لەخۆیدا هەڵگرتوە، بەشێکە کە واتا لەودا ئامادەیە. لەو دوو بەشەدا نیشانەکان لە کەتوار جیان و "هێماکان" لەگەڵ واتادا مەودایان هەیە. لە بەرهەمەکانی فرۆیدا نیشانە ناسی گەڕانەوەی نیشانەکانە بۆلای یەکتر. دژواری کاری فرۆید

کاتێ دەست پێدەکا کە دوو چەشنە سیستمی نیشانە لێك جیا دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی بەڕاستی ڕێککەوتنە بنەماییەکانی ڕوون کردبێتەوە. گەر چاوپۆشی لەم دژوارییە بکەین، کاری فرۆید لەو شوێنەدا کە لە قەڵەمڕەوی گەڕاندنەوەی نیشانەکانی "پشکی نائاگای هەبووون" توێژینەوە دەکا، کارایی زۆری هەیە، لەبە ئەوەی نەبوونی ئارایی واتای لەم بەشەدا پەسند کردووە( هەرچەندە لەپلەیەکی دیکەیدا پەەندی نەکردووە) ئەو شتەی کە فرۆید بە جێگۆڕکێ Zusammensetzungen ناودێری کردوە چەند جاریش بە هیرۆگلیف ناوی هێناوە، پێگەیەکی گرنگی لە هزری دێریدا دا هەیە.

بە بۆچونی فرۆید، لە هەموو خولیایەکدا، جۆرە جێگۆڕکێیەکی توخمەکان یا بە دەربڕینی باشتر جۆرە هەڵتەکاندنێکی توخمەکان بەدی دەکرێ، نە ئاگایی و نە "خود" توانای ناسینی ئەم جێگۆڕکێی توخمانەیان نیە.[١١٠] بەپێی هیرۆگلیف لە هەموو خولیایەك دا پاژگەلی جیاواز پێکەوە ئاویتە دەبن: بۆ نموونە دەم و چاوی کەسێك هاوکات دەبێ لەگەڵ دەنگی کەسێکی دی. یا لە خانووی سەردەمی منداڵیدا، ڕۆژێك کە ئێستا لەودا دەژین دەردەکەوێ، یا پشکەکانی دەموچاوی کەسانی جۆراوجۆر ڕومەتێك دروست دەکەن[١٢٢] یا ئەرکی توخمەکان گۆڕانی بەسەردا دێ (ئاگر ناسووتێنێ، کەوتنە خوارەوە لە بەرزایی مرۆڤ ناکوژێ و ...!!!) دێریدا ئەم هەڵکشانی "جێگۆڕکێ"یە لە هەڵوەشاندنەوەدا بە گرنگ دەزانێ، چونکە نکۆڵی کردنە لە"هیرارکیی بایەخدانەرانە"و لەنێوخۆیدا هێنانە ئارای "برگەبەندی" یا ساماندار بووونی نالۆژیکیی کەتوارو نکۆڵی ئارایی واتای هەڵگرتووە. کتێبی کارت پۆستاڵ دەقاودەق لە خولیا دەچێ، [کە] لە بنەڕەت دا پشتی بە "جێگۆڕکێ" بەستووە.

دێریدا گوتوویەتی:-

کاتێ دەستم بە نووسین کرد، ژینگەی فیکریی لەژێر کاریگەری مارکسیزمو دەروونشیکاری بووو. ئەم دوانە بەهزری ڕۆشنگەری ڕۆژگاری ئێمە ئەژمار دەکران و کارەکەیان جۆرە لێڵی ڕەواندنەوەیەك بوو. بەڵام من هەوڵمدا ئازادانەتر بیر کەمەوە و توخمگەلی میتافیزیکی لەواندا بدۆزمەوە... لاکان وەکو فرۆید دەرونشیکاری لە کەوشەنەکانی [دیاریکراو ] [٥٥٥] تێپەڕاند و کاریگەریەکی قووڵی لەسەر فەلسەفە، ئەدەبیات و زانستە مرۆڤایەتیەکان دانا. بەڵام کەموکوڕی سەرەکی لە کارەکەیدا — بە تایبەتی لە کتێبی نوسراوەکان و بە هەرحاڵ لە سەرجەمی بەرهەمەکانی — ئەمە بووو کە هەموویان کەوتنە جەرگەی ئاخاوتە تەوەرییەوە.

هزری فرۆید نێوەڕۆکی کتێبی کارت پۆستاڵ ە کە ناونیشانی دووهەمی بریتییە لە:"لە سوکراتەوە تا فرۆیدو لە سەروشیانەوە"و تێپەڕین لە فرۆید وەبیر دەخاتەوە. ئەم کتێبە قەبارە گەورەیە سێ وتارو وتووێژێك لەتەك دێریدای گرتۆتە خۆی. وتاری یەکەم چەشنی چەند لاپەڕەیەکی دەفتەری بیرەوەریەکان نوسراوە. لە ڕواڵەت دا تەوەری ئەم نووسراوە یە سوکراتەو هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی وڵامێك بۆ ئەم پرسیارە کە بۆچی ئەو نەیدەنوسی. بەڵام فرۆید زاڵە بەسەر ئەم نووسینە درێژەدا. ئەم نووسینە جۆرە بەسەرهاتێکی گواستنەوەی پەیام، واتە "مێژووی پۆستە"و ناردنی زانیارییە. واتە کردەیەکە بە هەموو شێوەیەك ئەنجام دەدرێ و وەبیرخەری بنەمای نووسینە:- زانیاری بەبێ ئارایی نێرەر وەردەگرین. ناونیشانی کتێب، دەردەخا کە لەنێو فۆرمە هەمە چەشنەکانی ناردنی پەیام، بەلای دێریداوە یەکێکیان متمانەیەکی زۆرتری هەیە: سروشتی سەرەکی کارت پوستاڵ شاراوە نەبوونیەتی: بەدەستی زۆر کەس دەگا: نهێنییەکەی ئاشکرایە، هەر کەسێك کە بیهەوێ دەتوانێ لە "نێو ڕێگا"دا بیخوێنێتەوە. هەر بۆیە بە زۆری — یا باشتر وایە بڵێین هەمیشە — نهێنییەك لە کارت پۆستاڵ دا نانووسن، ئاشکرایی فۆرم، لایەنی تایبەتیی پەیام لەنێو دەبا. هەموو دەقێك کارت پۆستاڵێکە، ئاشکرایە و داپۆشراو نیە، کەوابووو شوێنێك نیە کە نهێنی تێدا بشارێتەوە. بەڵام هەر لەم هەوڵدانە بۆ شاردنەوەی کەتوار، لانیکەم دەتوانین لە شاراوەکاری و داپۆشین دا چەند چرکە ساتێك لە هەقیقەت ببینین، چرکە سات گەلێك کە نیشان دەدەن هەقیقەتێك لە ئارادا نیە و واتایەك لەگۆڕێ دا نیە.

تێبینییەکانی وەرگێڕ

[*]. تێبینی لە نووسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕەوە نیە.

[**]. تێبینی لە نووسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕەوە نیە.

[***]. تێبینی لە نووسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕەوە نیە.

[٥]. تێبینی لە نووسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕەوە نیە.

[٥٥]. تێبینی لە نووسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕەوە نیە.

[٥٥٥]. تێبینی لە نووسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕەوە نیە.

پەراوێزەکانی پاری سێزدەهەم

1. P. de Man, Blindness anti Insight, London, 1983. p. 140.

2. J. Derrida, Ulrsse granwphone. Paris. 1987. p. 29.

3. J. Derrida. Scribble. preface a Warburton. Lsiais .sur le.v hiérog/rp/ies. Paris .1978

4. J. Derrida, U/ss.re gramophone, p. 30.

5. J .Bishop, .Jorce.s Book of the Niç Wisconsin up.. 1986. p. 31.

بەم چەشنە واتاکانی کتێب لە "جوانێکی خەوتوو" دەچێ کە خوێنەر هەرگیز ڕۆڵی شازادەی بێدارکەرەوە ناگێڕێت و جۆیس خۆی بە گۆڕینی وشەکانی جوانێکی خەوتوو، واتە Sleeping beautyی کردووە بە شتگەلی دیکە. Sleeping beauty مانای جوانی کەوتن، جوانیی خلیسکان، جوانی هەڵە کردن و ... جوانی لەژێر کراس دەگەیەنێ.

6. J. Lacan, Encore. I.e seminar. vs. Paris. 1972. pp. 126-127.

7. A sort of wake."

8. S. B. Spinoza, Works, trail. R.N.M. Elwes, New york. 1951. p. 101.

9. Ibid.. p. 102..

١٠. تزڤیتان تۆدۆرۆف ئەم خاڵەی وەبیر هێناوەتەوە:

T. Todorov. Si'inhohsi,ie ci interpretation. Paris. 1978. p. 134.

11. Entretiens avec ' moiide . philosophies. Paris, /984.

12. Ibid., pp. 80-81.

13. lhid..p.83.

14. Ibid.. p. 84.

پێشتر دیتمان کە تاوتوێ و شی کردنەوە (ئانالیز)ی دەق نزیکترین چەمکە لە هەڵوەشاندنەوەوە: بڕواننە پاری دوانزەهەم.

15. J. Derrida. Marges — tie la philosophic. Paris. 1972, pp. 126—127.

16. G.W.F. Hegel. Philosophy of Mind. Iran. W. Wallace. Oxford. up.. 1971. pp206-218.

17. J. Derrida. Glas, Paris, 1981. p.365.

١٨. دوایین چاپکراوی وتارەکەی ڕۆسۆ کە ژان ئێستاروبنسکی ڕێکی خستووە و کۆی کردۆتەوە، وردترین دەقی ئەو وتارەیە کە لەبەر دەست دایە:

J. Rousseau, E.ssai sur l'oris des langues. ed .1. Starobinski. Paris. 1990.

19. J. Derrida. Otobiographie. Paris. 1984. p. 43.

20. J. Derrida, Eperons. les stiles tie Nietzsche. Paris, 1978.

21. F. Nietzsche. Tirilig/it of the Idols, trail. R.J. Hollingdale. London. 1968, p. 40.

22. J. Derrida. Eperons. p. 27.

23. F. Nietzsche. The Gm Science. tran. W. Kaufmann. New york. 1974. p. 38.

نیچە ژیانی چەشنی "ژن" دەدی و (شێوەی سێهەمی ژنانەیی) ئەمە چەمکێکە کە یونانییەکانیش لە هەمبەر ژیان هەیانبووە بە ژن ناودێریان دەکرد. بڕواننە:

S. Kofrnan. Nietzsche ci Ia scene phi/osophique. Paris. 1979.

24. G. Benn. Ge.sam,nelte Werke. Wisebaden, 1959. vol. 2. p. 156.

25. M. Bradburv and J. Mc Farlane, Modernism. London. 1983. pp. 86-87.

لە فیلمی فانی و ئەلێکساندێر دا ئینگمار برێگمان کە چیرۆکەکەی تا ڕادەیەك لەتەك ڕووداوەکانینموونە ئەدەبییەکان کە لە دەقەکەدا باسی لێوە کرا، تێپەڕ دەبێ (ساڵی ١٩٠٧). ئەلێکساندێر لەکۆتاییی دا لەگەڵ ئیسمائل ئاشنا دەبێ. ناوبراو نێرەمووکێکی گەنجە کە دیوی ژنانەی

ئەلێکسانێر وەبیر ئەو دەخاتەوە. پەی بردن بەم هێرمێا فرۆدیتەیە باندۆرێکی قووڵ دەخاتە سەر ئەلێکساندێر.

26. j. Derrida, Eperons. p. 82.
27. ibid., p. 103.
28. Ibid., p. 107.
29. Ibid., p. III.
30. F. Niettsche, Werke, ed, K. Schlechta, Munichen, 1960 .vol. 3.

وەرگێڕدراو لە ئینگلیزی:

F. Nietzsche. The C’omnplete Works, ed. 0. Levy. New york. 1964, voI 2.
31. F. Nietzsche. Werke, vol. 3, p. 319/ C. W, 2, 178.
32. ibid.. p. 315./p. 174.
33. Ibid.. p. 320./ p. 178.
34. ibid.. p. 32I./ p. 180.
35. F. Nietzsche. The Will to Power. tran. W. Kautniann, New york, 1968. p. 273.
36. F. Nietzsche. The Gm Science, trail. W. Kaufmann. New york. 1974, p. 168.
37. J.Derrida. Marges c/c Ia philosophic. p. 19.
38. F. Nietzsche. The Will to Poiter, p. 351.
39. Ibid.. p. 275.
40. Ibid ،.p. 268.
41. ibid., p. 337.
42. Ibid., p. 302.
43 J. Derrida. Marges de Ia philosophic, p. 18.
44. F. Nietzsche. Werke, p.316./ C.W, pp. 175-176.
45. F. Nietzsche, The Gai Science. pp. 34-35.
46. F. Nieti.sche, The Will to Poim’er. p. 173.
47. Ibid.. p .298.
48. j. Derrida, of Gra,nmaiology, tran. G. Chakravorty Spivak. John Hopkins up.. 1975. pp. 28-29.
49. J. Derrida. Marges de la philosophic. pp. 18-19.
50. Ibid., p. 163.
51. F. Nietzsche, The Will to Pouer, p. 545.
52. F. Nietzsche, Ecce Ho,no. tran. W. Kaufniann, New york, 1967. p. 258.

٥٣. ف . نیچه، فراسوی نیك و بد، ترجمه د. اشوری، تهران، ١٣٦٢، ص، ١٦٥.

54. J. Derrida. La drsse,nmauion. Paris, 1972. p .309.
55. F. Nietzsche, Ecce Hoino. p. 306.
56. J. Derrida. Dc Ia grammatologie. pp. 3 1-32.

٥٧. ف. نیچه، چنین گفت زرتشت، ترجمه د. اشوری، تهران، ١٣٥٢، ص ١٦٩.

٥٨. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٢.

٥٩. هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣.

60. G. Benn, op.c/t.. vol. I. p. 504.
61. V. Erlich, Russ/an Formal/sm: Histori’—Doctrinc, Yale up.. 1981.

٦٢. بڕواننە وتاری گرنگی "میتافۆر و دژە میتافۆر"ی ئالەه مان:

B. Allemann, “Metaphor and Antirnetaphor” SR. Hopper and D.L. Miller
eds, Interpretation: The Poetr,’ of Meaning. New york. 1967. pp. 103-123.
63. J. Derrida, l)e Ia grainmatologie. p. 33.
64. J. Habermas, Le discours philosophique de Ia inodernité, tran. C. Bouchind—
homme. and R. Rochlitz, Paris, 1988, p. 193.
65. M. Heidegger, Nietzsche. tran. P. Klossowski, Paris. 1975. vol. I. pp.39-46.

66. M. Heidegger, Le principe de raison. tran. A. Preau, Paris, 1969 ،pp. 43. if.
67. M. Heidegger, ,4cheminéinent vers la parole. tran. J. Beaufret. W. Brokrneier.
F. Fedier, Paris, 1984. pp. 141-161.
68. J. Derrida, Po.r/t/ons. Paris, 1972. p. 14.
69. En/ret/ens avec Le monde”, philosophies. Paris. 1984. p. 81.
70. Ibid ،.p. IS.
71. Ibid.. p. 18.

٧٢. بوون لە بەرامبەر Being ی ئینگلیزی و L’etreی فەرانسی بەکار هاتووە.

٧٣. زاراوەی هەبوویی دەقاودەق واتای Ontic نادا بە دەستەوە.

74. M. Heidegger. Be/iig and Time, tran. J. Macquarrie and E. Robinson. London.
198 ،pp. 4 1-49.
75. J. Derrida. Po,sit/ons. pp. 18-19.
76. Ibid.. p. 73.
77. M. Heidegger. Essais et conferences, tran. A. Preau. Paris. 1973. pp. 279 - 310

مۆئیرا ناونیشانێکە کە پارمێندێس بۆ ئارایی دایناوە. بڕوانە بەندی شەشەمی وتاری هایدگەر و بەتایبەتی لاپەڕەی ٣٠٤

٧٨. لوك فری و ئالین رینۆ لە کتێبی هزری ٦٨دا کە ناونیشانێکی لاوەکی هەیە: "تێزێك لەبارەی دژە مرۆڤ گەرایی هاوچەرخ" نووسیویانە "بەرهەمەکانی دێریدا، دەربڕینی تەواوی هایدگێرِ گەرایی فەرەنسییە ... دەتوانین بڵێین کە فۆکۆ یەکسانە بە هایدگێر + نیچە و لاکان یەکسانە بە هایدگێر + فرۆید، بەڵام دێریدا یەکسانە بە هایدگێر + مێتۆدی دەربڕینی دێریدا:

L. Ferry and A. Renaut, La pen.see 68. Paris, 1988, p. 201.

بڕیارێکی دروستە ئەگەر بڵێین کە دەبێ درێژەی نەریتی فەلسەفی هایدگێر لە فەرەنسە لە بەرهەمەکانی دێریدا دا بەدی بکەین. (لە بەرامبەر نەریتێك کە تەنیا فەلسەفەی هایدگەر دەناسێنێ، دێریدا بەدووی هزری هایدگەر دەکەوێ) بەڵام کورت بینی یە گەر بێت و باوەڕەکانی دێریدا بە مێتۆدیچکی دەربڕینی تایبەتی هزری هایدگێرِ لە قەڵەم بدەین.

79. M. Heidegger, Kant et Ic probli’nie de Ia metap/n’siqoe, tran. A. de Waclhens. and W. Biemel, Paris, 1981. pp. 271-272.
M. Heidegger. Kant and the problem of Methaphvsics. tran ..J.S. Churchill. Indiana up.. 1962. p .222.

٨٠. بڕوانە پێشگوتاری وەرگێڕداوی ئینگلیزی:

J. Derrida. Of Grainmatolo p. 49.
81. P. de Man. Allegories of Reading, Yale. tip., 1979. p.x.

وشەیەك کە پاسکال بەکاری هێناوە Pemolition. بۆ باسکردنی وردتر لەو بارەوە بڕوانە:

P. de Man. Blindness and Insight. London. 1983. p. 140.
82. J. Derrida, Dc l’ésprit, Hidegger et Ia question. Paris, 1987. p. 35.
83. J. Derrida. Pst’ché. Paris, 1987. p. 388.

٨٤. هایدگێر جگە لە وشەی Destruktion بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی وێرانکەری لە وشەی Zertrummerung کەڵکی وەرگرتووە.

85. J. Derrida. Marges de la philosophic. pp. 24-28.
86. M. Heidegger. Chemins qui ne mbnent nulle part. Iran. W. Brokmeier. Paris.
1968 ،pp. 11-68.

ئەم کتێبە وەرگێڕدراوی Holzvege هایدگەرە بە واتای توولە ڕێگا جەنگەڵیەکان، یا کوێرە ڕێگاکان، یا ئەلیگۆریەکی فەلسەفەیە، کە ئێمە لەودا خۆمان لە نێوەڕاستی دارستانێکی چڕدا بزر دەکەین. وەرگێڕی فەڕەنسی ناوونشانی کتێبەکەی لە شێعرێکی راینێرماریاریلکە کە بە فەرەنسی هۆنیویەتەوە، وەرگرتووە.

.87. J. Derrida, La vérité en peinturc’.Paris. 1978, p. 409
،”88. D. Olkowski-Laetz. “A postmodcrn Language in Art Silverman ed, Posi,nodeniis,n, I’hi/osophi and the Arts. London. .1990

.89. J. Derrida. La vérité en peinture, P. 358
90. J. Kristeva. De,i,i in Language. ed. L.S. Roudiez. Colunibia .up.. 1980. pp .247-248-

٩١. بڕوانه وتاری:
I.E. Harvey. “Derrida. Kant, and the Performance of ”Parergonalitv
H.Y. Silverman ed. Derilda and Deeonstrucnon. London. 1989. pp. 59—76.
92. M. Heidegger. Chemi,is qui ne me/lent no/Ic part. p. 25.
93. W. Steiner, The Colors of Rhetoric. Chicago up.. 1982.
94. M. Foucault. This is not a pipe, tran. J. Flarkness. California u.p., 1982.
95. J. Derrida, Positions, p. 13.

له ڕێزمانی دەنگیی یولیس دا دێریدا، هۆسرێل و جۆیسی به دوو نموونه و سیمبۆلی هزر زانی که ڕێخۆشکەری تێگەیشتن له نزیکایەتی و پێوەندی زمان و مێژوون:



. J. Derrida. UIisse gramophone. p. 27
96. Entretiens avec “Le monde’’. phi/osop/nes. p. 79.
97. J. Derrida“ ‹Introduction’’, E. Husserl. L’origine dc/a geometric. Paris. 1962. P. 171.
98. J. Derrida, La voi.v ci Ia phénoinéne. Paris. 1983. p. 94. n.

٩٩. نیشانه له بەرامبەر وشەی ئاڵمانی Zeichen هاتووه، دەربڕین لەبەرامبەر وشەی ئاڵمانی Ausdruck (به فەرەنسی Expression) بەکار هاتووه و هێما له بەرامبەر وشەی ئاڵمانی Anzeichen (به فەرەنسی Indication) هاتووه.

100. E. Husserl, Recherches logiques. trans. H. Elie. A.R. Kelkcl. R. Scherer. Paris.
1969 .vol. 2, premi partie. pp. 25-69.
101. Ibid.. p. 42.
102. J. Derrida. Dc Ia graininatologie. p. 9
103. L. Carroll, Complete Works. London. 1983. P. 69.
104. J. Derrida. La voi.v el/a phenoniene. Pp. 78-97.
105. M. Blanchot. l.’espace litieraire. Paris. 1985. p. 167.
106. J. Derrida, Positions, p. 29.
107. Ibid., p. 30.

و گێڕانەوەیه له:
R. Jakobson, Essais (IC linguistique générale. Paris. 1963. p. 162.
108. J. Derrida, Positions, p. 33.
109. Derrida, Marges de Ia philosophic. p. 21.

١١٠. بڕوانه پاری یەکەمی فرۆید لەژێر ناوی ڕاڤەی خولیاکان و هەروەها وتاری پۆل ریکۆر بەناوی "کێشەی بابەت" (١٩٦٩):
P. Ricoeur, Les conflit des interpretations, Paris, 1969, PP. 233 - 265

# پاری چواردەهەم
# بان واتا: باتای، بلانشۆ، بلۆم، هارتمەن، دێمان

**نه، گەیشتینه ترۆپك لەگۆڕێ دایه و نه دڵنیایی، ئەگینا گوتارێك لەگۆڕێ دا نەدەبووو. لەودا کەسێك که خۆی بەیان دەکا [نەبووونی] شتێك هەستی پێ دەکرێ. نەرێ، هاوزادەی زمانه ... ئایدیالی ئەدەبیات ئەمەیه :-**

## هیچ نەڵێین، بدوێین بۆ ئەوەی شتێكمان نەگوتبێ.

**مۆریس بلانشۆ**

١

ژۆرژباتای بێ ئەوەی بیەوێ، كاریگەری لەسەر چارەنووسی باسەكانی هەڵوەشاندنەوە داناوە. بۆچی نووسیم "بەبێ ئەوەی بیەوێ"؟،
چونكە باتای نەیدەویست كاریگەری لەسەر هیچ شتێ دابنێ: ئەو دەیگوت: "وازم لە جیهان هێناوە". بەڵام كاریگەری هەمەلایەنە، حاشا هەڵنەگر، قووڵو چارەنووسسازی لەسەر هزری مۆدێرنو ڕەخنەی نوێ دانا. لە ڕۆلان بارت تا دێریدا، لە نووسەرانی "ڕۆمانی نوێ" تا فۆكۆ، هەر كەسێك ڕۆژێك ناچار بووەوە كە لەتەك ئەو لە شوێنێك راوەستێ. چاو پێخشاندنێك بە پێڕستی وتارەكانو ئیندێكسی خاڵە سەرەكییەكانی كتێبی ئەدەبیاتو بەدی بەناوبانگترین كۆمەڵە وتارەكانی باتای، دنیای هاوبەشی ئەو لەگەڵ كەسانی دی دەردەخا: ساد، میشلە و پروست (لەگەڵ ڕۆلان بارت)، كافكا (لەگەڵ ژیل دێلۆز)، بوودلێر (لەگەڵ ڕۆمەن یاكۆ بسێن) و ژان ژنە (لەگەڵ ژاك دێریدا). باتای لەیەكێ لە گرنگترین لایەنەكانی كاری فیكری خۆی لەگەڵ دێریدا تەبا بووو:-
واتا لە ئارادا نیە. گرنگی باتای لە هزری رەخنەكارانەی ئەم سەدەیەدا ڕۆڵی مێژوویی ئەوە، ڕۆڵێك كە بە پێچەوانەی حەزو ئارەزووی خۆی گرتیە ئەستۆ. ئەو ڕایەڵی نێوان بزووتنەوەی سور ڕیالیستیو ڕیزەكانی رەخنەی مۆدێرنە. خۆی دەیگوت:"ئەم هەموو سەرنجدانە لە بەرهەمەكانی من بەردەوام لەم خاڵەوە دەستی پێكردوە كە نەیانتوانیوە، پێشاوپێش، من لەیەكێ لە چەشنەكانی سیستمی ئەدەبی كە دەیانناسین، دابنێن." بارت دەیگوت كە باتای لە پۆلێن بەندی جێی نابێتەوە. [ناوبراو] ڕۆماننووس بووو شینایی ئاسمان و شاعیر بوو، پەیڕەوانی شای نزیك و وتارنووسیش بووو، هەروەها فەیلەسووف بووو، [هەڵبەت] بەو مانایەی كە نیچەی مامۆستای دەیگوت. لە بەرهەمێك دا، لە یەك لاپەڕەدا و تەنانەت لە ڕستەیەك دا هەر چوار ڕۆڵی دەگێڕا:- چیرۆكبێژی شاعیر – فەیلەسوفێكی ڕەخنەگر بووو. دێریدا دەڵێ: "باتای بەردەوام ڕۆنانێك لە توخمەكان بوو" وێنە و حیكایەتی پێكەوە دەلكاند و هەندێ جار دانپیینان و دەنگ هەڵبڕین [یش] چەمكی "سەرپێچی" لە هزری باتای دا چەمكێكی سەنتراڵە: "سەرپێچی چەمكی دژەبەری قەدەغە نیە. لێی تێپەڕێ و لە بنەڕەتەوە (كامڵ)ی دەكات" [١]
باتای بیست و شەش ساڵان بووو كە لە ١٩٢٣دا نیچەی دۆزیەوە. دواتر نووسی: " ڕێگەیەك لە بەردەم دا نیە، دەبێ لەگەڵ نیچە دا تابنج و بناوانی ئارایی مرۆڤ دا بچیتە پێشەوە". ڕۆلان بارت گوتوویەتی: "لە لای نیچەو باتای هەوێنێك هەیە:- پەژارە. [كە] فۆرمێكی تایبەتی كاتی ئێستایە، ئاستی دابەزیوە بۆ فۆرمێكی تایبەتی ڕابردو كە پڕسۆزە خۆ دەنوێنێ. ئەم ئێستایەو ئەو رابردوویە هیچكام بەڕاستی مێژوویی نین. هەردوك بەجوڵەی ئاڵۆزو وێنەگەلی تیاچون پشت ئەستورن" [٢] بەڵام پەژارە لە بەرهەمەكانی باتایدا بە شێوەیەكی تایبەتی ڕەنگی دایەوە: چەمكی ئارایی مرۆڤ كە بە مەرگەوە دەبەسترێتەوە بوو بە بابەتی سەرەكی كارەكانی باتای. ئەمە چەمكێك بوو زۆر یارمەتی دێریدای دا. باتای بەردەوام لە جۆرە نەلواو بوونێكی دەربڕیندا "پەلەقاژەی دەكرد". ئەو خۆی گوتوویەتی: "نیچە ئەم هەستەی لە لام دروست كرد كە شتێك بۆ گوتن نەماوەتەوە" [٣]: هزرەكەی گرژ، كێوێلە و "بەردەوام لە ئاست"دا بووو. هەمان ئەو ئاستەی كە چەندین ساڵ دواتر ژاك دێریدا خۆی لەودا دەدۆزیەوە. باتای زیاتر لە هەموان – خۆیشی چەندین جار دانی بەوە داناوە كە تەنانەت زیاتر لە نیچەش – لە هگێل فێر بووەوە. بەڵام فێركاریەكان – ئەگەر بتوانین لە قسەیەك دا كورتی بكەینەوە – "پەسەند كردنی سیستم" بووون. [باتای] قوتابی ئەلكساندێر كوژۆ بوو: لەگەڵ ڕیمۆن كونۆ ڕەخنەیەك لەسەر بنەماكانی دیالكتیكی هیگلی لە ساڵی ١٩٢٣ نووسی.لە ئەزموونی نێواخنیدا سیستمی هێگلی ڕەت كردەوە"بەڵام هەر بەو چەشنەی كە دێریدا لە "ئابووری سنوردارو ئابووریی

هەمەلایەنە"دا دەنووسێ:- دواجار نەیتوانی تەوقی هگێل لە مل کاتەوە" [٤]. گرفتی باتای سیستم بوو، چەشنی گرفتی ڕەخنەگرە نوێیەکان کە زمانە. ئەم ڕەخنەگرانە لە ڕێگەی زمانەوە لەتەك زمان دەجەنگێن و بەهۆی شتێکەوە نکۆڵی لەو شتە دەکەن. باتایش دەیویست کە بەهۆی سیستمەوە، سیستم هەڵوەشێنێ. ئەو دەیوت: "ئەو [شتەی] کە[وادەکات بڵێم] من هەم تامەزرۆیییە نەك خوازیاریی زانین. فەیلەسوف نیم، ڕەنگە قددیس بم.لەوانەشە تەنیا شێتێك بم" [٥] قدیس؟ بەڵام لانیکەم بەو واتایەیەی کە خەڵك باوەڕیان هەیە، دیندار نەبووو. جارێکیان (بە گاڵتەوە؟) گوتبوووی پاش مردنی کۆی بەرهەمەکانی ناو بنێن:- کۆمەڵەی نایەزدانی ئەمەش لە بەرامبەر ناونیشانی کتێبی سێنت تۆماس: کۆمەڵەی یەزدانی [٦]. بەڵام زیاتر لە هەر هزرڤانێکی هاوچەرخی فەرەنسی لە ئایین تێدەفکری.

بەرهەمەکانی بریتین لە: ئەزموونی نێواخنی (١٩٤٣، چاو پێخشاندنەوە لە ١٩٥٤) لەمەڕ نیچە (١٩٤٥) کە لەبارەی خواوە نوسراوە. بەهۆی ئەو زانیاریە قوڵ و فراوانەی کە لەبارەی باوەڕە دینی و سۆفیانەکانی ئاسیای دوورەوە هەیبوو، هەوڵیدا تا "هاوسەنگییەك" لەنێوان سۆفیگەریی مەسیحی و نەریتی یوگی بدۆزێتەوە. دۆزییەوە؟ نازانین. دێریدا گوتەنی کاری بریتی بوو لەوەی "ئەزموونی نێواخنیی خۆی بشارێتەوە". سارتێر لە ساڵی ١٩٤٣دا باتای بە "سۆفێی نەوەی نوێ" ناودێر کرد. لە ڕاستیش دا لە نەوەیەك بوو کە مەرگ وازی لــێ نەهێنان [نەوەی جەنگی دوەمی جیهانی]. وەکوو مالرۆ و چەشنی ساتێر. نووسیبووی:- "تەنیا دوو ئەرخەیانی:- لە جیهانداین و دەمرین" [٧]. چ شتێ ئەم مرۆڤەی کە "لە ڕادەبەدەر ببووە ماتریالیست"(ئاندرە برێتۆن) لە سارتێر و مالرۆ جیا دەکردەوە؟ چ شتێ باتای کە دروشمە بەناوبانگەکەی "پەسەندکردنی ژیان تا سەرەمەرگ" بوو و "پەیجۆری ئێرۆتیزم لە دەق دا بووو" لە بارت و فۆکۆ جیا دەکردەوە؟ [٨] زۆر جاران دەنگدانەوەی ئاخاوتەی ئەو لە بەرهەمەکانی ساتێردا بەر گوێ کەوتوە. دەیوت: "من هیچکات لە مرۆڤی هەمە لایەنە جیا نیم، تەواوەتی ئەو [مرۆڤە]م لە خۆم دا هەڵگرتووە" [٩] سارتێر لە دواین ڕستەی وشەکان دا گوتوویەتی:- "سەرتاپای مرۆڤەکان نرخی هەیە، [واتە] بەقەد هەر کەسێکی دی" [١٠] باتای لە زمان خوازیاری هەمان ئەو شتە بوو کە دێریدا دەیویست. لە سور ڕیالیستەکان جیاوە بووو، چونکە وەکوو ئەوان متمانەی بە دەرونشیکاری نەدەکردو لە هەمووش گرنگتر شێوەی کارکردنی ئەوانی لەگەڵ زماندا پەسەند کرد. ئەوان "دەیانویست زمان بەلاوە بنێن"و بە گوتەی بریتۆن "دەیانویست وێنەکان بە یارمەتی وێنەکان ڕاڤە بکەن، نەك بە یارمەتی زمان". بەڵام باتای وشەکانی بە گرنگ دەزانی. دەیگوت: "زمان تاقانە بەختی ئێمەیە لە جیهاندا" تاقانە ئامێرە بۆ ئەوەیکە نەدۆزراوەکان بدۆزینەوە، ئەگەر هەندێجار (یا هەمیشە؟)گومان خولقێنە،دەبێبزانین کە"دواجار پێویستیمان بەگومان هەیە". باتای دەویست زمانێ بدۆزێتەوە کە پشتی بە وێنەکان نەبەستبێ، بەڵکو "پشتی بە وشەکان و تەنیا وشەکان، بەستبێ، زمانێك کە "بەدەر بێ لە باڵادەستیی نیشانەکان". ئەمانە هەموو، باتای یان گەیاندە مێتۆدێك کە بلانشۆ "نووسینی فرەلایەن"ی پێ دەوت. جۆرێکە لەنوسین کە یەکگرتوییەکەی لەهەناوی وێنەگەلی "بەردەوامبوونی پەرەگرافەکان"هەڵنەقولابێ. [١١]

گرنگ وشەیە یان شتێك کە باتای بە "قەڵەمڕەوی وشە یا مەرگ" ناودێری کردوە. ئەمەش جۆرە کایەیەکە لەگەڵ وشەکان دا: لە زمانی فەرەنسی دا لەنێوان وشەی Mots و مەرگ Morts تەنیا یەك پیت جیاوازیە کە دەردەخا:r زیادەیە. لە زمان دا وشە لەتەك مەرگ دا پێوەندی هەیە، وشە (هەر وەك مالارمە، ژابس، بلانشۆ و دێریدا نیشانیان داوە) بەمانای نەرێ و نکۆڵی کردن لە شتەکانە. بریس پارێن و تویەتی کە "زمان نایەتە بووون ئەگەر بێتو ئەو شتەی کە دەیەوێ نیشانی بدا. بزر نەبێ". گوتار بە واتای تێپەڕاندنی جیهان لە بووونەوە بەرەو پانتایی وشەکانە، زمان خاشەبڕ بووونی شێوەی بووونە". [١٢] زمان، نەبووونی شتەکانە و لە نکۆڵی کردن دەچێ. بلانشۆ دەیوت: "وشەکان

بووون دەبەخشنە من، بەڵام جۆرێکی تایبەتی و تاکانەیی لە بووون، واتە بە مانای پیواری بووونن، [کە بریتییە لە] تاقانە هەقیقەتی نەبوووونیان". [١٣]
بە بۆچوونی (باتای) ش زمان، لە هەمان کاتدا کە دەخولقێنی، وێرانیش دەکا. ئەو لە قەشە.س دا دەنووسێ: "پێم وایە نهێنی ئەدەبیات لەوە دایە کە هەموو وشەیەك لەودا کاری کات ئەنجام دەدا. مردن دێنێتە پێشەوە".[١٤] هۆی هۆگریی باتای بە بەرهەمەکانی ساد دەبێ لەم خاڵەدا بەدی بکەیت. لەلای سادیش نوسین خولقاندنی وشەگەلێك بووو کە بەدەر بن لە وێنە. لە دایکم دا شێوەی [ساد] هەمان ئاوازی زەق و رەق و کەمتەر خەمی کۆتایی سەدەی هەژدەهەمی هەیە.
بەردەوام "کەسی یەکەمی تاك" هەنتەشی هەیە: "دواجار ئەو شتەی کە بە نەناسراوی دەمێنێتەوە. ئەو شتەی کە لە هەمان کاتدا دەناسرێتەوە خۆمم". [١٥]
باتای بەردەوام دوپاتی دەکردەوە: "نووسینەکان، هەموو نووسینێك، هەرچۆنێك بێ، بیۆگرافین".
باتای دەیوت:"کەوابوو، وشەکان جگە لە خۆیان شتێکی دیکە بەیان ناکەن.[١٦]
ئەمە ڕێسایەکە کە ئێدمۆندژابس (شاعیری خۆشەویستی دێریدا) بەم چەشنە دەری بڕیوە: "لە کتێب دا نقیسیار وەکوو ١٣٦ پیوارەو لاپەڕەی سپی کاغەز وەکو ئارایی‌یە" [١٧] ئەم بێتوانایی‌یەی زمان، ئەم سەربەخۆیی دونیای وشەکان لە دونیای "راستەقینە" بە بۆچوونی باتای لە پێشگوتارێك [کە بۆ بەرهەمی] "ژوستن" نووسیویەتی لە وتارێکیدا ئەدەبیات و بەدیدا لە بێتوانایی ساد لە گوتنی شتەکان دواوە. ئەم بێتوانایییە بەرهەمی ئەو کەوشانانە نەبووو کە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی لە بەردەمی ئاخێوی ئەدەبی داینابوو (ساد کەسێك بووو کە هیچکات ئەم کە وشەنانەی نەدی) بەڵکوو دەرەنجامی کەوشەکانی گوتن لە زماندا بووو:"ئەگەر وشیاری بێتە دەربڕین [بە ئاستی ئاخێو بگات] [*] ئیدی جیاوازیەکی ئەوتۆی لەتەك زمان دا نابێت. ئەو شتەی لە وشیاری هەڵدێ لە ئاخێوی لۆژیکیدا ناگونجێنرێ"، [١٨] و "زمان دەمانگەیەنێتە ئاست، ئەو کەسەی کە دەدوێ، دان بە بێتوانایی خۆی دەنێ". [١٩] هەمبەری زمان لەتەك دانپیانان، دەسمایەیەکە دواتر لە بەرهەمەکانی میشیل فۆکۆدا گرنگی پەیدا کرد، کە لێرەدا [تا ئاستی] "دانپیانان بە بێتوانایی گوتاری" دابەزیوە. بەڵام خاڵی گرنگ لە کاری باتای دا ئەمەیە کە لە ژیان، لە پیوار و لە نەبووون، چەشنی بەردەوامی دەدوێ: "بەڵام زمان تەنیا پیوار نیە، ژیانی پشت بەستوو بەم پیوارەش، هەیە." بێگومان زمان جیایە لە شتەکان، سێبەریانە، پشتی بە پێکناکۆکێکی نێوەکی بەستوە: [٢٠] بەڵام لەنێو خۆیدا جیهانێکی تەواوەو بۆچی دەبێ باوەڕ بکەین کە گەیشتنە ترۆپك، دەرباز بووون لە پێکناکۆکە نێوەکیەکانە؟
زمان (کامڵ)ە و هەر بۆیە ئەدەبیات (کامڵ)ە. باتای وتویەتی: "ئەدەبیات یا هەموو شتێکە یان هیچ شتێ".[٢١] ئاستەم نیە کە تێبگەین [ئەدەبیات] هەموو شتێکە و لێوڕێژە لە پێکناکۆکە نێوەکیەکان. زمان و ئەدەبیات لە کۆشکەکەی کافکا دەچن، هەبوونیان وەچنگ نەهاتنی بوونیانە. [!!!] [٢٢] فۆکۆ دەیگوت:. "چاوی باتای نایەوێ ڕاڤەی ئاخاوتەیی بکا"، باتای "بە شێوەیەکی دی" دەیدی. [٢٣]یەکێ لە یەکەمین کارە گرنگەکانی ئەو مێژووی چاو بووو، کە لە ساڵی ١٩٢٨ سەبارەت بە سەلماندنی سەربەخۆیی روانین نووسیبوووی. سەرنجدان بە هەموو شتێ لە دۆخی سەربەخۆی خویدا، [بەڵی] ئەمە نهێنی کاری باتای بووو. هایدگێر لە بارەیەوە وتبوووی: "ئەمڕۆ چاکترین مێشکە کە بە فەرەنسی بیر دەکاتەوە" [٢٤]

## ٢

"زیاتر لە چەندین لاپەڕەیەکی نەخوێێندەوە، چونکە کەسێك لەوێدا، بە هیمنی، لێی پرسی: "کێ دەدوێ؟". هەمدیس:"دواجار کێ دەدوێ؟" پێی وابووو ئەمە هەڵەیەکە کە نابێ گوێی بدەیتێ". ئەم رستە ئالۆزانەی چاوەڕوانیی فەرامۆشی مۆریس بلانشۆ، پرسیاری سەرەکی دێریدا پێشبینی دەکەن: "لەدەق دا کێ دەدوێ؟" پرسیارەکانی دی بەدوای یەکدی دا دێن. بلانشۆ لە زمان دا، شوێنی تەواوی نهێنی و ڕەمزەکان دەبینێ: ماتەمنامەی مرۆڤ لە زمان دا پێشکەش دەکرێ: واتامان بزر کردوە. پرسیاری سەرەکی بلانشۆ بێ وڵام دەمێنێتەوە.

گێڕانەوەکە هێندە گشتی و لە ژیانی ڕۆژانە دا هێندە دوبارەیە کە ڕەنگە پرسیاری "چیرۆك چیە؟" نەشیاو بنوێنێ. چیرۆك پشت ئەستوورە بە "گێڕانەوەی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە". بلانشۆ دەیوت سروشتی چیرۆك لەو شوێنەدا ئاشكرا دەبێ گەر بێتوو بمانەوێ ڕووداوێكی ناوێزە، كە هەر چۆنێك بێ بۆ ئێمە ڕوی داوە، بگێڕینەوە. [٢٥] ئەوكات تێ دەگەین كە چیرۆك پێوەندیی فلاَنە روداو لەتەك روداوە ئاساییەكان نیە و دواتر شتێكی دیكە دەدۆزینەوە:. چیرۆك بریتییە لەو رووداوەی لە بنەڕەت ڕا ناوێزە نەبووو. گێڕانەوەی ئەو رووداوە، پێگە ڕاستەقینەكەی هاتنە دی [ڕوداو]ەكەیە، واتە شتێكە كە لە هەر چەشنە روداوێكی دیكە جیای دەكاتەوە.
ئاراستەی ناوێزەی هەر شتێ لە باسكردن و گێڕانەوەكەی دا، خۆی شاردۆتەوە:. "ئەمەیە یاسای شاراوەی چیرۆك: هەمموو چیرۆكێك جوولەیە بەرەو خاڵێك ... لەم خاڵەوەیە كە چیرۆك هەمموو سەرنج ڕاكێش بوونەكەی خۆی وەدەست دێنێ" [٢٦] و ئەم خاڵە هەموو شتێ دەگۆڕێت. ئێستە پرسیاری سەرەكی ئیدی ئەمە نیە كە "چیرۆك چیە؟" بەڵكوو خاڵی سەنتراڵ ئەمەیە: "چیرۆك چۆن هەیە؟" بلانشۆ لە وتاری "كافكاو ئەدەبیات" [٢٧] نووسیویەتی كە ڕوانگەیەكی سانا گەرا، ئەدەبیات (و زمان) چەشنی "وێنەی كەتوار: پێناس دەكا. بەڵام ئەم روانگەیە هەڵەیەو خیانەت لە دەربڕینو بابەتی دەربڕاو،واتە كەتواری زمانیو كەتواری دەرەوەیدەق دەكا. وشەكان وەكوو مۆرك گەلێك نین كە بەدەر لە شتەكان تەنیابە كەڵكی پێوەلكاندنیان بێن. كاتێك شتێك دەخوێنینەوە، گرنگیی خوێندنەوە هەر ئەزموونێكی دی بەلاوە دەنێ. من تەنیا نووسینێك دەخوێنمەوە، هاتنە دی یا ئەگەری هەبوونی نڤیسیار بەمانای دابڕانی پێوەندیەتی لەتەك بابەت دا. بەڵام ئەم بابەتە نامرێ، ئەگینا نڤیسیارێك لەگۆڕێدا نەدەبووو. نووسین بەسترانەوەیە بە بابەت و دابڕانە لێی و ئەدەبیات لەو شوێنەدا دێتە دی گەر بێتوو كەسێك ئەم كارە نەلواو بكا. بەڕای بلانشۆ ئەو شتەی كە دەینووسین ئامادەیە، لەم كاتەدا چ جێیەك بۆ نووسین دەمێنێتەوە؟ یاخود بابەت لە پیوار دایە" كە لەم كاتەدا دەبێ لەمەڕ چ شتێكەوە بنووسین؟ كەوابووو بۆ نووسین دەبێ ئامانجێكی بەرزتر، دیاری بكەین. لە سەرەتاوە دەپرسین: "لە بنەڕەتە ڕا بۆچ دەنووسین؟"و ئەم پرسیارە ڕێگەی دێریداو هەڵوەشاندنەوەی دیاری كردوە. ڕەنگە بۆ ئەوە دەنووسین تاكوو وەبیر بخەینەوە كە نەك تەنیا بابەت، بەڵكوو ماناو هەقیقەتیش لە پیوار دان. بلانشۆ دەیوت كە نووسین بەردەوام لەگەڵ مەوداو نا ئامادەییو مەرگ دایە. مەرگ لە جەرگەی هەر نووسینێك دا خۆی حەشار داوە. [٢٨] مەرگ هەوێنی سەرەكییەكێ لە گرنگترین وتارەكانی بلانشۆیە: "بەرهەمی ئەدەبیو كەشو هەوای مەرگ" [٢٩]، بە تایبەتی لە بەشی سێیەمی ئەم وتارە "ریلكەو چاوەڕوانی مەرگ"، لۆژیكی بنەتاییو نێوەكی بەرهەمی ئەدەبی، مەرگە: "هاتنەدی دۆزینەوەی مەرگێكی تایبەت بە منە". [٣٠] لە حیكایەتێك دا كە بوورخس نووسیویەتی، نووسەرێك سزای مەرگی بە سەردا دەسەپێنرێ، ئەو داوای یەك ساڵ مۆڵەت لە خوا دەكا تاكو بتوانێ كتێبەكەی تەواو بكا: "سەبارەت بەو، خوا پەرجویەكی داڕ شتبوو" گوللەیەكی ئەڵمانی لە كاتژمێرێكی دیاریكراودا دەبووایە ئەوی كوشتبا، بەڵام بەپێی زەینی ئەو لەنێوان فرمانی دەستڕێژو جێبەجێ كردنی، یەك ساڵ مەودای تێ دەكەوت" [٣١] نووسین كاری ئەو یەك ساڵەیە [واتە] كاتێك كە هەین و نین. مردن بڕواهێنان بە مەرگە.ئەگینا مەرگ ئامادە نابێ. شەهرەزاد بڕوای بەمەرگ نەبوو، دەیخستە پیوارەوە، یا بە دەربڕینێكی دی لەژێر سێبەری دا چیرۆكەكانی دەوت، بەڵام بڕوای پێ نەبووو بۆیە پەسەندی نەكرد. دێریدا، دوابەدوای بلانشۆ دەڵێ: "هەموو فۆرمێكی نڤیسیار لە گەوهەری خۆیدا وەسیەتنامەیەكە. [٣٢] رستەكانی بلانشۆ، وەكوو رستەكانی دێریدا لە روانینی یەكەمدا ئاسان دێنە بەرچاو، بەڵام ئەگەر كەمێك ورد بینەوە، ئاڵۆزیەكی سەرلێ شێوێن، راكێشانێكی ناكۆتاو هەڵاتن لەدەرەنجامێكی حاشا هەڵنەگر لەوانەدا ئاشكرا دەبێ.
پۆل دێمان نووسیویەتی: "خوێندنەوەی نووسینەكانی بلانشۆ لە هەر جۆرە ئەزموونێكی دیكە جیایە... كاتێك كە نووسینەكانی ئەو لەمەڕ شاعیر یا

نووسەرێك دەخوێنینەوە، هەر شتێك كە تاكوو ئێستا لەبارەی فلاَنە نووسەر یا شاعیر زانیومانە، لەبیر دەبەینەوە ..." [٣٣] تەواوی هەوڵەكان بۆ راڤەی بەرهەمەكانی بلانشۆ جگە لەم ڕێگەیە كە لە مێتۆدو زمانی ناوبراو كەڵك وەرگرن، رێگەیەكی دیكەیان نەدۆزیوەتەوە. ژمارەی تایبەتی گۆڤاری Critique كە بۆ بەرهەمەكانی بلانشۆ تەرخان كراوە، دەردەخا كە تەنانەت رەخنەگرانێكی هەڵكەوتوو كە شێوازو مێتۆدی دەربڕینی تایبەت بەخۆیان هەیە، ڕێگەیەكیان جگە لە كەڵك وەرگرتن و پەیڕەوی كردن لە دەربڕینی بلانشۆ پەیدا نەكردوە. فۆكۆ، دێمانو پولە لەم جۆرە نووسەرانە بووون. فۆكۆ بەرهەمەكانی بلانشۆی بە "پیواری وەكرنۆش نەهاتو" دەزانیو لە هەمبەری دا پارادۆكس گەلێكی هێناو هزری ناوبراوی چەشنی "كەش و هەوایەكی بەتاڵ كە شوێنە"، یاسایەك كە بۆ جیهان یاسا نیە"، ئاراییەكی راستەقینە كە بە شێوەیەكی ڕەها پیوارە"، "دروشاوە بەڵام نەبینراو" پێناس كرد.[٣٤] ئێمانوئێل لوڤیناس نوسی كە لە هزری بلانشۆدا، هەموو شتێ چەشنی ئەگەر، وەكوو "لەوانەیەكان" دەردەكەوێ.[٣٥]تۆدۆرۆف لەڕەخنەی ڕەخنەكارانەدا نووسیویەتی كە لەسەرتاسەری بەرهەمەكانی بلانشۆدا ئەم رستەیەی مالارمە خۆی حەشار داوە:
"گوتار دوو شوێنگەی هەیە، لە شوێنێك دا نا پوختەو كتو پڕەو لە شوێنێكی دیكەدا بنەڕەتی هەموو شتێكە"[٣٦]

بلانشۆ خۆی نووسیویەتی:.

گوتار لە لایەكەوە بە سوود و ئامرازییە. زمانی كردەوكارو لۆژیك و زانیارییە، زمانێك كە بە شێوەیەكی لە ناكاو روشنگەرە و چەشنی هەر شتێكی بەسود لە بەكارهێنان و كەڵك وەرگرتن دا بزر دەبێ. گوتار لە لایەكی دیكەوە شێعر و ئەدەبیاتە. لێرەدا ئیدی زمان ئامرازێكی كاتی نیە، شتێكی كارایە، بەڵام لاوەكی نیە، بەڵكوو گەیشتنە ترۆپكی خۆی، لە ئەزموونێكی پاوانكراو بۆخۆیدا پەیدا دەكا. [٣٧]

بلانشۆ ئەم زمانە ئەدەبییەی بە"گوتاری بنیاتی" ناودێر كردوە كە لەودا، وشەكان دەنگی هیچ كەسێك نین، خۆیان ئامانجی خۆیانن.[٣٨] بلانشۆ دەنووسێ كە لە سەدەكانی رابردوودا هونەر لەبابەتو جیهانو خاڵگەلی بەرجەستەی كۆلیوەتەوە. لە ئەنجامدا توانای گواستنەوەی ڕەها، واتە توانای باڵادەستی لە دەستداوە. بەڵام ئێستا، بەئارامی لەگەوهەری خۆی هەمدیس نزیك دەبێتەوە. گەوهەرو چارەنووسی هونەر، هونەرە. ئەم ئاخاوتەیەی ڕۆمانتیكخوازەكان لەبەرهەمەكانی بلانشۆدا دوپات كراوەتەوە كە "ئەمڕۆكە هونەر تەنیا لە دوی هونەرەوەیە"[٣٩]. ئەدەبیات دەروەستی شتێ، كەسێك یا بیرۆكەیەك نیە، چونكە ناوێك لە شتێك دەنێێنو لەخۆی جیای دەكەینەوە. لە زمان دەرباز نابین و زمان ڕێگەیەكی لەبەر دەم نیە جگە لە ناولێنانو جیا كردنەوە. [٤٠] چارەنووسی زمان جیاكردنەوەیە. زمان ئامرازی پێوەندیگرتن نیەو ئەدەبیات نەك چونە نێو گەوهەری شتەكان، بەڵكو جیا كردنەوەیانە. لەم ڕووەوە ئامانجی ئەدەبیات خودی ئەدەبیاتە. تۆدۆرۆڤ باسی بلانشۆی لەمبارەوە بە یارمەتی بەڵگەهێنانەوەی سیاسیی كۆن و ناسراو ڕەخنە دەكا:.
"لە پاش نازیزمو گۆلاك ئەم وتانە ..." [٤١] بەڵام موریس بلانشۆ، پێشاوپێش وڵامی ئەم بەڵگە هێنانەوەیەی داوەتەوە. ئەو گوتوویەتی كە ساڵی **١٧٩٣** واتە لە رۆژگاری تیرۆری شۆڕشگێڕانە [پاش شۆڕشی فەرانسە]، پیاوێك لە زیندان دا، لەسەرەخۆ و بە ئارامی دەینوسیی و كەسیش نووسینەكانی نەدەخوێندەوە و هیواشی بە بڵاو بوونەوەیان نەبوو. بەرهەمەكانی ماركی دۆساد نەرێیتەواو بووون، نەك ئەو هەموو ڕاگەیاندراوە ڕەنگاوڕەنگانەی ئەو ساڵە. [٤٢]

## ٣

هەڵوەشاندنەوە لە فەرانسەدا زیاتر بەكەڵكی تاوتوێی دەقگەلی فەلسەفی دەهات. بە پێچەوانەی ئارەزووی دێریدا، بوو بە ئامرازێكی مێتۆدۆلۆژیك تاكوو "مێژووی فەلسەفە" بتوانرێ بە شێوەیەكی دی بخوێندرێتو خۆی نەبووو بە بابەتی تاووتوێ كردنو كاملبوونی بە خۆیەوە نەدی. هەڵبەت تاووتوێو

هەڵوەشاندنەوەی دەقگەلی فەلسەفی بە ئەنجامگەلی هەندێ جار پڕشنگدار گەیشت و نموونەشی کتێبەکەی ژان فرانسوا لیوتارە کە لە کۆتایی دەیەی ١٩٧٠دا نووسینەکەی دەست پێکردو لە ساڵی ١٩٨٣ بڵاوی کردەوە، کتێبێك کە وەکوو هەڵوەشاندنەوەی دیالۆگی سوفیست ی ئەفلاتوونە.[٤٣] لە لایەکی دیکەوە یەکانگیری هەڵوەشاندنەوە لەتەك باسەکانی دێلۆزو بەتایبەتی لەگەڵ بیر وڕاکانی لیوتار لەمەڕ "شوێنگەی پۆست مۆدێرن" بووو بە سەمەد [انگیزە]ی باسگەلێکی گرنگ لەبرواری ئاخێوی ئەدەبی. بەڵام لە بەراورد لەتەك ئەم کاریگەریە فەلسەفیـیە، بەکارهێنانی ئەدەبی هەڵوەشاندنەوە لە فەرەنسادا چەندان فراوان نەبووو جگە لە بەرهەمەکانی دێریدا، [نووسەرانی] هەڵوەشێنەر نووسینێکی ئەوتۆیان لە بوواری تاووتوێی دەقە ئەدەبیـیەکان بڵاو نەکردەوە.[٤٤] بە پێچەوانەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کاریگەری هزرگەلی دێریدا ئاراستەیەکی پێچەوانەی گرتە پێش و گۆڕانێکی قوڵی لە تیۆریی ئەدەبیدا بەرپا کرد. توێژینەوە ئەدەبیـیەکان، بەتایبەتی لە زانکۆی ییل (کە دێریدا لەودا وانە دەڵێتەوە) بەرین بوویەوە و ژمارەیەك لە ڕەخنەکارە بەناوبانگەکان، سەرقاڵی هەڵوەشاندنەوە بووون.[٤٥]

لەڕوانگەی مێژوویی‌یەوە ڕوداوێکی گرنگ لە مێژووی پێکهاتەگەرایی و پۆست پێکهاتە گەرایی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دا، کۆنفرانسێك بووو کە لە زانکۆی جان هاپکینز (بالتیمۆر) لە ساڵی ١٩٦٦ پێك هات و لەودا ئەمریکیـیەکان لە نزیکەوەلەتەك باوەڕەکان ومێتۆدۆلۆژییەکی‌تازە کە ئەورووپیـیەکان دەیانهێنایە ئاراوە، ئاشنابووون. [٤٦] لەم کونفرانسەدا ڕۆلان بارت، ژاك لاکان، تزوتان تۆدۆرۆف، ژاك دێریدا و لوسیەن گۆڵدمەن بەشدار بووون.تێزێکی دێریدا[بەناوی] "پێکهاتە، نیشانەو کایە لە ئاخێوی‌زانستە مرۆیی‌یەکاندا" سادەترین شێوەی دەربڕینی بنەماکانی ڕەخنەی پۆست پێکهاتەگەرایی‌یە، کە لە ساڵانی دواتردا بنیاتی هەڵوەشاندنەوەی لـێ کەوتەوە. [٤٧] تێزی ناوبراو ڕەخنەیەك بووو لەسەر پێکهاتەگەرایی و بەتایبەتی بیروڕاکانی کلۆدلئۆشتراوس. دێریدا ڕونی کردەوە کە پێکهاتەگەرایی کلاسیکی پشت ئەستوور بە زماننناسی سۆسۆر، هیوای دەستپێڕاگەیشتن بە ڕونکردنەوەیەکی "زانستی" لەمەڕ فەرهەنگ هەبووو، ئەم کارەی لە ڕێگەی تاووتوێی سیستمێکەوە بەلواو دەزانی ئەویش بریتی بوو لەوەی کە لە هەر "بەرهەمێکی فیکری"دا فۆرمی ناکۆکی هەیە. بەڕای دێریدا، ئەم شێوە دیدە پشتی بە "سەنتەر"ێك یا ئاماژەپێکراوێکی ترانسێندالْ بەستوە، سەنتەرێك کە گریمان دەکرێ لە دەرەوەی ئەو سیستەمە دایە کە تاوتوێ دەکرێ و تۆکمەیی و یاسادار بووونەکەی گرنتی دەکا.بەڵام سامانێکی لەم چەشنە لە دونیای ڕاستەقینەدا نیەو بڕوا پێکردن [بەم سامانە] "ئەفسانەیەکی زانستی"یە. ئەفسانەیەك کە بۆ نموونە لە بەرهەمەکانی لئۆشتراوس دا بەرە بەرە پێك هاتووە.

یەکێ لە فۆرمەکانی سەروەدەرنانی ئەم ئەفسانەیە، بڕوا هێنانە بە پەیدا بووونی زانستی هەمە لایەن کە فۆرمە هەمە چەشنەکانی دیاردە کولتووریەکان دەناسێنێ. بەڵام لئۆشتراوس خۆیشی دەیزانی ئەم جۆرە زانستە پێناچێ بێتە بووون، چونکە داتا نوێ‌یەکان بەردەوام سیمبۆلگەلی‌سیستماتیك دەگۆڕنو ئاخێو بووارێکە لەودا نەك واتاگەلی سنوردار بەڵکو کایەی بێسنووری دیاردەکان نیشتەجێ دەبێ.دێریدا خۆی لە"دونیای نیشانەکان، بەدەر لەهەڵە،بەدەر لە چاوگە،کە لەبەردەم ڕاڤەی ئێمەدا دەکرێتەوە"دەدوێو هەڵوەشاندنەوە [بریتییە لەم] دونیایە. هەر لەم تێزەدا دێریدا دەڵێ: "زمان لەنێو خۆیدا پێویستیی ڕەخنە کردنی خۆی هەڵگرتوە". [٤٨] هەموو دەقێك وا خۆی دەنوێنێ کە لەنێو خۆیدا واتایەکی دیاریکراوەی هەیە، بەڵام خوێنەر بەهۆی "کایەی ئازادی واتا ناسانە" ئەو واتا دیاریکراوە بە لاوەدەنێ. دێریدا دواتر بنەمای ئەم ڕەخنەکردنەی پێکهاتەگەرایی ڕێکخست و کاملّی کرد، بەڵام هێڵە سەرەکی‌یەکانی تێزەکە کاریگەریەکی چارەنوسسازی لەسەر زۆربەی ڕەخنەگرە ئەمریکی‌یەکان دانا.

ژمارەیەك لەوان لە دەیەی ١٩٧٠دا بنەمای ڕەخنەی ئەدەبیی هەڵوەشاندنەوەیان پتەو کرد. شوێن دەستپێکی کاری ئەوان ئەم ڕستەیەی مۆنتێنی بوو کە لەسەر

هەنیەی تیژەکەی دێریدا دەدرۆشێتەوە: "ئێمە زیاتر پێویستیمان بەوەیە کە ڕاڤەکان ڕاڤە بکەین نەك شتەکان" چوار هەڵکەوتووی ڕەخنەی ئەدەبی واتە هارۆلد بلۆم، جفری هارتمەن، پۆل دێمانو ج. هیلیس میلێر بە ئاشکرا میتۆدی خۆیان بە هەڵوەشاندنەوە لە قەڵەم داوە. یۆرگین هابرماس لەو باوەڕەدایە کە تێپەڕینی هەڵوەشاندنەوە لە باسگەلی فەلسەفی بەرەو تیۆریی دەبڕین وتیۆری ئەدەبی"بەهۆی چیەتی خۆگەڕانەوییئەم میتۆدە"حاشاهەڵنەگرە“و لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەم خۆ بواردنەی رەخنە گرە ئەدەبییەکان لە "شێوە زانستییەکانی تاووتوێی ئەدەب" [و هەنگاو نان بەرەو] هەڵوەشاندنەوە لەڕاستیدا دەرخەری تامەزرۆیی ئەوانە بۆ دەرباز بووون لە کۆتی دیدی فەلسەفی زاڵ، واتە فەلسەفەی شیکاری. تارۆژگاری پەیدا بووونو بەرینبووونی شێلگیرانەی هەڵوەشاندنەوە جۆرە جیاکارییەك لە نێوان ئاخێوی ئەدەبیو ڕەخنەی ئەدەبی هەبووو.ئایدیالی رەخنە لەئاخێوی زانستییەوە نزیکبووو رەخنەگران بەردەوام لەسەربەخۆیی دەقی ئەدەبی دەدوان،بەڵام هەڵوەشاندنەوە جیاکاریی نێوان ئاخێوی ئەدەبیو رەخنەی ئەدەبی لەنێو برد. [٤٩] ڕەخنە ئیدی چەشنی "تێڕوانین یا کەتوارێکی پلە دوو" نەدرایە قەڵەم واتە نکۆڵی لەم باوەڕە کرا کە ڕەخنەی ئەدەبی سەربار یا پەیوەستی دەقی ئەدەبییەو کارەکەی "وەسفی" خاڵگەلی دژوار و ئاڵۆزی [دەقی ئەدەبی]یە. لەم کاتەدا زمانێك کە پێشوەخت بێتو دەقی ئەدەبی چوارچێوەکەی بۆ ڕەخنەگر دیار بکات، بەلاوە دەنراو ئەم ڕێسا کۆنەی ماتیۆ ئارنۆڵد بەبێ بایەخ زانرا کە دەیوت [رەخنەگر] "شتێك زیاتر لە خزمەتکار" نیەو رەخنە تەنیا "ئەرکی خزمەتکاری" هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە "ڕەخنە خزمەت کردن بە ئەدەبیاتی بەلاوەناو بە چێژێکی ناکۆتاوە ئازادی هێنانەگۆڕی ڕاڤەی ئەزموون کرد". [٥٠] ئێستا دەقی ڕەخنە، بە کارێکی داهێنەرانە دەزانرێ کە چوارچێوەکەی نەك دەق بەڵکو "نزیکایەتی نێوان دەقەکان" دەستنیشانی دەکا. دێریدا گوتەنی "دەق لە مێژووی ڕاستەقینەی خۆیدا جێی خۆی کردۆتەوە".

هارۆلد بلۆم (لە دایکبووی ١٩٣٠) کە سالآنێکە لە زانکۆی ییل ئەدەبی پراکتیکی دەڵێتەوە، لە "ڕەخنەی نوێ"وە دەستی پێکرد بوو، ماوەیەك لە (وتارڕەیەك لەژێر کاریگەری) ڕەخنەی ئوستوورەیی دەدوا، کۆمەڵە بەرهەمێکی نوسیو دواتر ڕێگەیەکی سەربەخۆی لە تاووتوێی شێعر پەیدا کرد، کۆمەڵە کتێبێکی لەمەڕ شیلی، بلیكو ییتس نووسی. بەرهەمی سەرەکی ئەو کۆمکارێکی چوار بەرگییە کە هەر یەکەو لە ئاستی خۆیان بە کارێکی سەربەخۆ ئەژمار دەکرێن:. دڵە ڕاوکێی کاریگەری وەرگرتن (١٩٧٣) ڕابەری خراپ خوێندەوە (١٩٧٥) کابالا و ڕەخنەکاری (١٩٧٥)و شاعیری و خەمۆکی (١٩٧٦)، پاشان کتێبێکی لەمەڕ والاس ئیستیونس نووسیو ئێستاکەش لەبارەی فرۆیدەوە توێژینەوە دەکا. هارولد بلۆم پیاوێکی گاڵتەبازەو لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کەچۆن توانیویەتی ئەم هەموو کتێبە بنووسێ، گوتویەتی: "بەهۆی بێ خەویو ... دوژمنی زۆر". [٥١] ئەو زۆر جاران خۆی بە ئەندامی "مافیای هێرمۆنۆتیك" پێناس کردوە.بلۆم رۆمانێکیشی بەناوی فڕین بەرەو قەڵەمڕەوی ئەهریمەن، خەیاڵ پەروەریی گنۆستیك نوسیوە. بلۆم زۆر جار وتوویەتی کە ئەگەر تەمەن ڕێی پێ بداو هەمدیس بنوسێ، دڵە ڕاوکێی کاریگەر وەرگرتن دەکات بە کاری سەنتراڵو سەرەکی خۆی [٥٢]. ئەم کتێبە کە ناونیشانی دوەمی بریتییە لە "تیۆریی ئەدەبی"، گرنگترین بەرهەمە کە لە بواری رەخنەی ئەدەبی لەپاش جەنگی دوەمی جیهانی، لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بڵاو بۆتەوە.[٥٣] ئەمە کتێبێکە لەمەڕ مۆدێرنیزمو شاعیرێتی، تیۆریی ئەدەبی، پێویستی فۆرم شکێنی لە تیوریی ئەدەبیو تەنانەت زیاتر لەوەش "تیۆرییەکە لەمەڕ کولتور." بلۆم لە دڵە ڕاوکێی کاریگەری وەرگرتن لە شێوەی بەرەوڕوو بوونەوەی ڕاڤەکار لەتەك دەقی ئەدەبی دەستی پێکردو دەریخست کە واتای دەق، یەکێ لە ئەرکەکانی سەر پێی خوێندنەوەیە ، نەك نووسین. شێعرێك کە دەیخوێنینەوە لە زەینی ئێمەدا قەتیس نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە شتێکی تازە، واتە شێعرێکی تازە ی لێ دەکەوێتەوە. [٥٤] زەینی خوێنەر

یا بیسەری شیعر، خولّقێنەرێکە و واتایەکی نوێ دروست دەکا. شێعرو دەقی ئەدەبی لە چوارچێوەی "وێنەکان، باوەڕەکان، شتەکان و دیاردەکان" کورت نابێتەوە، بەڵکو ڕاڤەی هەر دەقێك بەستراوەتەوە بە دەقگەلی دیکەوە. بلۆم نوسیویەتی: "واتای شێعر تەنیا دەتوانێ شێعرێکی دیکە بێ". [٥٥] لەم ڕووەوە هەر شیعرێك لە ڕواڵەتدا دواجار دەبەسترێتەوە بە شیعر یا شیعرگەلی دیکە، چونکە "لە بنەڕەتی خۆیدا، خەیاڵکردنەوە، بەبێ کارێگەری وەرگرتن و بەراورد نالوێ" [٥٦] تەنانەت ئەو هونەرمەندو زانایانەی کە بە گومانی خۆیان، کاریگەری کەسانی تریان بە سەرەوە نەبووە (بلۆم ناوی گۆتە، نیچە، تۆماس مان، بلیك، ڕۆسۆو هۆگۆ،ی بە نموونە هێناوەتەوە) لە بەرهەمەکانیاندا "دڵەراوکێیەکی قوڵیان لە کاریگەری وەرگرتن نیشان دەدا"و تێدەکۆشان تا هەر چەشنە کاریگەریەك کە لە بەرهەمی کەسانی دیکەوە وەریان گرتوە، بشارنەوە. هەر لەم هەوڵدانەو هەر بە هۆی هەمان دڵەڕاوکێوە، بەرهەمەکانیان دەکەوتنە ژێر باندۆری‌کەسانی دیکەوە: "هەریەکە لە پێشینیانی بە ڕواڵەت لەیاد چوو، لە ناکاو دەبن بە دێو و درنجێك لە خەیاڵدا". [٥٧] دڵەڕاوکێی کاریگەری وەرگرتن، دڵەڕاوکێی سەرەکی هزری مۆدێرنە: "هەموو شێعرێك بەرهەمی تەنگژەیەکی تایبەتە. پێشینیان دەڵێن وەکوو من بە، بەڵام خودی من مەبە" [٥٨]

بلۆم دەنووسێ:.

شێعرەکان لە وشەکان دروستکراون نەك شتەکان وشەکان بۆ وشەکانی دی دەگەڕێنەوەو ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان دەگەڕێنەوە بۆ وشەگەلی دیکەوەو ئەو ڕەوتە درێژە پەیدا دەکا، تاکوو بگەینە زمانێکی ئەدەبی. کەوابووو دەتوانین بڵێین کە هەر شێعرێك "نێوان شێعر"ێکەو هەر جۆرە خوێندنەوەیەك نێوان خوێندنەوەیەکە. [٥٩]

بەسترانەوەی زمانی شاعیر بە زمانی شاعیران، واتای شێعر بە واتاکانی شێعرەکانو بەسترانەوەی] شێعر بە خوێندنەوەی شێعرەکان دەردەخا کە کردەگەلی زمانیی پێشوو، شاعیری ئەمڕۆ دروستدەکاو شوێنگەی شاعیر لە دیالکتیکدا "بەسترانەوە بە/هەڵاتن لە" زمانی شاعیرانەی پێشوو، دیاری دەکرێ.

بلۆم لەجێیەکی دیکەدا گوتوویەتی:.

مەگەر دەکرێ بنووسی، فێر بکەی، بیر بکەیتەوە و تەنانەت بخوێنیتەوە و واتا نەریتی‌یەکان نەزانی؟ ناتوانی بەبێ لاسایی کردنەوە بنووسی، بیر بکەیەوەو تەنانەت بخوێنیتەوە. [دەبێ] لاسایی کەسێکی دی، نوسین، بیر کردنەوەو خوێندنەوەی کەسێکی دیکە بکەیەوە. پێوەندیی من لەگەڵ کاری کەسێکی دی نەریتە. [٦٠]

شوێنگەی شاعیر ئەو بە جموجۆڵ و چالاکی ناچار دەکاو بەرەو مەیدانی شەڕ ڕاپێچی دەکا. بلۆم لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:.

دەقێکی شاعیرانە، بەمانای کۆوە بوونی ژمارەیەك لە نیشانەکان لە پەڕە کاغەزێکدا نیە، بەڵکوو بە خۆدادانێکی دەرینی پڕگوڕتینەکە لەودا کۆمەڵە هێزێکی پشت بەستوو بە خۆ، بۆ تاقانە فۆرمی سەرکەوتنیان، واتە سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر فەرامۆشی دا هەوڵ دەدەن. [٦١]

دەقاودەق لەبەر ئەم واتایە بووو، کە بلۆم پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە شیعر ئەو شتەیە کە لە "دەقی خۆی" تێدەپەڕێ. ئەگەر زمان بە کۆیاد بزانین لەم بەربەرەکانیەدا لەنێوان شاعیر و کۆیاد لایەنگری کامیانن؟ بلۆم لەو باوەڕە دایە شێعرێك کەبە دابڕان لە ڕابردووی و لە هەمان کاتدا چەشنی تێپەڕین لە ڕابردوو لە قەڵەم درابێ "بە خراپی خوێنراوەتەوە". بەڕای بلۆم "مێژووی شیعر لەپاش شکسپیر، مێژووی شیعرگەلێکە کەبە خراپی خوێنراونەتەوە". نێوەڕۆکی شاراوەی ئەم شێعرانە، دڵەراوکێی کاریگەری وەرگرتن لە نەریتەکانە هەر چەند گرنگی ئەم خاڵە بەزۆری باش نەزانراوە. [٦٢]

هەڵوەشاندنەوە دۆزینەوەی ڕەچەڵەکی راستەقینەی شیعرە“ نەك بە واتای پەیداکردنی لێکچونە ڕواڵەتیەکان، بەڵکوو بەمانای دۆزینەوەی "پێوەندیی شاردراوە" لە ڕێگەی ترس، دڵەڕاوکێو نیگەرانیی شاعیر: "لە کتێبی دڵەڕاوکێی

کاریگەری وەرگرتن ویستم ئەم خاڵە پیشاندەم کە شیعر دەقاودەق ئەو شتەیە کە لە لاپەڕەیەکدا کە دەیخوێیننەوە نەنووسراوە".[٦٣]

ڕەگوڕیشە سەرەکییەکانی کاری بلۆم چیە؟ دڵەڕاوکێی ئەو لە کاریگەری وەرگرتن کامەیە؟ وڵامی ئەم پرسیارانە ئاسان نیە. هێشتا کاری ئەو لەمەڕ "کێشەی نێوان دەقی" تەواو نەبووەوە. بلۆم لە کتێبێکی دانسقەدا، ڕەگوڕیشە کابالاییەکانی هزری ڕەخنەکارانەی نوێی تاوتووێ کردوە. بێگومان ئەو خۆی، بە تەواوی کاریگەری کابالای بەسەرەوەیەو لەو کتێبەدا پێیداگرتوە کە ڕەگو ڕیشەی سەرەکی بزووتنەوەی سۆفیگەریو ڕۆحیی کابالا، تەنیا "تەورات، تلمود"و سۆفیگەری یەهودی نیە، بەڵکوو دوو بنجی سەرەکیی [ئەو بزووتنەوەیە] بریتین لە فەلسەفەی نوێ ئەفلاتوونیو ئەوی دیکەیان نێواخن گەرایی گنوسیکە کە هەردووك لە ئەسکەندەریە پێکهاتوون. ڕەگو ڕیشەیەکی دیکەی هزری بلۆم شکسپیرە. شاعیرێك کە هیچ ترسێکی لە "پێوەندیگەلی نێوان دەقی" نەبوو و بە ئاشکرا بەرهەمەکانی لەسەر بناغەی دەقگەلی دیکە دادەڕشت. بلۆم گوتوویەتی "شکسپیر کەسێك بوو کە پلانی ڕێنوێنی زەینی کێشاوو دەرونشیکاریی فرۆیدی داهێنا".[٦٤]

بەڕای بلۆم هەموو شێعرێکی تازە چەشنی بەرخۆدانی تازەلاوێکە لەگەڵ باڵادەستی و دەسەڵاتی باوك، کە [بریتییە] لە هەمان کاریگەری شاعیرانی پێش خۆی، یاخود دەستڕۆیشتوویی بێ ئەملاو ئەولاو ڕکەبەرخوازیی زمانی ئەدەبی.تازەلاو لەتامەزرۆیی دابڕان لە نەریتو "نەبوونی بەردەوامی" ئۆقرە ناگرێ. دەیەوێو هەندێ جار هەوڵ دەدا تاکوو بە هەڵاتن لە ماڵە باب پشت بەخۆی ببەستێ. بەڵام تەنانەت ئەگەر تا ڕادەیەك لە ڕەچەڵەکی خۆی ئاگادار بێ، هەمدیس پەیوەستە بە باوکەوە، [ئەگەریش] هیچ پێوەندیەکی بە جەستەشی ئاشکرا نەکردبێ، خۆ پێوەندیەکی خوێنی هەیە. پێدەچێ دۆستۆفسکی کە توکی باوکی بە مۆرکی بنەماڵەیی دەزانێ، لە کێشەکە تێگەیشتبوو. بەڵام لەڕاستیدا هەڵاتن لە نەریتو ڕەچەڵەك سروشتو تایبەتمەندیی تازەلاوییە. کیرکەگۆرد گوتوویەتی:"ئەو کەسەی کە دەیەوێ شاکار بکات ،دەبێ باوکێك بۆخۆی بخولقێنێ" بلۆم بەدووپاتکردنەوەی ئەم قسەیەی کیرکە گۆرد، دڵەڕاوکێیی کاریگەری وەرگرتن بە وشیاربوون لەپێویستی ئەم خولقاندنە دەزانێو لە زاری نیچەوە دەگێڕێتەوە کە: "کاتێك کە باوکێکی باش لە گۆڕێدا نیە، دەبێ بیخولقێنی". [٦٥]و هەموو دەقێك ئاسەواری ئەو هەڵاتنەی کە بەرهەمی دڵەڕاوکێو ئەم تامەزرۆبوونەیە، پێوە دیارە. بە کورتی " لە هەموو شاعیرێك دەتوانیو دەبێ شاعیرێکی دیکە پەیدا بکەی" [٦٦]

پرسیارێکی سەرەکی کە لەبەردەمی هەموو ڕەخنەگرێکی شێلگیری شێعردا قوت دەبێتەوە، ئەوە نیە کە شیعر کاریگەری کامە شاعیری پێوەی دیارە، [بەڵکوو] پرسیارەکە ئەمەیە: "بە چ جۆرێ شیعرێکی تایبەتیلە نەریت و مێژوودا جێی گرتووە و لە هەمان کات دا بەیانکەری ڕەسەنایەتیو نوێخوازییە. جێی سەرنجە کە هەڵوەشاندنەوە — کە لەسەر بنەمای ڕەخنەی رادیکاڵی پێکهاتەگەرایی پێکهاتوە — ئێستا لە زاری یەکێ لە گرنگترین دواندەرەکانی لەبواری رەخنەی ئەدەبی، بۆ یاساو ئەو پرۆبلماتیکانە گەڕاوەتەوە کە لە دەستپێکی ئەم سەدەیەدا فۆرمالیستە روسییەکان دەریان بڕیو بووو بە بنمیچی سەرەکی کاری پێکهاتەگەراکان لەبواری ئاخێوی رەخنەکارانەدا. ئێستە پرسیاری سەرەکی دۆزینەوەی دیالیکتیکی بەسترانەوە بە / هەڵاتن لە نەریتە ئەدەبییەکانە، پرسیارێك کە شکلۆفسکیو یاکۆبسێنو فۆرمالیستەکانی دی زۆر جاران گرنگییەکەیان وەبیر خستبۆوە.

بلۆم جەخت دەکا کە شاعیر بەر لە هەر شتێ لەخۆی دەپرسێ: "چۆن شێعرێکی نوێ بهۆنمەوە؟ شیعرێك کە هیچ کەس نەیگوتبێ؟

جیاکاری چۆن بخولقێنم؟" بلۆم لە وتاری "فۆرم شکێنی"دا ئەم باسەی کاملتر کرد و لە جەرگەی تیۆریەك لەمەڕ "مێتۆدی خوێندنەوە یا هەڵوەشاندنەوەی دەق" پۆلێنی کرد. [٦٧] ئەو نووسی: "شێعر خۆی فێرمان دەکا کە بۆ هێنانە گۆڕی واتا دەبێ فۆرم تێك بشکێنێ": [٦٨] و شکاندنی قاڵبی شیعر، بەمانای

ئازادی خوێنەرە. ئازادی لە شیعردا بەواتای ئازادی لە دروستکردنی واتایەو دروستکردنی واتا واتە شکاندنی قالب. ئازادی، پەیدا کردنی واتایەکی تایبەتییە. هەر بەرامبەرێك [گوێگر – خوێنەر] واتایەك دەخولقێنێ. واتایەك کە دژی کۆمەڵەی واتاکانی پێشوویە (کە پێی دەوترێ نەریت، نەریتێکی دژە زمان). کەوابووو ئازادی خوێنەر بەمانای جەنگە، جەنگ لە دژی واتا: "خوێندنەوەی شێعر هەر بەقەد هۆنینەوەی، پێویستی بە خەیاڵکردنەوە هەیە"و "دەقێك لەگۆڕیدا نیە. تەنیا ڕاڤەگەلێك لە دەق هەن".[٦٩] بلۆم پێی داگرتووە کە بزووتنەوەی کابالا گرنگیی ئەم ئازادییەی خوێنەری بۆ دەرکەوتبووو لەم ڕووەوە لە زمان چەشنی هەڵبژاردن ڕادەمان نەك سەپاندن. ئەو لەزاری گێرشۆم شۆلم کە کتێبی زۆری لەبارەی کابالاوە نووسیوە، دەنووسێ: " لەم ڕێبازەی تەوراتی نوسراودا، واتە دەقی نووسراوە، چەمکێکی نهێنی ئامێز هەیە، بەلام تەوراتی زارەکی بە تاقانە تەوراتی ڕاستەقینە ئەژمار دەکرێ". شۆلم ئەم خاڵەی لە زاری خاخام ئەسحاقی نابینا (کە لە سەدەی سێزدەهەمی زاییینیدا دەژیا) گێڕاوەتەوە. ئەسحاق شادمان بوو، لەوەی کە تەورات دەبیسێ و نایخوێنێتەوە. ئەم باوەڕە بە ئارایی واتا، لە گفتوگۆو بیستندا ،لەگەڵ ئازادی خوێنەر لە نکۆڵی کردنی واتا، هەڵبەت، ناتەبایە. هەر لەبەر ئەمە باسگەلێك کە لەنێوان پێشڕەوانی کابالا لەمبارەوە پێك هات ، هەتا دەگاتە بەرهەمەکانی والتێر بنیامین و لە هەنگاوی دواییدا لە بەرهەمەکانی دێریدا دا درێژەی پێدرا، بەردەوام بە گوڕبووونی خۆیان پاراستووە [٧٠] جفری هارتمەن لە ساڵی ١٩٢٩ لە ئەڵمانیا لەدایکبووو، بەلام چوە ویلایەتە یەکگرتووەکانو ئێستا لە زانکۆی ییل ئەدەبیاتی پراکتیکی دەڵێتەوە. بەرهەمەکانی ئەو زیاتر لەسەر شێعرە ڕۆمانتیکە ئینگلیزیەکان چڕبۆتەوە. سێ کۆمەڵە وتاری بەناوەکانی لە سەروی فۆرمالیزم (١٩٧٠)، چارەنووسی خوێندنەوە (١٩٧٥)و ڕەخنە لە چۆلەوانیدا (١٩٨٠)ی بلاو کردۆتەوە کە هەڵگری بنەمای باوەڕە تیۆریەکانی ئەون. بە بۆچوونی هارتمەن بۆ وەسفی وزەی واتا ڕێگای هەمەجۆر هەن. بالادەستیی زمان بەسەر واتادا، تەنیا

یەکێ لەم ڕێگایانەیەکە دەرخەری تێگەیشتن و هەست کردنی ئێمەیە بۆ فۆرمە زمانی‌یەکانو زاڵ بووونی ئاماژەپێکەر بەسەر ئاماژەپێکراو یا واتا. هەڵوەشاندنەوە نکۆڵی لەوە دەکا کە وزەی ئەدەبیات لە واتایەکی شاراوەدا جێی گرتبێ و نیشان دەدا کە ئەم باوەڕە زیانی بە شێوەی بەرەو ڕوو بووونەوەی ئێمە لەتەك هونەر گەیاندووە. هارتمەن نووسیویەتی: "بەلام لەسەر دەستی پەرجووی هونەر ئارایی وشە یەکسانە بە ئارایی و پیواری واتا. زمانی ئەدەبی، زمان بە جۆرێك دەهێنێتە گۆڕی کە لە بنەڕەتەوە ناتوانی تا ئاستی واتا دابەزێ. لەم ڕووەوە بەردەوام ناهاوئاهەنگی لەنێوان سیمبۆل و هزر، نێوان نیشانەی نووسراوو واتاکەی دێنێتە ئاراوە یا دەیشارێتەوە"[٧١] هارتمەن دەپرسێ: "ئایا ئاخێوی ئەدەبی، تەنیا ناونیشانێك نیە کە ئێمە داومانەتە پال مێتۆدێك لە دەربڕین، کە لەودا چوارچێوەی ئاماژەی وشەکان وەکوو وشەکان (و تەنانەت چەشنی فۆنەکان) خۆ دەنوێنێ و نەك وەکوو ئاماژەگەلی کت و پڕی واتایی؟" [٧٢]

بە ڕای هارتمەن گرینگترین خاڵێك کە مێژووی ئەدەبی ڕوونی دەکاتەوە ئەوەیە کە واتا و زمان هاوشانی یەکدی نین و وزەی تایبەتی خۆیان لەم گۆشەگیری‌یەوە وەدەست دێنن:

بەردەوام لەنێوان دەنگ واتا، لەنێوان میتافۆر و وشە، لەنێوان دەق و ڕاڤە... مەودایەك و جیاکاری‌یەك هەیە. مەودا چەشنی فۆرمێك لە خوێندنەوە کە ناکرێ چاوپۆشی لـێ بکەین. تێزەکانی ئێمە [هەڵوەشێنەران] [**] بە مەبەستی دەست پێڕاگەیشتن بە تیۆریەك لەمەڕ ئەم جیاکاریە نووسراون، بەلام لەبەر ئەوەی وەکوو کۆمەڵە ڕاڤەیەکی دەقەکانی دیکەن، بەناچار دەست پێڕاگەیشتن بە تیۆرێك لەمەڕ ڕاڤەشیان کردۆتە ئامانجی خۆیان... هەمەوو ئەو بابەتانەی کە ئێمە لەژێر ناوی واتای دەق دەیناسین و بە تەواوی لە وشەکانی دەق جیای دەکەینەوە، لە پانتایی، "نێوان دەقی" دەمێننەوە. [٧٣]

جیاکاری ئاماژەپێکەرو ئاماژەپێکراو دەمانگەیەنێتە ئەو ئامانجەی کە پێویست نەبێ لە کۆتی ڕاڤەی دروستدا بمێنینەوە. هەمەوو دەقێك خاوەنی واتاگەلی

پەنگراوە. لە ڕەخنەدا هەر وەکوو شێعر "کایەی ئازادی واتاناسانە" بە کەڵکی دۆزینەوەی ئەم واتایانە دێن و هەر لەبەر ئەم هۆیە نووسین ڕەخنە کردنی کارێکی داهێنەرانەیە. هارتمەن لە وتاری "فرۆیدێك کە ڕاڤەکار لێی بەرپرسیارە"دا دەری خست کە هەوڵی فرۆید لە دروستکردنی پێوەندیگەلی واتاناسانەی نوێ لەنێوان توخمەکانی خولیا، ناوبراوی لە دوایین ئەنجامی هەڵاتنی دەق لە واتا نزیك دەکردەوە. هارتمەن هەر لەم وتارەدا، ئەم مێتۆدەی لەمەڕ شێعرێکی وردزۆرس بەکار هێنا.[٧٤] هارتمەن جەخت دەکا کە هەر دەقێك لە کۆمەڵەیەك لە واتاکان پێك هاتووە کە دەشێ گۆڕانیان بەسەردا بێ بەم پێیە هەر دەقێك میتافۆرێکە لە واتا و بەس. کەوابووو کاتێك ڕاڤەکار پێ لە بەرەی خۆی درێژتر دەکاو بانگەشەی ناسینی واتای دەق دەکات، تێکشکانو هەرەسهێنانی دەست پێدەکات.
هەڵوەشاندنەوە نزیکایەتی‌یە لەنێوان هزری فەلسەفیو ئاخێوی ئەدەبی. هارتمەن پێ دادەگرێ کەبەبێ پێوەندیگەلی دووسەرە، ئەم دووانە "بێکەڵك" دەبن. ئەو وەبیری هێناوەتەوە کە هەتا پێش کۆڵریج کەخۆی لەژێر کاریگەری ڕۆماتیکخوازە ئاڵمانیەکان بووە، ئالوویرێکی ڕاستەقینە لەنێوان "ئەم دوو خوشکە جمکە" نەبووە. بەڵام شاعیرە ڕۆمانتیکەکان بنەمای ئەم یەکێتی‌یەیان دۆزییەوە.[٧٥]
هارتمەن ڕوونی کردۆتەوە کە لە تێگەیشتنی ئاشکرایی شاعیرانەدا گرینگترین خاڵ مەودایە. "من" لە شێعردا بووونێکی دیاریکەر نیە کە لە کات و شوێنی تایبەت دا لە هەستێکی تایبەت بدوێ. شێعر لانیکەم بەم شێوە ساکارە "بە زمان، نزیکایەتی‌یەکانی نێوان کەسانو شتەکانو واتاکان پەیوەست نیە. دەتوانین لە ڕاڤەی شێعر دا واتاکەی بۆ ئاستی پێوەندیگەلی سانا دابەزێنین، بەڵام ئەم کارە کەمکەرەوەگەراو بێ نرخە. لە چوار شێعری ویلیام بلیك لەژێر ناوی"گەڵاڵە گەلی شاعیرانە" ئاخێوەر بلیك نیە و بەرامبەر [گوێگر- خوێنەر]ی هەر چوار شێعرەکەش بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە دەبینرێ یەکێ لەو چوار پارە نیە.
هارتمەن وەبیری هێناوەتەوە کە لەم شێعرانەدا "من" خۆی وەکوو پەیامبەرێك دەزانێ کە لە باسکردنی پارەکاندا لەدووی گەوهەرو بنەمای بووون دەگەڕێ. واتە پەیجۆری ئەو شتەیە کە ئێستا بزر بووە. بەڵام بناغەکە هاوئاهەنگی شاعیر لەگەڵ سروشتە، کەوابووو هەر پارێك شتێکە کە
لە پار و تەواوی سروشت تێدەپەڕێ [٧٦] ژولیا کریستوا، هێمای بۆ ئەم خاڵە دەکرد کە کاتێك دەینووسی زمانی شاعیرانە بەردەوام گواستنەوەیە لەبابەت (ناسکار) بۆ نابابەت (بەرناس)، لەم ڕێڕەوەدا دا من لەنێو دەچێ و دەبێتە نیشانە.[٧٧]
تاوتوێی شێعرێکی ویلیام وۆردزۆرس لەژێر ناوی "هەنگاوێك بۆ پێشەوە بە یارمەتی دەستی تۆ" دەردەخا کە "من"ی شاعیر بەستراوەتەوە بە نەریتو "مێژووی ئاشکرایی شاعیرانە" [٧٨] وۆردزۆرس ئەم شێعرەی بە وێنەیەکەوە دەست پێکردووە:
ئەو لەگەڵ کیژە دوانزدە ساڵانەکەی لە کێڵگەکاندا ڕێگە دەبڕێ" چەشنی ئۆدیپی نابینا لەگەڵ ئانتیگۆنە. هارتمەن "زمانی کۆنی شێعر"ی لەم شێعرەی وۆردزۆرس دا دۆزیوەتەوە و گوتوویەتی کە ئەمە زمانی شاعیرانی سەدەی حەڤدەهەم و شاعیرانی سەردەمی ڕێنێسانسە. چاوساغی شاعیر مێرمنداڵێکە کە وەبیرخەری ساڵانی دووری ژیانە و هێمایەکە بۆ تەمەنی بەسەرچوو. گەڕانەوەیەکە کە لەشێعردا لەرێگای زمانەوە بەدی هاتووە.[٧٩]
هێما کردن بۆ ئانتیگۆنە کات بەرەو پێشەوەتر دەبا: دەچینە هەنتەشی یونانی سۆفۆکلیس. وۆردزۆرس دووبەریانی یونانی و مەسیحی پێکەوە دەباتە پێشەوە. خاڵێکی پڕسۆز لە سۆفیگەری مەسیحی لە شێعرەکەدا هەیە: ئانتیگۆنە، ئۆدیپی نابینا و دۆراوۆردزۆرس باوکی شاعیری خۆی، پێشڤە دەبەن. ئەمە یونانە کە پاڵ بە مەسیحیەتەوە دەنێ، مێلتۆن گوتەنی "منداڵی ئەو شتە بە مرۆڤ دەنوێنێ/چەشنی بەرە بەیان کە ڕۆژمان پیشان دەدا". هارتمەن دەڵێ کە لە شێعری وۆردزۆرس دا "هەستی بەزەیی و جۆرێك دڵنەرمی" شاعیر بە کیژە تازەلاوەکەی و، کیژی [ئۆدیپ] بە باوکە نابیناکەی، گرێ دەدات.[٨٠] هارتمەن دووجۆر خوێندنەوەی لێك جیا کردەوە:

خوێندنەوەی ڕاستەوخۆ: واتە وشەکان بەبێ گەڕاندنەوەیان بۆ دەقێکی‌دی چەشنی تیشکێك، (موکاشفە) و (ئەشراقی) بخوێندرێنەوە ئەمە شێوەی خوێندنەوەی دەقگەلی ئایینی و سۆفیانەیە.

خوێندنەوەی زانستی: واتە وشەکان بە پشت بەستن بە زانراوەکان لە ڕێگەی "نێوان دەقی"یەوە بخوێندرێنەوە [٨١] هارتمن جۆری یەکەم لە خوێندنەوەی شێعردا بە ناکارا دەزانێ و جۆری دووەم پەسەند دەکا. ئەو هەوڵ دەدا تا شێعری وۆردزۆرس لەڕێی جۆری دووەمەوە بخوێنێتەوە: لە دەنگەکانی نێو شێعر دەدوێ" هەر فۆنێك وەبیرخەری دەنگێکی دیکەیە. ١٥٥ نزیکایەتی خەو و مەرگ لەم شێعرەدا بەدی دەکاو لەتەك نزیکایەتیی‌یە هاوشێوەکان لە "مێژووی ئاشکرایی شاعیرانە"دا وێکیان دەچوێنێو بەهای گفتوگۆی نێوەوەی ڕۆح، واتە گفتوگۆی من لەتەك خۆم دا دەناسێ. [٨٢]

بلۆم و هارتمن (و میلێر) لە نەریتەکانی دیکەی جیا لە هەڵوەشاندنەوە دەستیان پێکردو کاتێك کە بەرەو ڕەخنەی پۆست پێکهاتەگەرا هەنگاویان نا، لەگەڵ خۆیاندا ئەزموون گەلێکیان لەو نەریتانە ١٥٤وەرگرت کە هەڵبەت کارایی زۆریان هەبووو. پۆل دێمان بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەهەڵوشاندنەوە دەستی پێکردو تەنانەت جوانەمەرگ بوونیشی کاریگەری نیگەتیڤی لەسەر تۆمار کردنی ناوی وەکوو گرنگترین دەمڕاستی هەڵوەشاندنەوە لە ویلایەتە یەکگرتوەکان، دانەنا.

ئەو مامۆستای زانکۆی ییل بووو دوو کتێبی گرنگی نووسی: نابینایی و بینینی دەروونی  کە چاپی یەکەمی لەساڵی ١٩٧١و چاپی دوەمی بە دەسکاریەوە لەساڵی ١٩٨٣ بلاو کرایەوە"[٨٣]و ئەلیگۆریەکانی خوێندەوە کە لە ساڵی ١٩٧٩ لەمەڕ پروست، ریلکەو ڕۆسۆ بلاو بوویەوە.[٨٤] دێمان دەیهەویست کتێبێك لەبارەی پێوەندی تیۆریی دەربڕین لەتەك چەمکە ئایدیۆلۆژیکی‌یەکان بنووسێ کە قۆناغێك لە مێژووی کولتووری ئەڵمانیا لە کانت تا مارکس بگرێتە خۆی" بەلاّم لە ساڵی ١٩٨٣ کۆچی دوایی کرد. دوو کتێبی ناوبراو کە لەو بەجێ ماون، کۆمەڵە وتارێکی کەم تا زۆر کورتن کە بە گرنگترین دەقەکان لەپێناو پێکهاتنی تیۆریی ئەدەبیی هەڵوەشێنەر لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەژمار دەکرێن.

دێمان زیاتر لە هەر کەسێکی دی شەیدای نیچەو لەژێر کاریگەری ئەودا بووو. بنەمای ڕای ئەو لەبارەی ڕۆڵی میتافۆر لە زماندا، بۆ بۆچوونی نیچە دەگەڕێتەوە. بەڕای دێمان، زمانی ئەدەبی لە سروشتە میتافۆریەکەی‌دا، جێی نیشانەیەکی دیکە دەگرێتەوە و دواین واتا ناخولقێنێ و دەقاودەق باس لە شتێك ناکا.

هەموو دەقێك هەر لەو شوێنەدا کە ١٥٦ تێدەکۆشێ خاڵێك بسەلمێنێ، یاخوێنەر ڕازی بکا بڕوا بە شتێ بکا، ئەم گەوهەرە ناڕاستەی خۆی ئاشکرا دەکا. بەلاّم دەقی ئەدەبی زیاتر لە هەر دەقێکی دی ئاڵۆزە. چونکە وشیارانە لە ئاماژەی واتایی تەریك دەبێتەوە. [٨٥] تێگەیشتن لەم خاڵە کە ئەدەبیات بنچینەکەی پێکهاتەگەلی خوازەیی‌یە، سروشتێکی تاقانە بە دەقی ئەدەبی دەبەخشێ:- وشیاری بە مەودا لەتەك کەتوار. هەر ئەم بنەما ١٥٥ پێکهاتەیی‌یەی دەقی ئەدەبی، واتە خوازەکانی تیۆری دەربڕین، وا دەکات کە "پێویستیمان بە "هەمدیس زیندوو کردنەوە"ی تیۆریی دەربڕین بێ، کە نزیکەی سەدەیەکە فەرامۆش کراوە. یەکێ لە دواین نووسینەکانی دێمان وتاری"خۆڕاگری تیۆری"یە.[٨٦] وتارەکە لەسەر بنەمای ئەم بیرۆکەیە دامەزراوە کە بەکارهێنانی هەقیقەت لە زمان هەم زۆر پێویستەو هەم دەشێ بێتە دی. بێگومان زمان لە دەربڕینی ڕاستی‌یە سادەکان دا بەکاردێ. ئەو شتەی کە لەم پێناوەدا زمان ئامادە دەکا، کە نیچەش لەو باوەڕە دابووو ، سروشتی خوازەیی یەو پشتی بەتیۆری دەربڕین بەستوە، کە خۆی لەسەر بنەمای مەودایەك لەگەڵ ڕاستییەکان دروستکراوە. تیۆریی دەربڕین بە شێوەیەکی بەردەوام سیستمی ئەبستراکتی ڕێزمانو لۆژێك وێران دەکا. ئەدەبیات کە سروشتە سەرەکی‌یەکەی پشتی بە تیۆریی دەربڕین بەستووە و دێمان گوتەنی بە شێوەیەکی "خۆنوێن" ئەم سروشتە ئاشکرا دەکا، بەردەوام لەتەك ئاخێوەکانی دیکە دەجەنگێ:- "ئەدەبیات سەرچاوەی زانیاری لەمەڕ هیچ شتێك

نیە مەگەر زمانی خۆی نەبێ" بەڵام هەموان بێ سەرنجدان بەم خاڵە"لە پێوەندیی کتێبو جیهان تێ دەفکرن"و ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە لەمەڕ بەیانکاری، دروستکەری زۆر هەڵەی تیۆریکی بووەو. دێمان بە پێچەوانەی هارتمەن لەو باوەڕەدا نیە کە دەقە ئەدەبیەکان بتوانین چەشنی دەقگەلی زانستی بخوێنینەوە. جیا لەم ڕاستی‌یە کە تامەزرۆیی وازهێنان لە ئاخێوی ڕەخنەگرانە لەم بەدحاڵیبووونانەی کە رەخنەیان بە زانست دەزانی، بوونە هۆی گەشەی هەڵوەشاندنەوە، دێمان هێما بۆ ئەم خاڵە دەکا کە: "دەقگەلی رەخنەگرانە بە ئاگاداربووون لە تەمومژ دەخوێنرێنەوە. هەمان تەمومژ کە لەدەقە ئەدەبییە نارەخنەگرانەکاندا بەبنەما گریمانکراوە". [٨٧] واتە بەرهەمە هونەرییەکان بە ئاگاداربووون لە تەمومژ خولقێنراون، رەخنەی هونەریش لەم تەمومژە دەرباز نابێ‌و ئاخێوی زانستی کاری بەسەر ئەم تەمومژەوە نیە. دوو چەمکی "دەقی ئەدەبی رەخنەگرانە"و"دەقی ئەدەبی نارِەخنەگرانە" دروستکراوی هەڵوەشاندنەوەن. لەسەر بنەمای ئەم دابەشکاریە نووسینێکی ڕەخنەگرانەی ڕۆلان بارت یا.تی.ئس لەبەردەستدایە. ئیلیۆت لەگەڵ "بەرهەمە ئەدەبیەکان" ئەدەبیاتی داهێنەرانە" پێك دەچوێنرێن. جاناتان کۆلێر "ئیستراتیژی" هەڵوەشێنەران لە تاوتوێی دەقە ئەدەبی‌و فەلسەفی‌یەکان بەمجۆرە روون دەکاتەوە کە دێریداو هەڵوەشێنەرانی دیکە دەقە فەلسەفی‌یەکانیان بە مێتۆدی ئەدەبی ناودێر کردووە (بەیارمەتی خوازەکانی تیۆریی دەربڕین‌و ڕێساگەلی تیۆریی ئەدەبی) و دەقە ئەدەبی‌یەکانیان بە مێتۆدی فەلسەفی ناودێر کردوە:-

بە ئەمەکترین شێوەی خوێندنەوەی دەقێکی فەلسەفی ئەو دەقە بە دەقێکی ئەدەبی دەداتە قەڵەم، وەکوو بنەمایەکی پشت بەستوو بە خەیاڵو تیۆریی دەربڕین“و دەزانێ کە توخمەکان‌و هاوڕێکی لەو دەقەدا پشتئەستورن بە جیاکاریەکان [ناسراوو لە ئاخێوی ئەدەبی] [***]... چاکترین، ئەکتیڤترین و دروستترین فۆرمی خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی ڕەنگە هێنانەگۆڕی وەکوو کارێکی فەلسەفی بێ، واتە دەبێ لەودا بەدووی بەرامبەرێتی‌یە فەلسەفی‌یەکان بگەرێین.[٨٨]

لە یەکەمین کتێبی دێماندا وتاری "تیۆریی دەربڕین‌و هەڕەتمەندی" [٨٩] گرنگیی زیاتری هەیە. ئەم وتارە کە لەدوو بەشدا، یەکەمیان لەمەڕ ئەلیگۆری‌و سیمبۆڵو دوەمیان لەبارەی تەوسەوە نووسراوەو ڕێخۆشکەری بەکارهێنانی زارەوەکان‌و ڕێساکانی تیۆریی دەربڕینە لە ڕەخنەی ئەدەبیداو لەودا باڵادەستیی باسەکانی گادامێرو پێشرِەوانی قوتابخانەی جوانناسیی تێگەیشتن بەدی دەکرێ. وتارەکانی "مێژووی ئەدەبی‌و مۆدێڕنیزمی ئەدەبی"و شێوەیەك کە دێریدا بەهۆیەوە رۆسۆشی دەخوێندەوە" رۆشنگەری هەڵوێستەکانی دێمانن لە مەڕ مێژوی ئەدەبی‌و هەڵوەشاندنەوە. دێمان هەرجۆرە هەوڵدانێکی لە بەکارهێنانی سیمبۆلە دەرونشیکارییەکان لە ئەدەبیاتدا ڕەتکردەوە ولەو باوەڕەدابووو کە ئەم مێتۆدانە بەزۆری ئاڵۆزی بەرهەمە ئەدەبییەکان لەنێودەبەن‌و تائاستی خولیا خەیاڵپەروەری "دایاندەبەزێنن"و "ئەم هەوڵانە بە کەڵکی‌تێگەیشتن لە دەرکەوتی فۆرمگەلێکی وشیاری دێن کە چەند قات سادەتر لە وشیاریی ئەدەبین"[٩٠]

بەڵام دێمان چەندانیش لە کۆتی بەکارهێنانی ڕێساگەلی زمانناسانە نەمایەوە. ئەو ئەرکی سەرشانی خۆی بە زیندوو کردنەوەی "تیۆریی دەربڕین" دەزانی. هەر ئەم خاڵە کارەکەی ئەوی لە [کاری] هەڵوەشێنەرانی دیکە جیا دەکردەوە. پێداگرتنی دێمان لەسەر " تیۆریی دەربڕین" بە تایبەتی لەکتێبی ئەلیگۆریەکانی خوێندنەوە زیاتر بەرچاوە. لەم کتێبەدا ئەو کۆمەڵە مێتۆدێکی لێکجیای تاو وتوێ کرد کە بۆ خوێندنەوەی دەقەکانی ریلکە، پروست و رۆسۆ بەکار دێن:-

لەڕێگەی خوێندنەوەوە، ئێمە دەچینە نێو دەقەوە، کە لە هەنگاوی یەکەمدا لەگەڵمان بێگانەیە و ئەم کرۆکە لەسایەی تێگەیشتنەوە ئێمە دەستی بە سەرا دەگرین، بەڵام ئەم تێگەیشتنە، خۆی دەربڕینی واتایەکی بان دەقیە... پرسیاری سەرەکی ئەمەیە کە ئایا ئاڵوگۆڕی ئەلتەرناتیڤەکان لە پانتایی واتاناسی‌دا روو دەدەن یا پانتایی زانستی دەربڕین. ئایا میتافۆری خوێندنەوە بەراستی واتای

دەرەکی لەتەك تێگەیشتنی دەروونی یەکگرتوو دەکا و لەوان گشتێکی یەکانگیر دروست دەکا یا لە بنەڕەتەوە لەگەڵ تیۆریی دەربڕین بەرەوڕوین؟ [٩١]
دێمان بە ئاشکرا خاڵی دوەم پەسەند دەکا. لەکاتی خوێندنەوەی دەق دا ئەو شتەی کە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی ئێمە لەجیهانی ژیانی ڕۆژانە، ڕێساکانی تیۆریی دەربڕینە، کە لە دەق دا خۆیان شاردۆتەوە. دێمان نموونەیەکی لە یەکەمین بەرگی ڕۆمانی گەڕان لە دووی کاتی لەدەستچوو ی مارسێل پروست هێنایەوە، لەو شوێنەدا کە چیرۆك گێڕەوە وەبیر دێنێتەوە:-
لە نوێنەکەم دا رادەکشام، کتێبێکم بەدەستەوە دەگرت، لە ژوورەکەم دا، کە لە سەرمای پڕکزە و شکێنەر هەڵدەلەرزێ، لە بەرامبەر هەتاوی پاش نیوەڕۆ بەرگری دەکرد و رووناکییەکی کەم لە پەردەکانی ژوورەوە و لەنێو چوارچێوە و شوشە [ی پەنجەرە]دا چەشنی پەپوولەیەك لە قوژبنێك دا دەمایەوە. نووتەکێك بۆ خوێندنەوە و هەستکردنی شکۆی تیشك... [٩٢]
لەدرێژەی ئەم رستەیەدا بیرەوەری چیرۆك گێڕەوە، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان چرکە ساتی خوێندنەوە کە لەو ژووورە نیوە تاریکەدا ١٥٨ لە سایەی خوێندنەوەدا دونیاکەی دروست دەبووو. لە ڕوانینی یەکەمدا، لە پەراگرافی ناوبراوی پروست کەلە سەرەوە هات، خوازەکانی تیۆریی دەربڕین ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە. بەڵام ئەگەر ورد بینەوە تێدەگەین کە پروست لەم خوازانە بە جۆرێك کەڵکی وەرگرتووە کە "شتێك بەرزتر لە دەربڕینی خوازەیی وەچنگ بێنێ".
ڕەخنەی زۆر لە کاری هەڵوەشێنەران گیراوە. یەکێ لە گرنگترین ڕەخنەکان نووسینەکانی ئابرامزە، [کە] نووسەری کتێبی ئاوێنە وچرایەو نێوەڕۆکەکەی ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی بریتانیایە، کە نێوەڕۆکی زۆر لە کتێبەکانی هەڵوەشێنەران، بەتایبەتی هارتمەنو هیلیس میلێرە، ئابرامز بەوە تۆمەتباریان دەکا کە لە بەرهەمەکان دا پشت بە وزەی پێوەندیکاریی زمان دەبەستن، لەکاتێکدا کە لە روانگەی تیۆریکەوە نکۆڵی لەو لایەنە دەکەن.[٩٣] میلێر وڵامی ئەم سۆچلـێگرتنەی داوەتەوە. بەڕای ئەو دژبەریەکی لەم چەشنە لەکاری

هەڵوەشێنەران دا هەیە و دۆزینەوەشی کارێکی چەندان ئاستەم نیە. بەڵام دەبێ بزانی کە هەبووونی ئەم چەشنە دژەیەکانە، ڕەگو ڕیشەی لە جەرگەی ئەرکی زمان دایە و کەسێك کە بیەوێ لە توێژەوە، پەی بە قوڵایی زمان ببات، لەگەڵیان بەرەوڕو دەبێ. [٩٤] میلێر لە وتاری "رەخنەکار چەشنی میوان" دا جەخت دەکا، کە زمان ئامراز یا کەرەستەیەك نیە کە لەبەر دەستی مرۆڤدا بێ، تاکوو بە هۆیەوە بیر بکاتەوە. هەر دەقێکی ئەدەبی — بە تایبەتی شیعر — لە دەرەوەی دەسەڵاتی دانەرو شاعیر — دەبێت بە پێوەندیەکی نێوان دەقی و لێرەوە ڕێساکانی تیۆریی دەربڕین لە دواین شیکردنەوەی زمان دا" لە مرۆڤو لە جیهان تێدەفکرن".
ج. هیلیس میلێر لەدایکبووی ١٩٢٨ه. لە زانکۆکانی ییل و جان هاپکینزدا وانەی وتۆتەوە. یەکەمین بەرهەمەکان پشتیان بە باسەکانی ڕێبازی شیکردنەوەی واتاکانی بەرهەم، واتە نووسینەکانی ژۆرژپولە و نووسەرانی دیکە قوتابخانەی ژنێف بەستبوو نێوەڕۆکەکەشیان زیاتر ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی ئینگلیزی بووو. لەم بووارەدا ئەو سێ کتێبی نووسی: خۆشاردنەوەی خوا (١٩٦٣)، شاعیرانی ریالیزم، (١٩٦٥)و تامس هاردی: مەودا هەوەس (١٩٧٠). پاشان میلێر بووو بە پەیڕەوی بێ ئەملا و ئەولای دێریداو کۆمەڵە وتاری چیرۆك و دووپات بووونەوە ی بڵاو کردەوە. [٩٥] سێ ساڵ دواتر کۆمەڵەیەکی دیکەی لەژێر ناوی گوریسی ئاریادنەی بڵاوکردەوە. ناوی کتێبی ناوبراو هێمایەك بۆ ئوستورەی یۆنانی، کەلەودا ئاریادنە گوریسێك دەدا بە تزئۆس (تزە) تا بە هۆیەوە لە هەزار قوژبن دەرباز بێت" ناوەکە هێمایەکی تەنز ئامێزە بۆ ئارەزووی دەربازبووون لە هەزار قوژبنی دەق. [٩٦] بە زۆری ئەم گوریسە بە "واتای دەق" دەزانن، بەڵام میلێر دەنووسێ: "شیعر وەکوو هەموو دەقەکان "لە خوێندنەوە نایەت" ئەگەر بێتوو مەبەست لە "دێتە خوێندنەوە" گەیشتن بە ڕاڤەیەکی سادە، حاشا هەڵنەگرو تاك واتایی بێ". [٩٧]

تێبینیەکانی وەرگێڕ

[*]. تێبینی لە نووسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕەوە نیە.

[**]. تێبینی لە نووسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕەوە نیە.

[***]. تێبینی لە نووسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕەوە نیە.

پەراوێزەکانی پاری چواردەهەم


1. G. Batailie. Le,ollsFne. Paris. 1965. p. 68.

2. R. Barthe “ Les Sorties dii texte”. P. Soilers ed. Baja//Ic. Paris. 1973. pp.49-62

3. A. Arnaud. and G. Excolion—Lalarge. Batai/Ic. Paris. 1978. p. 8.

4. J. Derrida. Lécriiurc ci Ia difference. Paris. 197 .٩pp. 369—37.

5. G. Bataille. L’expérience interieure, Paris. 1986. p. 28.

6. J.Durancon. Georges Bataille. Paris. 1976, p. 16.

7. J. Bataille, L’experience interieure, p.10

سارتیر هێمای بۆ دوو ئەرخەیانی دیکە کردووە: لە نێو ئەوانی دی دا دەژین، لەنێو ئەوانی دی دا کار دەکەین. ئەمانە هەردووك لەگەڵ وتەی باتای دەگونجێن: لە جیهان داین. بەڵام بڕیاری سەرەکی دوایین بڕیارە.

٨. بارت زۆر لە چەمکە سەرەکی‌یەکانی بەرهەمەکانی خۆی بە یارمەتی باتای وەدەست هێناوە“ گرنگترینیان "خۆشی دەق"ە. لەمەڕ چەمکی "خۆشی" لە هزری باتای بڕواننە وتاری ژولیا کریستوا:

J. Kristeva. “Batailie. experience et Ia pratique’’

P. Sollers ed. op. c pp. 267-301.

9. G. Bataille. Metod de ,Meditation, Paris. 1947. p. 195.

10. J.P. Sartre. Le.s mots, Paris. 1964. p. 213.

١١. بڕواننە پاری نووسین – بێدەنگی لە:

J. Durancon. Op; cit., pp. 103—126.

12. B. Parain. Petit metaphusique de Ia parole. Paris. 1969. p. 99.

13. M. Bianchot. la part du feu, Paris. 1949. p. 325.

14. G. Bataifle. Labbe c., Paris. 1950. p. 108.

15. G. Bataifle sur Nietzsche, Paris. 1945. p. 108.

هایدگێر دەیوت: "هزرمەندان چەشنی شاعیران خۆیان ناناسن":

M. Heidegger, Qu’ appe/le-t-on penser? tran. A. Becker and G. Grand, Paris, 1973, p. 175.

16. G. Bataille, Le coupable, Paris, 1944. p. 182.

17. E. Jabes, Aély, Paris, 1972, p. 19.

18. G. Bataille, ‘Introduction”, D.A.F. Sade. Oeuvres completes, Just in. Paris،

1995 ،vol. 2, p XXXII

19. G. Bataille, L’érotisme, p. 304.

20. G. Bataille, Le coupable, p. 183.

21. G. Bataille, La !ittCrature et Ia ma!, Paris, 1957, p. 8.

22. G. Bataille, Sur Nietzsche. p. 71.

٢٣. وتارەکەی فۆکۆ لەم گۆڤارەدایە:

Critique, 195-196, 1963.

٢٤: هەمدیس وێژی لە:

M. Surya. Geoiges Bataille, la molt a l’oeuvre, Paris, 1987.

25. M. Blanchot, Le !i a venir, Paris, 1971. p. 13.

26. Ibid., p. 351.

چەمکی سەنتەر لە گرنگترین چەمکەکانە لە باسەکانی "پۆست پێکهاتەگەرایی"دا. بنەماکانی بۆ باسەکەی فرۆید دەگەڕێتەوە: "خولیا بە شێوەیەکی جیاواز لە هزر لە دەور و بەری سەنتەرێك پێ دەگرێ، نێوەڕۆکەکەی و خاڵی سەنتراڵیشی لە توخمگەلی جیاجیا پێکهاتووە":

S. Freud. The Complete Ps Works, ed. J. Strachey. London, 1973، vol. 4 ،p. 305.

27. M. Blanchot. D Kafka a Ka,fka. Paris, 1981. pp. 75-93.

28. F. Collin, Maurice Blanchot ci ía question c/c f’Ccriturc’, Paris, 1971. p.

29. M. Blanchot. L’Cspace littéraire, Paris, 1985. pp. 99-211.

30. Ibid.. p. 158.

٣١. خ . بوورخس، مرگ و پرگار، ترجمه ا . میرعلایی، تهران، بی تا، ص ٢١.

32. J. Derrida, Dc ía gramnmnatoIogie. Paris. 19n7, p. 100.

33. P. de Man. B/inc/ness and Insight, London. 1983, p. 62.

34. Critique, 229. 1966. pp. 526-527.

35. Ibid., p. 514.

36. T. Todorov. Critique c/c ía critique. Paris. 1984. p. 67.

37. M. Blanchot, Le livre a venir, p. 247.

38. M. blanchot, L ace littéraire. pp.32-34.

39. Ibid.. pp. 228-229.

٤٠. بلانشۆ لە سالآنی دەیەی ١٩٣٠ کە والتر بنیامین لە پاریس نیشتەجێ بووو، هاوڕێی ئەو بووە و کاریگەری بنیامین لەسەر بەرهەمەکانی بلانشۆ، بەتایبەتی لەسەر تیۆرییەکەی لەمەڕ زمان، ئاشکرایە.

41. T. Todorov, opel,.. pp. 72-73.

42. M. Blanchot. Dc Kafka a Kafka. Pp. 34-35.

43. J -F. Mattéi. L’étranger et le si,nulacre. Paris, 1983.

١٦٢

٤٤. هەڵبەت نووسینەکانی دێلۆزولیوتار لەبواری ئاخێوی جوانناسانە جیان و هەر یەکە و بە نۆرەی خۆی لە پاری پانزەهەمی ئەم کتێبە باسم لێوە کردوون.

45. J. Arac. \V. Godzich, W. Martin eds, The Yale Critic: Deconstruction in America, Minneapolis up., 1983.

جگە لە زانکۆی ییل، زانکۆی میریلەند (بالتیمۆر) و زانکۆی کۆڕنێل (نیویۆرك) نێوەندەکانی دیکەی چالاکیی هەڵوەشێنەرانن.

٤٦. ژمارەیەك لە دواندەرییەکانی ئەم کۆنفرانسە لەم کۆمکارەی خوارەوەدا بەدی دەکرێن:

R. Mackscy and E. Donato eds, The Struciura/ist Controversy, Yohn Hapkins up., 1979.

١٦٤

٤٧. تێزەکەی دێریدا لەم کتێبەدا چاپ کراوە:

J. Derrida, L’écriture et Ia difference, Paris, 1979, pp. 409-428.

48. Ibid., p.41

49. Habermas, Le drscours philosophique c/c la nwdérnitC, tran. C. Bouchind homme and R. Rochlitz, Paris, 1988, pp. 224-226.

50. C. Norris, Deconstruction. Theori and Practice, London, 1982. p 93, p. 98.

51. Salsiriszsky. Criticism in Societr, London. 1987. pp. 48-49.

52. H. Bloom, The Anvietr a/Influence. A TheorrofPoetry, New york, 1973.

٥٣. پۆل دێمان لە رشەخنەیەکی کورت دا کە لەسەر کتێبی بلۆم ئەنجامی دا، وەبیری هێناوەتەوە کە هێز و لۆژیکی کتێبەکە لە بەکارهێنانی زاراوەکانی رێساکانی "تیۆری دەربڕین" لەو دایە. هەر چەشنە پێوە زیاد کردنی باسە زمان ناسانەکان، یا دەروون شیکارییەکان تەنیا لە توانای کتێبەکە کەم دەکاتەوە:

P. de Man, Blindness and Insight. p. 276.

54. H. Bloom. opel p. 70.

55. d.. pp. 70-71.

56. id.. p. 154.

57. Ibid., p.١٠٧ .

58. Ibid., p. 70.

59. H. Bloom, Poetiry of Repression. Yale up.. 1975, pp. 2-3.

60. H. Bloom. Map of Misreading. New york, 1975. p. 32.

61. H. Bloom. Poetiry of Repletion. p. 2.

62. Ibid.. p.71 .p. 152.

63. I. salsinszsky, op. cit., p. 51

64. Ibid.. p.55

65. H. Bloom. The Anxiety of Influence. p. 56.

66. Ibid.. p.11.

67. H. Bloom. “The Breaking of Form”. H. Bloom et al. Deconstrucoon and

Critic/sin. London, 1979. pp. 1-38.

68. Ibid.. p. 1

69. Ibid.. p. 6

70. Ibid., p. 4

لەم بارەوە بڕواننە:

G. Scholem, La Kabbale ci va s trail .1. Boesse. Paris. 1989. pp. 45 - 104
71. G. l-Iartman. "Introduction''. H. Bloom Ct a!. op.cit.. pp II—III.
72. U. Hariman, Savint the Text. Baltimore. 198!. p. XXI.
73. H. Bloom et at. op. p. III.
74. Ci. Hartman, Las Pieces Yale up., 1985.
75. Ibid.. p. IV.
76. .J. I-Iartman. Berond Iorinah sot. Yale up.. 1970.
77. .١. Kristeva .Sé,uotike, Paris. 1978. p. 273.
78. H. Blooni et at; op. (ii.. pp. 177—216.
79. Ibid.. p. 182.
80. Ibid.. p. 183.
81. Ibid.. p. 187.
82. Ibid.. p. 207.
83. P. vIe Man. Blindness and Inv London, 1983.
84. P. de Man. ,4IIe of Reading. Yale up.. 1979.
85. S. Rosso, "All Interview with Paul de Man''. (rh/cal Inquire. 12. 1986. pp. r
788 - 795
86. P. (IC Man. ''The resistance to theory". Yale Irene/i .Siudies, 03. 1982.
87. P. (IC Man. Blindness and Insight p. 110.
88. .١.Cutter. On Decon.sir,,ciion: Theore ci,, Criticism / .Siriictioa/isn .:cornet I
up.. 1982. p. ISO.
89. P. de Man, Blindness and Insight, pp. l87-228.
90. Ibid., p. 22.
91. P. de Man, Allegories of Reading, pp. 12-13.


92. M. Proust, A la recherche du remps perdu, Paris, 1954, vol. 1, p. 83.
93. Mi-I. Abrams, "The Deconstructive Angel", Critical Inquiry. 3, 1977.
94. J. Hillis Miller, "The Critic As Host", Ciiiical Inquiry. 3, 1977.
95. J. Hillis Miller, Fiction and Repetition. Yale u.p., 1982.
96. J. Hillis Miller, Ariadnes Thread, Yale. up., 1985.
97. J. Hillis Miller, "The Critic as Host", o.،/ciL, p. 400.
و بڕواننە پاری شەشەمی ئەم کتێبە:
C. Norris, Deconstrucrion: Theoi, and Practice, London. 198.

# پاری پانزدەهەم

## شوێنگەی پۆست مۆدێرن: لیوتار، دیلۆز

**ڕێسای ئاخێوی فەیلەسوف بەردەوام ئەمە بوووە کە ڕێسای ئاخێوی خۆی پەیدا بکا.**

**لیوتار**

زاراوەی "پۆست مۆدێڕن" لە بەراورد لەگەڵ خاڵگەلی وێکچووی بەکارهێنانی "پۆست-" دەناسرێتەوە. بۆنموونە ئارنۆڵد گلێن لەکتێبی نەبوونە ڕێبازی گەشە (١٩٦٧) لەزاراوەی "پۆست مێژوویی) بۆ ڕوونکردنەوەی شوێنگەی دیاردەگەلی درەنگ و وەپێشهاتووی مێژوویی کەڵکی وەرگرت و یەکێ لەنمونەکانی ئەو لەم "دەرکەوتانەی کامڵبوونی درنگبوو"دا مۆدێرنیزمی سەرەتای سەدەی بیستەم بوو. زاراوەکانی "کۆمەڵگای پاش پیشە سازی" (لەبەرهەمەکانی کۆمەڵناسانی ئەمریکایی وهەر وەها بۆنمونە لەمبارەوە یەکێ لە بەرهەمەکانی
کۆمەڵناسی فەرەنسی ئالان تۆرین ) و"پاش سەرمایەداری"زۆر بەکارهاتون.

هەروەها لەزاراوەی "پۆست مودێرنیزم" لەمێژوی ئەدەبی ئیسپانیا (لەمەڕسەردەمانی پاش جەنگییەکەمی جیهانی) ولەمێژوی ئەدەبی ئەمریکای لاتین (لەبارەیسالانی نێوان هەردوك جەنگە جیهانیەکە) کەڵك وەرگیراوە [١] لەبیناکاریش دا زاراوەی" پوست مودێڕن"بەرێبازێك لە بیناکاری و خانووسازی لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی- بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پێکهات — دەوترێ. [٢] ژمارەیەك لە ڕەخنەگرانیش، بە پێڕەوی کردن لە زاراوەیەك کە لە شارسازیدا برەوی پەیدا دەکرد، پۆست مۆدێرنیزمیان لەبارەی ئەدەبیاتی دەیەی ١٩٦٠ی ویلایەته١٦یەککگرتووەکان بەکار هێناوە. ژان فرانسوالیوتار ئەم زاراوەیەی لە کۆمەڵناسە ئەمریکایەکان وەرگرت. بەکارهێنانی "پۆست مۆدێڕن" تەنیا واتایەکی مێژوویی نیەو مەبەست نیشاندانی ڕەوتێك "لەپاش" مۆدێڕنیزم نیە" بەڵکوو وردبووون،مەرجدار بووون، کامڵبووونو ڕەنگە بتوانین بڵێین حاشا هەڵنەگربووونی مۆدێڕنیزمە، لیوتار گوتەنی "تێگەیشتن لە مۆدێڕنیزمە + قەیرانەکانی". چەمکی قەیران ڕۆڵی گرنگی لە باسەکانی "پۆست مۆدێڕن" هەیەو بە واتایەکی سادە بەدوور لە ئالۆزییە تیورییەکان بەکار دێ" واتایەك کە لە "دیدی پزشکی" کۆنیش ناسراو بووو: نەخۆش بە یارمەتی هۆکارە دەروونیو سروشتییەکانی جەستەی لە بەرامبەر نەخۆشیدا ناتوانێ داکۆکی لەخۆی بکا. بەکار بردنی "پۆست " خاڵێکی گرنگ دێنیتە پێشەوە:

ئەگەر بەراستی ڕەوتێکی تازە بەشێوەیەکی تەواو دروست ببێ، ئەوکات کەڵك وەرگرتن لەم پێشگری "پۆست —"ە هیچ مانایەك نادابەدەستەوە. بەکارهێنانی ئەم پێشگرە دەردەخا کە هێشتا ڕەوتی یەکەم کۆتایی پێنەهاتووە. واتە بە پێچەوانەوە (باشتر وایە کە بڵێین: لەگەڵ) قەیرانەکانیدا زیندوویە. لەلایەکی دیکەوە گەوهەری مۆدیڕنیزم دابڕان لە هەرشتێکی سەقامگیرە. کەوابووو بە دابڕان لە مۆدێڕنیزم لە ڕێسا بوونیادییەکەی کەڵك وەردەگرین. بە گوتەی هابرماس بە بەکارهێنانی "پۆست-" زیاتر ڕەوتێك جێگیر دەکەین نەك کۆتاییەکەی. [٣] هەر بەو جۆرەی کە مەبەستی کۆمەڵناسان لە بەکارهێنانی زاراوەی "پۆست پیشەسازی" نیشاندانی کامڵبووونی قۆناغێك لە بەرهەم هێنانی پیشەسازییە. بەڵام پۆست پێکهاتەگەرایی دوو سروشتی سەرەکی هەیە: لە لایەکەوە دەرخەری دابڕان لە هەندێك لەگرینگترین لەپێشدانان [Premises]ەکانی پێکهاتە گەراییە (چەشنی ڕەخنەی دێریدا لەسەر لیۆشتراوس)و لە لایەکی دیکەوە نیشانەی قەتیس مانەوە لە چوارچێوەی ئاخێوی پێکهاتەیی پێوە دیارە (وەکوو هاوشێوەیی زۆر لە تیۆریەکانی لیۆتارو بیرو باوەڕەکانی فۆکۆ). جێی سەرنجە کە نەك تەنیا شوێن دەستپێکی پۆست پێکهاتە گەرایی خودی پێکهاتەگەرایی بووو، بەڵکوو گرینگترین دەستکەوتەکانی پۆست پێکهاتەگەرایی لەو شوێنەدا ئاشکرابووو کە دەیهەویست وڵامی کۆمەڵە پرسیارێك بداتەوە کە پێشتر پێکهاتەگەرایی هێنابووونیە گۆڕێ. هەرچەند لیوتار سوور بووو لەسەر ئەم باوەڕە کە سەردەمی مۆدێڕن لە ڕوانگەی پێگەیشتنی تکنیکی، زانستی، هونەری، ئابووری و رامیاری تووشی قەیرانگەلی ئیجگار زۆر هاتووە "و لە کۆتاییدا ناوێك بۆتە نیشانەی کۆتایی ئایدالە مۆدێڕنەکان: ئاشۆویتس". [٤] بەڵام پۆست مۆدێڕنیزم بەواتای دابڕانی تەواو لە مۆدێڕنیزمو قەیرانەکانی نیە، تەنانەت ڕێگا چارەیەکیش بۆ ئەم قەیرانانە نیە، بەڵکوو بەیانکەری خودی ئەم قەیرانانەیە. لیوتار خۆی دەڵێ کە "پۆست مۆدێڕنیزم"

هیچکات بە مانای فەرامۆش کردنی مۆدێرنیزم نیەو نامانەوێ بۆ لەنێوبردنی "بەربەریەتی مۆدێرن" زاراوە دروست کەین. [٥]

کەوابووو کێشەی جیاکاری لەنێوان مۆدێرنیزمو پۆست مۆدێرنیزم، خودی کیشەی جیاکاریش دەگرێتەوە.جیاکاری لە ئەگەری ئارایی واتا جیا نیە.

پرسیار لەبارەی ئارایی هێنانە گۆڕی شوێنگەی هەرەتیو شوێنییەو چەمکی جیاکاری لە ئاخێوی ئاخاوتە تەوەریدا هێنانە ئارای دوو شوێنگەی هەرەتیو شوێنی جیاوازە. بەڵام شوێن یا کەشوهەوای پۆست مۆدێرنیزم دێریدا گوتەنی "جێگۆڕکێی شوێنە بۆ کاتو کات بۆ شوێن". [٦] تا "کاتێك کە" چەشنی "تۆماسی نەناسراو" لە ڕۆمانی مۆریس بلانشۆ بڕوامان بەم خاڵە هەبێ کە تێفکرین لە هەرەت، شوێن بەلاوە دەنێ، دەتوانین باس لە جیاکاری بکەین. زاراوەی "پۆست مۆدێرن" لەلای لیوتار بە سەرنجدان بەم چەمکانە دێتە ئاراوە، پێشگری "پۆست-" (بە پێچەوانە بیناکاریی پۆست مۆدێرن) بەشێوەیەکی "نێوکاتی"و مێژوویی بەکار نایەت [٧] بەڵکوو پۆست مۆدێرن بەیانکەری هەمان پرسیارگەلی سەرەکی "مۆدێرنیزم"ە. تەنیا جیاوازیەکەی لەوەدایە کە ئەمجارە پرسیارکان بە شێوەیەکی وشیارانە دێنە گۆڕێ. لیوتار نموونەیەکی لە تابلۆیەکی شێوەکاریی نوێ هێنایەوە. بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمی شێوەکارانێك وەکو مارسێل دۆشانو بارێنت نیومەن ١٦٨ دەبێ بەرهەمەکانیان چەشنی هەوڵی "نەخۆشان"ی فرۆید لە "وەبیرهاتنەوە" یا "ئاگاداربووون لە" ڕابردوو لەبەرچاو بگرین. ئەوان هەوڵیان داوە تا لە خاڵگەلێك تێبگەن کەلە شێوەکاریی ڕابردودا دەهاتە گۆڕێ (و تەنانەت دروستکەری پرۆسێسو ئەکتیڤیو بەردەوامیی خاڵگەلی نوێش بووون)، بەڵام چەشنی کەتوارێك کە خۆمان نایزانین، واتە بەجۆرێك لە جۆرەکان لە هەنتەش دا بووون. [٨] بەم پێیە پۆست مۆدێرن نیشان دەدا کە لەگەڵ "گەڕانەوە بۆ ڕابردوو" بەرەوڕوو نین، واتە شتێك دووپات ناکەینەوە، بەڵکوو لە شوێنگەیەکی تازەداین و شتێك بەپێی ئەم شوێنگە تازەیە وەبیر دەهێننەوە. لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دی تێ نەپەڕیوین، بەڵکوو دوکاتمان

تێهەڵلکێش کردوە، یا لێیان تێگەیشتووین. پۆست مۆدێرنیزم مێتۆدێکی تازە لە داهێنانی هونەری، ئاخێوی ڕەخنەکارانە و تیۆریك و ئەزموونی کردەکی نیە و ڕێگەیەکی تازە لە پانتایی هونەری، فەلسەفیو کولتووری لە بەردەم دا ئاوەڵا ناکات. جۆرە پەراوێزێکە بۆ مۆدێرنیزم و فۆرمێکە لە پێناو پێداچوونەوەی دەقو جیاکاریگەلی دەق و کەتوارە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی دەرەوەی دەق. بەم پێیە بە بەرتەکدەرەوە یارەخنەیەك لەسەر مۆدێرنیزیش ئەژمار ناکرێ: "هونەری پۆست مۆدێرن هەمان هونەری مۆدێرنە. بەڵام لەو شوێنەدا کە ئەمەیان بە ئاستی خۆی گەیشتبێ" [٩]

هونەرمەندی مۆدێرنیست لانیکەم لە چرکەساتی داهێنان دا نیاز و پرۆسەی کاری زەینیی خۆی بە گرنگتر لە هەموو شتێ دەزانی، بەڵام هونەرمەندی پۆست مۆدێرنیست هەر لە سەرەتاوە لە پەراوێزدایە، بەرهەم بە گرنگتر لە نیازی خۆی دەزانێ.

هەموو بەرهەمێکی پۆست مۆدێرن متمانەی خۆی لە پێوەندیگەلی خۆی لەتەك دەقەکانی دیکە وەدەست دێنێ.

## ٢

گرنگترین تیۆرەوانی پۆست مۆدێرنیزم ژان فرانسوا لیوتارە. لە ساڵی **١٩٢٤** لە دایکبووو. سی ساڵان بووو کەکتێبی قەبارە بچووکی[لەژێرناوی] دیاردەناسی بڵاو کردەوەو بە درێژایی بیست ساڵ پاش ئەم بەرهەمە جگە لەچەند وتارێکی رامیاری شتێکی دیکەی بڵاو نەبووەوە. [١٠] لەساڵی **١٩٧٢** ئاخێوی خوازە ی بڵاو کردەوە کەگوتارێك بوو لەمەڕ پێوەندیی زمانو نەست. [١١] دووساڵ دواتر لەکتێبێك لەژێر ناوی ئابووریی لیبدۆیی درێژەی بەم باسەدا. [١٢] ئەمە کتێبێکە کە باڵادەستیی دوو ئاخێوی زاڵی سەردەم واتە مارکسیزم و فرۆیدیزمی بە ئاشکرا پێوە دیارە. لیوتار لە فێرکردنی کفر کە ساڵی **١٩٧٧**دا لە چاپدرا، هەمدیس سەرنجی دایە فرۆید" [١٣] هەر لەم ساڵەدا کتێبێکی گرنگی لەژێرناوی گۆڕێنەرانی دۆشان لەمەڕ مارسێل دۆشانی شێوەکار بڵاو کردەوە. [١٤]

پاشان سەردەمێکی نوێ لە دەربڕینی دەرەنجامەکانی تەمەنی هزری فەلسەفیی ئەو دەستی پێکرد. کتێبێگکی لەبارەی زانیاری لە چاخی ئێمەدا، واتە ڕۆژگاری پۆست مۆدێرن نوسیو لەژێرناوی "شوێنگەی پۆست مۆدێرن" بلاویکردەوە. [١٥] پاشان لە کتێبێك بەناوی ڕوونکردنەوەی پۆست مۆدێرن بۆ منداڵان درێژەی بەم باسەدا" [١٦] کە لە ڕواڵەت دا کۆمەڵەیەك لەو نوسینانەن کە خوێنەرەکانیان منداڵانن" نامەکان، وتار و دەقی ئەو دواندەریانە دەگرێتەوە کە لیوتار هەوڵی داوە لە هەمویان ڕونکردنەوەیەکی سادە کە هەموان لێی تێبگەین و هەڵگری خاڵگەلی سەرەکیی شوێنگەی پۆست مۆدێرن بێت، بدا بەدەستەوە. ئەو منداڵانەی کە ئەم نووسینانە بۆ ئەوان نووسراون، بە شێوەیەکی لۆژیکی دەبێ فەیلەسووف بن! لەساڵی ١٩٨٣ لیوتار کتێبێکی بڵاو کردەوە بەناوی جیاوازی [١٧] و گرنگترین کتێبە کە [لەمبارەوە] تا ئێستا نووسراوە. کتێبی ناوبراو لەپاتۆرگەلی کورت لەمەڕ فەلسەفەی زمانو شوێنگەی واتا لە بارودۆخی پۆست مۆدێرن، پێك هاتووە. خوێندنەوەی ئەم کتێبە ئاسان نیەو ناوبانگەکەشی تا ڕادەیەك زادەی ئەم دژوارییەیە. باسەکانی پێکهاتەگەرایی نوێ، بیروڕاکانی هزرمەندانی قوتابخانەی فرانکۆرت و بیرو باوەڕەکانی دێلۆزو دێریدا لەم کتێبەدا بەقەد باسە نوێیەکانی فەلسەفەی شیکاری گرنگن. لیوتار زیاتر لەسی تێز، پێشگوتار، وتار و کتێبی بڵاو کردۆتەوە. لە دواین کارەکانیدا، یەکێکیان لەژێر ناوی هایدگێرو "یەهوودیەکان" [١٨]ەو بەمانای بەشداری ئەوە لە باسەکانی ناسراو بە "بەسەرهاتی هایدگێر"، کە دوابەدوای بڵاو بوونەوەی کتێبی ڤیکتۆر فاریاس هاتەگۆڕێ"و ئەوەی دیکەیان کۆمەڵەیەکە لە وتارەکان بەناوی نامرۆیی، باسێك لەبارەیهەرەت [١٩] ئەو لەم وتارانەدا درێژە بەباسەکانی جیاوازی دەدا. هەوێنی سەرەکی باسەکەیلیوتار لەم نوسینانەدا ،کامڵبوونی نامرۆیی ژینی مرۆڤە.[٢٠] لە بەهاری ١٩٨٩دا کتێبی ئاسەواری جیاوازی لەمەڕ هزری لیوتار بڵاو کرایەوە. پاری یەکەمی کتێبەکە لە لایەن فرانسیس گیبال لەژێر ناوی "تێفکرین لەگەڵ ژان فرانسوا لیوتاردا" نووسراوەو لیوتار خۆی لە کۆتایی ئەم پارەدا لەژێر ناوی "کاردانەوە" چەند خاڵێکی کورتی وەبیر هێناوەتەوە. پاری دوەم، نووسینی یاکوب روگۆزینسکی یە لەمەڕ چەمکەکانی "جیاوازی"و "ئارایی" لە هزری لیوتاردا. بەڵام پاری کۆتایی، دەقی وتووێژێکی گشتییە لەبارەی چەمکگەلی سەرەکیی بەرهەمەکانی لیوتارو خۆیشی لەودا بەشدارەو ئامادەیە. [٢١] تەوەری ئەم باسانە خاڵگەلێکن کە لە کتێبی جیاوازی سەریان هەڵداوە بە تایبەتی لە نامرۆیی، باسێك لەبارەی هەرەت (کامڵ) بووون، واتە لە نێوچوونی هەرچەشنە ئەلتەرناتیڤێکی مرۆیی، سیاسی، فەلسەفی لە بەرامبەر شوێنگەی نامرۆیی سەردەمی نوێ. [واتە] جۆرێك لە هەمدیس سەرهەڵدانەوەی مرۆڤگەرایی. خاڵگەلی سەرەکی لەم لێڕوانینە بۆ ڕابردووی کات، بیرەوەری و سەمەدانی (بە دەربڕینی بریگسۆن) نن.بە دەربڕینی دی وتارەکانی ئەم کتێبە جۆرە رامانێکە لە قوڵایی هەرەت.

دەتوانین بنەمای شوێنگەی پۆست مۆدێرن لەم ڕێسایەدا کورت کەینەوە (چونکە هەر کورت کردنەوەیەکیشی مەترسیدار بووو [!!]):- دوابەدوای گومانەکان و ئەو خۆش باوەڕیانەی کە دەرەنجامی شۆڕشی پیشەسازی بووون، ئێستا زانست لە ئاراستەیەکی بەکاربەریی خۆی "گشتی"یەو لە گەوهەری فەلسەفی خۆیدا لە چوارچێوەی تێگەیشتنی کەمینەیەك دا بچووك بۆتەوە. تایبەتمەندیی ژیانی ڕۆژانەی نوێ بریتییە لەم مەودای نێوان سروشتی بەکاربەریی زانست و گەوهەری دەست پێڕانەگەیشتووی خۆی. لیوتار لە وتووێژێکدا لەگەڵ لۆمۆند وتی: "زاراوەی پۆست مۆدێرنم لە هزرڤانە ئەمریکایییەکان وەرگرتووە. بە هۆیەوە هەوڵمدا تا پلەیەك لە [کامڵبوونی] [*] کولتوور دیاری بکەم". کۆمەڵگایەك کە بەدوای دادپەروەری و هەقیقەت دەگەڕا، بە کۆمەڵگای مۆدێرن یا "ئەمرۆیی" لە قەڵەم دەدرا. هەرچەندیش مێتۆدەکان و تێڕوانینی هەمەچەشنی جیاواز و دژەیەکیان پێکەوە هەبووو، دواجار لەمبارەوە دەگەڕان بەدوای دادپەروەری و هەقیقەت، [کە] ئەمە خاڵی هاوبەشیانە.

بیر و باوەڕەکانی ژاکۆبنەکان لە هزری فەلسەفیی هێگل نەدەچوو. بەڵام دواجار ئەم دوو بنەما فیکریە لە شێوەیەك لە "ئۆدیسەی رۆح"دا واتە لە ڕەوتی کاملْبووندا، بەخەیاڵی دۆزینەوەی دادپەروەریو هەقیقەت دا یەکیان دەگرتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگای پۆست مۆدێرن دا بەهۆی ئەم گومانە کە ئیدی دادپەروەری و هەقیقەتمان وەدەست هێناوە، توێژینەوە راوەستاوە. [٢٢] چەند ساڵ پێشتر لیوتار لە وتارێکی کتێبی لادان لە سەردەمی مارکس و فرۆیددا ، ئاوەزو دەسەڵاتی بەیەك شت زانیبووو و گوتبووی کە ئاوەز بە دیالکتیك دەڕازێتەوەو دەسەڵات بە زیندان، قەدەغە کردن، بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و هەڵبژاردن. ئاوەزی زانستی پاساودەری باڵادەستی‌یە [٢٣] لە کتێبی ئابووریی لیبیدوییدا لیوتار ئەم بڕیارەی خستە بەرباس کە ئەو شتەی ئێمە پێمان وایە هەقیقەتە لەراستیدا تامەزرۆیی ئێمەیە بۆ دۆزینەوەی هەقیقەت. لە وتاری "خواستێك کەناوی مارکسە" نیشانیدا کە تێگەیشتنی مۆدێرن لەزانستو هەقیقەت تەنیا ئایدیالێکەو بەس و پشتی بەهیچ راستیەك نەبەستووە. بەبۆچوونی لیوتار خاڵی سەرەکی ئەمە نیە کە تێگەیشتنێك لە کۆمەڵگای مۆدێرن وەکوو مارکسیزم دروستە یان نا، بەڵکوو هەر لە بنەڕەتەوە چەمکگەلی ڕاست یا هەڵە نین. باشتروایە فەیلەسوف دەمامکە کۆنەکە بەلاوە بنێو ئیدی وا خۆی نەنوێنێ کە تاقانە هەقیقەتی ناسیوە. هەبوونی ئەم دەمامکە هەرچۆنێك بێ بەو مانایە نیە شتێکی لە هەقیقەت زانیوە ( چ بگا١٧٢ئەوەی کە بانگەشەی گەیشتن بە هەقیقەت بکاتو بڵێ کە تەنیا ئەو هەقیقەتی لەلایە)[ ٢٤] جیهان ومێژو بەڕاستی لەحیکایەتێك دەچن وفەیلەسوف بەردەوام هەوڵی داوە کە گەلاڵەی ئەم چیرۆکە بخاتە جێی ئاوەزەوە“ واتە لۆژیك و ڕێسایەکی حاشاهەڵنەگرو کارا بۆ ئەم حیکایەتە دەستەبەر بکا. بەڵام ئەگەر ئاوەز خۆی شتێك جگە لە گەلاڵەی حیکایەتێك نەبێ، ئەوکات دەبێ چ بڵێین؟ فەلسەفە دەبێ لە ئاخێوی تیۆریك و ئاخێوی گێڕانەوەیی خۆ دەرباز بکا. یەکەمیان بەوەدەست پێدەکا:"بەردەوام لە هەموو شوێنێك ئەم خاڵە دەگونجێ کە..."و دوەمیان بەم رێسایە: "هەبووو، نەبووو..."و هەموو فەیلەسوفێکی دی زانیویەتی کە لەم حیکایەتەدا ئەوشتەی کە وەبەرچاو ناگیرێ گونجانی خاڵی ناوبراوەو ئەمەیە کە بەڕاستی کەسێك هەبووە یا نەبووە: "بەڕای من تیۆریەکانیش تەنیا گێڕانەوە گەلێکنو بەس، بەڵام کۆمەڵە گێڕانەوەیەکی شاراوەن" [٢٥] سەردەمانێك سوفیستەکان لە لۆژیکی ناوێزەکان دەدوان، دواجار زانیومانە کە ئەم لۆژیکە دروستەو "لۆژیکی تاقانە هەقیقەت" بەکەڵکی هیچ نایەت. ئەم هەقیقەتە تاقانەیە هیچ نیە جگە لە یەکێ لە ئەگەرەکانی لۆژیکی ناوێزەکان. ئەمڕۆکە بڕواهێنان بە دواین ئاخاوتە و بەشێوەیەکی ڕەها دروستو شیاو، پێکەنیناویە. [!!]

گێڕانەوە لەتەك ئەم لۆژیکەدا نامۆیە. ئازادی بنچینەی گێڕانەوەیە و بە دوایەکدا هاتنی دەربڕین تەنیا بە هەڵاتن لە حاشا هەڵنەگریو ئەرخەیانی مەیسەر دەبێ. تەواوی چیرۆکەکانی ئاهەنگەکانو شادیەکان، ڕۆژەکانو کارەکان ئەم گومانەمان لا دروست دەکەن کە دواین واتا لەگۆڕێ دا نیە. بەڵام ئەم چەشنە واتایە ناتوانی بەدی بکەی.هۆیەکەشی سادەیە : چونکە نیە. گێڕانەوەکان دوپات دەبنەوە ، هەر بۆیە ئێمە بەردەوام بەخۆمان دەڵێین :"ئەم گێڕانەوەیەم پێشتر بیستبوو"[٢٦] لەراستیدا گێڕانەوە بێ بنەتایەو لەبن نەهاتویە. ئێمە بەردەوام حیکایەتە دوبارەکان دەگێڕینەوە.

لیوتار وەبیرمان دەخاتەوە کە تەنانەت "من گوماندەکەم "ی دێکارتیش لەسەر بنەمای زمانەو بەیان دەکرێ. کەوابوو ئەم گوزارە یابڕیارە زمانییە، بەڕستەیەکی دیکە بەستراوەتەوە،رستەیەك کەبەر لەو جیهانی واتایی خۆی خولْقاندوە.[٢٧]"سەرنجدان بەزمان "نەك تەنیا لەدواین بەرهەمەکانی هایدگێر ، بەڵکو لە فەلسەفەی شیکاری دا بەواتای تیاچونی ئاخێوی هەمە لایەن (میتافیزیك و.)ە. شوێنگەیەك کە لەودا واتا واتاکەی لەکیس دەدا . لیوتار لە جیاوازیدا دەنوسێ:"ئەوەی کە دەیخوێنینەوە کتێبێکی فەلسەفییە. رستەکان لێرەدا بەکار دێن، تانیشان بدەن خۆبەخۆ کارا یی یان نیەو رێسای کارابییەکەیان دەبێ

بدۆزرێنەوە.[ ٢٨] ئەم رێسایە بەپێچەوانەی ئەو شتەی کە ویتگنشتاین گریمانی دەکرد ،لە "کایەی زمانی "دا بەدی ناکرێ،
بەڵکو دەبێ "لەکایە هەمەجۆرەکانی ئاخێو"دا بەدوای دا بگەڕێین.[ ٢٩] واتە بەرەو ڕوبوونەوەی نێوان مرۆڤان (ناسکارە کان ) نیە، بەڵکو لەنێوان چەشنەکانی زمانەکانە. سزان، جۆیس وشۆئنبێرگ هەریەکەو "لەرێگەی خۆیەوە" بەدوای زاڵبوون بەسەر ئاخێو کەوتن، بەلاّم ململانێی ئاخێویشێوەکاریو ئاخێوی مۆسیقایی نیشاندەدا کەئەو زاڵبوونە دەبێ گومانی لێ بکرێ.[٣٠]
لەم واتایەدا مێژوش سەرەتاو بنەتای نیە. فەیلەسوفان گوتویانە کە ئاگاداری ئەم حیکایەتەن " جێی سەرنجە کە تەنانەت دو گێڕانەوە لەکۆی گێڕاوە گەلێك کە باس لە کۆتایی دەکەن پێکەوە ناگونجێن. لیوتار ناڵێ "مێژو تەواو دەبێ" ئەو وێناکردنی کۆتایی لەم حیکایەتە بەلاوە دەنێ،واتە کۆتایی بە پەیدا کردنی ولاّم دەبەستێەوەو ئێمە لە بنبەست دادەنێ کە هەرچەشنە چیرۆکێکی تەواو نەکراودروستکەریەتی. دەنوسێ:

تەمەنی هەتاو چوارونیو میلیارساڵە. نیوەی ژیانی بەسەر بردوە.
چەشنی پیاوێکی چل ساڵانە کەبەهیوایە هەشتاساڵ بژیت.
بەکۆتایی هاتنی خۆر،پرسیارە بێ ولاّمەکانی ئێمەش دێنە دوماهی.
پێدەچێ تادواڕۆژیش بێولاّم بمێننەوە. هەرچەند بەڕاستی
رۆشنگەرن. بەلاّم تا ئەورۆژە شوێنێك بۆ هاتنەگۆڕو
شوێنێك بۆهاتنە بوونیان شکنابەی٤.٥ملیار مردنی خۆر هزرێك
لەئارادا نابێ تاکو تێبگا کەئەو شتەی کە رودەدا مەرگە .[ ٣١]

لیوتار وەکو نیچە لە "خۆشاردنەوەی مێژو لەپشت ڕاڤەکان" دەدوێ.
ئەو لەوباوەڕەدایە کەمێژوو گێڕانەوەیەکە کەدەیەوێ "زانست بێ"، نەك رۆمان. دەیەوێ، بەلاّم وانیە، ڕۆمانە. لەسەدەکانی رابردودا "حیکایەتە بچوکەکان" واتە ئەفسانەکان ، ئوستورەکانو چیرۆکی منالاّن ، لەتەك "حیکایەتەگەورەوگرنگەکان "واتە لەگەڵ "گریمانی کەتواری مێژویی" جێگۆڕکێیان کردوە. ئەم حیکایەتە گرنگانە کۆمەڵە چیرۆکێکن کە کالاّی سیمبوولیان بەبالاّیان بڕیو خورپەیسەرەکیشیان ئەم مژدەمەسیحیە بوو کە "لەئەنجامدا هەمومانیان خۆشدەوێ". ئاشۆویتس بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگرو بنەبڕکەر کۆتایی بەم خۆشخەیاڵییە هێنا. گرنگیو پێداگری لەسەرئاشۆویتس لەدواین بەرهەمەکانی لیوتاردا خاوەنی ئاراستەیەکی میتافۆریك نیە.ئەم" ڕوداو"ە شوێنێك بۆ چاوپۆشی ناهێڵێتەوە. ئەگەر رویداوە، کە وابوو چرکەساتێکە لەروداوەکانی دیکە.
پێویستی یا تامەزرۆیی بەدەربازبوون لەم لۆژیکە، ئاخێوی پۆست مودێرن پێك دێنێ. لیوتار "بیرۆکە"ی ئاشۆویتسی چەشنی نکۆڵی کردن، لە تیۆدۆرئادۆرنۆوە فێربووو، لەوشوێنەدا کە هزرڤانی ئەڵمانی دەڵێ: پاش ئاشۆویتس شاعیرێتی بێمانایە.
بەبۆچونی لیوتار زانست لە کۆمەڵگەی پوست مودێرن دا گەیشتۆتە جێیەك کە شێوەکاریی نوێو مۆسیقای شۆئێنبێرگ لەنیوەی سەدەی بیستەم پێیگەیشتبوون. شۆئنبێرگ "تۆمارکردنی دوانزدە نۆتەیی "لەمۆسیقای لە جێی تۆمارکردنی هەشت نۆتی داناو بە ئاسانی بنەمای مۆسیقای پۆست رۆمانتیك، واتە مێلۆدی بەلاوەنا. بەلاّم ئەم گۆڕانکاریە پێکهاتەییە مۆسیقای ناوبراوی لە "چوارچێوەی گریمانی"کەمۆسیقای باخ یاواگنێر لەودا رەگدادەکوتێ، دورنەکردەوە. نیگارکێشی ئەبستراکتیش چوارچێوەی گریمانیی "شێوەکاریی فیگۆراتیڤ"ی بەلاوەنەنا. زانست ئەمڕۆکە هەرئەم ڕێگەیەی گرتۆتەبەرو لە ئاسۆگەی تازەدەڕوانێ. بلاّم هەروا لەچوارچێوەی گریمانیی کۆنی خۆی ماوەتەوە. هەل ومەرجی پۆست مودێرن بەسەرهەڵدانی شوینگەیەکی تازەی فەرهەنگی لەکاملبوونی هزردا پەیوەستە، کە لەبنەڕەتدا ناسین لەودا نالوێو بێتوانایی ئێمە لەهێنانە ئارای راپۆرتێك لەزانیارییەکانمان نەك بەهۆی کەم وکۆڕی ئامرازی دەربڕینی یا مێتۆدی کارەکەمان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ لەناسین نەهاتویی بابەتەکانی ناسینی ئێمە. کتێبی شوێنگەی پست مودێرن ی لیوتار هەوڵێکە بۆ

ئەوەی ئەم شوێنگە تازەیە، واتە نەلواوبوونی دانایی بتوانین لە تاووتوێی کێشەی گشتیی " زانین لەهەل ومەرجی پۆست مودێڕن"دا بەدەست بێنین. بێگومان باسەکانی لیوتار لەشوێنگەی تازەی زانست دا ڕەگ وڕیشەیان بۆ باسگەلی کۆنتریش دەگەڕێتەوە. کاتێك مارکس لەگرۆندریسەدا دەینوسی بنەمای رەنێوهانین وسەرمایە ، زانیاریی گشتی یا "زانیاری لە جەرگەی کۆمەلاّیەتی "یە ، کەتەنیا لەفۆرمی پێویست بۆپراکسیسی کۆمەلاّیەتی" یا ئامێر دەبێت بە هێزی رەنێوهانین و بەتایبەتی لەو شوێنەدا کە باسی لە "هێزی زانیاری کەفۆرمی بەرهەستی وەرگرتوە " دەکرد ، لۆژیکی ئەم باسە ی لیوتاری پێشگۆیی دەکرد. [٣٢] باسەکەی لیوتار بەبێ وردبوونەوە لەم رەگ و ریشانە ناتوانین بناسین. ئەم خالّە کە"توێژینەوە "لە کۆمەلّگای مودێڕن ڕاوەستاوە ، چونکە فۆرمی بەرجەستەو ئامرازی بەخۆیەوە گرتوە ، بەشێوەیەکی ورد لە دیالکتیکی رۆشنگەری ئادۆرنۆو هۆرکهایمێردا هاتوە. کتێبی شوێنگەی پۆست مودێڕن وتووێژێکە لەتەك هزرڤانانی قوتابخانەی فرانکفۆرت و لەزۆربەی بەندەکانیدا دەنگدانەوەی وتاری" پارانۆیاو ئاوەز" ی هۆرکهایمێر دەتوانین بەدی بکەین. لیوتاریش وەکو هۆرکهایمێر لەم تێگە یشتنە گشتییەوە دەستی پێکردوە کە لە کۆمەلّگەی پۆست مودێڕندا ، زانیاری نەك لەئاگایی ، بەلّکو لەئاستی زانست دا وەستاوە. زانست حۆی پانتاییەکی سنوردارە لەگوزارەکان کە لەچەقی وشیاری دایە. بەلاّم ئەمڕۆ ئەم پانتاییە سنووردارە رێگەی ناسینی کۆمەلّەیەك (کەخۆی بەشێکیەتی ) داخستوە.[ ٣٣] یەکێ لەدەرەنجامەکانی ئەم نزمەکی گەراییە بێتوانایی ئێمەیە لە بەیانکردنی گوزارەکان ، واتە بێتوانایی لەناسینی ئاماژەی واتایی ئەو گوزارانە. گوتەکەی لیوتار خالّی هاوبەشی زۆری لەتەك باسەکانی هابرماس لە مەڕ "تکنیك -- زانست "هەیە.زانستێك کە بەرەنجامەکانی لە "چوارچێوەیکارایی"دا واتای هەیە. لیوتار ئەم چەمکەی هابرماسی بە "نەك تەنیا بە دەربڕینی شوێنگەی کەتوار ، بەلّکو دەربڕینی شوێنگەی ئاوەز " ناودێر کردوە. [٣٤]

لەنێوان پێشڕەوانی هزری نوێ لەفەرەنسادا ،لیوتار لەو کەسە دەگمەنانەیە کە شێلگیرانە لە فەلسەفەی شیکاریی ئەنگلۆساکسۆن راماوە. هەر بەو جۆرە کە هابرماس چەشنی دواین نوێنەری نەریتی فەلسەفەی ئالّمانی دیالۆگێکی شێلگیرانە لەتەك فەلسەفەی شیکاری درێژە پێدەدات ، لیوتاریش هەلّوەشاندنەوەی لەڕەوتی باسگەلی فەلسەفی داناوە کە لەڕوالّەتدا وا دێنە بەرچاو زۆر لێی دورن. لەکاتێکدا فەلسەفەی شیکاری "راپۆرتی مێژویی" دەکات بە باندەقێك (واتە بەلۆژیك یا واتا )لیوتار مێژوی کردوە بە ( چیرۆکێکی زارەکی )و پۆست مودێڕنیزمی لە گەلّ تەنگژەی گێڕانەوە هاوکات زانیوە.[٣٥] ئەمە یەکێ لە گرنگترین خالّەکانە لە وتووێژی لیوتار لەتەك فەلسەفەی شیکاریدا. ئەو دەریخست کە توخمی چالاك و سەرەکی دەق و گێڕانەوە زمانە، بەلاّم توخمی چالاك و سەرەکیی باندەق "کایەی ئاخێوەکانە". لە ڕوانینی یەکەم دا "کایەی ئاخێوەکان" جۆرێك ئاراستەی زانستی و بەکارهێنی زمان یا پراگماتیزمی لەگەلّدایە. بەلاّم لیوتار گوتوویەتی:"فەلسەفە لە ڕۆژگاری پۆست مۆدێڕندا بە هیچ چەشنە پراگماتیزمێکی پۆزەتیڤیستپییەوە نەبەستراوەتەوە". [٣٦] هزری لیوتار لەمەڕ "ئارایی فرەواتایی هەقیقەتی زمانی" وتووێژێکە لەگەلّ تیۆریی "کایەگەلی زمانی"کە ویتگنشتاین لە توێژینەوە فەلسەفیەکان هێنابوویە گۆڕێ. لیوتار زانیویەتی کە هەر کایەیەکی زمانی خۆبەخۆ راست و دروستە و هیچ فۆرمێکی "بان زمانی" بەدی ناکرێ کە ڕێساکانی خۆی بەسەر کایە زمانییەکان بسەپێنێ و یا گشتێك لە کایەکان بخولّقێنێ و یان وەکوو پێش گریمانێك ئەم (گشت)ە بێنێتە پێشەوە. [٣٧]. لیوتار تەنانەت پێناسەکردنی زمان وەکوو تەواوەتێك یا کۆمەلّەیەك لە کایەگەلی زمانیش بە هەلّە دەزانێ. ئەو هەر ئاخێوێك بەجیا لە تەواوەتێکی گریمانی یاکۆمەلّەیەك لە جۆرەکانی ئاخێو دەزانێو لە زاریو ویتگنشناینەوە دەلّێ کە ڕێسا زمانییەکان لەپێش کایەدا نینو یاساگەلی نەمرنین کەڕەچاوکردنیان هەرە پێویست بێ. لیوتار باسی لە "پەیمانێکی کاتی" لەجێی "دامەزراوە نەمرەکان" کردوە.

ئەو لە کتێبی جیاوازیدا ئەم کەمترین پەسەند کرد نەشی بەلاوە ناوەو گوتوویەتی کە ئیدی ئەکتەرێك لە ئارادا نیەو ڕێسایەکی پەسەندکراویش بەدی ناکرێ. بەم پێیە لیوتار لەگەڵ ئادۆرنۆ هاوڕایەکە "هیچ بەرهەمێکی هونەری لەنێو ڕێساگەلی پێوەندیدا نەخولقاوەو لەگەڵ وانیشدا شیتاڵ ناکرێتەوە" [٣٨]. بە کورتی، بەڕای لیوتار ئێستا کەمترین "پەسەندکردنی هاوبەش" ناتوانین بەدی بکەین. تاکە ئاراستەیەکی ئاوەزمەندانە، نکۆڵی کردن لە دەستپێڕاگەیشتن بە دەرەنجام و گەیشتن بە ڕێسایەکە لە باسەکەدا. جیاکاری هەردووك لایەن (ئەگەر دوو لایەنێك لە ئارادا بێ) لە تێپەڕ نەهاتوویە. کەوابووو ئەو شتەی کە لە زماندا دەمێنێتەوە، جگە لە "سیستمی رستەکان شتێکی دیکە نیە.سیستمی رستەکان  جێی سیستمی ئاخێو دەگرێتەوە کە دەستپێڕاگەیشتنی نالوێ. هەر ئاخێوێك خاڵێکی تاقانەیە کە لە "هەمدیس پۆلین بەندی کردن" هەڵدێ و ناتوانین فۆرمێکی بژیوان لەنێوان فۆرمەکانی ئاخێو پەیدا بکەین. بڕواهێنان بە "بان چەشن" لەنێوچووە. بە نکۆڵی کردن لە "بان-" نکۆڵی لە تیۆرەوانی دەکەین، چونکە هەر جۆرە تیۆریەك لە پانتایی "بان-" دایە. بە دەربڕینیی دیکە "هزر، ئاگایی، رەوشت، رامیاری، مێژو و بووون، بەپێی هەڵکەوتگەلی فرەچەشن لەگۆڕێدان تاکوو زنجیرەبەندی رستەیی دوابەدوای رستەی پاش خۆی بێتەدی، [٣٩] لەم ڕووەوە ناتوانین ئەنجامی لۆژیکی ئاخێوی لـێ دەرهاوێین، بەڵکوو بەردەوام بۆ ئەم دیاریکاریانە کە لە قەڵەمڕەوێکی سەرەوەتری دەق دان، دەگەڕێینەوە و هەرگیز بە حاشا هەڵنەگرابووون و ئەرخەیانی (یا بەواتای حاشاهەڵنەگر) ناگەین.

لیوتار لە وتاری "دەروازەیەك بۆ بیرۆکەی پۆست مۆدێڕن" دەنووسێ کە نەبووونی واتا لە بەرهەم دا، دروستکەری سروشتی پۆست مۆدێڕنە. ئەمە نکۆڵی کردن لە"جوانناسیی کلاسیك"ە کە گیانگران بووو، بەڵام دواجار لەنێو چوو" [٤٠]و لە شوێنێکی دیکەدا دەنووسێ: "ڕۆڵی ئێمە وەکوو هزرڤان ئەوەیە کە زانیاری خۆمان لەو شتەی کە لە زماندا گوزەر دەکا قوڵتر بکەینەوە، بیرۆکەی بێ گیانی



زانیاریەکان رەخنە بکەین، ئاڵۆزیی لە چارە نەهاتوو لە جەرگەی زمان دا ئاشکرا بکەین" [٤١]

دێریدا تیۆریەکی لە زانستی نڤیسیاردا بنیات ناوە کە بریتییە لە نکۆڵی کردن لە تیۆری و ڕەت کردنەوەی ئارایی واتا لە نڤیسیاردا. لیوتار هەنگاوێ چووە پێشێ‌و تیۆریەکی لەمەڕ نکۆڵی کردن لە تیۆری هێنایە گۆڕێ. ئەم "پێکناکۆك"ە چ دەردەخات؟بەربەست؟ [یا خود] بێتوانایی چونەپێشەوە لە قەڵەمڕەوی خاڵگەلی تایبەت بەهۆی "فەرمانڕەوایی شاراوە" خاڵگەلی گشتی کە لە قەڵەمڕەوی "بان " دێتە ئاراوە؟ گەیشتوینەتە بنەتا؟جارێکی دی لەکۆتایی سەدەیەکدا بەرەوڕووی نیهیلیزم بووینەتەوە؟ لە کۆتایی سەدەی پێشوو "دواین پشتیوانی متافیزیك" یا یەکەمین فەیلەسوفی نوێ دەیوت: "میوانی ناوەخت لەپێش دەرگا راوەستاوە و... [٤٢] بەڵام لیوتار هەرگیز پەسەندی نەکردوە کە روانگەی دواڕۆژ "نیهیلیزم" بێ، یا وێنەی ئەو لەبۆ پۆست مودێڕن رێخۆشکەری نیهیلزم بێ. ئەو لە کتێبی ڕوونکردنەوەی پۆست مۆدێرن بۆ منالاّن  نیهیلزمی لەگەڵ "تیرۆریزمی هزر ڤانانە" بە یەك شت زانیوە. [٤٣]

### ٣

ژیل دێلۆز بەر لە روانگەی دێریدا رەخنەیەکی هاوچەشنی لەتەك رەخنە گرتنی ئەو [دێریدا] لە پێکهاتەگەرایی هێنابوویە گۆڕێ. لەبەرهەمە گرنگ‌و هەڵکەوتووە فەلسەفیەکانیشی‌دا تا ڕادەیەك لە لۆژیکی سەرەکیی هەڵوەشاندنەوەی دەق نزیك ببوویەوە" بەرهەمگەلێ وەکوو: ئیسپینۆزاو کیشەی دەربڕین [٤٤]، فەلسەفەی رەخنەکارانەی کانت [٤٥]، ئەزموونگەرایی و زەینیەت [٤٦]، نیچە و فەلسەفە [٤٧]، لۆژیکی واتا [٤٨]و جیاکاری و دوپاتکردنەوە [٤٩].

دێلۆز، بە مانای تایبەتی، پەیڕەوی هانری برێگسۆنە و چەند کتێبێکی گرنگی لەمەڕ فەلسەفەی ناوبراو نووسیوە. دێلۆز کتێبێکی لەبارەی فۆکۆ بەناوی فۆکۆ نووسیوە کە لە ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە، لەهزرەکانی میشل فۆکۆوە نزیکە.[٥٠] ئەو جیا لە بەرهەمەکانی لەبواری تیۆریی ئەدەبی، کتێبی لەبارەی تابلۆ

نیگارکێشی‌یەکانی بێکون لەژێرناوی فرانسیس بیکۆن، لۆژیکی هەست نووسیوە.[٥١] دێلۆز لەو جۆرە هزرڤانانەیە کە پانتایی تاوتویێ‌یەکانی، کەوشەنیان دیار نیە. ئەو نووسەری دوو کتێبی پڕشنگدارە لەمەڕ سینەما. یەکەمیان وێنە - بزاوت ە و بۆ سەلماندنی گرنگی دیمەن لە فیلم دا تەرخان کراوە، [٥٢] دووەمیان وێنە — هەڕەت ە کە باسی مۆنتاژ لە سینەما دەکات. [٥٣] لە لایەکی دیکەوە دێلۆزهاوڕێ لەگەڵ فلیکس گێتاری کتێبی بەناوبانگی دژە ئۆدیپ ی لە ئاخێوی دەرونشیکاری دا نووسیوە“ [٥٤] کە بەرگی یەکەمی کۆمێکاری سەرمایەداری و ئسکیزوفێرنی یە، لەم بارەدا وردتر لەسەر بەرگی دووەمی دەدوێین. بەڵام بەرهەمگەلێك کە دێلۆز لەمەڕ ئەدەبیات نووسیونی، لە تاوتوێی ئێمەدا گرنگیەکی زیاتریان هەیە. لە بەناوبانگترینیانەوە دەست پێدەکەین: مارسێل پروست و نیشانەکان  کە یەکەمین جار لەساڵی ١٩٦٤و پاشان بە دەسکاری کردنێکی نووسەر  لەساڵی ١٩٧٠ بڵاو کراوەتەوە. [٥٥] دێلۆز لەم کتێبەدا نووسیویەتی: "کاری پروست نەك لەسەر وەبیرهێنانەوەو نواندنی بیرەوەرییەکان، بەڵکو لەسەر بنەمای ناسینی نیشانەکان دامەزراوە"[٥٦] لەناوونیشانی کتێبەکە، یاخود لەم رستەیەی کە باسم کرد“ نابێ بگەیتە ئەو ئەنجامەی کە کتێبی ناوبراو لەسەر ئاخێوی سیمیۆلۆژیك یا تاووتوێی پێکهاتەیی دامەزراوە. بە پێچەوانەوە، کتێبەکە لەسەر بنەمای رەخنەی رادیکاڵ لە نیشانەناسی مۆدێڕن پێکهاتووە. گوتەی سەرەکیی دێلۆز لەم کتێبەدا ئەمەیە کە مارسێل پروست دامەزرێنەری وێنە و فۆرمێکی تازەیە لە "شوێنگەی هزر"دا. هزر بەبۆچوونی پروست شتێکە کە لە دەرەوەی ناسکار، لە جەرگەی نیشانەکان دا، دەگاتە زەین. هزر سەرچاوەی خۆی نەك لە ناسکار یا "من" بەڵکوو لە وزە خۆنەکردەکانی دەرەوەی "من" وەدەست دێنێ. ئەم وزانە تەنیا لە شێوەی نیشانەگەلێك دێتە بەرچاوم. چیرۆك گێڕەوەی ڕۆمانی پروست لەتەك چوارجۆر نیشانە (نیشانەکانی ژینی کۆمەڵایەتی، نیشانەکانی ئەوین، نیشانەکانی دیکە) ئاشنا دەبێ. کتێبەکەی دێلۆز باسکردنی ئەم خاڵەیە کە بە چ جۆرێ چیرۆك گێڕەوە ئەم نیشانانە دەناسێو ڕاڤەیان دەکاو خۆی لەنێو توێژە هەمە چەشنەکانی ئەزموونێك دەبینێتەوە کە بوونەتە هۆی پۆلێن بەندی کردنی نیشانەکان. دێلۆز تیۆریەکی گشتی لەمەڕ تایبەتمەندیگەلێك کە ئەم چوار جۆرە نیشانانە لێکجیا دەکەنەوە، خستۆتە بەردەست و لەگەڵ ئەزموونەکانی چیرۆك گێڕەوەی تاقیکردۆتەوە. ئەم ئەزموونانە دەبنە رێسایەك بۆ ئەوەی توانای ئەوەمان هەبێ کە ڕاستیی ڕاڤەکان، وڵامە سۆزداری (و دەرونی)یەکانو واتاگەلی پەیوەستبووی کردەکان بناسێنەوە. تەنانەت سەرەڕای ئەم ئەزموونانە، دەتوانین پێکهاتەی هەڕەتیی نیشانەو هەمبەرێتی‌یەکانی نیشانەکانو گەوهەرەکانیان بناسین. [٥٧] بەم چەشنە جۆرە بان زمانێك بەدی دەکەین کە باشتر لە هەر رێسایەکی دیکە گریمانگەلی تیوریکی ،چیرۆکی پروست باس دەکا. راڤەی دێلۆز، نەك تەنیا لە هزری سیمیۆلۆژیکی پروست دەدوێ، بەڵکوو توێژینەوەکانی چیرۆك گێڕەوە لەمەڕ نیشانەکان لە تیۆریەکی هەمەلایەنە لەبارەی "هزر"ەوە گەڵاڵە دەکا. ژێرار ژێنێت رێچکەی ئەم باسەی دێلۆزی گرتەپێش. ئەو لە "زمانی ناڕاستەوخۆی پروست" دەدوێ و هەروەها باس لەوە دەکا کە چیرۆك گێڕەوە بەرەبەرە زمانێکی ناڕاستەوخۆ پەیدا دەکاو "بەهۆیەوە هەم بیروڕاکانی خۆی دەردەبڕێ و هەم دەشیان شارێتەوە". کاتێك کە مادام وۆردرۆن دەڵێ "لێت زویرم" واتە "سپاست دەکەم"، [ئەمە] درۆیەکە پشت ئەستوورە بە پەسەندکردنی رەمزەکان لەلایەن هەردووك لایەنی وتووێژەوە. [٥٨]چیرۆك گێڕەوە چاوەڕێیە تا بە "کچۆڵانی هەرزەکار" بناسێنرێت، بەشێوەیەکی پرسیارانە دەڕوانێت، [ڕوانینێك] کەوا بڕیارە نەك دەربڕی سەرسوڕمان بەڵکوو دەربڕی سەرسام بووون بە تامەزرۆیی بێ“ [٥٩] و ئەم ئاڵۆزیە دزە دەکاتە نێو ڕۆمانی پروستیشەوە، کاتێك کە دەڵێ یا دەپرسێ: "ئەکتەرەکانی خراپە ئێمەین" [٦٠] ژێنێت دەنووسێ: "زمانی ڕۆمانی پروست زمانێکە کە ئەو شتەی کە نایڵێیت  ئاشکرای دەکا، هۆیەکەشی دەقاودەق ئەمەیە کە نایڵێت" [٦١] ئەم نهێنی‌ئاسا بووونەی زمان کە پروست، ژێنێت و دێلۆز باسی لێوە دەکەن، بنەمای هەڵوەشاندنەوەیە.

دێلۆز لە کتێبێك دا کە بە هاوکاری گێتاری لەژێر ناوی کافکا لە داکۆکی کردنی ئەدەبیاتی کەمینەدا نووسی [٦٢]، لە پێداگریەك کە لە  پروست و نیشانەکان لەسەر زمان دەیکرد دور کەوتەوە لە هەوێنی بەرهەمەکانی کافکای کۆڵیەوە. ئەو نووسی کە ناسینی بەرهەمەکانی کافکا تەنیا بە "وردبینی، یان نالوێ. ئاڵۆزی لە هەوێنەکانی ئەم بەرهەمانە ئاشکرایە:- ڕێگەگەلی لە ئەژمارنەهاتوو دەگەنەوە یەك ماڵ، دەرکەی هەمە جۆری تەلارێك دەکرێنەوەو دادەخرێن، هەموو شتێ "فرەچەشنی واتا" بنەجێ دەکا. کافکا چیکی بووو زمانی ئاڵمانی بەکار دەهێنا. لیوتار زۆر بە جوانی نووسیویەتی کە: "کافکا لەنێو چیکیەکاندا ئاڵمانی بوو" لەنێو ئاڵمانیەکاندا یەهوودی بووو، لەنێو یەهوودی‌یەکاندا بەپێی پێویست یەهوودی نەبووو" .[٦٣] دێلۆز وەبیری خستۆتەوە کە جۆیس و بێکت ئێرلەندی بووون و زمانی ئینگلیزی‌یان بەکار دەهێنا. ئەمە بنەمای ئەدەبیاتی کەمینەیە:- بەردەوام خەمی شتگەلی لەدەستچوو دەخۆن. جۆیس هۆگری بیرەوەری شارێك کە خۆی لـێ دوور خستەوە، بووو. کافکا شەیدای پەرستگایەکی وێران بووی کتێبی پیرۆز [ئینجیل] بووو. بەرهەمەکانی کافکا لە ناشوێن دان و دێلۆز نیشان دەدا کە "ناشوێن" بنەمای هونەری مودێرنە:- موزیکی بێ نۆتی شۆئنبێرگ [!!]، هاواری مەرگی لولو پاڵەوانی ئۆپێرای ئالبان بێرگ لە لەندەن، شارێك کە لەودا وەکوو سۆزانی — گەدا — کۆچبەر (سێ شێوە ژیان لە کەمایەتی دا) دەژیا. ماری لە ئۆپێرای  ڤیتسك و لولو لە چرکەساتی مەرگ دا وێکڕا هاوار دەکەن و دێلۆز دەڵێ١٨٢ئەمە دەنگێکە کە لە بەرهەمەکانی کافکادا دەیبیسین:- دەنگی کەسێك کە خانوی خۆی بزر کردوە. سینەمای "ئێکسپرێسیۆنیست" تەواو شوێنی دیاریکراوی نیە (ڕۆبێروینە داهێنەری ژورە چکۆلەی دوکتور کالیگاری خەڵکی پراگ بووو لە ئاڵماندا فیلمی دروست دەکرد)، پۆل واگنێر پراگی وەکوو "خانووی لەدەستچوو" کردبوویە شوێنی فیلمی خۆی. کتێبی کافکا، لە داکۆکی لە ئەدەبیاتی کەمینە هەڵوەشاندنەوەی کولتوورێکە.

ئەو شتەی لە نووسینەکانی دێلۆز لەمەڕ پروست و کافکا چەشنی نکۆڵی کردنی واتای راشکاو و ڕاستەوخۆ خۆی نواند، لە بەرهەمێکی دیکەی خۆی دا [واتە] لۆژیکی واتا  کە لەنێوان پروست و نیشانەکان و کافکا لە داکۆکی لە ئەدەبیاتی کەمینە  نووسراوە) بە شێوەیەکی وردتر باسی لێوە کراوە. ئەم کتێبە لەمەڕ لۆویس کارۆل و سەفەرەکانی ئالیسی ئەوە بۆ هەرێمی سەمەرەکان و ئاوێنەکان. لەم کتێبەدا ئەو لە پەسنی لۆویس کارۆل دا نووسیویەتی:

بەرهەمەکانی ئەو بۆ خوێنەرە ئەمڕۆیی‌یەکان نووسراوە: کتێبگەلـێ بۆ منداڵان، لە پەسنکردنی کیژۆڵان، لەگەڵ وشە بەشکۆکان“ بەرهەمگەلی نێواخنی، رەمزی لەگەڵ رەمزەکانو ڕەمزشکێنی، هاوکات لەگەڵ گەڵاڵەکانو وێنەکان، کە نێوەڕۆکی دەرونشیکاری قوڵ، لۆژیکی وێنەییو نموونەگەلی زمانناسانە. بەڵام چێژێك کە ئەمڕۆ لەم کتێبانە وەری دەگرین، لەم هەموو شتەی کەباسکرا ئیدەپەڕێ، چێژێکە کە لە کایەی نێوان واتا و بێ واتایی هەڵدەقوڵێ. لە دژ بەرایەتی پشێوی و هاوڕێکی (دیسیپلین) [هەڵقوڵاوە] [٦٤]

ڕۆنانی زمان و نائاگایی لە بەرهەمەکانی لۆویس کارۆل دا شتێك لە نەبوونیی واتا (لە ئاراستەی نائاگایی) لە بەرهەمەکانی لۆویس کارۆل دا کەم ناکاتەوە، بەڵکوو زمان لە واتا دادەڕنێ. خەیاڵی دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆچوونە نێو واتای ناوەکیی شتێك لە ڕێگەی ناولێنانیەوە، لە خودیەتی ڕێسای لۆژیکیی "B, A یە"دا خۆی حەشار داوە. سیستمی ئاخێو لەسەر ئەم ڕێسایە دامەزراوە.

بەڕاستی ئێمە دەبێ بەردەوام ئاخاوتەی خۆمان بپێچڕێنین و رابگەیەنین: "ئەم بابەتە پەیوەستە بەم بارکراوە [محمول] وبەکەڵکی ئەم کارە دێ، یا نایەت." بەڵام دێلۆز پەیجۆری لۆژیکێکی دیکەیەو جەخت دەکا کە لۆژیکی "B, Aیە"، لەکۆتی میتافیزیکی هۆ و بەرهۆ دا ماوەتەوە. لەهەنگاوی دواتردا بە مانەوە لە کۆتی "فیزیك"دا ناودێری کرد،چونکە لەو" زانست"ە دا روداوەکان لە بوواری هۆ وبەرهۆیی دا ریزبەند دەکرێن ، بەپێی ئەم لۆژیکە فیزیکییە ،هەر وشەیەك بەیانکەری شتێکی دیکەیە. گوتنی "من" دۆخێکی تایبەتی یە لەکاروبارەکان

کەدەدرێتە پاڵ ئەم "من"ە.[٦٥] واتە" من" نەك بەشێوەیەکی خۆبەخۆ بەڵکو لەهەمبەر ئەویدی واتا پەیدا دەکا. هیچ ئاماژە پێکەرێك بەتەنیایی بنەمای هەقیقەت نیە ، شتێکی دەرەکی واتا بەم ئاماژەپێکەرانە دەبەخشێ. [لێرەدا] لۆژیکێکی تازە پێویستە کە ئەوانە "خۆبەخۆ" واتا پەیدا دەکەن .

ئەم واتا نێوەکییە دابڕان لەفۆرمەکانی فرمانی "بوون" ە .[٦٦] ئەگەر بەسترانەوە یا پەیوەستبوون بە "بوون"ی توخمەزمانییەکان بەلاوەبنێین کاتی هەنوکەییمان "بەلاوە ناوە"و هەمو وشەیەك لەجێی بەیانکەریی شتێکی دی خۆبەخۆ واتا پەیدا دەکا. ئەمە لۆژیکی بنچینەیی زمانی شاعیرانەیە . بەڵام شاعیران بەردەوام ئاگاداری ئەم لۆژیکەنین. نمونەیەك لەم ئاگاییەی شاعیر بە لۆژیکی "وشەکان لە خۆ "، دەتوانین لە کانتۆکانی ئێزراپاونددا بەدی بکەین. هەر چەند دێلۆز لەو نمونەیەکی نەهێناوەتەوە ، بەڵام تەنانەت رەنگە بتوانین بڵێین چاکترین نمونە بۆ سەلماندنی بڕیاری ئەم فەیلەسوفەیە. لە کانتۆکاندا پیتگەلی گرافیکی چینی ، ژاپۆنی ، یونانی ،فارسی و... لەگەڵ هێماگەلی تایبەتی کە شاعیر خۆی خولّقاندونی ، لەسروشتی ئاماژەئاسای کانتۆکانیان کەم کردۆتەوەو شیعری ئەویان بەرلە هەمو شتێ کردوە بە "شتێکی شایانی دیتن". ئێستا لۆژیك لەفۆرم ولەئارایی وشەکان بەدەست دێ ، نەك لەئاماژەگەلی ناسراوی سیمانتیکی .

ئەرەستۆ لە تیۆری ئەدەبی دا لەنێوان تان وپۆ (=گەلاڵە= plot) ی گێڕانەوەو بنەمای چیرۆك ، نزیکایەتی دانا .[٦٧] ئەم نزیکایەتییە دروستکەری "جۆرە تێگەیشتنێك لە دەق " ە کە بەیونانی "ئاناگنوری سیس "ی پێ دەوترێ" جۆرە ناسینێکی پێکهاتەی لۆژیکی تان وپۆ یە کە لەهەمان کاتدا "گۆڕانی ئێمەیە لە نەزانی یەوە بۆ زانین." [٦٨]

فرئای گوتەنی ئەم چەمکە وەکو ناسینەوەی پرۆسەیەکی ئیستاتیکی یە کە ئەگەری پێکهاتنی کولتورێك دەرەخسێنێ : "کولتوری رابردو تەنیا بیرەوەری مرۆڤ نیە ،بەڵکو ژیانی نێژراوی ئێمەیە و توێژینەوە لەو [لەنێوئەوکولتورەدا] جۆرە ناسینەوەیەکە کە ئێمە لەودا دەتوانین نەك تەنیا ژینی رابردوی خۆمان ،بەڵکو فۆرمی گشتیی کولتوری ژیانی رابردومان دوبارە بدۆزینەوە." [٦٩] کەوابوو سیستمی لاساییکردنەوە دەتوانین بەهەوڵدان لەپێناو دەستپێڕاگەیشتن بەناسین لەقەڵەم بدەین.

ئەفلاتون لە کۆماردا بنیاتی چیرۆکی بەفۆرمێك لەناسین (تێگەیشتنی پشتبەستو بە ئاوەز) زانی کەئێمە لەگریمانگەل (واتە لەپێشدانانەکان یا ئەگەرەکان )ەوە بەرەو ناسینەوەی پەتی رێنوێنی دەکا. [٧٠]

ئایا دەتوانین هەمو گەلاڵەیەکی چیرۆکی بەگواستنەوەلە"قەیرانی شوناس" بۆ "ناسین" بزانین؟ ئەگەروابێ چیرۆکی ئۆدیپ نمونەیەکی هەرە بەرز لەگێڕانەوەی چیرۆکی ئەژمار دەکرێ. چونکە گەلاڵە سەرەکییەکەی تێپەڕین لە ئاگادارنەبوون لەهەمبەر شوناسە. رەنگە رۆلان بارت هەر لە بەر ئەم هۆیەبووو کە نوسیبووی گێڕانەوە "لەیاسای باوکێتی" جیاوەنەبوویە[٧١] لەلایەکی دیکەوە دەتوانین بەپێی ئەم بەڵگەهێنانەوەیە، هەمو گەلاڵەیەکی چیرۆکی بە جۆرە ڕاوێك لە قەڵەم بدەین، ڕاویشوناس. کارلۆ گنزبێر گوتویەتی کە یەکەمین چیرۆك گێڕەوەکان ، نێچیرڤانان بوون ، ئەوان دەیانتوانی زنجیرەیەك لە ڕووداوە بەدوای یەکدا هاتووەکان تا گەیشتن بە دواین ئەنجام — واتە ڕاو — یادۆزینەوەی شوناسێکی تایبەتی درێژە پێبدەن.[٧٢]

ئەگەر وابێ، دەتوانین چیرۆکە پۆلیسییەکان یا تاوانییەکان بە "نموونە"ی سەرەکی گێڕانەوەی چیرۆکئامێز بزانین و شێرلۆك هۆڵمز [لێرەدا] دەبێتە باشترین نموونەی پاڵەوانی چیرۆك، چونکە ئەو نێچیرڤانی سەرەکیی چیرۆکەکانی سەدەی پێشوو [سەدەی نۆزدەیەم]ە. والتێر بنیامین، ڕەگئاژۆی پەیدا بووونی چیرۆکی نویێ پۆلیسی لە دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەم دا دۆزییەوە و نووسی کە ئەو بەسەرهاتانەی کە پاڵەوانی بەرهەمەکانی فنی مۆرکۆپریز، واتە موهیکان، ئەو ڕاوچییە چاونەترس و سەر بە گێچەڵە وەپشت سەری نان، پارادایمی سەرەکی کردەکان و کەسیەتەکانی چیرۆکە تاوان [تەوەر]یەکانی نیوەی یەکەمی بابلیسکی نۆزدەیەم (کە بەزۆری ڕووداوەکانیان لە پاریس دا روو دەدەن) بووو. تەنانەت

چیرۆکێکی ئەلکساندێردۆما ناوونیشانەکەی موهیکانەکانی پاریس بووو لە کتێبی نهێنیەکانی پاریسی ئێژن سو، هەندێ جار لە ڕۆمانەکانی بالزاك، هێماگەلی زۆر بەم نێچیرڤانە پێشڕەوە دەتوانین بەدی بکەین. بەراوردی شاری گەورە (پاریس) لەگەڵ دارستان، زۆرجاران لە ڕۆمانەکانی بالزاکدا دووپات کرایەوە [٧٣] لە چیرۆکە پۆلیسی و تاوانییەکاندا بە ئاسانی دەتوانین ئەو شتەی کە بارت بە "یاسای باوکێتی" ناودێری کردوە بەدی بکەین: هێزەکانی پارێزەری دیسیپلین،پۆلیس، هیرارکی دەسەڵات لەلایەکو تاوانبارانو یاسا شکێنان لەلایەکی دیکەوە.ئەرکی سەرشانی پۆلیس ڕاوکردنی تاوانبارانو کاری تاوانباران ڕاوکردنی شوێنگەکانە. کەوابووو دێریدا لەو شوێنەدا کە دەیگوت "هەر گێڕانەوەیەك بەڵگەیەکە بۆ پۆلیس" بۆچوونەکەی ڕاست بووو. [٧٤] واتە هەر گێڕانەوەیەك، دەربڕینی ترسان لە "دۆزینەوەی نهێنی چیرۆك گێڕەوە"شە. ڕەگئاژۆی هەر گێڕانەوەیەك، چەشنی یاری منداڵان، ترسانە لە جیهان.
لە کتێبی دێلۆزو گیتاری بەناوی هەزار ئاستی بێ خەوش، [٧٥] ئەم ترسانە چەشنی پێوەندیەك لەنێوان ئەپستمو  پارانۆیا هاتۆتە گۆڕێ. کتێبی ناوبراو لەڕاستیدا درێژەی دژەئۆدیپەو ڕۆشنگەری "پێکهاتەی ئیسکیزۆ فرینکی وارسکە"یە. لە ئانتی ئۆدیپ دا هاتبووو: "هەر تاکێك سەرکوتکەری وارسکەیە، نەك تەنیا وارسکەی خەڵکی‌تر، بەڵکوو وارسکەکانی خۆیشی سەرکوت دەکا. پۆلیسی کەسانی دیکەو هەروەها خۆ١٨٦بنەمایەکی ڕەخنەگرانەیە نەك ئایدیۆلۆژیك". [٧٦] بەڵام لە هەزار ئاستی بێ خەوش دا بابەتی سەرەکی ترسانە لە جیهان و لەم ڕوانگەیەوە بەبۆچوونی دێلۆزو گێتاری هەر ڕاڤەیەك، لە سەرەتادا هەڵگری ئاسەوارێك لە ترسانە و ئەوان [دێلۆز و گێتاری] ئەم ترسانە "بە نەخۆشی ڕاڤە" ناودێر دەکەن [٧٧] مرۆڤ بووونەوەرێکی نیشانە سازە، کە هەر لە سەرەتای نیشانەدانانەوە- کە مەبەستی ناسینی جیهانە = پێکهاتەی "پارانۆییك"ی دەروونی خۆی پێك دێ. نیشانەکان تەنیا دەتوانین لە "سیستمی سەرەڕۆیی پارانۆیا"دا بناسین. سیستمی نیشانەکان دەربڕی تامەزرۆیی بۆ دۆزینەوە، ئاست بەرزی، باڵادەستی و چاودێرییە. جۆرە کردەیەکی سیمبۆلیکە بۆ "هێنانە دەری جیهان بۆ پانتاییەکی تایبەتی و دروستکردنی هیرارکییەك بۆ بەکارهێنانی هێز". بەڵام بەردەوام دەتوانین "شتێکی نەگونجاو لەتەك ئەم هیرارکی‌یە و سیستمی نیشانەکان"یش بدۆزینەوە.
لەم ڕووەوە، پرۆسێسی سیستمی نیشانەکان دەخوازێ کە نیشانەکان نادیاریکار بن. نیشانەسازی بۆ باڵادەستان "کە لە بنەڕەتەوە نیشانەسازن" [٧٨] بەردەوام چاوگەی ترس و دۆش دامانییە.
هەزار ئاستی بێ خەوش پێشڕەوترین باسە لە نزیکایەتیی گەڵاڵەی چیرۆك، ناسین (ئەپستیمە) و پارانۆیا. پێکهاتەی سەرسوڕهێنەری کتێبەکە گونجاوە لەتەك میتافۆری بەناوبانگی نووسەرەکانی. [واتە] ریزۆم، ڕووەکێك کە ناو قەدەکەی بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەخاك دا گەشە دەکا. [٧٩] ڕووەکێك کە دێلۆز گوتەنی بێ‌پنجە، خاوەنی پێکهاتەیەکی پشت بەستوو بە هیرارکی کە "بێ لۆژیك" دەژی و "[لەڕەوتی] بووون بە [شت]"ی خۆیدا ملکەچی یاسا و ڕێسایەکی تایبەتی نیە. [٨٠] دێلۆز کتێبەکەی خۆی بە "بنەمایەك دژی فۆرمی پارانۆییکی پیاوەتی" ناودێر کردوە. [٨١] کتێبەکە بە مانای چوونە نێو دونیای ژێر زەمینی‌یە. بەڵام لەوێش دا ناتوانی ڕەگئاژۆکانی ریزۆم بەدی بکەیت" ڕووەکێکە لەتەك هەر چەشنە هەوڵێکی شێوەدار، هەڵناکات. یەکەکانی "نومادگەلێك"ن کە "بێ شوێن ترن لە هەر شتێك کە وێنا بکرێت، بێ شوێنیی تەواو و پەتین و کۆمەڵگاش پێکهاتوە لەنوومادگەلێك " بێ‌کەوشەن، بەدەر لەچوارچێوە" کە لەپاڵ یەکدا ڕیز بووون. ئەم نومادانە هاوشێوەی هەزاران ئاستی بێ خەوشن. ئاستێك کە [بریتییە لە] گەڵاڵەی ڕۆنانیی خۆیان، هەر بەو چەشنەی کە ریزۆم سیمبۆلەکەیانە. [٨٢] میتافۆری "ریزۆم" لەم ساڵانەی دواییدا لەلایەن زۆر لە هزرڤانان پەسەند کراوەو ڕەنگە بەناوبانگترین میتافۆری ئەدەبیاتی پۆست پێکهاتەگەرا بێ. بۆ نموونە ئۆمبێر ئێکۆ لە کتێبی  نیشانەناسی و فەلسەفەی زمان دا نووسیویەتی کە تێگەیشتنی تەواوی پێوەندیەکانی نێوان ئاماژە

پێکراوان (یا باشتر بڵێین، پیرێس گوتەنی لەنێوان خاڵگەلی ڕاڤەیی نیشانەکان) نالوێ. چونکە "واتاناسیی زانیاری نامەیی" کە کۆی نزیکایەتیە نێوەکیی‌یەکانی ڕاڤەی نیشانەکانە، نایەتە ناسین و "سیمبۆلی پێوەندیی نیشانەکان" [بۆ نموونە] نەك درەخت (چەشنی سیمبۆلی واتاناسیی فەرهەنگنامەیی) بەڵکوو ریزۆمە. ئێکۆ پێی داگرتوە کە مەبەستی ئەولەڕیزۆم دەقاودەق ئەو واتایەیە کە دێلۆزو گێتاری بەکاریان هێناوە ."و لەودا قوژبن‌و شوێنگە نا ئاشکرایەو ئەو پێوەندیانەی کە بە زۆری نابینرێن و لەنێوان هێڵەکاندان، ئاشکران". [۸۳]
دێلۆز بە هێنانە گۆڕی چەمکی نوماد دواجار وڵامی خۆی بۆ ژینی فەلسەفی" پەیدا کرد. یەکەمین پێناسەی "نوماد" لە بەرهەمەکانی دێلۆز [وەکوو] جیاکاری‌و دوپاتکردنەوە دا هاتووە" لەم کتێبەدا "نوماد" لەتەك شوناسی تاکەکەسی‌و تاکگەرایی بەیەك شت زانراوە: "دواین کردەگەریی فۆرم" [۸٤].
دواین بەرهەمێك کە دێلۆز بڵاوی کردۆتەوە ناوی مارپێچ [**]ەو نێوەڕۆکەی فەلسەفەی لایبنیتس‌و زمانی فەلسەفیی پڕکاژێری ئەوە. دێلۆز لە ڕێگای بنەماکانی هزری لایبنتیس لە دژبەری زمانی "مارپێچەکان" (فۆرمی هونەریی زاڵ لە هونەرە بەرجەستەکان‌و تەنانەت مۆسیقای باروك) لە سەردەمی باروك و زمانی فەلسەفیی مودێڕنی کۆڵیەوە. [۸٥] ئەو پێشتر، لەکتێبێك کە لەمەڕ تابلۆ شێوەکاریەکانی فرانسیس بیکۆن بڵاوی کردبوویەوە (لۆژیکی هەست) هەوڵیدا تا مارپێچەکانی باروك لەو فۆرمانەی کە۸۸بیکۆن وێنەی کێشاون، بدۆزێتەوە. بۆ نموونە لە تابلۆی "تان و پۆیەك لە رومەتی ئیزابێل راتهۆرێن" دێلۆز ئەم مارپێچانەی کە شکاندنی رومەتیان لـێ کەوتۆتەوە، دۆزییەوە.
لە ئەدەبیاتیش دا وێرانی زمانی سروشتی وەبیرهێنەری ئەو [مارپێچ]انەو پشت ئەستوورە بە "پێشبڕکێ‌یەك لەنێوان زارەکان، شێوە نەناسراوەکانی ئاخاوتن، زمانی نافەرمی و ... زمانی پسپۆڕانە" [۸٦]. زمانێك کە دەتوانین بۆ نیوە وشەکان هاوارەکان و ورتە ورتەکان و کۆمەڵە دەنگێکی هەڵیت و پەڵیت دای بەزێنین" [واتە] کۆمەڵە دەنگێك کە هەندێ جار لە بەرهەمەکانی ئارێتۆو کافکا بەگوێ دەکەون و لە بەرهەمەکانی بێکتدا دەسەڵات دەگرنە دەست. دۆزینەوەی چەمکی نوماد (و شێوەکان"ی مارپێچ، دەنگەکان و ...) لە هونەری مۆدێڕندا ئێمە بەرەو ڕەخنە کردنی ئەم هونەری لاسایی کردنەوەیە پەلکێش دەکا. لە دونیای نوماد ئاسای ئەم روەکە بێ پنچانەی کە دێلۆزو گێتاری وێنەیان کێشاونەتەوە لاسایی کردنەوە بێ مانایە: "چەمکی لاسایی کردنەوە نەك تەنیا کەم و کوڕی زۆرە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بوونیادی هەڵەیە" [۸۷].
لاسایی گەری کارێکە "لە بیاڤی چاودێری پۆلیس"و جۆرە نۆژەن کردنەوەیەك و فراوانسازیە کە: کردەی میکانیکی، دەربڕی هاو ئاراستەو هارمۆنی گەرایی، بە کۆمەڵاتیبوون، چوونە ژێر دەسەڵات‌و باڵادەستی، بە گرنگ زانینی "هاوشێوەیی" هەڵاتن لە جیاکاری، چوونە ژێر ڕکێفی باوك یا دەسەڵاتدار، کۆپی کردن، هاوشێوە کوژی، لەبەر نووسینەوە کە دواجار "بە فرمان ژیان"ی لـێ دەکەوێتەوە. هونەری پشت ئەستوور بە لاسایی کردنەوە، لەم ڕێڕەوەدا "هونەری پشت ئەستوور بە پارانۆیا" یە.

تێبینی وەرگێڕ:-

[*]: تێبینی لە نووسەرەوەیە و پێوەندی بە وەرگێڕەوە نیە.

[**]: مارپێچ:- مەبەست لول و پڕ کێشە و هەزار قوژبن و ئاڵۆزە، هەروەها بەمانای لەناو یەك دێ:- پێچی مار، کە خۆی بە شێوەی ئەڵقە دەردێنێ و لول دەخوا.

## پەراوێزەکانی پاری پانزەهەم

H.Meschonnic, Modernite, Modernite, 1988, P.220

٢-بڕواننە پاری "پۆست مۆدێڕنیزم لە شاردا" لە کتێبی:-

D.Harvey, The condition of post modernity, London, 1990, PP. 66 – 98

٣. وەرگیراو لە وتاری هابرماس لەژێر ناوی "بیناکاری مۆدێڕن و پۆست مۆدێرن" لە:

H. Meschonnic, op.cit., p. 221.

4. J-F. Lyotard, "Du bon usage du postmoderne". Magazine littéraire. mars 1987 ،p. 97.

5. Ibid., p. 97.

6. J. Derrida. Marges de Ia philosophic. Paris, 1979, p. 8

7. J.-F. Lyotard, Le Posimoderne e.vpliqué aux enfents, Paris, 1988. pp. 113-115.

8. Ibid., pp. 118-119.

9. H. Silverman ed, Postmodernism, Philosophy and Arts, London. 1990, p. 2.

10. J.-F. Lyotard, La phénoménologie, Paris, 1954.

11. J.-F. Lyotard. Discours, figure, Paris. 1971.

12. J-F. Lyotard, Economie libidinal, Paris, 1974.

13. J.-F. Lyotard, Instructions paiennes, Paris, 1977.

14. J.-F. Lyotard, Les transformateurs Duchamps. Paris, 1977.

لیوتار پێشنیار دەکات کە لەجێی وشەی ئینگلیزی Performer (نمایشکار و هەروەها پێشکێشکار) وشەی Transformer (گۆڕێنەر) بەکار بێنین. وشەی یەکەم ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ وشەی کۆنی فەرەنسی Perfournir (پێکهێنەر) دەگەڕێتەوە و وشەی دووەم واتای گۆڕێنەری فۆڕم دەدا بەدەستەوە. لە ئاخێوی هونەریدا تەنیا ئەم سروشتە گۆڕێنەرەمان هەیە و بەس.

15. J.-F. Lyotard, La condition posimoderne, Paris, 1979.

16. J.-F. Lyotard, Le posimoderne exp/ique aux enfants, Paris, 1988.

17. J.-F. Lyotard, Le différend, Paris, 1983.

18. J.-F. Lyotard, Heidegger et "iesjuifs", Paris, 1988.

19. J.-F. Lyotard, L'inhumain, Causeries sur le temps, Paris, 1988.

٢٠. هەڵبژاردەیەك لە نووسینەکانی لیوتار، بەتایبەتی ئەو نووسینانەی کە لەبواری ئاخێوی جوانناسانەیە بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە.

A. Benjamin ed, The Lyotard Reader, London, 1989.

لیوتار پێشەکی‌یەکی گرنگی لەمەڕ چەمکی نووسین خستووەتە سەر ئەم کۆمەڵەیە. کتێبێکی سرنج ڕاکێشیش لەبارەی لیوتار بە ئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە:

G. Bennington, Lyotard, Writing the Event, Manchester u.p., 1987.

21. F. Guibal and J. Rogozinski, Témoigne, du différend. Paris, 1989.

22. Entietiens avec 'Le monde", philosophies. Paris, 1984, p. 150.

23. J.-F. Lyotard, Derive a partir c/c Marx et Freud, Paris, 1973.

24. J.-F. Lyotard, Economic libidinal, pp. 54-55.

25. J.-F. Lyotard, Instructions paiennes, p. 28.

26. Ibid., p. 47.

27. J.-F. Lyotard, Le clifferend, p. 94.

28. Ibid., p. 188.

29. Ibid., p. 199.

30. Ibid., p. 201.

31. J.-F. Lyotard, L'inrumain, causeries sur Ic temps, pp. 17-18.

٣٢. بڕواننە وتاری لیوتار "پێگەی لەخۆ نامەبووون" لە:

J.-F. Lyotard, Derive a partir de Mar.r ci Freud, Paris, 1973.

ئەم وتارە دەستپێکی گەڵاڵەی لیوتارە لەبۆ "هەل و مەرجی پۆست مۆدێڕن". لەمەڕ پێوەندی هزری لیوتار لەتەك ڕەخنەی مارکس لە ئابووری سیاسی، هێشتا توێژینەوەیەکی گرنگ نەخراوەتە ڕوو. ئەم خاڵە وەبیر دەخەمەوە کە لەنێوانی پێشڕەوانی پێکهاتە گەرایی و "پۆست پێکهاتەگەرایی" لیوتار تەنیا کەسێکە کەساڵانێکی زۆر چالاکی سیاسی شۆڕش گێڕانەی هەبووە. ئەو ئەندامێکی خەباتکاری گرووپی "سوسیالیزم یا بەربەرییەت بووە.

33. J.F - Lyotard. La condition postmoderne p. 37.

34. J. F. Lyotard. la postinoderne expluique aux enfants. p. 94

35. J. F. Lyotard. La condition postmoderne. p. 7.

36. J. F Lyotard . Le postmoderne explique aux enf ants . p. 103.

٣٧. ليوتار ئەم ڕێسایەی فۆن نیومان لە تیوری کایەکان کە کایەی "کۆمەڵەی ڕێساکانی ئەو کایەیە" دەناسێنێ، پەسند نەکردووە و چەمکی کایە بە پێناسە نەهاتوو وەدەست نەهاتوو دەزانێ، چونکە ئەم پێناسەیە خۆی لە کایەی زمانی دا دەگونجێ.

J. F Lyotard. l.a condition postmoderne. p. 23 (n. 33)

٣٨. هێمای لیوتار بۆ پاتۆ گەلی ٦٥ تا ٨٤ی توێژینەوە فەلسەفی‌یەکانی ویدگونیشتاینە.

38. T. W. Adorno. Theorie ésihetique. tran. M. Jimenez. Paris. 1974. P. 149.

لیوتار لە کۆنفرانسی "هونەر و پێوەندی" (سۆربۆن – ئۆکتۆبری ١٩٨٥) ئەم بڕیارەی ئادۆرنۆی لە بەرانبەر تیۆری کانت لەمەڕ پەسەند کردنی بەرهەمی هونەری (و سروشتە پێوەندی کاری‌یەکەی) دانا. لیوتار هەوڵی دا نکۆڵی لە واتای نەریتیی پێوەندیکاری بکا.

J- . Flyotard, Linhumiain. PP. 119 - 129

39. J. F. Lyotard, Le differend, p. 11

لیوتار بۆ ئەم گوتەیەی خۆی و لە بنەڕەتەوە بۆ کتێبی جیاوازی دوو پێشڕەو دەناسێ: کانت لە سێهەمین ڕەخنەی خۆی (ڕەخنە کردنی وزەی داوەری) و ویدگنشتاین لە دوایین بەرهەمەکانی دا بەتایبەتی توێژینەوە فەلسەفی‌یەکانی کە لیوتار بە "چوارەمین ڕەخنە" واتە درێژەی کاری کانت ناوی لێدەنێ.

40. A. Ben janlin ed. The Lioiard Reader. Pp. 181—193.

41. J. F. Lyotard. ‘Rules and Paradoxes and Svelt appenedix’. Cultural critique. 5. 1986. p. 218

42. F. Nietzsche. The wiil to Power. Trans. W. Kaufmann. New york. 1967. p.7.

43. J. F. Lyotard. Le pstmoderne explique aux enfents, p. 9.

44. G. Deleuze, Spinoza et Le problem de I’ expression, Paris, 1968

45. G. Deleuze, La philosophie critique de kant, Paris, 1963

46. G. Deleuze, Empirisme et Subjectivite, Paris, 1953

47. G. Deleuze, Nietzsche et la philisophie, Paris 1962

48. G. Deleuze, Logique du sense, Paris 1969

49. G. Deleuze, Difference et repletition, Paris, 1968

50. G. Deleuze, Foucaul, Paris, 1988

51. G. Deleuze, Francis Bicon: Logique de la sensation, 2 vol., Paris, 1981

52. G. Deleuze, Cinama 1 – L’image – movement, Paris, 1983

53. G. Deleuze, Cinama 2 – La image – temps, Paris, 1985

54. G. Deleuze and F. (iuattari. l.anti—oedipe. Paris. 1972.

55. G. Deleute. Marcel proust c les . Paris. 1970.

56. Ibid.. p. 9.

57. ibid.. pp. 102-107.

58. G. Genetic. iii ores. Paris. 19, vol. 2. pp. 251-252.

59. M. Proust. A Ia ; do ies;ips pérdu. Paris. 1954. vol. I. p. 855.

60. Ibid.. pp. 855-856.

61. G. Genetic. op.cic. p. 267.

62. G. Deleuze and F. Guattari. Kafka, pour one htteraiure oiineur. Paris. 1975.

63. J. F. Lvotard. “The Story of Ruth”. A. Benjamin c op. ut.. p. 250

64. G. Deleuze. Logique du sense. p. 122.

65. Ibid.. PP. 22-24.

66. Ibid.. P. 33.

67. Aristotle, the works, vol XI: Rhetorical Poetica, ed. W. D. Ross, Oxford. 1971, 1450b.

نۆرترۆپ فرئای هزر (یا ئەرەستۆ گوتەنی Dianoia) بە "هەوێنی سەرەکی بەرهەم دەزانێ و هەر لەبەر ئەم هۆیە نزیکایەتی نێوان گەلاڵە و چیرۆکی بە جۆرێك دانایی ناودێر دەکرد، شتێك کە ئەرەستۆ بە anagnorisis ناوزەدی دەکرد:

N. Frye, Anatomy of Criticism, Princeton, 1965. P. 52.

هەروەها بڕواننە:

N. Frye, Fabels of Identity, New york, 1963, P. 24

68. Arstole, op.cit., 1952a.
69. N. Frye. Anatomy of Criticism, P. 346.
٧٠. افلاطون، دوره آثار، ترجمه م، ح. لطفى، تهران، ١٣٥٧، ج ٤، ص ص ١١٢٨- ١١٢٧.
71. R. Barthes. Le plisir du texte. Paris, 1982. P.20
72. C. Ginzburg, "Sings. Pistes, traces", Le de bat, novembere 1980.
73. W. Benjamin, Charles Baudlaire, A Lyric Poet in the Era of High Capitalism. tran. H. Zohn, London. 1973. PP. 41 – 43.
74. J. Derrida, "Living on: Border Lines". H. Bloom et la. Deconstaction and Criticism. New york, 1979. P.104. p. 102.
75. G. Deleuze and F. guattiri, Mille plateeaux, Paris. 1980.
Plateau له ناونیشانی ئەم کتێبەدا ناوێکی گشتی‌یە کە لە فراوانترین ناوی واتای خۆی دا، وەکوو واتای "ئاستی بێ خەوش" بەکار هاتووە.
76. G. Deleuze and F. Guattari, L'anti – oedipe P.415.
77. G. Deleuze and F. Guattari , Mille plateaux. P. 144
78. Ibid., P. 494.
٧٩. Rhizome لە ڕەچەڵەکی یونانی Rhiza بە واتای ڕەگازۆ: "قەدۆڵکەی ژێر زەوی هەندێك لە ڕووەکەکان شیرەرژگ گەلێك لە توێژاڵەکانیان دەر دەکەون و پنچکەکانی خۆ رسکن و لە بەشی ژێرەوەی دا دەڕوێن":
Dictionnaire Robert, Paris. 1981. vol. 6 . P. 24.
80. G. Deleuze and F. Guttari , op ., cit ., P. 336. ff.
Rhzome. سەر دێڕی تێزێکە کە دیلۆزو گێتاری لە ساڵی ١٩٧٦ لە پاریس بڵاویان کردەوە ولە هەزار ئاستی بێ‌خەوش دا بە شێوەیەکی (کامڵ)تر هێنایانەوە .

81. Ibid., P.353.
82. U. Eco , Semiotique et philosophie du langage , paris,1988,PP.112-113.
بۆ جیاکاریی واتا ناسیی زانیاری نامەیی وواتاناسیی فەهەنگنامەیی لە باسەکەی ئۆمبێرتۆئێکۆ بڕواننە پاری یازدەهەمی‌ئەم کتێبە.
84. G. Deleuze,Difference et repetition,P.54.
85. G.Deleuze, Le pli,paris, 1988.
لەمەڕ گرنکی نوماد لە هزری دێلۆز دا بڕواننە:
B.paradis, "Leibniz: Un monde unique et relatil" Magazine litteraire,sep –tember 1988,PP.26-29.
ائەم ژمارەیەی گۆڤارەکە بۆدێلۆز تەرخانکراوە و وتووێژێکی گرنگ لەگەڵ ئەو (لەمەڕفەلسەفە) لەودا چاپکراوە. بەڵام بەداخەوە هیچ وتارێکی دێلۆز لەمەڕ هزری ناوبراو کە پێویست بووولەبواری تیوریی‌ئەدەبی لەو چاپ بکرێ بەدی ناکرێ.
86.G.Deleuze and F.Guattari ,op.cit .,P14.
87.Ibid.,P.374.

# پێرست

★ هەڵوەشاندنەوەی دەق ................................ ٣

★ پاری دوازدەهەم متافیزیکی ئارایی: دێریدا........٧

★ پاری سێزدەهەم

ئاخاوتە و واتا: نیچە، هایدگێر، فرۆید................٩٠

★ پاری چواردەهەم

بان واتا: باتای، بلانشۆ، بلۆم، هارتمەن، دێمان.......١٣٢

★ پاری پانزدەهەم

شوێنگەی پۆست مۆدێرن: لیوتار، دێلۆز............١٦٦




| فەرەنسی | ئینگلیزی | کوردی | |
|---|---|---|---|
| Actant | actant | کردە | ١ |
| allégorie | allegory | ئەلیگۆری | ٢ |
| ambiguité | ambiguity | تەم و مژ-لێڵی | ٣ |
| anachronism | anachronism | هەڕەت پشێوی | ٤ |
| analepse | retrospection | گەڕانەوە | ٥ |
| anthropomorphism e | anthropomorphism | مرۆڤ ئاسا گریمانکاری | ٦ |
| antinomie | antinomy | نەهات | ٧ |
| aphorisme | aphorism | بژێرویژی-پەند | ٨ |
| archaique | archaic | کۆن- دێرین | ٩ |
| archaisme | archaism | کۆنخوازی یا چاخیکۆنخوازی | ١٠ |
| archêologie | archaeology | دێرینەناسی– شوێنەوارناسی | ١١ |
| archetype | archetype | سەرچەشن | ١٢ |
| architexte | architexte | پاشکۆی دق | ١٣ |
| arch-trace | arch-trace | سەرزناك | ١٤ |
| aura | aura | دەرکەوت | ١٥ |
| bricolage | bricolage | برگەبەندی | ١٦ |
| cas | case | پەند | ١٧ |
| catharsis | catharsis | پاکبوونەوە | ١٨ |
| code | code | رەمز – کۆد | ١٩ |
| cognitive | cognitive | ناسینەیی – | ٢٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | لەناسین هاتوو | |
| combinaison | combination | رۆنان | ٢١ |
| commentaire | commentary | ڕاڤە | ٢٢ |
| communication | communication | پێوەندی | ٢٣ |
| conative | conative | هەوڵدەری – کۆششی | ٢٤ |
| configuration | configuration | پەیکەربەندی – شیرازەبەندی | ٢٥ |
| contact | contact | پێوەندی- پێوەندی گرتن | ٢٦ |
| conte | tale | چیرۆك – راز – حیکایەت | ٢٧ |
| conte de fees | fairy tale | چیرۆکی مناڵان | ٢٨ |
| Contexte | context | بووار | ٢٩ |
| contiguité | contiguity | دراوسێیەتی – هاوسایەتی | ٣٠ |
| décodage | decodag - decode | رەمزشکێنی | ٣١ |
| déconstruction | deconstruction | هەڵوەشاندنەوە | ٣٢ |
| défamiliarité | defamilarization | ناسیاوی سڕینەوە | ٣٣ |
| deformation | deformation | شێوەشکێنی – فۆڕم شکێنی | ٣٤ |
| description | description | وەسف – وەسف کردن | ٣٥ |
| destinataire | receiver- address | وەرگر | ٣٦ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| destinateur | sender-addresser | نێردەر | ٣٧ |
| destruction | destruction | وێرانگەری – کاولگەری | ٣٨ |
| devinette | riddle | مەتەڵ | ٣٩ |
| diachronique | diachronic | نێوکاتی | ٤٠ |
| dialogique | dialogique | لۆژیکی وتوێژ | ٤١ |
| diégétique | dialogue | وتووێژ | ٤٢ |
| discours | diction | دەبڕین | ٤٣ |
| écriture | diegetict | جیرۆکی- هۆنەی جیرۆك | ٤٤ |
| discours | discourse | ئاخێو | ٤٥ |
| écrivain | writing | نڤیسیار | ٤٦ |
| writer | writer | نووسەر | ٤٧ |
| ecrivants | ecrivants | بنووس | ٤٨ |
| ellipse | ellipsis | کورتبڕی-بەلاوەنان | ٤٩ |
| emotive | emotive | سۆزاوی | ٥٠ |
| encodage | encodage | رەمزدانان | ٥١ |
| énoncé | utterance | گوزارە-گوتە | ٥٢ |
| énonciation | enonciation | پێوەندییئاخاوتەیی | ٥٣ |
| épistémologie | epistemology | ناسینەناسی | ٥٤ |
| ésthétique | aesthetic | جوانیناسی | ٥٥ |
| étymologie | etymology | رەچەڵەکناسییوشەکان | ٥٦ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| fantastique | fantastic | فەنتازیك | ٥٧ |
| figuration | figuration | شیرازەبەندی | ٥٨ |
| figure | figure | خوازەیدەربڕینی | ٥٩ |
| fonction | function | ئەرك-ڕۆڵیتایبەتی | ٦٠ |
| fragment | fragment | كۆپلە- برگەیشیعر.. | ٦١ |
| frequence | frequency | بەرودوایی | ٦٢ |
| gaspillage | gaspillage | زێدەگۆیی- درێژدادری | ٦٣ |
| genre | genre | ژانر-چەشنیئەدەبی | ٦٤ |
| geste | saga | ئەفسانەیقارەمانێتی | ٦٥ |
| grammatologie | grammatology | گراماتۆلۆژی | ٦٦ |
| graphocentrisme | graphocentrism | نووسینەتەوەری | ٦٧ |
| hédonisme | hedonism | رابواردن | ٦٨ |
| hermencutiqué | hcimcneutcs | هێرمێنۆتیك | ٦٩ |
| heterologie | heterology | لۆژیکیفرەچەشنی | ٧٠ |
| hierarchic | hierarchy | زنجیرەپلە-هیراركی | ٧١ |
| horizon | horizon | ئاسۆ | ٧٢ |
| hyper texte | hypertext | پێش دەق | ٧٣ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| hypotexte | hypotext | پاش دەق | ٧٤ |
| icone | icon | روخسارەكان=ئیكۆن | ٧٥ |
| image | image | وێنە-وێنەیخەیاڵی | ٧٦ |
| imitation | imitation | لاسایی گەری | ٧٧ |
| indice | index | نوێنە-ئیندێكس | ٧٨ |
| intention | intention | نیاز | ٧٩ |
| intralinguale | intralinguale | نێواخنزمانی | ٨٠ |
| interlinguale | interlinguale | نێوان زمانی | ٨١ |
| interpretant | interpretant | خاڵیڕاڤەیی،واتیڕاڤەیی | ٨٢ |
| interpretation | interpretation | ڕاڤە | ٨٣ |
| intersémiotique | intersemiotics | نێوان نیشانەیی | ٨٤ |
| intertexte | intertext | نێواخندەق- ژووردەق | ٨٥ |
| intertextualité | intertextuality | نێوان دەقی | ٨٦ |
| intrigue | plot | گەڵاڵە-تان وپۆ | ٨٧ |
| intuition | intuition | نێواخندۆزی | ٨٨ |
| ironic | irony | تەوس | ٨٩ |
| jouissance | bliss | خۆشی | ٩٠ |
| langage | language | زمان (رەهایزمان) | ٩١ |
| langage | language | . زمان(و.زمانی | ٩٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کوردی) | |
| légende | legend | ئەفسانەی پیرۆز | ٩٣ |
| lineaire | linear | هێڵی | ٩٤ |
| litterarité | literariness | ئەدەبیبوون-ئاراستەیئەدەبی | ٩٥ |
| locution | proverb | قسەی نەستەق | ٩٦ |
| logocentrisme | logocentrism | زمانساز-ئاخاوتەخولقێن | ٩٧ |
| logothéte | logothete | بیرەوەری(فۆرمیسا دەیئەدەبی) | ٩٨ |
| message | message | پەیام | ٩٩ |
| mêtalinguale | metalinguale | بان زمانی | ١٠٠ |
| metaphore | metaphor | خواستن-میتافۆر | ١٠١ |
| metatextualite | metatextuality | بان دەقی – باندەقێتی | ١٠٢ |
| métonymie | metonymy | خوازەی رەها | ١٠٣ |
| mimesis | mimesis | لاسایی کردنەوە | ١٠٤ |
| monologue | monologue | تاکبێژی – مۆنۆلۆگ | ١٠٥ |
| morphologic | morphology | وشەناسی – مۆرفۆلۆژی | ١٠٦ |
| multiphonie | multiphony | فرەدەنگی | ١٠٧ |
| mythe | myth | ئوستورە | ١٠٨ |



| | | | |
|---|---|---|---|
| mythem | mythem | یەکەیئوستوورەیی | ١٠٩ |
| mythologie | mythology | ئوستوورەناسی | ١١٠ |
| mythologique | mythologic | لۆژیکی ئوستوورە | ١١١ |
| narration | narration | گێڕانەوە | ١١٢ |
| narratologie | narratology | گێڕانەوەناسی | ١١٣ |
| néologisme | neologism | تازەگەرییوشەیی-داهێنانیوشەیی | ١١٤ |
| objet | object | بەرناس | ١١٥ |
| ontologie | ontology | بوووناسی | ١١٦ |
| orthodoxie | orthodoxy | راستنوێنی-بناژۆخوازییئایینی | ١١٧ |
| parabole | parabole | حیکایەتی رەوشتی | ١١٨ |
| paradigme | paradigm | پارادایم | ١١٩ |
| paradigmatique | paradigmatic | جێنشینی | ١٢٠ |
| paradoxe | paradox | پێکناکۆك | ١٢١ |
| paralinguistique | paralinguistic | ئەوپەڕ زمانناسی | ١٢٢ |
| paratexte | paratext | ئەوپەڕدەقی | ١٢٣ |
| parodie | parody | تەوس | ١٢٤ |
| parole | speech | ئاخاوتن | ١٢٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| pastiche | pastiche | لاسایی‌کردنەوەلەبە<br>رهەمی‌هونەری | ١٢٦ |
| phatique | phatic | ئاخاوتەیی | ١٢٧ |
| phénoménologie | phenomenology | دیاردە ناسی | ١٢٨ |
| phonetiques | phonetics | دەنگ تەوەری—<br>فۆن تەوەری | ١٢٩ |
| phonocentrisme | phonocentrism | فۆنیم تەوەری | ١٣٠ |
| phonologic | phonology | فۆنۆلۆژی | ١٣١ |
| plaisir | pleasure | چێژ- چەشە | ١٣٢ |
| poetique | poetics | تیوری ئەدەبی | ١٣٣ |
| polysemie | polysemy | فرەدەنگی | ١٣٤ |
| post | post | پاش | ١٣٥ |
| pragmatique | pragmatic | پراگماتیك | ١٣٦ |
| pre | pre | پێش | ١٣٧ |
| prefiguratio | prefiguration | پێش شیرازەبەندی | ١٣٨ |
| presupposition | presupposition | پێش گریمان | ١٣٩ |
| prolepse | prolepsis | پێشبینی | ١٤٠ |
| reception | reception | پەسەند کردن | ١٤١ |
| récit | story | راپۆرت- چیرۆك | ١٤٢ |
| reference | reference | گەڕاندنەوە | ١٤٣ |
| référent | referent | واتادار | ١٤٤ |
| réfiguration | refigutation<br>٢٠٤ | هەمدیس<br>شیرازەبەندی | ١٤٥ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ressemblance | similarity | لێکچوون | ١٤٦ |
| rhetorique | rhetoric | تیۆری دەربڕین | ١٤٧ |
| rime | rhyme | سەروا | ١٤٨ |
| rythme | rhytm | کێشی شێعری | ١٤٩ |
| selection | selection | هەڵبژاردن | ١٥٠ |
| sémantique | semantic | واتاناسی -<br>سیمانتیك | ١٥١ |
| séme | seme | یەکەی واتایی | ١٥٢ |
| sémiologie | semiology | نیشانەزانی | ١٥٣ |
| semiotique | semiotics | نیشانەناسی | ١٥٤ |
| sense | meaning | واتا | ١٥٥ |
| sequence | sequence | بەرودوایی | ١٥٦ |
| signe | sign | نیشانە | ١٥٧ |
| signitiCation | signification | ئاماژە | ١٥٨ |
| signifié | signified | ئاماژەپێکراو | ١٥٩ |
| signifiant | significant-signifier | ئاماژەپێکەر | ١٦٠ |
| sphere | sphere | پانتایی | ١٦١ |
| structure | structure | پێکهاتە | ١٦٢ |
| structuralism s | tructuralism | پێکهاتەگەرایی | ١٦٣ |
| style | style | مێتۆدی دەربڕین | ١٦٤ |
| subcode | subcode | ژێر رەمز | ١٦٧ |
| sujet | subject | ناسکار | ١٦٨ |
| symbole | symbol | سیمبۆل | ١٦٩ |
| synchronique | synchronic | هاوکاتی | ١٧٠ |
| synecdoque | synecdoche | خوازەی رەها | ١٧١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٧٢ | هاونشینی | sntagmatic | syntagmatique |
| ١٧٣ | سینتاکس | syntax | syntaxe |
| ١٧٤ | سیستم | system | system |
| ١٧٥ | زانستی دابەشکاری- پۆلێن بەندی | taxaonomy | taxoflomie |
| ١٧٦ | ئەنجام ناسی | teleology | teleologie |
| ١٧٧ | دەق | text | texte |
| ١٧٨ | هەوێنی | thematic | theniatique |
| ١٧٩ | هێما- زناك | trace | trace |
| ١٨٠ | نوکتە- قسەی خۆش | joke | trait d' sésprit |
| ١٨١ | بالآیی – ترانسێندێنس | transcendence | transcendance |
| ١٨٢ | خوازە | trope | trope |
| ١٨٣ | دەنگ | Voice | Voix |
| ١٨٤ | راست نوێنی | verisimilitude | vraisemblance |



## زنجیرەی کتێبی چاپکراوی سەنتەری نما

| ژ | ناوی کتێب | ناوی ن، و |
|---|---|---|
| ١ | گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی | ئیسماعیل کوردە، رەوشت رەشید، نووری بێخاڵی |
| ٢ | دیموکراسیەت جیاوازیو پێکەوەژیان | ئیسماعیل کوردە |
| ٣ | چەمکە ئەنترۆپۆلۆژییەکان | دیار عەزیز شەریف |
| ٤ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | ئیسماعیل کوردە، رێبین رەسول، نوری بێخاڵی |
| ٥ | راپسکانێ لەدنیای سیاسەت | ماجید نووری |
| ٦ | دەنگو سێبەر | ئازاد صبحی |
| ٧ | ئوشێنکاتی یەکەم، لەدووەم ئێستای سەگوەر | موتەڵب عەبدوڵلا |
| ٨ | فروغی فەروخ زاد | سۆران نەقشەبەندی |
| ٩ | سێبەری با | د. موحسن ئەحمەد عومەر |
| ١٠ | مۆمیای عەرشی سپێدەیەك | ئیسماعیل کوردە |
| ١١ | ترسی ژمارەکان | شەهرام نامق |
| ١٢ | باخی زەمەنە بەزەخیەکان | بابان حەمە |
| ١٣ | لەسەرما ئاژاوەیەك هەیە بۆ خۆکوشتن | رامیار مەحمود |
| ١٤ | بۆشایی دنیا | نەبەز گۆران |
| ١٥ | رۆژێك کە تاكو تەنیایە | سەرهەنگ حەمە عەلی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٦ | جەژنی مەرگ | کەژاڵ ئیبراهیم خدر |
| ١٧ | سەفەرێ بۆ رۆژهەڵات | کەریم دەشتی |
| ١٨ | قوڵاپی ماسی | دڵشاد کازم محەمەد |
| ١٩ | لەو دیو دەرگا داخراوەکان | ئاریز عەبدوڵلا |
| ٢٠ | گەمەی وردە ماسی | صەلاح عومەر |
| ٢١ | مۆدێرنەکان | ئازاد بەزنجی |
| ٢٢ | دەربارەی عەلمانیەت | بەختیار عەلی، شاهۆ سەعید، هەڵکەوت عەبدوڵلا ،ئیسماعیل کوردە،جەمال حسێن،توانا ئەحمەد |
| ٢٣ | مارتن هایدگەر | ئیسماعیل کوردە |
| ٢٤ | سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە | راسان موختار |
| ٢٥ | بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن | رێبین رەسوڵ |
| ٢٦ | عەلمانیەتی ئەوان‌و نیگەرانی ئێمە | ئیسماعیل کوردە |
| ٢٧ | عەلمانیەت‌و کاریگەرییەکانی | جەمال پیرە |
| ٢٨ | دەسەلات‌و حەقیقەت | ئیدریس شێخ شەرەفی |
| ٢٩ | گلگامێش | ئیدریس شێخ شەرەفی |
| ٣٠ | پێکهاتەو راڤەی دەق | مەسعود بابایی |
| ٣١ | رۆژهەلات‌و رۆژئاوا | ئاسۆ جەلال |



| | | |
|---|---|---|
| ٣٢ | لەهۆکهایمەرەوە تا هابرماس | ئیسماعیل کوردە، جەمال پیرە |
| ٣٣ | دەرونزانی | یوسف عوسمان حەمەد |
| ٣٤ | کۆمەڵناسی | ستار باقی کەریم |
| ٣٥ | هیگڵ | رێبین رەسوڵ |
| ٣٦ | فەلسەفەی کۆچەری | هەندرێن |
| ٣٧ | ئەدۆنیس | موتەڵیب عەبدوڵلا |
| ٣٨ | داستانی سەفەر | باهۆز مستەفا |
| ٣٩ | ئیسلام‌و رۆشنگەری | هێمن مەحمود |
| ٤٠ | پێکهاتەو راڤەی دەق/٢ | مەسعود بابایی |
| ٤١ | ئاشنابوون بەهیگڵ | رێباز مستەفا |
| ٤٢ | بێوار/ رۆمان | د. کامەران مەنتك |
| ٤٣ | رێگای یاخیان/ رۆمان | ئاریز عەبدوڵلا |
| ٤٨ | پێکهاتەو راڤەی دەق/٣ | مەسعود بابایی |
| ٤٩ | تەختەی شانۆ | کامەران حاجی ئەلیاس |
| ٥٠ | ئاومار | شاخەوان مەلا مەحمەد |
| ٥١ | ئەماچانەی بەلێومانەوە.. | ئارام قادر |
| ٥٢ | شارلی چاپلن | و: کەمال عەبدوڵلا |
| ٥٣ | رەخنەو ئایدیۆلۆژیا | حەیدەر حاجی خدر |
| | | |